بیرئانینی

# مەستوورەی ئەردەڵان

شاعیر و مێژوونووسی ناوداری کورد

**فیستیڤاڵی مەستوورەی ئەردەڵان**

**هەولێر ٨-١١/١٢/٢٠٠٥**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

بیرئانینی

# مەستوورەی ئەردەڵان

## شاعیر و مێژوونووسی ناوداری کورد

فیستیڤاڵی مەستوورەی ئەردەڵان

**هەولێر**

٨-١١/١٢/٢٠٠٥

ناوی کتێب: بیرئانینی مەستوورەی ئەردەڵان-شاعیر و مێژوونووسی ناوداری کورد
بابەت: وتارەکانی فیستیڤاڵی مەستوورەی ئەردەڵان، هەولێر ٨-٢٠٠٥/١٢/١١
نووسینی: ژمارەیەک لە نووسەران (٢٤ نووسەر)
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٢٩
ئامادەکردن و نووسیاری و دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
سەرپەرشتیاری چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد. نسار عەبدوڵڵا. ئاراس ئەکرەم
چاپی یەکەم: ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٤٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

تێبینی:
کەس بۆی نییە ئەم بەرهەمە یان بەشێکی وەربگرێ و چاپی بکاتەوە یان وەری بگێڕێ بۆ سەر زمانێکی تر ئەگەر پەسندایەتیی لە دەزگای ئاراس (بەشێوەی نووسین) وەرنەگرتبێ، تەنیا خاوەن وتارەکان هەر یەکەیان بۆ خۆیان ئازادن لە هەڵسوکەوت لەگەڵ وتارەکانی خۆیاندا.

# بەرنامەکانی فیستیڤاڵی مەستوورەی ئەردەڵان

## هەولێر ٨-١١/١٢/٢٠٠٥

ڕۆژی ٨ کانوون (١) ڕێوڕەسمی پەردەلادان لە ڕووی پەیکەری مەستوورە لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

ڕۆژانی ٩-١٠ کۆنگرەی مەستوورە ناسی لە ئۆتێلی گەشتەوەریی خانزاد.

ڕۆژی ١١ی مانگ ڕێوڕەسمی دابەشکردنی خەڵاتی دەزگای ئاراس بۆ نووسەرانی کتێب.

# وتەیەک بۆ دەسپێک

**بەدران ئەحمەد حەبیب**

سەرەتای پایزی ساڵی ٢٠٠٤ ڕۆشنبیری ناسراوی کورد تۆسنێ رەشید، لە ئوستڕالیاوە سەردانی کوردستانی کرد و، میوانی دەزگای ئارس بوو. هاتنی ئەو جگە لە بەسەرکردنەوەی کوردستان و دیتنی ئەو پێشکەوتنانەی ڕوویان داوە، ئامانجی ئەوەشی لە پاڵدا بوو کە زانیاری لەبارەی مەستوورەی ئەردەڵانەوە کۆ بکاتەوە. مامۆستا تۆسن بەجۆرێک عیشق و ئەڤین لە مەستوورە دەدوا هەر دەتگوت ساڵانی ساڵ لە سەردەمی ئەو خاتوونەدا ژیاوە و ئاشنا و هەڤاڵی بووە.

هەرچەندە من بۆ خۆم، لە ڕۆژی دەرچوونیەوە، کتێبە هێژاکەی مەستوورە خاتوون "مێژووی ئەردەڵان"م خوێندبووەوە، کە ڕێزداران د. حەسەن جاف و شوکور مستەفا کردبوویان بەکوردی و ساڵی ١٩٨٩ لە بەغدا لە چاپیان دابوو، هەروا پاشانیش لە ساڵانی دواییدا، وەرگێڕان و بەراوردکردنەکانی مامۆستا هەژارم بۆ هەمان کتێب، لە دەزگای ئاراس بەر لەچاپکردنی خوێندبووەوە، بەڵام بە ئاخاوتن و گوتە شیرینەکانی تۆسن لەبارەی مەستوورەوە زیاتر سەرسام بووم.

لە ڕاستیدا، ئێمە لە کوردستانی عێراق، مەستوورەمان هەر لە ڕێگەی شیعرە بەناوبانگەکەی نالی-یەوە ناسیوە، ئەگینا زانیارییەکی ترمان لەبارەی مەستوورەوە نەکەوتووەتە بەر دیدە. ئەو شیعرەی نالیش هەرچەندە مەستوورەمان لە شێوەی ئافرەتێکی ئەدیب و حەسنا و شۆخ و شەنگدا دەخاتە بەر زەین و خەیاڵ، کە شەوێک لە شەوان هاتووەتە خەونی نالی، بەڵام بمانەوێ یان نەمانەوێ، ئەم شیعرە بەگوێرەی کولتووری باوی ئەو کات و ئەمڕۆش، سووکایەتییەکی نارەوای تێدا هەیە بۆ مەستوورە. بۆیە دەشێ لێرەوە بڵێین، ئەم یادکردنەوەیەی کە ئێمە کردمان بەر لە هەموو شت گۆڕینی ئەو دیمەن و وێنەیە بوو کە نالی سۆنگە و

هۆی بوو، وێڕای ناسینێکی تیروتەسەلی مەستوورە و پەیکەردانان بۆی کە خەیاڵ و دەستی هونەرمەند هادی زیائەدینی رازاندبوویەوە.

مەستوورە، نالی گوتەنی "حەسنا و ئەدیبێک"ی دەڤەری ئەردەلان بوو، بەر لە ٢٠٠ ساڵ چاوی بەژیان کرایەوە. بۆ کورد لەو مێژووە چەتوون و سەختەدا نەک هەر ژن بگرە پیاوی واش ناوناوە هەڵکەوتووە کە شیعر بنووسێ و کتێب دابنێ. ئەمڕۆش کە ئێمە دەرفەت و دەلیڤەمان بۆ هاتووەتە پێش، یاد و بیرئانین بۆ زانا و شاعیر و کەڵەنووسەرانمان ساز دەدەین، دەبێ مەستوورە یەکێک بێ لەوانەی بەبیریان بهێنینەوە و ڕێزیان لێ بنێین.

دەزگای ئاراس بەدەنگ بانگەوازەکەی مامۆستا تۆسنەوە چوو، کە گوتی: «حکومەتی کوردستان! ڕێزی مەستوورەی کوردستانی بگرە!». وا ئێستا دوای تەنیا ساڵێک لە سەردانەکەی ئەو، حکوومەتی کوردستان ڕێزی لەم کەڵەئافرەتە نا و یادی کردەوە و خەڵاتیشی بەناوی ئەوەوە دا بەنووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد. وا لێرەش لە نێوان ئەم لاپەڕانەدا تەواوی ئەو بابەت و باس و خواسانە دەخەینە روو کە پێشکێشی دەستەی سەرپەرشتیی یادەکە کرابوون. هەندێکیان خوێنرانەوە و هەندێکیشیان دەرفەتیان بۆ نەلوا.

ئەمە یازدەمین کتێبە کە دەزگای ئاراس بۆ بیرئانینی مەستوورە بەچاپی دەگەیەنێ. جاران ئەگەر تاکە وتارێکی شایان و هێژا لەبارەی مەستوورەوە نەبوو، وا ئەمڕۆ یازدە کتێب بەجارێک لە دەزگای ئاراس دەرچوون و هەر یەکەشیان چمکێک لە ژیانی ئەم کەڵە شاعیر و مێژوونووسە روون دەکاتەوە. ئەمە بۆ خۆی دەبێ بەهاندەرێک تاوەکو نەک هەر وتارگەل بگرە بۆ ئەوەیش کە ساڵانی داهاتوو لە زانکۆکانی کوردستاندا تێزی ماستەر و دوکتۆراش لەبارەی مەستوورەوە بنووسرێن.

مانگی نیسانی ٢٠٠٥ کاتێ سەردانی شاری سنەم کرد، هونەرمەندی هێژا و ڕێزدار هادی زیائەدینیم ناسی و لە خوسرەوئاوادا یەکترمان بینی. لە راستیدا هەر بۆ ئەوەش چووبووم تا هاوئاهەنگی لەگەڵ نووسەر و ڕۆشنبیرانی ئەو شارەدا بکەم بۆ بیرئانینی مەستوورە خاتوون. کاک بارامی وەڵەد بەگی پێشنیازی کرد

داوا لە کاک هادی بکەم پەیکەرێک بۆ مەستوورە بتاشێ. هەڤالانی تریش: بەختیار سەجادی و حوسێن شەریفی و ماجد روحانی و جەمال ئەحمەدیش پشتەوانییان لە پێشنیازەکە کرد. شایەنی باسە، ئێمە پێشتر لە کۆواری شین پرسی ئەو یادی رێزلێنانەمان بۆ مەستوورە خاتوون راگەیاندبوو و دەبوایە لە مانگی حوزەیراندا ئەنجام بدرایە. دواکەوتنی تەواوبوونی پەیکەرەکە و ئەو کات و ئازارەی بەدەست هێنانیەوە بۆ کوردستان کێشامان بوو بە هۆی دواکەوتنی فیستیڤاڵەکە.

لە کۆتاییدا، دەبێ لە بیرم نەچێ سوپاسی هەموو ئەو هێژایانە بکەم کە لە سەرکەوتنی فیستیڤاڵی بیرئانینی مەستوورەدا ڕۆڵیان بینی. بەڕێزان: بارامی وەڵەد بەگی، هادی زیائەدینی، جەمال رەشیدیان، ماجد ڕوحانی، کامبیز کەریمی، عەتای نەهایی و نیعمەت شەهاب. هەروەها تێکڕای ئەو نووسەرانەی بابەت و باسیان نووسی و هەموو ئەوانەش کە ئازاری هاتن و چوونەوەیان کێشا و لەگەڵماندا بەشدابوون. هەموو لایەک ئەوپەڕی سوپاس و پێزانینی ئێمەیان پیشکێش بێت.

# حکوومەتی کوردستان!

# ڕێزی مەستوورەی کوردستانی بگرە!

**د. تۆسنیٚ ڕەشید**

ماهشەرەف خانم (مەستوورەی کوردستانی)ی هاوسەری خوسرەوخانی میری میرنشینی ئەردەڵان، ساڵی ١٨٠٤ لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە و ساڵی ١٨٤٧ لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان کۆچی دوایی کردووە. مەستوورە کوردستانی، کتێبی (مێژووی ئەردەڵان)ی نووسیوە و دوو هەزار دێرە شیعری هەبووە. کتێبە مێژووییەکەی لە لایەن یێڤگێنیا ڤاسیلیا وەرگێڕدراوەتە زمانی ڕووسی و بڵاو کراوەتەوە. کاتێ ئەو کتێبەم خوێندەوە بەڕاستی بەلای منەوە شتێکی سەیر و جێگەی سەرنج بوو، چونکە لەو سەردەمدا نە لە ناو فارسان و نە لە ناو تورکان و نە لە ناو عەرەبان و ئەرمەنیاندا ژنی زانای وەک مەستوورە نەبووە. هەروەها من هەندێ لە شیعرەکانیشیم بەڕووسی خوێندووەتەوە، چونکە شیعرە ئۆرجیناڵەکانم بەردەست نەکەوتوون و ئەگەر کەوتبانە بەردەستیشم بەفارسی و زاراوەی گۆرانی نەمدەتوانی بیانخوێنمەوە. کاتێک شیعرەکانی دەخوێنییەوە بەڕاستی هەست بەشاعیریەتی و، قوڵیی شیعرەکانی دەکەی. مەستوورە لە پارچە شیعرێکیدا دەڵێ: ئەو سەرەی کە شایانی تاج بوو، ئێمە لە ژێر چارشێودا دەیشارینەوە. ئەوە بێجگە لە کتێبە مێژووییەکەی کە بەڕاستی زۆر نرخدار و گرنگە.

بوونی ژنێکی وەک مەستوورەی کوردستانی لەو سەردەمە لە نێو کورددا بەڕاستی مایەی سەربڵندیی میللەتی کوردە و نیشانەی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردی لە سەدەی نۆزدەهەمدا زۆر پێشکەوتوو بووە. ئێمە لە ئەرمەنستان

هەمیشە گوێمان لەوە دەبوو کە کورد میللەتێکی کۆچەری بێ دەوڵەمەندین، بەڵام ئەمە ڕاست نییە و کورد خاوەن کولتوورێکی زۆر مەزنە و پێویستە خاوەنداریەتی لەو کولتوور و مێژووە بکەین و، من وای دەبینم کە مەستوورەی کوردستانی، نیشانە و سیمبۆلێکی ئەو کولتوور و سەربڵندییەی میللەتی کوردە.

یەکێکی وەکو کلاودیۆ ریچ کە نوێنەری کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە و هاتووەتە کوردستان، لەبارەی شاری سنەوە دەنووسێ کە مزگەوتی سنە لە مزگەوتی قودس کەمتر نەبووە، کۆشکی میری ئەردەڵان لە کۆشکی شا و پاشاکان کەمتر نەبووە و زۆر پێشکەوتوو بووە و کتێبخانەیەکی زۆر گەورەی هەبووە. بۆیەش ئەوە ڕاست نییە کە بگوترێ بەگ و میرەکانی کورد هەر خەریکی کوشتار و کۆچەری بوونە. ئێمە خاوەنی کولتوورێکی گەورە بووین، بەڵام ئەو شوێنەوار و کولتوورەمان بەزۆر و زۆرداری لە نێو براوە و تێک دراوە. ئێستا سەردانی سنە بکەی کۆشکی میری ئەردەڵان نادۆزیەوە چونکە بەدەستی شا و بەزۆردارەکی تێک درا بۆ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکی کوردی نەهێڵێ. پێویستە ئێمە ئەو دەوڵەمەندییەی خۆمان زیندوو بکەینەوە و میراتی خۆمان بخەینە ڕوو. جێگەی داخە کە دوای ساڵی ١٩٩١ زۆر شتی دێرینی مێژوویی لە کوردستان دەرکەوتن و فرۆشران، پێویستە ڕێ لەوە بگیرێ و خاوەنداریەتی لە شوێنەوارە مێژووییەکان بکرێ و هەوڵ بدرێ ئەوانی تریش بگەڕێنەوە.

یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو سەردانەم بۆ باشووری کوردستان ئەوەیە گۆڕی مەستوورەی کوردستانی لە شاری سلێمانی بدۆزمەوە. چونکە گۆڕەکەی سەت لە سەت لە سلێمانییە. مامی مەستوورە کە دوای مردنی مەستوورە چەند لاپەڕەیەکی خستووەتە سەر کتێبەکەی مەستوورە زۆر بەوردی و سەعات بەسەعات باسی مەراسیمی ناشتنی مەستوورەی لە گۆڕستانی گردی سەیوانی سلێمانی کردووە، هەروەها باس لەوە دەکات کە لە تەنیشت چ گۆڕێکیش نێژراوە.

من بانگەوازی هەموو ڕۆشنبیران و دەزگا ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەکانی کوردستان دەکەم کە گرنگی بەڕێزگرتنی یادی ٢٠٠ ساڵەی لە دایکبوونی ئەو ژنە زانایەی کورد بدەن و گۆڕەکەی دەستنیشان بکرێ و پەیکەرێکی بۆ دابنرێ.

هەروەها پێشنیاری ئەوە دەکەم خەڵاتێکی ساڵانە بەناوی مەستوورەی کوردستانییەوە دابنرێ و ساڵانە بدرێت بە باشترین ژنە نووسەری کورد.

پێش هەموو شتێکیش داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان (بەهەردوو ئیدارەیەوە) دەکەم بەسازکردنی کۆنفرانس و سمینار لە هەموو شارەکانی باشووری کوردستاندا ڕێز لە یادی ٢٠٠ ساڵەی لە دایکبوونی مەستوورە کوردستانی بگرێ. هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەبارەی بەرهەمەکانی بکرێ و کۆبەرهەمی چاپ بکرێت و شیعرەکانیشی بەهەردوو زاراوەی کرمانجی سەروو و خواروو بڵاو بکرێنەوە. کەوا بزانم بۆ یەکەمجار بەرهەمەکەی لە ساڵی ١٩٢٦دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

من تا ئێستا لە بارەی زیندووکردنەوەی یادی ٢٠٠ ساڵەی لە دایکبوونی مەستوورەی کوردستانی قسەم لەگەڵ زۆر کەس کردووە، بەڵام هەستم کردووە کەس نایەوێ گوێم لێ بگرێ. لێرە کە باسی ئەوەم بۆ یەکێک دەکرد پێی گوتم ئەمساڵ سەت ساڵەی لە دایکبوونی (گۆران) بوو، چی بۆ کرا تاوەکو شتێک بۆ مەستوورە بکرێ. بەڕاستی دەبووا بۆ ئەویش ڕێوڕەسمی یادکردنەوە و ڕێزگرتن بکرێت.

ساڵی ١٩٢٦ مریەم ئەردەڵان لەسەر خەرجی خۆی یەکەمین قوتابخانەی کچانی لە شاری سنە کردەوە، کە قوتابخانەکە ئامادەیی بوو پێیان گوت ناوی تۆ لەسەر قوتابخانەکە دادەنێین، گوتی نەخێر ناوێکی زۆر مەزن هەیە ئەو ناوەی لەسەر دادەنێین، بەو شێوەیە ناوی مەستوورەی کوردستانییان لەسەر قوتابخانەکە دانا. هەرچەندە من زۆر ئاگادار نیم، بەڵام باوەڕ ناکەم هیچ شتێک بەناوی مەستوورەی کوردستانی لە باشووری کوردستان هەبێت.

بانگەوازی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕۆشنبیران دەکەم یادی ٢٠٠ ساڵەی لە دایکبوونی ئەو ژنە زانا و ڕۆشنبیرەی کورد بەکۆنفرانس و کار و چالاکیی جۆراوجۆر ڕێز بگرن و ئەرکی خۆیان لەو بارەوە جێبەجێ بکەن، چونکە بەڕاستی مەستوورە شایانی شانازی پێوەکردنە.

هەفتەنامەی (میدیا)، ژمارە: ١٧٣، دووشەممە ٢٠٠٤/١١/١

## *وتاری بەڕێز*
## ***نێچیرڤان بارزانی***
## *سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان*
## *لە ڕێورەسمی پەردە لادان لەسەر پەیکەری خاتوون*
## ***مەستوورەی ئەردەڵان** و دەست پێ کردنی **فیستیڤاڵەکەدا***

هەولێر پارکی شەهید سامی عەبدوڕەحمان ٨ کانوون (١) ٢٠٠٥

ئامادەبوان و میوانانی بەڕێز!

ئەم کاتەتان باش و بەخێربێن!

بەگەرمی بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان دەکەم؛ بەتایبەتی ئەو بەڕێزانەی کە لە شوێنانی دوورەوە ڕێگەیان بڕیوە و ئەرکیان کێشاوە بۆ بەشداربوون لەم یادە گرینگە. ئەرک و ماندووبوونیان مایەی ڕێز و شانازییە بۆ ئێمە. ئەوانەی لە بەشەکانی کوردستانەوە، یان لە وڵاتانی ئەوروپا یان لە هەر شوێنێکەوە تەشریفیان هێناوە؛ خۆشحاڵین بە هاتن و ئامادەبوونیان. هەموو لایەک بەخێر بێن بەسەر چاوان.

ماوەی چەند ساڵێکە یادکردنەوەی شاعیر و هونەرمەند و ڕۆشنبیرانی کورد، بووە بەداوونەریتێکی گشتی. ساڵانە لە هەموو شارەکانی کوردستاندا چەندان ڕێورەسم و بیرئانین و فیستیڤاڵ ساز دەدەرێن. ئەم داوونەریتە، وەک زیندووڕاگرتن و پێزانینێک وایە بۆ خەباتکارانی نەوەکانی پێشوومان، کە لە ماوەی چەندین سەدەدا خۆڕاگری و بەرگرییەکی بێ وێنەیان نواندووە تاوەکو میللەتەکەمان بمێنێ و لەناو نەچێ. یەکێک لە شێوازەکانی ئەم خۆڕاگری و بەرگرییەش، پاراستنی کولتووری نەتەوەیی و زمان و مێژووی کەونارا بووە.

کورد ئەگەر لە مێژوودا مابێ و لەناونەچووبێ، بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ زیندوویی کەلەپوور و زمانەکەی. ئەمەش؛ واتە ئەو خەبات و پێشکێشەی کە میللەتەکەمان بەگشتی و بەتایبەتی زانا و ڕۆشنبیران کردوویانە. جێ پەنجەی ئەم

ڕۆشنبیر و زانایانە وا ئەمڕۆ بۆ نەوەی ئێستای کوردستان دیار و بەرچاوە و شایەنی ڕێزە. من لەلایەنی خۆمەوە ئەم جۆرە یادانە، بەرز هەڵدەسەنگێنم و وەک حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش، هەموو پشتیوانییەکی لێ دەکەین؛ پێشتریش هەر کردوومانە. لەبەرئەوەی ئەمە پێناسەی کولتووریی نەتەوەکەمان پتەو دەکات.

جێی سەرنجە، لەناو ئەو مێژووە سەخت و دژوارەی میللەتەکەماندا پێش ٢٠٠ ساڵ، ئافرەتێک هەڵکەوتبێ و شان بەشانی پیاوە رۆشنبیرەکانی سەردەمی خۆی، هەنگاوی نابێ؛ ئێستا وا شوێنەوار و بەرهەمەکانی ئەم خانمە دیار و بەرچاون. ئەم ڕاستییە زۆر مانای گەورە هەڵدەگرێ کە دەشێ نەوەی ئەمڕۆ سوودی لێ وەربگرێ و وانەی لێوە فێرببێ. پێش دوو سەد ساڵ، کۆمەڵگەی کوردەواری ڕێگەی نەدەدا ئافرەت لە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیریدا بەشداری بکات؛ تەنانەت سیستەمی خوێندن و فێربوونیش لەو سەردەمە بەجۆرێک بوو کە ئافرەت نەیدەتوانی بواری دەست کەوێت. ئاینیش بەو شێوەیەی کە بەکاردەهات و شرۆڤە دەکرا، بەداخەوە کرابوو بەرێگرێک لە پێش ئەم مەسەلەیەدا. بۆیە خوێندنی ئافرەت لەو سەردەمانە، وەک کوفرێک وابوو، یان شکاندنی داونەریتێکی دەقگرتووی سەدان ساڵە بوو.

لەو سەردەم و هەلومەرجەدا لە شاری سنە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ماه شەرەف خانم بەسووربوونی خۆی و خەباتکردنی بنەماڵەکەی، فێری خوێندن بووە تا گەیشتووەتە ئەوەی، وەک ئافرەتێکی ڕۆشنبیر و خۆشنووس و کەسایەتییەکی بەناوبانگ دەربکەوێ. ئێمە کە ئەمڕۆ وا بەشکۆدارییەوە وەک ئافرەتێکی بێ هاوتا یادی ماه شەرەف خانمی ناسراو بەمەستوورەی کوردستانی یان ئەردەڵانی دەکەینەوە، سەرنج دەدەین ئەو بەرهەمانەی ئەو لە بواری شیعر و شرۆڤەی شەرع و لێکۆڵینەوەی مێژوویدا بەجێی هێشتوون، جۆرە بەرهەمێکن کە پیاوانیش بەلای هەندێکیاندا نەڕۆیشتوون.

لە هەموو مێژووی ئیسلامدا مەستوورە خانم، تاکە ژنێکە کتێبی لەبارەی شەرعەوە دانابێ. جگە لەمە، وەک کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، تا پێی کرابێ دژی نالەباری وەستاوەوە و پشت و پەنا بووە بۆ هەژار و لێقەوماوان. ئێمە وەکو کورد، ئەمڕۆ مافی خۆمانە و بەئەرکیشی دەزانین کە ئەم خاتوونە

ڕێزداره لەیاد نەکەین و شانازیی پێوه بکەین لەناو گەلانی دراوسێدا. هەڵکەوتن و دەرکەوتنی مەستووره خانم، بۆ خۆی باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەگەر دەرفەتی کۆمەڵایەتی لە پێش ئافرەتی کورد بڕەخسێ و هەلومەرجی گونجاوی سیاسی هەبێ، دەتوانێ بەشدارییەکی کارامە لە پێشوەبردنی هەموو ڕووەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستاندا بکات.

خاڵێکی تریش هەیە دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم، ئەویش ئەوەیە ئێوە کە ڕۆشنبیرانی هەموو بەشەکانی کوردستان لێره کۆبوونەتەوه، خۆتان باشتر لە ئێمە دەزانن کەوا ئەدەب و ڕۆشنبیری و هونەری کوردی، زیاتر لەو سەردەمانەدا گەشەیان کردووه کە ناوەندی سیاسی و کارگێڕیی سەربەخۆ لە کوردستاندا هەبووه. میرنشینە کوردییەکان سەرەڕای کێشە و شەڕ و شۆڕەکانیان لەگەڵ یەکتردا، سەرەڕای سنوور و قەوارە بچووکەکانیان، لە سەردەمی خۆیاندا توانیویانە دەرفەتی گونجاو بۆ زانا و خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی سەردەمی خۆیان والا بکەن. ڕەخسانی دەرفەتی ئازادی لە کوردستان لەلایەک و گەشەکردنی ئەدەبیات و خوێندەواری و هونەر لەلایەکەی ترەوه، هەمیشە وەک هاوکێشەیەک بەیەکەوه بوونە و تەواوکەری یەکتر بوونە. ئیمارەتەکانی ئەردەڵان و بابان و سۆران و بادینان و بۆتان، باشترین بەڵگەن بۆ ئەم هەقیقەتە.

هەر کاتێک دەرفەتی ئازادیی سیاسی لە کوردستان کەم بووبێتەوه، ئەدەبیات و ڕۆشنبیریش بەرەو لاوازی و پووکانەوه ڕۆیشتوون. ئێستاش وا هەمان ڕاستی لەبەرچاومانە؛ ئەوەندەی ئەم ١٤ ساڵەی ڕابردوو کولتوور و هزر و هونەر لە کوردستاندا گەشەیان کردووه و پێش کەوتوون، لە هیچ سەردەمێکدا ئەم گەشەیە ڕووی نەداوه، کە ڕێژەی بەشداربوونی ئافرەت لەم بزاڤە ڕۆشنبیری و هونەرییەدا باش و بەرچاوه.

ئەم بۆنەیە دەکەم بەدەرفەت بۆ کچانی کوردستان و ئافرەتانی کوردستان بەگشتی، هەوڵ بدەن شان بەشانی پیاوان، فێربن و کار بکەن و جێ پێی خۆیان پتەو بکەن. دەبێ ئافرەت بەتوانای خۆی، یەکسان بێت لەگەڵ پیاودا نەک بەژماره و ئامار؛ دەبێ دەرسێک لە مەستووره وەربگرن.

هیوادارم یادکردنەوەی ئەم شاژنە ببێ بەهاندەرێکی باش بۆ ئافرەتانی

كوردستان تاوەكو پەرە بەتوانا زانستى و ڕۆشنبيرييەكانى خۆيان بدەن.

دەمەوێ لێرە ئامـاژە بەوەش بكەم كـەوا كـوردسـتـانى ئێـران، لە مـاوەى دواى ڕاپەڕينى ١٩٩١ەوە پشـتيوانێكى بەهێز بووە بۆ پێشـخسـتن و سەرخسـتنى بزاڤى ڕۆشنبـيـرى لـە هەرێمى كـوردسـتـانى عـێـراقـدا. ئەمڕۆ ١١ سـاڵ بەسـەر ئەم پێوەندييـەدا تێپەڕ دەبێت. يەكەم جار لە ساڵى ١٩٩٤ يەكەم شاندى ڕۆشنبيرى لە شـارى سنەى خـۆشـەويسـتـەوە سـەردانى هەولێرى دێرينيـان كرد. من لەلايەنى خۆمەوە، هەميشە سوپاس و پێزانينم هەيە بۆ دڵسۆزى و نيشتمانپەروەرييان. ئەم پێـوەنديـيـە ڕۆشـنبـيـرييـە، گـەلێك دەسكەوتى بۆ مـيـللەتەكـەمـان هەبووە و ديپلۆماسييەتى كولتووريشى هێناوەتە ناو جووڵانەوەى ڕۆشنبيريى كوردييەوە.

لە كۆتاييدا نابێ لەبيـرم بچێ سـوپاسى هەمـوو ئەو بەڕێزانە بكەم كـە بوونەتە هۆى سـەركـەوتنى ئەم يادەوەرييـە گـرينگە. بەتـايبـەتيش سـوپـاسـى هونەرمـەندى خـۆشـەويست و ناودار، كـاك هادى زيائەدينى، كـە پەيكەرى مـەسـتـوورە خـانم بەرهەمى بيركردنەوە و ڕەنج و شەونخوونيى ئەوانە. جارێكى تريش بەخێرهاتنتان دەكەم بۆ بەشداريتـان لەم يادە، كە يادى خـاتوونێكى ڕێگەى دۆزى كـوردسـتـان و ڕۆشـنبـيـريى كـوردى و خـەباتكردنە بۆ يەكـسـانيى نێـر و مێ. هيـوادارم هەر سەركەوتووبن. ديسانەوە سوپاستان دەكەم.

# چەند نوکتەیەک

## لە سەر ژیان و بەرهەمەکانی مەستوورەی کوردستانی

مـحـەمـەد کەمـانگەر (هـومـایوون)

خورشیدەکەی ناز، ئەوجی بورجی سەور
سەر توغرای دەفتەر مەحبووبان جەدەور
هـالە خـــانـەکـــەی بـورجی شـــەرەفـــدا
نوور ئـەفـشـــانیـــشـــەن وەهـەر تـەرەفـــدا

ما شـەرەف خانم مەستوورەی کوردستانی بێجگە لەوەی کە شاعیر بووە، کتێبی مـێـژووشی بۆ مـیـرنشـینی ئـەردەڵان – کـە لەو کـاتەدا سـەرانسـەری باشـوور و رۆژهـەڵاتی کوردستانی داگرتەوە – نووسیوە.

لە راستیدا بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستاندا مێژوونووسانی کوردستانی ئەردەڵان رێبازی شـەرەفەدین خـان بەتلیسـییان درێژە پێ دا و وێڕای نـووسـینی پاشـەرۆک لە سـەر شـەرەفنامـە، چەندان کتێبیان لە سـەر مێژوو و جوگرافیـای میرنشینی ئەردەڵان نووسیوە.

مـەسـتوورەش بە نووسـینی مـێـژووی ئەردەڵان بە یەکـەم ژن دەژمـێـردرێ کـە لە سەر رێبازەکەی میرشـەرەفەدین رۆیشتووە و لـەو بوارەدا توانایی خۆی بە چاکی نیشان داوە.

باسکردن لە مێژوو و نووسین لـەسەر ئەو بابەتە لە سـەردەمێکدا کە مـەسـتوورە تیێدا ژیاوە و لەو شوێنەی کە تێیدا بوو – کە کوردستان بێت – تەشک و شێوەی زانستیی پەیدا نەکرد بوو. لـە راسـتیدا ئەو سەردەمـە و لەوانەیە بتوانین بڵێین تا سـاڵانی ئەم دواییـیـەش مـێژوو و بەسـەرهـاتە مـێژووییـیـەکـان هـەروەکـو چیرۆک و

حكایەت باسی لێوە كراوە و، ئەمەی كە شاژنێكی هەست ناسک لە تافی لاویدا دەست بۆ مێژوو ببات و بەنووسینی رووداو و كارەساتەكانی ئەو پارچەیە كە پێی وتراوە ولاتی ئەردەڵان دیاردەی زیرەكی و لێهاتوویی مەستوورە و بیر و هزری زۆر بەرزی ئەوە.

مەستوورە لەو كتێبە مێژووەدا كە نووسیویە ئەڵێت من هەر لە سەرەتای خوێندەوارسی خۆمدا كتێبی مێژووییم زۆر دەخوێندەوە و هۆگری بابەتە مێژووییەكان بووم. ئەڵبەت بەداخەوە تەمەنی كورت مەودای پێ نەداوە كتێبەكەی تەواو بكات، بێگومان ئەگەر ئەو بلیمەتە تەمەنێكی لە رادەی سروشتیدا ببوایە ئێستا ئێمە خاوەنی زۆر بەرهەمی تر لە بواری جۆربەجۆردا لە یادگارەكانی دەبووین. مەستوورە لە بوارێكی دیكەشدا خاوەن بەرهەمە و لەو بابەتەشەوە تاقانەیە، ئەوەش نووسینی كتێبی عەقایدە كە بابەتی دین و ئاینە.

گومانی تێدا نییە كە وتن و نووسین لەو بوارەدا نەک هەر جاران بەڵكو ئێستاش تەرخان كراوە بۆ پیاوان. ژنان لەو ئاستە نەبینراون كە مافی ئەوەیان پێ بدرێت بۆ لای ئەو باسە بچن و تێكەڵی بن. كەوا بێت، ئەوە تایبەت بە پیاوە و ژن ئیجازەی پێ نەدراوە لەو بارەوە بیر بكاتەوە تا چ بگات بەوەی كە بیروڕای خۆی دەرببڕێ.

بەڵام مەستوورەی ئازا و بوێر و خاوەن بیروهزری بەرز، نزیک بە دوو سەدە لەمەو پێش لێبڕاوە بۆ لابردنی زەخت و زۆر لە سەر ژن بە نووسین هەوڵ بدات و بۆ رووخاندنی شوورەی تەسكبیری و كۆنەپەرەستیی پیاو، كە ژنی تێدا یەخسیری ئاكامە نالەبارەكانی دواكەوتوویی كردبوو، تێ كۆشاوە و هەنگاوی زۆر بە جورئەت و كۆڵنەدەرانەی هەڵگرتووە.

مەستوورە لە تەمەنێكی زۆر كەمدا خولیای ئەو بیروباوەڕە ئینسانییەی خۆی بووە و زانیویە ژنی بێبەش لە هەموو ماف و خواستێكی سروشتی ئینسانە و خاوەنی هەموو مافێكە.

ئەو لە سەردەمێكدا كە ئەوین و خۆشەویستی، شەرمەزار دەكرا و تەنانەت پیاویش نەیدەوێرا بە راشكاوی رازی دڵی خۆی دەرببڕێت، شیعری وەكو ئامرازێک بۆ دركاندنی هەستی پڕ لە ئەوین و خۆشەویستی بەكار هێناوە و

ڕاشکاوانە هاواری دڵی تێکەڵ بە هاواری شیعرەکانی کردووە و، نە بەچرپە بەڵکو بە دەنگێکی پڕ سۆزی ئەویندارانەوە - کە خۆشتر لە هەر ئاواز و نەغمەیەکە - بە گوێی خەسرەو خان گەیاندووە؛ بەڵام وادیارە خەسرەوی ناکام لەوەشدا هەر ناکام بووە و قەدری ئەو گەوهەرە نایابەی بەو چەشنە کە شیاو بێت نەزانیوە؟ ڕەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی والییە حوسن جەهان خانمی ژنی، کە کچی شای قەجەر بووە و خەسرەوخانی حاکمی ئەردەڵان بەو ژن هێنان و خزمایەتییە لەگەڵ بێگانەدا ببوو بە بندەست و گوێڕایەڵی قەجەرەکان.

مەستوورەی جوانە مەرگ کە بە گوێرەی بیروڕای ناسری ئازاد پوور - کە بۆ یەکەمجار مێژووی ئەردەڵانی لە چاپ داوە - ساڵی ١٢٢٠ی کۆچی مانگی لە دایک بووە و ساڵی ١٢٦٤ کۆچی دوایی دەکات ٤٤ ساڵ ژیاوە، بەڵام بە پێی نووسراوەی ڕێزدار عەبدوڵا مەردۆخ لە پێشەکی کتێبی عەقایددا، مەستوورە ساڵی ١٨١١ی زایینی کە بەرانبەری ١٢٢٦ی کۆچی مانگییە لەدایک بووە و ساڵی ١٨٤٦ی زایینی کە بەرانبەر ١٢٦٣ی کۆچی مانگییە کۆچی دوایی کردووە. بەو چەشنە بەزایەنی ٣٥ ساڵ و بە کۆچی مانگی ٣٧ ساڵە ژیاوە.

لەوە دەچێ ئەوەی کاک عەبدوڵا نووسیویە ڕاستتر بێت؛ بە تایبەت کە ساڵی مردنی مەستوورە ١٢٦٣یە و هەر لەو ساڵەدا مێژووی ئەردەڵانەکەی بەناتەواوی هێشتووەتەوە و بۆ خۆیشی نووسیویە تووشی نەخۆشی هاتووە.

مەستوورە لەو بە دەگمەن ژنە کوردانەیە، کە نەتەوەکەی بەو چەشنە کە شیاوە نەیناسیوە و، ڕێز و قەدری پێویستی بۆ نەگیراوە. زەمانە و سەردەمیش لەگەڵی نەسازاوە بە گوێرەی نووسراوەی میرزا عەلی ئەکبەر مونشی، کاتێ کە خەسرەوخان دەیەوێ بە ژنی بهێنێ مەستوورە بەو کارە ڕازی نابێت. میرزا دەنووسێ: «مەستوورە کە لە هەموو بارێکەوە خۆی وەکو پیاو دەزانی نەیدەویست ئەو مێردکردنە قەبووڵ بکات. تا ئەوەی کە خوالێخۆشبوو خەسرەوخان بە بیانووی جۆربەجۆر باپیری بەڕێز و باوکی هێژای مەستوورەی خستە بەندەوە. بێجگە لەوەش پەنجا هەزار تمەنی لێیان وەرگرت؛ بەڵام مەرجی ڕزگاربوونیان لە بەندیخانە بەوە دانا کە ئەو کیژەی بۆ مارە بکەن.»

مەستوورەی بەستەزمانیش جگە لە خۆ بەدەستەوەدان چارەیەکی نەبوو؟

سەرنجێکی نووسراوەکانی مەستوورە ئاگادارمان دەکات کە ئەو ئەوینی کەسێکی تر بە ناوی حوسەین قولیخانی لە دڵدا بووە کە پێکەوە خزم و ئامۆزای یەک بوون؛ بەڵام خەسرەوی ناکام مەستوورەش ناکام دەکات.

بەڵێ، ژنێک بەو تەمەنە کورتە و بەو هەموو کۆسپ و بەند و تەگەرەی دژ بە مافە رەواکانی، نیشانی دا کە بیرو هزری بەرز و رۆشنبیرانە تەنیا لە پیاودا نییە و ژنیش ئەگەر مەودای ببێ و رێگای بۆ بکرێتەوە، لێهاتوویی خۆی دەسەلمێنێ.

مەستوورە جگە لە هۆنراوە و شیعر لە سەر سێ بابەتی جۆر بە جۆرکاری کردووە و، بەرهەمی لێ بە جێ ماوە:

یەکەم مێژوو، دووەم دین و ئاین، سێیەم ناساندنی شاعیران و ئەدیبان.

مێژووی ئەردەڵان کە بە زمانی فارسی نووسیویە، بەختەوەرانە بە کوردییش وەرگێڕاوەتەوە. من لام وایە وەرگێڕاوەی مامۆستا هەژار کە لەلایەن کاک ماجد رۆحانییەوە لە چاپ دراوە تا ئێستا زۆرتر سەرنجی خوێنەرانی بۆ لای خۆی راکێشاوە. ئەو دوو کتێبەکەی مەستوورە بەناوی عەقاید و مەجمەعولئودەبا چاپ نەکرا بوو تا ساڵی ١٩٩٨ کە کاک عەبدوڵڵا مەردۆخ لە سوید عەقایدەکەی چاپ کرد؛ بەڵام مەجمەعولئودەبا هەر بێ سەر و شوێنە و هەروەها کە رێزدار مەردۆخ لە کتێبخانەی ماڵە کوردێ لە پاریسدا نوسخەی دەستخەتی عەقایدی بەرچاو کەوتووە و بۆ لە چاپدانی هەنگاوی هەڵگرتووە، هیوایە ئەو یادگارەی مەستوورە کە مەجمەعولئودەبایە بەلای هەر کەسێکەوە هەیە بەناوەندە فەرهەنگییەکانی کوردستان رابگەیەنێ تا چاپ بکرێت و بکەوێتە بەر دەستی هۆگرانی خۆی.

ماه شەرەف خانم مەستوورەی کوردستانی تا دوایین رۆژ و ساتەکانی تەمەنی خەریکی نووسینی کتێبە مێژووەکەی بووە. نووسەر دوایین لاپەڕەی کتێبەکەی بەم ڕستە پڕ لە کەسەرەوە دەنووسێ: «من، مەستوورەی کۆچەریش لە دووریی ئەو ئازیزە خۆشەویستە (کە مەبەست حوسەین قولیخان والیزادەیە) دوو، سێ رۆژە لەش و گیانم لە ئازار و ناخۆشیدایە و یاو دای گرتووە، تا خوا چی بووێت».

میرزا عەلی ئەکبەر مونشی کە ئەویش کوڕە مامی مەستوورە بووە – بەم چەند دێرە پەسنی داوە و نووسیویە: «بە گوێرەی زانست و بەرزیی فکر و ژیری و جوان نووسین و خۆش نووسین و شیعر و داهێنانێ کە لە مەستوورەدا بووە، پێویستە

مێژوونووسانی جیهان لە لاپەڕەکانی مێژووی خۆیاندا ناوی ئەو بۆ بیرەوەری بنووسن و بیهێڵنەوە».

بەداخەوە زۆر بەدەگمەن لە مەستوورە ناو براوە و ئەوانەش کە لە سەری نووسیویانە لە بەر بێ ئاگایی لە زانست و زانیاری و توانایی مەستوورە تەنیا وەکو ژنە شاعیرێک ناویان لێوە بردووە.

مەستوورە لە وڵاتی خۆیدا کە ئێران بێت نەناسراوە و لە کتێبەکانی مێژووی ئەدەبدا لاپەڕەی بۆ نەکراوەتەوە؛ جا مێژوو نووسانی جیهان چۆنی بناسن و باسی بکەن؟

من ناڵێم ئەو پلە و پایەیە کە لە مێژووی ئەدەبی ئێراندا دراوە بە پەروین ئیعتسامی زۆرە، یان زێدەڕۆیی بۆ ئەو کراوە؛ بەڵام ئەڵێم مەستوورەی کوردستانی کە سەرەڕای شیعر لە بواری تری ئەدەب و مێژوودا بەرهەمی هەیە و رۆشنبیرێکی عارف شێوە و ئیسلام ناسێکی خاوەن بیروباوەڕیش بووە کە کتێبی عەقایدی لێ بەجێ ماوە، لە بەر چی نەناسێندراوە و نووسەرانی مێژووی ئەدەب لە ئێراندا لە بیری خۆیان بردووەتەوە؟

بە داخەوە خۆگێلکردن و ناونەبردنی هەستیاران و شاعیرانی کورد، تەنانەت ئەوانەش کە بە زمانی فارسی شیعریان لێ بەجێ ماوە، نەریتێکی ناپەسەند و دژ بە مافی مرۆڤە کە تا پێش لە شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا باو بوو کە ئەوە بە دیاردەی بیری تەسک و بەهانەدان بە زمانەکانی دیکەی گەلانی تر دەژمێردرێت.

تا ئێستا دوو کۆڕ بۆ مەستوورە گێڕدراوە کە ئەمەی ئێستا دووهەمە و یەکەم کۆبوونەوەی رێز لێنان لە شاری سنە و لەلایەن پارێزگای ئەوێوە بە سەرپەرشتیی کاک بارام وەڵەدبەگی کە لەو کاتەدا راوێژکاری پارێزەری کوردستان بوو، بەڕێوە برا لە ئاهەنگێکدا بە ناوی کۆنگرەی فرەزانەکان کە یەک لەوان مەستوورە بوو.

ئێستاش وێڕای سپاس و قەدرزانی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە یاد و ناوی مەستوورەی بەرز راگرتووەو، ئەم کۆڕ و دانیشتنەی بۆ پێک هێناوە هیواداریین گڵکۆی پیرۆزی کە لە گردی سەیوان نێژراوە دەستنیشان بکرێت و مەزارێکی باش بەو چەشنەی کە شیاوی ئەو خانمە هێژا و پایەبەرزە بێت، بۆی دروست بکەن.

# بنەماڵەی مەستوورە

# و

# چاوێک لە کەسایەتیی خۆی

## ماجدی مەردۆخ ڕۆحانی

وەک دەزانین سنە – وەکو شارێک – مێژوویێکی وا لەمێژینەی نییە و یەکەم جار سلێمان خانی ئەردەڵان، لە ساڵی ١٠٤٦ی کۆچی – مانگیدا، قەڵای حەسەناوای بەجێ هێشتووە و چووەتە ئەوێ و قەڵایەکی تێیدا دروست کردووە و کردوویەتیە شار. کەوابوو دەبینین لە ماوەیەکی – لە چاو ئەو ڕۆژگارە – زۆر کورت، یانێ ١٥٠ ساڵدا، ئەو شوێنە وەها شارستانییەتێکی لێ پەیدا بووە کە بە(دار العلم) ناوبانگی دەرچووە و لە هەموو شوێنێکی – بەتایبەت کوردستانەوە – بۆ خوێندن، ڕوویان تێ کردووە و زۆر زانای گەورەش لە داوێنیدا پێ گەیشتوون و بێ شک دەوری ١٠٠ ساڵ گەورەترین شوێنی زانیاری لە هەموو کوردستان بووە.

جا بەو پێیە – بێجگە لە هۆزی زەڕینە کەوش کە هەر خەڵکی گوندی سنە بووگن – باقی بنەماڵەکان هەر کام لە شوێنێکەوە و بەهۆی ڕووداوێکەوە چوونەتە ئەوێ. جا کەوابوو، با بزانین قادرییەکان – کە مەستوورەیان تێدا هەڵکەوتووە – چۆن و لە کوێوە هاتوون.

لە ساڵی ١١٢٠ی کۆچی – مانگی، یانێ سەردەمی شا سوڵتان حوسێنی سەفەوی، تایفەی کوردی قادری، دەرگەزێنی سەر بەهەمەدانیان بەجێ هێشتووە و ڕوویان لە کوردستان ناوە. پاژێکیان لە سنە گیرساون و بەشێکیان بەرەو سلێمانی ڕۆیون. وەک دەڵێن گەڕەکی دەرگەزێنی سلێمانی بەنێوی ئەوانەوە ئەو ناوەی لەسەر نراوە. ئەم کۆچ و بارە بۆچی کراوە؟ ڕوون نییە. تۆ بڵێی

کەیخەسرەو بەگ – کە هەر ئەو ساڵە بۆتە میری کوردستان – ناردبێتییە شوێنیان؟ یان نە، لەبەر دوورەپەرێزی و خۆپارێزی لە شەڕی ناوەخۆیی میرانی هەمەدان و کرماشان و لوڕستان، وایان بەباش زانیوە بەرەو کوردستان بگەڕێنەوە و لەو شەڕوشۆڕە بتەکێنەوە؟ خوا دەیزانێ. هەرچۆنێک بێت لەو ساڵەوە خێڵی قادری چوونە شاری سنە و بوونە سنەیی.

وەک لە لاپەڕەی ٨٣ی مێژووی ئەردەڵانەکەی مەستوورە، بەپێیداچوونەوەی ناسرخان ئازاد پووردا هاتووە: کە خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان و زۆرێکی تر لە پیاوماقووڵانی سنە، لەبەر زەبر و زۆریی پیتاکگری نادر شا هەڵاتوون و پاڵیان بەئاسانەی ئەستەنبووڵەوە داوە، حاجی عەلی خانی کەلانتەر – باپیرە گەورەی قادرییەکانی سنە – لەبەر ژیری و بزێوی، دەورێکی باڵای پەیدا کردووە و تاقە کەسێکیش بووە دەستی چووە و وێراویە لەگەڵ هەڵوەدایان کەین و بەینی بێت و کاروباریان بۆ جێبەجێ بکات. ئەمەمان لە بیر بێ؛ ئەمەش دەزانین کە بابی مەستوورە ئەولەسەن بەگە، کوڕی محەمەد ئاغای نازیر. محەمەد ئاغا پیاوێکی زۆر ژیر و بەبیر، لەسەرەخۆ و بەمشوور و یەکجار بەدەستەڵات بووە. وەک مەستوورە لە پێشەکیی مێژووەکەیدا دەڵێ، هەر ئەویش بووە بڕیاری داوە مەستوورە بخوێنێ؛ بڕیارێ کە پێشتر لە ئەو لە کوردەواریدا، کەس نەیداوە و بەشوێنی ئەویشدا، تا زیاتر لە سەد ساڵ باو نەبووە.

بەڵام سەیر لەوەدایە، نە مەستوورە و نەک کەسی تر، ناوی بابی محەمەد ئاغامان پێ ناڵێن؛ بۆچی و چۆن دەبێ بابی پیاوێکی وەک محەمەد ئاغا، کەس باسی نەکا و تەنانەت کوڕ و کوڕەزاشی کاریان بەسەریەوە نەبێت و ناوی نەبەن؟ جێی سەرسووڕمانە. دوور نییە لەسەر بەرهەڵست بوونێک یان بەدفەڕییەک کوژرا بێ و پاشانیش کەس نەیویستبێ یا نەیوێرا بێ ناوی لێ بەرێ. بەڵام زۆر وێ دەچێ کوڕی عەلی خانی کەلانتەر بووبێ. لەبەرئەوە وەک زانیمان دەوری دەستەڵاتداریی عەلی خان وا لە ئاخر و ئۆخری پاتشایەتیی نادر شاوە کە دەبێتە ساڵەکانی ١١٥٠ تا ١١٦٠ی کۆچی – هەتاوی. لەولاشەوە میرزا عەولای مونشی باشی (ڕەونەق) لە (حدیقەی امان اللهی)دا دەڵێ: کە محەمەد ئاغا نۆ ساڵان بووە بابی عەمری خوای کردووە و بەشوێن ئەوەدا، خەسرەوخانی گەورە سەرپەرشتیی ئەو و خوشک و براکەی وەئەستۆ گرتووە و پێی گەیاندوون. وەک گوتمان عەلی

خان سەردەمێک زۆری چاکە دەگەڵ خان ئەحمەد خان، بابی خەسرەوخان کردووە و جێی خۆیەتی ئەگەر خەسرەوخان چاودێریی نەوەکانی بکات.

خەسرەوخانی گەورە ساڵی ١١٧٠ بۆتە حاکمی کوردستان. لەولاشەوە کە دەزانین محەمەد ئاغا ساڵی ١٢٥٠ عەمری خودای کردووە، ئەمەشمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەو پیاوە دەوری نەوەد ساڵ ژیاوە.

کەسێ لە مێژووەکەی مەستوورە ورد بێتەوە، دەبینێ کە ئەو کتێبە وردبینییەکی زۆری لە ڕووداوەکانی شەست - حەفتا ساڵی پێشتر لە ژیانی نووسەرەکەیدا هەیە. بێ شک هۆی سەرەکیی ئەم تایبەتییە، محەمەد ئاغایە و مەستوورە ڕووداوی ئەو ساڵانەی زیاتر لەو و دوای ئەو لە میرزا فەتحولای خوڕڕەم وەزیرییەوە بیستووە؛ کە باسی ئەویش دەکەین.

محەمەد ئاغا سێ کوڕ و کچێکی بووە. کچەکەی (خوردە خانم)ی ناو بووە کە ئەمانوڵلا خانی والی خواستیوویەتی و دایکی حوسێن قولی خانە. حوسێن قولی خان - وەک لە لاپەڕەی ٣٦٥ی بەرگی یەکەمی تاریخی مەشاهیری کورددا باسی هاتووە - شاعیرێکی خۆش بەیان و نووسەرێکی قسەزان بووە.

کوڕەکانی محەمەد ئاغا بەچاودێریی خۆی بارهاتوون و هەرسێکیان دوای ئەوە بوونەتە میرزا، فێری زانستی دیوانیش کراون. بەتایبەت کوڕە گەورەکەی، یانێ ئەولەسەن بەگ - کە بابی مەستوورە و ابوالمحەمەدە - ابو المحەمەد - کە زۆر لە مەستوورە چکۆلەتر بووە - هەر بەتازەلاویش لە دنیا دەرچووە. کوڕی دووەمی محەمەد ئاغا ئیبراهیم بەگە، بابی ئەولقاسم بەگی یاوەر کە میری لەشکەر بووە و سێهەم میرزا عەبدوڵلای مونشی باشی (ڕەونەق)ە. میرزا عەولا تەنیا دوو ساڵان لە مەستوورە گەورەتر بووە و زۆرتر پێکەوە خوێندوویانە. ئەمیش نووسەرێکی هەڵکەوتە و شاعیرێکی باشی لێ دەرچووە و حەدیقەی ئامانوڵلاهیی نووسیوە؛ کە باشترین تەزکەرەی ئەو سەردەمەیە. کوڕی ڕەونەق، میرزا عەلی ئەکبەری وەقایع نگار (صادق الملک)ە، ناسراو بەئەفسەر، کە ئەویش نووسەر و شاعیرێکی باش بووە و (حدیقەی ناصری)ی نووسیوە.

با ئەوەشمان لە بەرچاو بێ: ڕاستە ڕەونەق و مەستوورە لە یەکماڵدا ژیاون و زۆرتر پێکەوە خوێندوویانە و ڕەونەق دوو ساڵیش گەورەتر بووە، بەڵام زۆر

ئاشکرایە کە چاوی مامە لە دەستی برازاکەی بووە و زیاتر پای لە جێ پێی ئەو ناوە. بۆ وێنە: کە مەستوورە (تاریخ الاکراد)ی داناوە – کە لەودوا ئازاد پوور ناوی (تاریخ اردلان)ی لێ نا – ڕەونەق پاشی ئەو درێژەی پێ داوە و وەک مەشاهیری کورد دەڵێ، ڕووداوەکانی سێ ساڵی دوای کۆچی دوایی مەستوورەی لێ زیاد کردووە؛ یانێ تا ساڵی ١٢٦٧ی کۆچی – مانگی. یان دەبینین (مجمع الادبا)ی مەستوورە، ڕێنوێن و هاندەری ڕەونەقە بۆ دانانی (حدیقەی امان اللهی). ئەمجار میرزا عەبدوڵڵای ڕەونەق لە تەمەنی پەنجا بەرەو ژووردا کەم کەم هەڵی داوە و ناسراوە و دەوری هەشتا ساڵ ژیاوە؛ کەچی مەستوورە هەمووی چل و سێ ساڵی عومر کردووە.

تا ئێرە بەسەرچڵی ماڵە بابانی مەستوورەمان ناسی؛ ئەمجا با چاوێکیش لە خێڵی خاڵوانی بکەین.

دایکی مەستوورە (مەلەک نیسا خانم) لە وەزیرییەکانی سنەیە. ئەم خێڵە – کە باپیریان میرزا عەولای وەزیرە و بەمیرزا عەبدوڵڵای کۆڵەڕەقەش ناوی لێ دەبرێ – زۆر لە دیوانی ئەردەلانییەکاندا دەسیان ڕۆیوە و هاوڕێی ئەوەش بنەماڵەیەکی وێژەوان بووگن.

لەم خێڵە میرزا فەتحوڵڵای خوڕڕەم وەزیری – کە دەبێتە مامی دایکی مەستوورە – پێشتر سەرداری خەسرەو خانی گەورە بووە؛ کە پاڵی داوەتە لای لوتفعەلی خانی زەندەوە و بۆ نەگبەتی کەوتۆتە چنگی ئاغا محەمەد خان و ئەویش هەرتک چاوی کۆڵیوە. بەشوێن ئەوەدا ڕووی ناوە لە شیعر هۆنینەوە و شاعیرێکی زۆر باشی لێ دەرچووە. بەتایبەت لە شیعری ئەبجەدیدا وێنەی نەهاتۆتەوە. بێ شک مەستوورە و ڕەونەق لە شیعر گوتن و هۆنینەوەی مادە تاریخدا، زۆریان بەهرە لە خوڕڕەم بردووە؛ وا کە دەبینین ئەوانیش لەم بارەوە دەستێکی باڵایان هەبووە. ئەمجار – وەک ئاماژەمان پێ کرد – مەستوورە بۆ مێژووەکەی، لە بیرەوەرییەکانی خوڕڕەمیش زۆری بەهرە گرتووە.

هەر لەم خێڵی وەزیرییە، پوورزای بابی مەستوورە، میرزا عبدالباقی (شیدا)یە کە شاعیرێکی باش بووە و وەک ڕەونەق دەڵێ، لە سەرینەی خۆی، بەدەوروبەریدا، کەسی بەشاعیر نەزانیوە.

دوای ئەم کورتە باسە لەمەڕ بنەماڵەی مەستوورەوە، ئێستا دەتوانین باشتر دەوروبەری ئەو خاتوونە ببینین و بارودۆخی ئەو سەردەمە تێیدا ژیاوە هەڵسەنگێنین. ڕاستە ماشەرەف هەر لە زۆر منداڵییەوە دەری خستووە کە چەند زیت و زیرەکە و تا چ ڕادەیەک بیری ژیرە و چۆن هەموو شتێ زوو فێر دەبێ و کە فێر بوو، ئیتر لە بیری ناچێ. ڕاستە زۆر جوان و لە بەردڵان بووە و یەکجار زوو توانیویەتی دڵی هەمووان بەرەو خۆی ڕاکێشێ. بەڵام ناکا وا بزانین ئیتر لە مێژوومان‌دا ماشەرەفێکی تر لە دایک نەبووە. ئەوەی کە ماشەرەفی کردە مەستوورە، ئەو بنەماڵەیەیە کە بەکورتی ناومان بردن. ماشەرەف کە چاوی کردۆتەوە، داب و دەستووری پاکی و پاکژی و نەریتی خو و خدەی پەسند و ئاکاری نەرم و نیانی بینیووە و کە گوێی شل کردووە، شیعری جوان و قسەی بەڕێ و جێ و پرسیار و وەرامی ڕێکوپێکی بیستووە. ئەولەسەن بەگ بەو هەموو ماڵ و سامانەی هەیبووە، کە خوا ماشەرەفی پێ داوە، ئەگەرچی وەک هەموو پیاوێکی ڕۆژهەڵاتی، بەهیوای کوڕ بووە، بەڵام منداڵی تری نەویستووە و زۆربەی کاتی خۆی بۆ بارهێنانی کچەکەی تەرخان کردووە و تا تەمەنی لە بیست تێپەڕ نەبووە، نەبووەتە خاوەن منداڵێکی تر.

لە پێشەکیی دیوانەکەی مەستوورەدا – کە دەزگای ئاراس تایبەت بەم بیرئانینە لە چاپی داوە و ئێستا لە خزمەتتانە – دوو خاڵم ئاماژە پێ کردووە و زۆر بەکورتی لێ دواوم:

یەکەم بنەماڵەی مەستوورەیە و دووەم کەسایەتیی خۆی، نەک بەناوی شاعیر یان مێژوونووسێک، بەڵکو وەکو ژنێک کە دوای ئەوە میرێکی ژنباز و کەلەلا، ڕاوی دەکا و خواناخوا دەیگۆڕێتەوە، کەم کەم ڕاوچی و نێچیر جێگۆڕکێ دەکەن و میر – کە پێشتر کچی هەڵکەوتەی شای خواستووە و لە ژوورێکی پەستاوتووە، ئەمجار دەبێتە دەستەمۆی تازە بووک و بەموو لە قسەی لانادا. پاشانیش دەبینین بەم بۆنەیەوە، میر گۆڕانکارییەکی گەورە لە خوو و خدە و ئاکاریدا پەیدا دەبێ و دەس لە بێ ڕادە خواردنەوە و سەرسەریگەری بەردەدا و کەم کەم بەمێرخاسی و گەڕناسی ناو دەردەکا و یەکجار گەورە دەبێتەوە و ناوبانگی دەتەنێتەوە و کە سەری یەکجارییش دەنێتەوە، شارێک بۆی ڕەش دەبەر دەکەن و شین دەگێڕن و ئازیەتبار دەبن. شتێکی وا لە ڕۆژهەڵاتدا، ئەویش سەد و حەفتا ساڵ لەوەوپێش،

بەڕاستی جێی بڕوا نییە. بەڵام دوای ناسینی باب و باپیر و کەسوکاری ئەو خاتوونە و چۆنیەتیی گەورەبوون و بارهاتنی، ئێستا دەتوانین لێکی دەینەوە کە دەبێ چۆن ژنێ بووبێت و چۆنی لەگەڵ مێردە ملهوڕەکەیدا جووڵابێتەوە و چوناوچۆنی دڵی ڕفاندبێت و بیری جوامێریی لە مێشکی ئاخنیبێ.

بەداخەوە زۆربەی زۆری ڕووپەڕەکانی مێژوو، باس و خواسی خونکارانە؛ ئەویش بەشێوەیەک کە خۆیان پێیان خۆش بووە. ئێستا ئەگەر بمانەوێ ڕاستیی ڕووداو لەو قوڕاوە دەربێنین، بۆ وێنە سیمای ڕاستەقینەی مەستوورە تەماشا بکەین، چ دەبینین؟ بەقەولی مامۆستا گۆران: «وەکو عەکسی قەمەر وایە، لە ناو حەوزێکی لیخندا». کوا تاقە ڕستەیەک لە باسی جووڵانەوەی ماشەرەف لە عیمارەتی خەسراوادا؟

بریا مێژوونووسەکانمان ئەوەندە باسی حەرەم سەرای هەزار و دووهەزار سەری پادشایان و ئەمیرانیان کردووە و شەجەرەنامەی دووروودرێژیان بۆ نووسیون، کە چەند لە ئەژمار بەدەر تۆرەمەی نانخۆر و خوانەناسی لووت بەرز و بەدەعیە و دەماری بێ هونەریان خستۆتەوە، جارێکیش ئاورێکی ماڵی ئەولەسەن بەگی قادریان دەدایەوە کە تەنیا تاقە کچێکی ئاراستەی نیشتمانەکەی کرد؛ بەڵام چۆن کچێک؟

دەڵێن لەو کاتەدا ئاغا محەمەد خانی قاجار دەوری کرمانی دابوو لوتفعەلی خان بگرێ و بەهیچ جۆرێ بۆی نەدەگیرا، خەبەریان پێ دا: بابا خان – کە لەودوا بوو بەفەتحعەلی شا – دوێشەو نۆ کوڕی بووە! ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: بریا لە هەموو ژیانیدا هەر کوڕێکی دەبوو؛ بەڵام کوڕێک وەک لوتفعەلی خان.

من ئێژم: خۆزگا تاقە کچێکی بوایە؛ بەڵام کچێک وەک مەستوورەی ئەردەڵان.

**هەولێر، بیرئانینی مەستوورە**

# ناسینەوەی ژیانی

## مەستوورەی ئەردەڵان

**محەمەد ڕەئووف محەمەدی**

سەرەتا:

لە ناخی دڵەوە شادین بە شادیتان؛ بەشدارین لە خەمتان، خوشک و برایانی خۆشەویست، ئامادەبووانی ئازیز وێژە ڤانان، هوزان ڤانەکان، مێژوونووسان و بەڕێوەبەرانی پێدا گەیشتنی، نەمر مەستوورەی ئەردەڵان! گەلەک سوپاستان پێشکەش دەکەین ژبۆ ئەم گشتە ئەرک و زەحمەتەی بۆ ناسینەوەی وێژەی کوردیی لە ئەستۆ گرتوون.

بەسوپاسەوە لە لایەن ئەنستیتوی کوردی تارانەوە چەن لاپەڕەیێکتان لە مەڕ ژیانی چەپکە گوڵی شارەکەمان – مەستوورەی کوردستانی– پێشکەش دەکرێت.

نەک تەنیا لای ئێمە کوردی ئەو دیو بەڵکو بەلای گشت کوردێکەوە، دیارە مەستووره وەکو دوڕێکە لە بێسانی وێژە و ئەدەب و زانستا. ئەو خاتوونە جوانەمەرگە بۆ ئەدەب و مێژووی نەتەوەکەی ژیا و لە سەردەمی حوکمی ڕەشی قەجەرەکان پاش مەرگی مێردەکەی و ئاڵۆزیی رامیاری و کومەلایەتی، خۆی لە سنە دوور خستەوە و چووە سلێمانی.

مەستووره لە ماوەی کەمی ژیانیدا لە شیعر و زانستی ئەو سەردمە و بەرانبەر بەبیروڕای دواکەوتووی ئەو رۆژگارە، بووە

ڕچەشکێنی ڕێگای سەخت و هەورازی کۆمەڵگای ئافرەتی دواکەوتووی کوردەواری. ئەم پێدا گەیشتنەی ئەمڕۆ کە بەمانای ئێک بوون و پێکەوە ژیان و زیندووکردنی یادی ئالاهەڵگرێکی بەدەگمەنە.

مەستوورە ئەڵقەی کۆنە مێژووی، پێوەندیی کوردستانی و کوردایەتییە؛ بۆیە کاتێ لە سنە هەستی بەناحەزی کرد لەگەڵ بنەماڵەکەیدا هاتە سلێمانی و بنەڕەتی مێژووی وێژەی کوردی بەناوی ئافرەتی کوردەوە دانا. جیا لەمانە، کڵپەی هەستی دەروونی ماموستا نالی شاعیری گەورەی کورد بەهۆی شوێنی بریسکەی پاکی چاوەکانی گڕی تێ بەردرا و نالی تێدا پوختە کرد. لە لاپەڕەکانی مێژووی وێژەی کوردی بەمەستوورەی نالیچ ناو ئەبرێت.

مەستوورە لە ئاوەها قوناخێکی کومەلایەتیا ژیا کە دەنگی ئافرەت نە تەنیا لە کوردستان بگرە لە زوربەی وەلاتانی جیهان خنکێنرابوون، خەڵکی لە ترسی شازا قەجەرەکان کچان و ژنیان لە نێو مەقنەعە و ڕووبەند و چارشێو دەشاردنەوە تاکو ئەو دزانە چاوی ناپاکیان بەوان نەکەوێ و نەیاندزن.

با ئەم حاڵە حەرەم سەراکانیان لە ژنانی جۆراوجۆر جمەی دەهات و بوونی گەنی پاشایەتیی قەجەرەکان تا ئێستاش دەبیسرێت.

ئا لەو کاتەدا ئازا ژنێکی وەها ناوی ئافرەتی کوردی هێنایە دونیای شیعر و ئەدەبەوە و هۆساری بزووتنەوەی وێژەی گەلەکەمانی لە مستی زل پیاوانی زانستدا وەدەرنا و بەهەر دوو زمانی کوردی و فارسی وشەکانی وەک ملوانکەی مرواری هۆنییەوە. لەوا ئەچێ ئەگەر بمانەوێ لە جادەی پڕ هەورازی وێژەی کوردیدا بوایە ڕابەرێکی مەزن و ڕزگاریخواز. بایەخدان بەمەستوورە لە ڕادەیەکدایە کە "یونسکو"یش پێدا گەیشتنێکی

نێـو دەوڵەتی لە مەڕ ژیان و شوێنەوارەکانی تەرخان بکات. لە هەولێـریش زانکۆیەکی تایبـەتمەندی کـچـان بەناوی وییـەوە دابمەزرێت؛ وەکو ئەوەی لە ٥٠ ساڵ لە مـەوبەر خوێندنگایەکی ناوەندی کچان لە شاری سنە بەناوی مەستوورەی ئەردەڵانەوە دامەزرا.

براتان حەمەد رەئوفی محەمەدی موقەدەم

ئەنستیتوی کوردی تاران ٢٠٠٥

## ١- چۆنیەتیی ژیانی مەستوورەی ئەردەڵان

مـەسـتـوورە نـاوی مـاهشـەرەف کـچـی ئەولەسـەن بەگ و نازناویی شـیـعـری مـەسـتـوورە یانێ داپۆشـراوە. لە سـاڵی ١٨٠٤ی زاینی لە سنە -ناوەندی وەڵاتی ئەردەڵان- چاوی بە دونیـا کـردەوە. سـەردەمی ژیانـی منداڵیی وی ئەوەندە لامـان ڕوونە کـە بەهۆی باوکی زانـا و دڵسـۆزیەوە لـە خـانوودا بەخـۆی و مـامۆسـتـای دەرسبێژەوە، قـورئان و گوڵسـتان و بوستـانی سەعدی، مێژوو و دەرسی کوردی و زانیـارەکـانی ئەو سـەردەمـەی پێ فێر دەکرا. بەرە بەرەیش هەستی شـاعـیری و نووسەری تێدا گەشەی کرد.

مـەسـتـوورە زۆرحـەزی لـە وێژە و مـێـژوونوسـین دەکـرد و لە سـەرەتای مـێـژووی ئەردەڵاندا دەنویسێ(١): منی وا بێ نرخ و هـەژار مــەســتــوورە ناو، کــیــژی ئەبولحـەسـەن بەگ و نەوەی خـوابەخـشیـو حـەمـە ئاغـای کوردسـتـانی لەبەرئەوەی باوکم زۆر حــەزی لە خــوێندن بـووە و ئەمنیش کـیـژی نۆبەرەی بووم و خــۆشی دەویسـتم پێی خـوێندم، زۆرم خـوو دابووە سـەر کتـێب؛ هەمـوو جۆرە کـتـێـبـێکم دەخــوێندەوە و لە نـاویانا زۆر خــۆشم لە مــێــژوو دەهات تـا ڕۆژێک چاوم کــەوتە نووسـراوەیەک سـەبارەت بەکـوردسـتـان، هـەر چەند زۆریشـی تێکچـووبوو؛ بەڵام هێشتـا کەم و کورتەیەکی هەرمـابوو، کەوتە سەرم ئەو مێژووی ئەردەڵانە تەکمیل بکەم، بەتایبـەت کـە خـۆم نانخـۆری ئەوانم و شـانازی بە بەخـتم دەکـەم کـە وا ئێستاکە خزمیانم. بۆ ئەم کارەش ڕوانیومـە زۆر کتێبان و پرسیاریشم لە پیرە پیاوان کردووە و ئەم مێژووەم لێ ساز داوە.

رەزا قولیخانی هدایەتیش لەم بابەتەوە نووسیویە: مەستووره لەو ژنە نەجیب و بەناوبانگانەیە کە سەرەڕای خۆشنویسی و دەسرەنگینی، ژنێکی جوان و شۆخ و داوێن پاک و رەوشت مەردانەیە، بێجگە لەمانە پێنجەم کەس لە مێژوونوسان کە لە پاش شەرەفخان و محەمەد شەریف و محەمەد ئیبراهیمی ئەردەڵان و خوسرەو بەگی ئەردەڵان، مێژووی ئەردەڵانی نووسیوە.

هەر ئەم بەهرەیەی، ماهشەرەفخانمی وا لێ کردووە کە چاوی ئێرە و ئەوێی لە سەر بێت. لە کاتێکدا مەستوورە گەشبیرێکی ژیر و هەست ناسک بووە و لە کتێبە بەنرخەکەی (مێژووی ئەردەڵان) گەلێ لایەنە بەنرخەکەی ئەم میرنشینەی بەسەر کردووەتەوە؛ بەتایبەت کە لە کۆڕی رووداوەکان ژیاوە و لە نزیکەوە ئاگای لە بارودۆخەکان بووە. بێگومان لەتەک شوێنەوارەکانی دیکەی، ئەم کارەی مەستوورە شاکارێکی دەگمەنە و یادگارێکی زێڕینە و نووسەر باسی مێژووی کوردی کردووە.

تکامە لە خوێنەران بە نزا لە بیری نەکەن، هەروەها لە (حەدیقەی ناسری میرزا علی اکبری مونشیباشی) نووسراوە ژمارەی هەڵبەستەکانی مەستوورە ٢٠ هەزار بووە؛ بەڵام ئێستاکە ٢ هەزاری ماوە و لە چاپ دراوە. هەر لەم کتێبە نووسیویە: لە بنەماڵەی ئێمەدا کچێکمان لێ هەڵکەوتووە کە ئاموزای منە و لە زانست و هونەردا و نووسین و خوەشنویسی و شیعردانانیدا بۆ خۆی بلیمەتێکە، ئەوەی لام ڕوونە ئەوەیە لە مێژووی هونەر و شیعر و زانستا رووبەرێک بۆ خۆی تەرخان دەکات و شیعرەکانیشی یەک لە یەک جوانتر و تەڕ و پاراوتر و شیرینترن.

لە سەردەمی خوسرەو خانی ئەردەڵان -بەناوبانگ بە ناکام- نێوان بنەماڵەی مەستوورە، یانی قادری و والیی سنە بەهۆی ناحەزی و ناکۆکیی ڕامیارییەوە، ئاژاوە دەکەوێتە بەینیان و پاش ماوەیەکی زۆر نەخایەن ئاشتیان ئەبێتەوە و بەهۆی زەماوەندی مەستوورە و خوسرەو، بوونە خزم؛ هەروەک وتمان ناو باوکی مەستوورە، ئەولحەسەن بەگی کوڕی حەمە ئاغای (نازری) کوردستانییە و برازای میرزا عەبدوڵڵای ڕەونەق دانەری کتێبی "تذکره حدیقەی امان اللهی"یە. ڕووداوی ئەم خزمایەتییە لە ساڵی ١٨٢٨-١٨٢٩ ز. یان بەکۆچی ١٢٤٤ لە تەمەنی ٢٠ ساڵی مەستوورە لەگەڵ خوسرەو یان کەیخسرەو والی وەڵاتی ئەردەڵان ڕووی داوە.

بەپێی نـووسـینی نـەمر ئایەتـوڵڵا مـەردوخـیش هاوسـەریەتیی ئەو دووانـە بە پێی سـەودا و مامـەڵەی سیاسـی و كومەڵایەتیی ئەو سـەردەمە بـۆ لەناوبردنی ناكۆكیی نێـوان دوو بنەمـاڵەی ئەمـانوڵڵا خـان والیی باوكی خـسـرەو ناكـام و بنەمـاڵەی بەگزادەكانی قادریی مەستوورە، دواییی پێ هات.

باوە گەورەی مـەسـتـوورە خـەزنەداری وەڵاتـی ئەردەڵان واتا مـسـتـەوفیـی شـاری سنە بوو كە پیاوێكی زۆر بە حورمەت و لێهاتوو بوو.

پاش زەمـاوەندی مـەسـتـوورە و خـوسـرەو ناكـام و گـوزەرانێكی چەن سـاڵە، مـەستـوورە ئەبینێ خوسـرەوی مێردی زۆر حەزی لە ڕابواردن و خۆشگوزەرانییـە؛ دڵی دەنگی ئارەزووی خوەشگوزەرانی ئەو پیاوە داستـانی بارام گوری ساسـانی لە بیر خەڵكی بردووتەوە(٢).

خـوسـرەو لە ٢١ سـاڵیـدا بووە جـێگری ئەمـانوڵڵا خـانـی ئەردەڵانی بـاوكی. خـەسرەو لە پێش زەمـاوەندی خـۆی و مەسـتـوورە لەگـەڵ حوسـن جیـهان بانو كچی فـەتحعـەلی شای قـەجـەر زەماوەندی كردبوو. كوڕێكیـشی بەناو رەزا قـولی لێ بوو. خوسرەوی والی جیا لە خـۆشخـەتی و تێگەیشـتوویی، شیـعریشی دەوت و نازناوی (ناكـام) بوو. جیـا لـەمـانە بە واتـەی "الناس علی دین ملوكهم" وەكو خـەزووری كە شـای قــەجـەری ئێـران بـوو حـەرەم سـەرایشـی هەبووە؛(٣) نووسـراوە سـەرەڕای دەسرۆیشـتوویی و دەسبـاوی، لەگـەڵ خـەڵكی ڕووخـۆش بەڵام لەگەڵ بەگزادەكان بەتوندی ئەجووڵاوە؛ زۆریشـیـانی بەستبووەوە بەكۆت و زنجیـرەوە. بەڵام لە دواییدا كەوتە هێمنایەتی و ئاشتكردنەوەیان.

یەكێ لـە تایبـەتمەندییـەكـانی مـێـردی مـەسـتـوورە ئەوە بـوو كـە زۆر حـەزی لە خـواردنەوە دەكـرد و بـەمـەسـتی ڕای دەگـوزەراند. مـەسـتـوورە لە شـیـعـرەكـانیـا لە رەقـیـبـێكی وەكـو دێوەزمـە یاد ئەكـات كـەوا مـەبەسـتی "حـوسن جیـهـان بانوی" هـەوێیـەتی كـە لە جـێگەی خـوسرەوخـان حكومـەتی دەكـرد. چۆنیـەتی سـەرەو و ناخـۆشیی، خسـرەوخانی جـەرگبڕ كرد ئەو جۆرەی كە نووسـراوە رەنگ و ڕواڵەتی زۆر زەرد ببـوو، كـە بە واتـەی ئەمـڕو hapatiti هـەبووە. لە سـەردەمی جـوانی لە مـانگی ڕەبیـعولئـەوەڵی سـاڵ ١٢٥٠ یان ١٨٣٤ی ز. لە تـەمـەنی ٢٩ سـاڵیـدا كـۆچی دواییی كرد(٤).

ئەم شیعرەی ژێرەوە سکاڵای مەستوورەیە لە ڕەقیب:

مرا از محفل وصلت جدا کردی، چه بد کردی
به محنت های هجرت مبتلا کردی چه بد کردی
نکو پنداشتی، ما را از کوی خویشتن راندی
به قول مدعی با ما جفا کردی چه بد کردی
رقیب دیو سیرت را به بزم خویش جای دادی
به یار پاک طینت ظلم ها کردی چه بد کردی
زغفلت نازنین، مرغ دل بشکسته ما را
رها از دام آن زلف دوتا کردی چه بدکردی
شد ایامی که ناری یاد از مستورەی بیدل
خدا را بی سبب ترک وفا کردی چه بد کردی

لەم بنەماڵە ژن و پیاو هەستی هونەرییان هەبوو و هەڵبەستیان دەگوت؛ بەڵام فرەیمی حکومەتی فەتحعلیشای قەجەر -کە خاوەن حەرەمسرایەکی بەناوبانگ بە هەموو جورێک لە ڕەگەزەکان و چینە جۆراوجۆرەکان بوو، باسێکی تایبەتی لە مێژووی ئێراندایە و دەڵێن و نووسراوە زیاتر لە ٥٠٠ ژن جەمەی دەهات و بگرە زۆریشیانی نەدەناسی. مناڵ و نەوەی ئەو کابرا زیاتر لە ئەژماری ژنەکانی بوو. ئەمانەی بۆ چاودێری و سیخوڕی بار ئەهێنان و ئەیانی نارده ڕاوێژکاری حکومەتەکانی هەرێم لە ئێران بۆ ڕاپۆرتدان. ڕەنگە ئەو ژنە فارسەی خسرەویش کاری سەرەکیی هەروا بووە ئاوەها فرمێکی حکومەتی باڵی کێشا بوو بە سەر ئێرانا و ئەردەڵانییەکانیش لە تۆڕی جاڵجاڵۆکەدا بوون.

وا دیارە خوسرەو لە هەلومەرجی وا سەرنجی لە مەستوورەی هونەرمەند و دڵناسک تەسکەو کردبوو ڕەنگە سیخوڕەکانی قەجەری بۆ لاوازکردنی والییە کوردەکان بە پیلانی خواردنەوەی هەمەلایەنەیان فێر کردبێ؛ تاکو هۆساری حکومەت لە دەستی خۆیان جێگر ببێت و نەهێڵن بناغەی یەکگرتوویی و سەربەخۆیی گەلی کورد بنووسێتەوە. بەهەرحاڵ پاش مەرگی خسرەو و ژیانی ٦ ساڵ هاوسەرایەتی لەگەڵ ویدا، مەستوورە کوڵەباری خەمی گرتە باوەش و هەر لە بەر خۆیەوە شیعری لە کڵپەی عەشقی ئەودا ئەهۆنایەوە:

گـرفـتـارم بـە نازی چاوەکـانی مـەسـتی فـەتتـانت
بریندارم بە تیـری سـینە سـووزی نێـشی مـوژگـانت
بە تاڵی پەرچەمی ئەگـریجـەکـانت غـارەتت کـردم
دڵێکم بوو ئەویشت خـسـتـە ناوچاهی زەنەخـدانت
بە قـوربان عـاشـقـان ئەمـڕۆ هەمـوو هـاتوونە پابۆست
منیش هاتم بفـەرمـوو بمکوژن بمکەن بە قـوربانت
تەشـەکـور واجـبـە بۆ من ئەگـەر بمرم بە زەخـمی تۆ
بە شـەرتێ کـفنەکـەم بدوری بە تاڵێ زوڵفی پەریشـانت
لە کوشتن گەردنت ئازاد دەکـەم، خۆت بێتە سەرقـەبرم
لە رۆژی جـومعـە بمنێـژی لە لای نەعشی شـەهیـدانت
کەسێ تو کوشـتبێـتت ڕۆژی حەشـرا زەحمـەتی نادەن
ئەگـەر وەک من لە ئەم دونیـایە سـووتابێ لە هجـرانت
هەمـیـشـە سـوجـدەگـاهم بەر دەرگـانەکـەی تۆیە
رەقیب ڕووڕەش بێ، چوون نایەڵێ بگا دەستم بەدامـانت
دڵم مـەشکێنە چونکو مـەخـزەنی دەرد و خـەمی تۆیە
فیدای شەرت و وەفات بم، چی بەسەرهات مەیلی جارانت
ئەتۆ ئەمـڕۆ لە مـوڵکی دولبـەریدا نادرەی دەهری
بە رەسـمی بەندەگی (مـەسـتـوورە) واهـاتووتە دیوانت

ئەمرۆ کـە بە هۆی عیلم و زانستی پسیکولۆژییەوە وا زانیارە ژیان لەگەڵ هونەرمەند بۆ خۆی هونەرێکە، ژیانی هاوسەرایەتیی سەر نەکەوتووی مەستوورەی هونەرمەند و دڵناسک و هەستیار لەگەڵ والیی سیاسیکاری ئەو سەردەمە، بووە هوێ بێوەژنیی ئەم خانمە زانای لێ قەوماوە. بگرە هەر لە پەژارەی ئەم کارەساتە بە ٤٤ ساڵ تەمەن بڕی نەکرد و پاش بەجێهێشتنی ئاژاوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەردەڵانییەکانی شاری سنە، قەڵا و عەمارەتی پڕ راز و رەمزی خەسراوایان بەجێ هێشت و بە کۆڵێ مەینەتەوە سلێمانی بگرە هاتم. ئەوەندە خۆی گەیاندە "دار الحکومەتی" بابانەکان و پاش ساڵێک لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا لە سۆی مەینەتەکان ماڵئاوایی لە گەلی کورد کرد.

ئەم کارەساتە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەم، سەردەمی هەرەس و ڕووخانی

یەک لە دوای یەکی میرنشین و دەوڵەتۆکە کوردییە ناسراوەکانی ئەو سەردەمە وەکو ئەردەڵان و بابان و سۆران، کە نالیش هەر لە سۆنگەی ئەم کارەساتانەوە لە رێی گەڕانەوەی خۆی لە حەجەوە ڕووی لە کوردستان نەکرد و چوو بۆ ئیستەنبوڵ؛ واتە تەمەن و ژیانی مەستوورە لە سەردەمی گەشە و ناوبانگی میرەکییە کوردییە فێۆدالەکانی ئەو دەمە بووە کە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی لەگەڵ گەشەی ئەواندا گەش بوو و لەگەڵ هەرەسیی ئەوانیشدا پووکاوەتەوە.

ئەو دیوی پەردەکەی ئەمارەتی ئەردەڵان تماشا کەن، بە تەنیا حوکمڕانیی بنەماڵەیەک یان شێوازێکی حکومەتی نەبوو؛ بەڵکو تێکەڵێ بوو لە شێوازێکی بەر بەڵاو و تایبەتمەندی کوردی کە لە ژێر چاوەزەقەی قەجەرەکاندا بوو. بۆچوونێکی رووناکبیری و هونەری جێگر ببوو؛ بۆیە ئەڵێن لە هەمان کاتدا میرنشینەکانی دوورونزیک لە ئەردەڵان بە هەمان شێوازی سیاسییەوە لە ژێر چاوە زیتەی تورک و عەرەب شیعروتنیان بەلاوە نەک هەر بۆ ژن بەڵکو بۆ پیاویش سووکایەتی بوو. ژنان لە مافی ڕەوای کۆمەڵایەتی بێ بەش بوون و کۆیلەی نێو ماڵ و ژێر دەسەی پیاوان.

ئەمارەتی ئەردەڵان با بە هەر ئاڵۆزێکەوە بووبێت و مەستوورەیش لەوێ کۆچی کردە سلێمانی؛ بەڵام بە میرنشینێکی رووناکبیر ئەژمێرێت، چوون کەسانێ وەکو مەستوورە و نالی تیا بەخێو کرا و پەیامێکی تازەی هێنایە مێژووی کوردەواری. بۆیە ئەمڕۆ کە لە مێژووی وێژەی کورددا ناوی مەستوورە و نالی وەکو نگینێکی درۆشاوەیە لە فەرهەنگی شاری سنەی دارالعلم.

ئەم هەڵبەستە هەورامییەی خوارەوە لە لایەن مەستوورەوە، ڕازە پەنگ خوراوەکانی دڵی ئەو خانمە لە شیعری "خسرەو بەهارە" ڕوون ئەکاتەوە.

خەسرەو وەهارەن، خەسرەو وەهارەن
کۆربام جەدیدە، فەسڵی وەهارەن
مەوسم جلوس گوڵ و گوڵزارەن
وادەی تەماشای سەیر و شکارەن
یە وەقت تەفریح قەلب و دەماغەن
فەسڵ ئارەزووی گوڵ گەشت و باخەن

قــەهقــەهــەی کــەبکەن، ئەســەر کــڵاوەن
نەجــای چەمـــەن شــاخـــەی شـــەتاوەن
بـــەی تـــەورە ئـــائـــین بـــەزم وەهـــارەن
وەســـال مـــورغـــان، کـــەبک وە هەزارەن
ئەمـــا بە گـــیـــانم شـــای لاڵ کـــەمـــەرم
جـــــەی دام دابێ تو ویم زام خـــــەتـەرم
کـۆربـارم جـەدیده شــای فـەرەیدون فـەڕ
ئیـمـســاڵ کێ کـەرۆ سـەیر دەشت و دەر
کی نـوشـــــو نـەپـای دەرخـت، مـــــەی؟
کێ گـــــوش بدەرو بـە ئـاهـەنـگ نـەی؟
پەی تـەمــاشـــای باخ کی بکـەرو عـــەزم؟
نـە خـــســـرو ئاباد کێ بگێـــڕۆ بەزم؟
مـــــوتـریب پەری کێ بـنـوازۆ ســـــازان؟
کێ بـدەرۆ فـــــێکر بە رێـزەی بازان؟
گـــــــــــوڵان وەهــار کـێ بـکـەرۆ بـۆ؟
هـاناو بەخـــتـــەکـــەم وەی وەیانـەم ڕۆ
نـاڵەی بـەزم کێ گـــوش بکـەرۆ کــــەڕ؟
کێ نوشـــۆ نەتوێ خـــەڵوەت مـــەنزەر؟

## ٢- مەستووره لە دیوانی مامۆستا نالیدا

مـامـوسـتـا خدری نالی هـاوچەرخـی مـەسـتـوورەی ئەردەڵان بووە. لە مـەدرەسـەی مزگەوتی دارالاحسان یان مزگەوتی جومعەی شاری سنە لە حوجرەی فەقێیەکان دەرسی دەخـوێند. ئەم مـزگـەوتە لە بەرئـەوەی بە بڕیاری ئـەمـان الله خـانی والی باوکی خوسرەو ناکام و خەزورەی مەستووره سەرلەنوێ کراوەتەوە.

لە ســەردەمی ویدا پێــوەندییــەکی توندوتۆڵی بە ئەمــارەتی خـــەســراوا یان دارالحکومــەی شــاری سنە پەیدا کـرد بوو؛ جگە لەمـانە خـەڵکی سنە بەو جـۆرە کۆشکانە وا عەمـارەتی دانیشتوانی حکومەتین، دەڵێن مـاڵ ئەعیانەکان و خـەڵکی

کۆشکەکانیش بە ئەعیان ناو دەبەن.

کارم بەوە نییە ئێستا کە ئەعیانەکانی سنە یان بنەماڵەی حکومەتگەران بە هۆی ئاڵوگۆڕی کومەڵایەتی و سیاسیی جیهانییەوە، لە ٤٠ ساڵ لەمەوپێش خۆیان بەرەو وەڵاتانی تر یان تاران دوور خستەوە، ئەو کەسەی توانی، چووە ئەمریکا و ئوروپا و ئەوەیش نەیتوانی و حەزی زۆری لە نیشتمان هەبوو لە تاران مانەوە و نیشتەجێ بوون، عەمارەت یان کۆشکەکانیشیان کەوتە دەس حکومەت و کرا بە مووزەو ئەم جۆرە شتانە؛ ئیتر ناوی ئەعیانەکان چووە لاپەڕەی مێژووەوە.

ئەعیانەکان یان بنەماڵەی حاکمانی شاری سنە و نەوەکانیان هەر لە مێژەوە کۆڕبەستنی عولەما و شاعیرانیان لا خۆش بوو و ئەم جۆرە کەسانەیان مانگە و جار بانگ دەکردە کۆشک و پاش شیعر خوێندنەوە و باسە جۆراوجۆرەکان پەزیراییـیـەکی تەواویان لە بانگ کراوەکـان دەکـرد و لە بۆ چوونی ناو شـار و دەوروبەر ئاگاتر ئەبوون و لە دواییدا لەگەڵ خەڵاتێ بۆ هەموان کۆڕەکە دوایی پێ دەهات.

مامۆستا نالی یەکێ لەو فەقیانە بووە کە لە کۆڕی شاعیرانی حازر لە کۆشکی (امان الله خانی والی) و (خسرو ناکام) مشاعیرەیان کردووە.

مامۆستا هەژاری ڕەحمەتی دەنووسێ بنەماڵەی مەستوورەی ئەردەڵان و ماهشەرەف خۆی لەگەڵ (یەغمای جندقی) شاعیری فارسی زمانی هاوچەرخیان شیعریان بۆ یەکترین نوسیوە؛ واتا ئاڵوگۆڕی نامەیان دەگەڵ یەک کردووە و دەگەڵ زۆر هۆنەری کوردیش شیعر شیعرێنی کردووە و ئەم کارە لەو سەردەمە لەناو ئەعیانەکان کارێکی ئاسایی بوو و نەیاندەگوت ژن چۆن دەگەڵ پیاوێکی شاعیر ئاڵوگۆڕی شێعر بکات. ئاکامی ئەم وتووێژی عیلمی و شاعیرانە بووەتە هۆێ فرەزانی و لێهاتوویی مەستوورە کە لە وەسفی سروشتدا و دەقکردنی لەگەڵ ڕازی دەروونی خۆی لەو تەمەنەدا، بەرینی هەستی شاعیری و نووسینی مێژووی ئەردەڵان و ئینشای ریسالەی دینی، ئەوی گەیاندە پلە و پایەیەکی هەرە بەرز؛ بۆیە نالی باسی ئاراستەیی و سالاریی ئەو خاتوونە لە شیعرە بەناوبانگەکەی "مەستوورە کە حەسنا و ئەدیبە بە حیسابێ" بە خەونی دیوەو وتوویە.

مامۆستا هەژاری رەحمەتی لە وەرگێڕانی مێژووی ئەردەڵان بۆ سۆرانی لە

لاپەرەی ١٨دا باسی کردووە و ئەڵێ: نالی پێغەمبەری وێژەی کوردی، ئەگەر سوور نەیزانیبایە مەستوورە بۆ ئەوە دەبێ خۆی بەرێتە رێزی نالی، کەلەی لە کەلەی نەدەدا، دیارە شێرێکی وەک نالی پەلامار ناداتە رێوی؛ غەنیمی ئەشێ پڵنگ بێ و پیاو بە وردی لەو شیعرەی نالی ورد بێتەوە تێ دەگا کە لەم بارەوە چەندە خۆی بۆ ماندوو کردووە. ئەم هەموو کەرەستە جوانە و ئەم هەمو وشە رەقانەی لە سەنعەتی شیعر و ململانەکەیدا هەر بۆیە دەکار هێناوە کە ئەو خانمە وێژەوانە خۆی لە نالی بە کەمتر نازانێ؛ دەیسا دەبا بیترسێنی و نالی خۆی پێ بنوێنێ؛ کەوا منی خـــاوەن دیوان، لاوێکی وا وێژەوانی دەم پاراویشم بۆڕ داوە. هەژار پێی وایە پرسەکە بە پێچەوانەیە، ئەو لای وایە کەوا نالی بە هۆی ئەم چەکامەیەوە خوێ بردووەتە ریزی مەستوورەوە نەک مەستوورە بە هۆی ئەم قەسیدەی نالییەوە ناسرابێ.

یا خاوەن ئیمانی هەورامان مەولەوی تاوەگۆزی کە خودای هەست و بیری ناسکە، ئەگەر سوور نەیزانیبایا کە مەستوورە لە وێژەدا ئەوەندە بەرزە بالایە، دە شیعری چەتونیش تێ دەگات، لە پەسنیدا نەیدەفەرموو:

خورشیدەکەی ناز، ئەوجی بورجی سەور
سەر توغرای دەفتەر مەحبوبان جە دەور
ها لە خـــانەکـــەی بورجی شـــەرەفـــدا
نورفـــشـــانیـــشـــەن وە هەر تەرەفـــدا

لە لاپەڕەی ٣١٣ ی بەرگی سێهەمی "بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد" مامۆستای گەورەمان کاک حەمە عەلی قەرەداغی نووسیویە: لە مێژووی وێژەی کورددا دوو مەستوورە بووە، یەکیان "مەستوورەی سورمەخانی رەواندز" و ئەوەیکەیان "مەستوورەی نالی"یە. ئاوا بۆمان روون دەکاتەوە کە مێژوونووسانی کورد مەستوورەی ئەردەلان بە مەستوورەی نالی ئەناسێنن، کە دەنگدانەوەی کڵپەی دڵی ئەو هۆزانڤانە پایە بەرزەمان لە مێژووی ئەدەبی کورددا هەر ناکوژێتەوە.

مامۆستا بەدران ئەحمەد حەبیب لە گۆڤاری شین دەنووسێ: تۆ بڵێی بەشێکی ناوبانگی مەستوورە لە قەسیدە بەناوبانگەکەی نالییەوە نەهاتبێ؟ کە تا ئەمرۆ ئەم

قەسیدەیە کێشەیەکی گەورەی لە سەرە و هەندێ کەس دژین و هەندێکی تر لایەنگری. تەنانەت لێکۆڵەرانی ئەدەب هێشتا نەیانتوانیوە لە ژێر دەرگایەکی ئەدەبدا شوێن بۆ ئەم قەسیدەیە بکەنەوە. هەندێکیان بە هیجا و فرتێ هاویشتنی لە قەڵەم دەدەن، هەندێکیتر بە پەسەن و پێدا هەڵگوتن و هەندێکیتریش بە ئەدەبی بێ تۆرە و ئیرۆتیکی دەژمێرن.

مامۆستای مەزن حەمەی مەلا کەریم لە لاپەڕەی ٦٨ی دیوانی نالی "مەلای گەورە شێخ عبدالکریم مدرس"-جێگەی لە بەهەشت بێ- ئەنوسێ: بەر لە هەر چتێ هێرشی شاعیرێک بۆ سەر شاعیرێکی تر لە چوارچێوەیەکی دوور لە سیاسەتدا چ ئەو دوو شاعیرە لە نەتەوەیک بن یان لە دو نەتەوەی جیاواز، بەدبەختیی لایەکیان و ستەمکاریی ئەولاکەیان ناگەینێ؛ شیعر دڵۆپەی هەست و خەیاڵی زاتی و تاقیکردنەوەیەکی ناو خودی شاعیرە بەرهەمی رۆژ و دۆخێکی تایبەتیە و باوەڕ ناکەم کەس مافی ئەوەی بێ رێگای دەربڕینی هەست لە کەس بگرێ. شیعر برووسکەیەکە لە مێشکەوە دەردەچێ. هەستێکە دەروونی شاعیر پڕ دەکا و لە نووکی قەڵەمەکەیەوە سەر ئەکا و ئەڕژێتە خوارێ. شیعر خۆی کارێکی ئەفسووناوییە و ئەو کارەش ئەیکاتە دەروونی خەڵک هەر لەو بابەتەیە. لەم ڕووەوە بەڕەوای نازانم کە بۆ شیعری وا کە لە بارەی مەستوورەوە وتوویە جێگای گلەیی هەبێ. لایشم وا نییە ئەگەر مەستوورەش وەڵامێکی لەمە (تەڕتر)ی بدایایتەوە کەس بۆی هەبوو بڵێ خراپی کردووە.

نالی جـــافـــەنی، نالی جـــافـــەنی
چێش وا چوون وەتۆ تۆ کـــە جـــافـــەنی
چون ژەن بەدکـــار وە گـــەزافـــەنی
پەو کـــە هەر خـــەجڵ پووچی و لافـــەنی
چون مـــورێ لە بەر قـــوڵڵەی قـــافـــەنی
دوور لە رســـتـــەک عـــێل و نافـــەنی
دیارەن ئەنێـــــری، بی ناف و دوودەی
بۆیە هەر خـــەرکـــاو قـــسـەی بێـــهـودەی
هەی هەی تۆ جـە کۆ ڕاگەی من جـە کۆ

سـاوا چە، قـولێ چۆن مـەبۆ وەکـۆ

ئەم شـیعرەی سـەرەوە لە گۆڤاری شـین بە پێنووسی مامۆستا بەدران ئەحمەد ئەویش لەلایەن مامۆستا بورەکەییەوە هێناویە و لێکی داوەتەوە:

ئەی نالییە جاف و دەم هەراش! چیت پێ بڵێم کە تۆ وەک ژنی سۆزانی وایت و خەریکی چەنەبازیت و فشەکەرێکی بەگەزافی؛ بۆیە هەر خەریکی قسەی پووچ و لاف لێدانی. هەر وەک مێرویێک وایت لە بەر کێوی قافدا و دوور لە نەریتی خێڵ و بنەماڵەیت.

دیارە نارەسـەن و بی بنەمـاڵە و هۆزی بۆیە هـەر خـەریکی قـسـەی بێ سـوودی. هەی هەی تۆ لە کوێ و پایەی من لە کوێ؛ دەسا بڵێ تەپۆڵکە چون دەبێ بە کێو؟

بەڵەی ئەم قولەی قافە ئەمنی خستەوە یادی شیعرەکەی شیخ رەزا؛

خـزمـینە مـەدەن پەنجـە لەگـەڵ عەشـرەتی جافـا

مـێـرووله نـەچێ چاکـە بە گـژ قـولەی قـافـا

ئینجا بۆ ئەم قەسیدەی نایابەی نالی کە لەو پەڕی جوانیدا رازاندوویەتەوە بە دوو توێی وشە و قووڵیی مەعنای تیا بەکار هێناوە و مەستوورەی لە پۆپەی جوانی و داوێن پاکیدا نیشان داوە کە وا خەونی پێوە دیوە "نیشانەی کەچی و سووکی و هەرزەیی" بێ بۆ دانەرەکەی، یا ئەو لایەنی تریان.

هـیچ دوور نیـیـە نالی ئەم قـەسـیـدەیەی لە هـەرەتی لاوێکی بێ بەش و دەسنەڕۆیشتووی، بە نەریت و پێوەندی ئاینی و کۆمـەڵایەتی گەمـارۆ درا بێ، کـە تاقە رێگایەکی، هەناسەدانی بووبێ لەم رێگای (ئەدەبی نیمچە بێ پەردە)یە.

ڕوون نییە، بۆنەی مـێژوویی دانانی قەسیدەکەی کە لە بۆچوون بەولاوە هیچ سـەرچاوەکیمان بە دەستەوە نییە بۆ ئەبێ وای دانەنێن کە نالی لە خۆڕایی، ئەم پەلامارەی مەستوورەی نەداوە؟

ڕەنگە مەستوورە لە پێشا دەستی خۆی وەشاندبێ یان هیچ نەبێ لای ئەم و ئەو بە ناشاعیری ناوی برد بێ، ئەمیش بەم قەسیدەیەی بەرگریی لە خۆی نەکردبێ و تۆڵەی بۆی کردبێ یان هەستی چاو هەڵنەهاتنی لای نالی دروست کردوە و بەم شیعرە کۆڵی دڵی خۆی پێ رشتووە.

سەیر لەوەدایە مامۆستا نالی هەڵبەستەکەی خۆی بە هەمان شێوەی مەستوورە دوایی پێ هێناوە و زانیویەتی کە وا بەپێی داو و نەریتی کوردەواری کارێکی بەجێگەی کردووە و دەڵێ:

نالی وەرە هەزەلێکی کە عاری شوعەرا بێ
ڕووڕەش مەکە پێ سەفحەی هەر لەوح و کتابێ

یانی نالی وەرە گاڵتە و گەپێک کە مایەی شەرمەزاریی شوعرا بێت مەسحەفی پێ ڕەش مەکە.

خوشکە سۆزان مامەی نووسەر لە باسەکەیدا سەبارەت بە مەستوورە نووسیویە، مەستوورە لە یانەی وەسفی سروشتدا باسی لە ڕازەکانی خۆی کردووە کە ئەمە لای شاعیرە پیاوەکانی هەموو سەردەمەکان ئاسایی بووە؛ بەڵام بۆ شاعیرێکی ژن لەوانەیە زۆر قسەی بەدوادا بێت. ئەم خوشکەمان بۆ باسەکەی، بەرپەرچێ لەلایەن شیعرە جوانەکەی مامۆستا گۆرانی بۆ دێنێتەوە:

بەڵام تەبیعەت هەرگیزا و هەرگیز
بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز

## ٣- پێشنیارەکان:

١-٣: قوتابیانی زانکۆ کە لە چڵی وێژەی مێژوودا دەخوێنن ڕیساڵەی خۆیان لە سەر بابەتەکانی مەستوورەی ئەردەڵان تەرخان بکەن و بەڵگەنامەکان کۆ بکەنەوە و بخرێتە پاڵ کارەکە و بەواتەی ئەمڕۆ کە uptodate ی، بکەنەوە و تام و چێژێکی خۆشتر بەباسەکان بدەن و خوێنەریش لە عاستی ڕووداوەکان چاوڕوونتر بکەن.

٢-٣: هەر چەندە ئەم پێدا گەیشتنانە زۆرتر بکرێ، ناوەڕۆکی کارەکە دوڵەمەندتر دەکات و بووژاندنەوەی زانایان بەر بەلاوتر دەبێ.

٣-٣: پەرەپێدانی بابەتەکە باڵ بکێشێتە سەر هەمووی ئەو زانا ئافرەتانەی لەمەوبەر و ئێستا خەریکی کاری زانستی وێژەیین، ڕێزیان لێ بگیرێت.

٤-٣: دامەزراندنی کتێبخانەی قوتابخانەکان و زانکۆکان لە شار و لە دێ بە

ناوی ئەوانەوە.

٥-٣: وەرگێڕانی بەرهەمەکانیان بە زمانی هەندەران.

ئیتر خۆشیتان

براتان حەمەد رئوفی محمدی مقدم

ئەنستیتوی کوردی تاران ٢٠٠٥

## سەرچاوکەکان:

١- دیوانی مەستوورەی ئەردەلان (کردستانی) بە کوشش احمد کرمی، تهران ١٣٦٥، انتشارات تالار کتاب

٢- دیوانی نالی، ملا عبدالکریم مدرس، حەمەی ملاکریم، فاتح عبدالکریم، انتشارات صلاح الدین ایوبی، ارومیه ١٣٦٤

٣- سرود بادیه، استاد ملا محی الدین صالحی، انتشارات کردستان و شابک ١٣٨٠، سنندج

٤- رۆژنامە هەفتەی رووناکبیری سنە لە سلێمانی ٢٠٠٤

٥- شاعران کرد پارسیگوی سید عبدالحمید حیرت سجادی ١٣٧٥، نشر احسان، تهران

٦- تاریخ مردوخ، آیت الله مردوخ کردستانی، تهران ١٣٢٨

٧- مێژووی ئەردەڵان، مەستوورەی اردلان وەرگێڕانی مامۆستا هەژار، محمد ماجد مردوخ روحانی، تاران، نشر تازەنگا، ١٣٨١

---

١- مێژووی ئەردەڵان، لێکدانەوە و وەرگێڕانی مامۆستا هەژار ١٣٨١ تاران.

٢- سوزاننامەی نووسەر، ڕۆژنامەی هەفتەی ڕووناکبیری سنە لە سلێمانی ٢٠٠٤/٩/١٨.

٣- سوزاننامەی نووسەر، ڕۆژنامەی هەفتەی ڕووناکبیری سنە لە سلێمانی ٢٠٠٤/٩/١٨.

٤- سوزاننامەی نووسەر، ڕۆژنامەی هەفتەی ڕووناکبیری سنە لە سلێمانی ٢٠٠٤/٩/١٨.

٥- شاعران کرد پارسی گوی، حیرت سجادی، نشر احسان، ١٣٧٥ شمسی تاران.

٦- گۆڤاری ژمارە ١٠ی شین ٢٠٠٥، بەدران ئەحمەد حەبیب.

# مەستوورەی ئەردەڵان

# و

# ریسالەی شەرعییە

**نوید نقشبندی**

پێشەکی:

چوارچێوەی وتارەکە و باسە تایبەتییەکان: کتێبی "شەرعییات" یان "ریسالەی شەرعییە"ی شاعیری بەناوبانگی کورد "ماه شەرەف خانم" ناسراو بە "مەستوورەی ئەردەڵان" بە پێی بەڵگەیێکی زۆر، دەبێ بە کتێبێکی تایبەتی لە مێژووی زانستی ئیسلامی لە کوردستان لە بەرچاو بخرێت. ئەم کتێبە ئەگەرچی قەبارە و بارستێکی زۆری نییە، بەڵام لە بواری زانستییەوە زۆر بەنرخە و شایستەیە کە زانایان لە چەند بواری جیاجیادا بیخەنە بەر پشکنین و لێکۆڵینەوە، بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە لە بواری مێژووی زانستە ئیسلامییەکان لە کوردستان خەریکی لێکۆڵینەوەن. ئەم کتێبە زۆر بابەتی سەرنج ڕاکێشی تێدایە و پەردە لەسەر ژیانی زانستی و کتێبە سەرچاوەکان و ئاستی زانستیی زانایانی ئەو سەردەمە لادەبات؛ هەروەها بۆ ئەو کەسانەش کە دەیانەوێ ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئەو سەردەمە بناسن، ئەم کتێبە دەتوانێ زۆر یارمەتیدەر بێ. کە وابوو ئەمانەوێ لەم کورتە باسەدا دوو شت سەبارەت بەکتێبی شەرعیاتی مەستوورە ڕەچاو خەین:

یەکەم: ناساندنی زانایانی ئاینی هاوچەرخی مەستوورە و ئەو کەسانەی بە سەر بیر و بڕوای ئایینی خەڵکی و بە تایبەت مەستوورە کاریان کردووە.

دووهەم: ناساندنی کتێبی شەرعییات و ئەرج بایەقی ئەم کتێبە.

یەکەم: کومەڵگای زانستی و زانایانی سنە لەو سەردەمەی کە خاتوو مەستورە ژیاوە:

لە ساڵانی ئاخری سەدەی دەیەمی مانگی بوو کە زانستی ئیسلامی لە کوردستان، لاپەڕەیەکی تازەی بە خۆیەوە دی و هەر لەم سەدەیە بەرەو ژوور، بە تایبەت لە ناوچەی خۆرهەڵات زانایانێکی زۆرمان لە مێژووی پان و بەرینی کوردی، پێشکەش بە ئاینی ئیسلام کردووە یان باشتر بڵێم لە کاتێ مەلا ئەبووبەکری موسەننیفی چۆڕی هاتووەتە دنیا. واتە نزیکەی سێ سەد و چل ساڵ پێش نووسینی کتێبی "شەرعیات"ی مەستوورەی ئەردەڵان لە سنە.

ئەم زانا پایەبەرزە یەکێ بووە لەو زانایانە کە لە زانستی ئیسلامیدا سەرسوڕهێن بووە و تەئسیری زۆری کردووەتە سەر نەتەوەکانی دوای خۆی و تا چەندین ساڵ دوای مردنیشی هەر کاتێ نێو و یادی دەکرا، گەورەیی و شکۆی خۆی نیشان دەدا. زانایانی ناوچەکە، بیروبۆچوونەکانی ئەویان لە زانستەکانی ئەدەب و مێژوو و هەروەها لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز و فیقھ (فقه) و ئوسووڵ بۆ یەکتریان دەگەڕاندەوە. لەم کتێبەی "شرعیّات"ی خاتوو مەستوورەش نێوی هاتووە و خاتوو مەستوورە قسەی ئەوی بە بەڵگە داناوە.

مەلا ئەبووبەکر پاش ئەوەی کە لە سەفەرێکی دووردرێژ بە وڵاتانی میسر و شام و عەرەبستان، دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، لە قوتابخانەی مەدرەسەی "جامع السور" کە ئەمیرحەمزەی بابانی دروستی کردبوو- خۆی بە دەرسوتنەوە خەریک دەکا و میرەکانی بابانیش -هەروا کە عادەتیان بووە، لە زانایانی ئاینی ڕێزیان دەگرت- ڕێزی زۆریان لێ گرتووە. هەر لەم قوتابخانەیەشدا بوو کە کتێبی ئەلوزوح "الوضوح"ی نووسی، کە یەکێکە لە سەرچاوەکانی نامیلکەی شەرعیاتی مەستوورە.

هەر لەم ساڵەدا کە مەلا ئەبووبەکری موسەننیفی چۆڕی لە دایک بوو، زانای بە ناوبانگ ئیبنو حەجەری هەیتەمی "ابن حجر هیتمی" لە میسر لە دایک بووگە. ئیبنوحەجەری هەیتەمی کتێبێکی گرنگی لە فێقهی ئیمامی شافیعی نووسیوە بە

ناوی "تحفه المحتاج بشرح المنهاج" کە تا ئێستاش گرنگترین و وردترین سەرچاوەی فێقهی لە مەدرەسە و مەزهەبی ئیمامی شافعییە. توحفەی ئیبنوحەجەر بەردەوام سەرچاوەیەکی گرنگی دەرس وتنەوەیە و یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی مەستوورە خانم لە نووسینی کتێبی "شەرعیات" دا.

لە کاتێ کە ئیبنوحەجەر و مەلا ئەبووبەکری موسەننیفی چۆڕ، لە تەمەنی چل و دوو ساڵیدا بوون، لە دێیەک لە دەوروبەری شاری سنە بە نێوی تەختە و لە خێزانێکی بەناوبانگ و بە تەقوا و زانست و لە باوکێکی زانا و لەخوا ترس، بە نێوی شێخ شەمسەدینی تەختەیی، منداڵێ هاتووەتە دنیا کە زۆر بەناوبانگ بووە و بنچینەی بنەماڵەیەکی زانستی لە ناوچەی سنە وەڕێ خستووە کە تا سەدان ساڵ زۆربەی زانایانی ئاینی یان لەم بنەماڵە بووگن یان بە فەقێیەتی دەگەڕێنەوە سەر ئەم بنەماڵەیە. ئەم زاتە پایە بەرزە ناوی مستەفایە کە لە ساڵی ٩٥١ی مانگی لە دایک بووە و لە مێژوودا بە نێوی شێخ مستەفای تەختە دەناسرێت.

شێخ مستەفای تەختەیی مەردۆخی، بە پلە و پایەیەکی زانستی بەرز گەیشتووە و لەگەڵ منداڵەکانیدا توانیویەتی لە کوردستاندا خزمەتێکی زۆر بە ئیسلام و خەڵکی ناوچەکە بکا. شێخ مستەفا هەم خاوەنی جەزبەی ڕۆحی و هەم خاوەنی زانستی شەرعی بووە و لە هەر دوو بوارەکەدا توانای زۆری بووە. شێخ مستەفای تەختە دوو کوڕی هەبووە؛ نێوی یەکێکیان ئەحمەد بووە و بە شێخ ئەحمەدی عەللامە بەناوبانگە و ئەوی تریان شێخ ئەبووبەکر بووە کە لە تەختە نەماوە و ڕۆیشتووە بۆ دێهاتی کاشتەر. لەوێ بنەماڵەی کاشتەرییەکانی دامەرزاندووە کە عالم و عارفی زۆریان تێدا هەڵکەوتووە وەکو شێخ حەبیبوڵڵای کاشتەری کە باوکی بابامەردۆخی ڕوحانی نووسەری کتێبی "تاریخ مشاهیر کرد"ە، شاعیر و مامۆستای زانا و مەشهور عەبدولحەمید مەهی سەنەندەجی ناسراو بە بەدیعوزەمان سەنەندەجی لە لای شێخ حەبیبوڵڵای کاشتەرییە دەرسی خوێندووە.

بەردەوام تا دوا ساڵانی عومری مەستوورە ئەم بنەماڵە ئاستی ئاینی ناوچەی سنەیان بە دەس بوو. لەو سەردەمەی کە مەستوورە هاتووەتە دونیا زانای گەورەی شاری سنە، شێخ قەسیم بوو کە کوڕی شێخ ئەحمەدی دووهەم کوڕی شێخ مەحموودی کوڕی شێخ ئەحمەدی عەللامە کوڕی شێخ مستەفای تەختەیە. شێخ

قەسیم کە چەندین ساڵ لە میسر و دیمەشق دەرسی خوێندبوو لەو کاتە لە سنە ٧٧ ساڵ تەمەنی بوو. لەو ساڵەی مەستوورە بە دونیا هات، مەولانا خالیدی شارەزووری ٢٧ ساڵ تەمەنی بوو؛ چەند ساڵێ بوو کە لە خزمەتی شێخ قەسیم بەڵگەی فەتوا و تەدریسی گرتبوو؛ هێشتاکە بو هیندیش نەڕۆیشتبوو. لە ساڵی ١٢٢٦ کە مەولانا خالید لە هیندەوە بۆ سنە گەڕایەوە، خاتوو مەستوورە ٦ ساڵ تەمەنی بوو. مەولانا بۆ مزگەوتی ڕەشی قەڵا بەیگی ڕۆیشت تا بگاتە خزمەتی شێخ قەسیم. دوو ساڵ دوای ئەمە ئامانوڵلاخانی ئەردەڵان دوای دروستکردنی مزگەوتی "دار الاحسان"، لە شێخ قەسیم و شێخ سەعیدی برای دەعوتی کردووە بۆ ئەوەی لە "دار الاحسان" دەرس بڵێنەوە. کاتێ کە مەستوورە ١٦ ساڵ تەمەنی بوو، شێخ قەسیم و شێخ سەعید کۆچی دواییان کرد. لە لاواندنەوەی شێخ قەسیمدا شیعری زۆریان هۆنیوەتەوە. بۆ وێنە خورڕەمی کوردستانی لە ماوەی مێژووی لەدنیادەرچوونی ئەودا لە چەکامەیەکدا وتوویەتی: «واویلا نگون شد رایت علم»؛ واتە: ئەی هاوار ئالای زانست کەوتە خوارەوە. کە فارسیەکەی بەرامبەر بەساڵی ١٢٣٦ دەرئەچێ.

لە هەمان ساڵدا کە شێخ قەسیم کۆچی دوایی کردووە، مەولانا خالید ٤٣ ساڵ تەمەنی بووە و ناوبانگی زۆری هەبووە و لە بەغدا ژیانی دەبردەسەر. لە هەمان ساڵدا شێخ مەعرووفی بەرزەنجیش- کە لە سولەیمانی دەژیا و لەوپەڕی ڕێز و شکۆدا بوو- پیرەمێردێکی حەفتا ساڵە بوو و کاک ئەحمەدی کوڕی دوازدە ساڵ تەمەنی بوو.

لە دوای کۆچی دوایی شێخ قەسیم و شێخ سەعید، کوڕەکانی شێخ سەعید ناویان دەرخست و توانییان وەک شێخ قەسیم -بگرە زۆرتریش- لە مێژوودا بەناوبانگ بن. کە لە هەموویان گەورەتر و بەناوبانگتر شێخ عەبدولقادری موهاجر بووە کە ٩ ساڵ لە مەستوورە گەورەتر بوو.

زانای گەورەی جیهانی ئیسلام عەللامە شێخ عەبدولقادری موهاجر، کە لە سەردەمی لەدنیادەرچوونی مەستوورەدا بگرە گەورەترین زانای نە تەنیا شاری سنە بەڵکو، تەواوی کوردەواری بووبێ، لە ساڵی ١٢١١دا لە سنە لە دایک بوو و لە ساڵی ١٣٠٥ لە سولەیمانی لە دنیا دەرچووە. شێخ عەبدولقادر لە ساڵی ١٢٣٦دا

دەسی کردووە بە دەرس وتنەوە لە مزگەوتی دارولئیحسان، کە لەو ساڵە باوکی– واتە شێخ موحەمەد سەعید – و مامی کە شێخ قەسیمە لە دنیا دەرچوون. ئەو توانی بە باشترین شێوە ئەم جێگە و پلە زانستییە بپارێزێت. بەڵام لە ساڵی ١٢٧٠ بە تێکچوون و خراپیی وەزعی سنە و پێش هاتنی فیتنەیەک کە لە مێژوودا بە "الفتنە المذهبیە" ناو براوە، سنەی بەجێ هێشتووە و ڕۆیشتووە بۆ سلێمانی. زانایانی سلێمانی کە ناوی ئەویان بیستبوو و زۆریشیان بۆ دەرس خوێندن لەوەوپێش هاتبوونە سنە و لەلای باب و مام و باپیری ئەو دەرسیان خوێندبوو، پێشوازییەکی زۆریان لێ کرد. شێخ عەبدولقادر بەڕێز و ئیحترامێکی زۆرەوە، تا ساڵی ١٣٠٥ لەوێ ژیاوە و گۆڕەکەی لە گۆڕستانی "سەیوان"ی شاری سلێمانییە. مەلەوی کورد یەکی لەو کەسانە بووە کە لە خزمەتی شێخ عەبدولقادر دەرسی خوێندووە.

بێ گومان لەو ساڵانەدا کە مەستوورە لە سنە گەنجێکی بیست ساڵە بووە، گەورەترین ڕووداو و گۆڕانکاریی عیرفانی و مەعنەوی ناوچەکە– کە لە سەر زانایانی ئاینیش کاریگەر بوو– بڵاوبوونەوەی تەریقەتی مەولانا خالید بوو. مەستوورە هیچ کاتێک مەولانای نەدیبوو بەڵام لەگەڵ کەسێک ئاشنا بوو و لە کەسێ تەئسیری گرت کە زیاترین بەشی لە تەریقەتی ناوچەی سنە و هەورامان و بگرە شارەزووریشی دانابێ، شێخ عوسمانی تەوێڵەیی. شێخ عوسمان تەنیا دوو ساڵ لە مەولانا خالید بچووکتر بوو، بەڵام بەناوبانگترین جێنشین "خەلیفە"ی ئەو لە کوردستاندا بوو. شێخ عوسمانی سیراجەدین لە ساڵی ١٢٣٨دا دوای ئەوەی مەولانا خالید، کوردستانی بەجێ هێشت، ئەویش سلێمانیی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ تەوێڵە بۆ پەروەردەکردنی موریدان. ئەو خانەقا و مەدرەسە ئاینیە کە شێخ عوسمان لە تەوێڵەی دانا، زۆر کاری کردە سەر ڕەواجی دینداری و تەسەووف و زانستی ئاینی لە نێو خەڵکەکەدا. تەنانەت لە ساڵانی داهاتوودا – دوای کۆچی دوایی شێخ عوسمان– شێخ عومەری کوڕی ئەم خانەقا و مەدرەسەیە بردە بیارە. ئەویش لە بواری زانستە ئیسلامییەکان بگرە لە تەوێڵەش زۆرتر بەهرەی بووبێ. گەورە پیاوانێ وەک مەولەوی و نالی و مەحوی و هەتا وەکو مەلا عبدالکریمی مودەڕیس هەر لەم مەڵبەندانەدا پەروەردە کراون.

دووهەم: کتێبی شەرعییات

بێ گومان، ئەم کتێبە لە دەوروبەری ساڵەکانی ١٢٥٥ تا ١٢٦٢ کۆچی مانگی نووسراوە؛ چونکە یەکەم لە بەڵگە و شێوازەکان و دووهەم بە وردەوە بوون لەسەر کتێبەکە وادەردەکەوێ کە خاتوو مەستوورە ئەم کتێبەی لە کاتی پەرێشان حاڵی و نامورادیدا نووسیوە؛ خۆیشی دەڵیت: "لە ڕۆژێکدا کە گلۆڵەی بەختم لە بێ وەفاییی دەوران کەوتبووە لێژی و شووشەی هەیبەتم بە بەردی نالەباری موقەدەری ڕۆژگار شکابوو و ڕۆژم بە وێنەی زوڵفی تازەبووکان شێواو بوو و ڕۆژگارم وەکو خۆم بێ سەر و سامان کەوتبوو و دڵم بە خەدەنگی فەلەک خوێناوی مابوو و کۆشکی بەختم بە دەستی گەردوونی نالەبار ڕووخابوو".

جا زۆرترین سەختی و بێ تاقەتی و ناڕەحەتیی مەستوورە لە ساڵی ١٢٥٥ دەستی پێ کردووە؛ واتە کاتێک کە خوسرەوخان- شووی مەستوورە- کۆچی دوایی کرد و خاتووو مەستوورەی ناسک خەیاڵی شوو و خۆشەویستی، بەجێ هێشت. بەڵام لەوانەیە بتوانین نەک بە یەقین بەس بە دوودڵی و بەگومانەوە مێژووی نووسینی ئەم کتێبە وردتر دیاری کەین و بێژین کە ئەم کتێبە لە دوای ساڵی ١٢٦٢ کۆچی مانگی، کە ساڵی مردنی "ئەبولموحەممەد" برای خۆشەویستی مەستوورەیە، نووسراوەتەوە. واتە دەوروبەری یەکسەد و شەست ساڵ لەمەوپێش کە مەستوورە خانم لەو کاتەدا تەمەنی ٤٢ ساڵ بووە.

ئەگەرچی کتێبی شەرعیاتی خاتوو مەستوورە لەلایەنی فیقهییەوە ناتوانێ وەکو کتێبێکی فتوا بناسرێ، بەڵام لە چەند ڕوانگەوە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین و لەبەرچاوی خەین.

یەکێ لەوانە ئەمەیە کە ئەم کتێبە یەکەمین کتێبە کە بە زمانی فارسی لە ناوچەی کوردەواری، بۆ خەڵکی نووسراوە تا کوردەکان بتوانن لەوە بەهرەمەند بن. هەموو کتێبەکانی شەرعی بە زمانی عەرەبی نووسراون کە جگە لە ماموستایانی ئاینی کەس کەڵکی لێ ناگرێ. ئەمە کە خاتوو مەستوورە بە بیر و بڕوا و هەستی خۆی توانیوەتی کتێبێ بە خەڵکەکە پێشکەش کات، کە خەڵکی دوامادوو بە ئاین و ئیسلام ئاگادار کاتەوە، جێگەی باس و لێکۆڵینەوەیە.

تا دەیان ساڵ دوای ئەمەش کەمتر دەبینین کە زانایێکی ئاینی ویستویەتی بەزمانی فارسی – کە خەڵکی سنەی پێ شارەزا بووگن– کتێبی فیقهی بنووسێ.

ئەوەی شایانی باسە و بە تایبەتی بیری کۆمەڵایەتیی مەستوورە خانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، ئەمەیە کە مەستوورە بە پێچەوانەی زۆری زانایانی ئایینی ویستوویە خەڵکی بۆ خۆیان فێری زانستە ئیسلامییەکان بن و بۆ زانینی هەر شتێ یان جوابێ هەر پرسیارێ روو لە مامۆستایان نەکەن و، دووهەمین خاڵی گرنگ لەم بابەتە ئەمەیە کە مەستوورە خانم ئەوەندە بیر و هەستی هەبووە کە بتوانێ بۆ یەکەمین جار تەنیا بەپێی بۆچوونەکانی خوێ نەک بە لاساییکردنی کەسانی تر، بەس بۆ خۆی ئەوەندە فیکر کاتەوە و لە زانستێکدا کە سەدان ساڵە هەموو کتێبەکانی بە عەرەبی دەنوسرێن و زۆربەی خەڵکی کورد شتێکی لێ نازانن، بێت و بە زمانێکی دی ئەم باسە بێنێتە ناو خەڵکی. بەڕاستیش ئەگەر وابێ کە خەڵکی شتێ لە ئاین و بڕوا نەزانن و بۆ هەموو شتێ دەس بەداوێنی مامۆستایان بن، جا ئیتر لە کوێ و چۆن دەتوانین بێژین کە ئێمە خەڵکێکی ساحیبی فیکر و زانستین. ئاخۆ ئەگەر ئەمڕۆ مەستوورە خانم زیندوو بوایە چۆن دەستی ئەبرد بۆ قەڵەم و بە زوانی کوردی هەوڵی ئەدا خەڵکەکەی بە ئاین و بڕوا شارەزا بکا؛ بە تایبەت ژنی کورد کە دەبێ جێگەی زانست و بڕوا بێ.

ئەڵبەت – تا ئەو جێگەی ئەمن خەبەرم بێ– یەکەمین کتێب بەزمانی فارسی لە شەرعی شافیعیدا کتیبی "المنقی" نووسراوەی "المهجردی"یە کە لە سەدەی هەشتەم لە شاری شیراز نووسراوە و ئەمن بۆ خۆم کاری لێکدانەوەم لە ئەستۆ بوو.

ئەگەر خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس سی ساڵ لەمەوپیش دێت و کتێبی زۆر بەنرخی شەریعەتی ئیسلام دەنووسێ، بەس ئێمە دەبینین کە خاتوو مەستوورە سەد و هەشتاد ساڵی پێش، کتێبی شەرعیاتی ئاراستەی خەڵکەکەی کردووە. کە دەبێ ئێمە دوو شتی تریش لەبەرچاو خەین؛ یەکەم ئەمە کە خوالێخوشبوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس زانایەکی زۆر گەورەی ئاینی بوو وەلێ مەستوورە زانایەکی ئایینی بەئەژمار نایەت. دووهەم ئەمە کە خاتوو مەستوورە ژنێکە کە دێت و دەس بە ئاوا کارێک دەدا کە دیارە لە

موجتەمەعەكەی ئەو سەردەمەی سنە كارێكی زور گەورەیە.

ڕاستییەكەی ئەوەیە كە ئەم نامیلكەیە لە سەرچاوە گرنگەكانی شەرعی زۆر بەهرەی گرتووە. نووسەری ئەم كتێبە لەسەر كتێبە سەرچاوەكان زۆر شارەزا بووە؛ بەهاسانی توانیویە بەسەر گیروگرفتەكانی ئەم جۆرە كتێبە تایبەتییانە زاڵ بێت. تەنانەت لە كتێبەكانی حەنەفی و شیعەیش ئاگادری بووە و بەهرەی لێ گرتووە. نووسەری ئەم نامیلكەیە لە باسە تایبەتییەكانی ئەو سەردەمە– كە لەنێو زانایاندا باو بووە– ئاگادار بووە. بەتایبەتی لە شەرعی شافیعیدا لە چەند كتێبی "توحفەی" ئیبنوحەجەر و كتێبی "الوضوح"ی مەلا ئەبووبەكری موسەنیف چوڕی و لە كتێبی "النهایە" ڕەمەلی سوودی گرتووە.

لەبەرئەوە ئەم نامیلكەیە بەتایبەتی بۆ مەسەلە شەرعییەكان نووسراوە، كەمتر ڕوانینی بووەتە سەر كتێبە كەلامییەكان و لە باسە كەلامییەكانیشی كەمتر بۆی چووە. ئەم كورتە ئاوڕدانەش لەسەر باسی كەلام كە لە پێشەكیی كتێبەكەدا دەبینرێت، لەبەرئەوەیە كە لە پێشەكیی كتێبە فێقهییەكان وا بووە كە نووسەر كورتەیەكیش سەبارەت بەباوەڕ و عەقیدە باس كات؛ ئەگینا ئەم كتێبە كارێكی بەسەر كەلامەوە نەبووە. ئەڵبەت لەو ساڵانە لە كوردەواریدا، باسی كەلام زۆر بە باو بوو. بۆ وێنە ئیبنولحاج بە نێوی عەلامەی كەلامی نێوی دەرخستووە. بەتایبەت بنەماڵەی تەختەیی لە بواری كەلامدا زۆر شارەزا بوون. شێخ عەبدولقادری موهاجیریش لە بواری باوەڕ و كەلام زۆر توانا و بەناوبانگ بوو و كتێبی "تقریب المرام" بەڵگەی ئەم قسەیەیە. بەس ئەو كتێبەكە لەو ساڵانە و لە دواتریش بەتایبەت لە حوجرەی فەقێیاندا دەخوێندرا، كتێبی "شرح العقائد تفتازانی" بوو.

بە لەبەرچاوگرتنی بەشی یەكەمی ئەم كتێبەی مەستوورە و بەهەڵسەنگاندنی لە كەنار كتێبە كەلامییەكانی مەلەوی وەكوو (القعیدە المرضیە) و (الوسیلە) بۆمان دەردەكەوێ كە نە تەنیا لە باری بڕوا و ئاین كە لە باری پێچوون و ڕەوشتی بابەتەكانیش زۆر وەكو یەك دەچن.

هەڵبەت خاتوو مەستوورە لە عیلمی شەرع و كەلامدا، بەڕاگەی یەكێكی وەكو

مەولەوی ناگا و دروستیش نییە کە ئێمە بە یەک چاو بۆ ئەم دووانە بڕوانین، کە یەکێکیان زانایەکە کە شیعر کاری دووهەمی بووە "مەلەوی" و ئەو یەکەیان شاعیرێکە کە لە نووسراوەکانی جگە لە ئاوڕدانەوەیەکی بەسەر زانستە ئیسلامییەکان نەبووە.

ئەگەرچی خاتوو مەستوورە وەکو زانایەکی ئاینی نەناسراوە، بەڵام بە بەڵگەی ئەم کتێبە بۆمان ڕوون و ئاشکرا دەبێ، کە لە بواری ئاینی و زانستە ئیسلامییەکانیش زانایی بووە و لەو بەحسانە کە زانایانی ئاینی دەیکەن دوور نەبووە و ئەگەرچی هەلومەرجێکی زۆری لە ژیاندا دیوە، بەڵام لە کەناری بیرە جوانەکانی کە لە هۆنراوەکانیدا هێناویەتی، کۆمەڵگاکەی خۆی لەبیر نەبردووە و زۆر هانی داوە ئەوەی کە لە بیر و مێشکی بەدروستی دەزانێ، پێشکەشی خەڵکەکەی کا.

مەستوورە وەکو هەموو ژنێکی بەغیرەتی کورد، نەیهێشتووە کۆسپەکانی ژیانی لاپەڕەی بیروباوەڕ، یان لاپەڕەی خەیاڵە جوانەکانی تێپەڕ کا و لە هیچ ماوەیەکدا دەستی لە بیروبڕوای خۆی نەکێشاوە و توانیویەتی تا ئاخرین کاتی ژیانی بە داوێنپاکی و سەربەرزی، عومری بداتە سەر. مەستوورە ژنێکی ناسک خەیاڵ بوو و زۆر دڵی بە ژیانی خۆی خۆش بوو؛ بەڵام ژیان جگە لە چەند -جار ئەویش زۆر بەکورتی- ئاوڕێکی خێری لێ نەداوە و جگە لە نالەباری، پێشکەشییەکی بۆ نەبوو. بگرە زۆرێ لە پیاوان لە کۆسپەکانی ژیاندا نە تەنیا خەڵکیان لە بیر چووبێ کە خودایشان لە بیر نەمابێ. بەس ئێمە دەبینین کە ئەم شێرەژنە نە خوای لەبیرچووەتەوە نە پشتی لە کۆمەڵ و خەڵکەکەی کردووە، بەڵکو لە بیری ئەوەدا بووە، کە بەبیر و بڕوا و خوداپەرەستی خەڵکەکەی یاری بدا، بەتایبەت ژنی کورد، کە بەداخەوە زۆر جێماوتر بووە.

مەستوورە ژنێکی ناسک خەیاڵ بوو؛ بەڵام ئەم ناسک خەیاڵییە بە هۆی نائومێدی و دڵسووتان نەبوو، کە زۆر لە ژنان و پیاوانی دڵناسک، لەم بابەتە بگرە بە ناڕەوا بچن و پێیان وابێ کە ئەم کورتە ماوەیە کە لە ژیانیان ماوە، دەبێ بە لەزەت و کەیفخۆشی ڕای بوێرن و پەنا دەبنە شتانی ناڕەوا. بەس ئێمە دەبینین کە ئەم ژنە -کە دەبێ زۆرێ لە پیاوان چاوی لێ بڕوانن- خۆش ڕابواردنی بە ئەمە

نەزانیـوە کـە لـە تەک کـەسێ بە لـەزەتی نەفـسی ڕای بوێرێ؛ بەڵکو دڵخـۆشـیی مـەسـتـوورە لەمە بـووە کە ببینێ ژنـی کورد بـە مافـی خۆی گـەیشـتـووە و خـۆیشی توانیویە خزمەتێ بەخەڵکە خۆشەویستەکەی بکا.

مــەســتــوورە زۆر بە وردی بیــری لێ کــردووە و زانیــویە کــە یەکێ لە خــاڵە نالەبارەکانی کۆمـەڵگای کورد، نەزانیـنی ژنانی کورد سـەبارەت بە داب و ڕەسـمی ئیسـلام و ئایـن و بڕوایە. دەبی هـەوڵ بدا کە هاوجنسی خـۆی ئاگادار کا تا بڕوا بەشـوێنی ئەو شتـەی بە کـەڵکی دێ. کە لە هـەر کۆمەڵگایەک کە ژنان بەسـەقافـە و بەئـایـن بن، خـۆشی و ســەعـادەت ڕوو دەکـاتە ئـەوێ و خـەڵکەکـەی ڕزگـار دەبن. مەستوورە بەلایەوە جوان نەبوو کە دەیبینی بڕێ لە ژنان تەواو زەحـمەت و هانیان بو ئەوەیە جـوانتـر بن و خشـڵی زۆرتر بە خۆیاندا کەن. کە ئەگـەر خـۆی گـەرەکی بوای –وەکـوو ژنێکی دەوڵەمـەند– دەیتـوانی هـەمـوو ئەو شـتـانەی کە زۆری لە ژنان ئارەزوویانـە بیـانبـێت، ئەو بیـبـێت و خـوێ پـێ جـوان کـا، بـە تایبـەت کـە ژنـێکی جـوانکەڵە و نـەشـمـیـلانە بووە. لە بیـری مـەسـتـوورە ژن دەبێ زۆر شـووی خـۆی خۆشگـەرەک بێ و بەڕاستی کـە لەم بابەتە مـەسـتـوورە کـەم وێنەیـە و دەبێ ژنانی کورد چاوی لێ بڕوانن.

مـەسـتـوورە لە لای وا نییـە کە ئەو ژنانەی بڕی لـەم شتـانە نازانن یان بە داب و دەسـتـووری ئیـسـلامی، ژیانیـان بەسـەر نابەن، ئەوە ئیـتـر ئـەوان کـافـرن و دەبێ خـۆمـان لـە ئەوان جـیـا کــەین. هەر لەم بـابـەتیـشـــەوە دەبێ ئەو خـوشـک و برا خۆشـەویسـانە سـەرنج دەن کـە – هـەروەهـا کـە مـەسـتـوورەش بەدروسـتی دەزانی– دین دەبێ بۆ هـەموو خەڵکی بێت نەگرووپێکی تایبەتی کە خۆیان لە خەڵکی جیاواز دەزانن. بێ گـومـان خـوا هـەمـوو خـەڵکی خـۆش دەوێ و هـەمـوومـان دەسکراوی ئەوین.

کـەوابوو بەجـوانی شـارەزا بـووین کە پێش لە زۆری لە مـوجـتـەمـەعـەکـانی تر، کۆمـەڵگای کـورد ژنێکی وەکـو مـەسـتـوورەی تێدا ژیاوە کـە زۆر هـەوڵی داوە دین و بڕوا لە کۆمەڵگاکەی دامەرزێنێ. بەڵام دامەرزاندنێ کە لە موجتەمەعی کوردی باوە و مـەســتـوورەیش وەکـوو هـەمـوو زانایـەکی شـارەزا و پێـی وابووە کـە ئاینی ئەم خـەڵکەش دەبێ لە پاڵی بیـروبڕوا و ڕۆشنبـیـریی کوردی، بۆ ڕزگـاری خـەڵکەکە بە

کار بهێنرێ.

بەهیوای ئەو ڕۆژەی کە خەلکەکەمان زانایانی خۆیان بناسن و لە شوێنی ڕێگەکەیان کەون. بۆ هەمووتان سەعادەتی هەردوو دونیا ئارەزوو دەکەم. براتان نەوید نەقشبەندی لە قسمی فقە و ئوسولی ئیمامی شافعی لە زانکۆی سنە.

**زانکۆی کوردستان "سنە" ٢٠٠٥/١٢**

# مێژووڕوانی و مێژوونووسیی

## مەستوورەی کوردستان

**لەیلا سالّحی**

مێژوو بەواتای شەرح، ڕوونکردنەوە، لێکدانەوە و پشکنینی بارودۆخی گەلان لەسەر بنەمای بزاڤەکانی سیاسی، ئابووری، ئاینی، کولتووری و کۆمەڵایەتییە و، لە چاخەکانی ڕابردوودا وەک ناسیارییەکی سووک و کەم بایەخ چاوی لێ دەکرا. بەڵام ئەمڕۆکە بەسەرنجدان بەو کۆمەڵە بایەخەی کە ئەم ناسیارییە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤی دەستەبەر دەکا، حاشالێکردنی کارێکی ئەستەمە. (بیندتۆ کروچە) مێژوو بەناسیارییەکی لە چەشنی فەلسەفە دەزانێ و لەسەر ئەو بڕوایەیە کە هەر فەیلەسووفێک لە هەمان کاتدا کە فەیلەسووفە، مێژوونووسیشە و هەر مێژنووسێکیش بۆ خۆی فەیلەسووفێکە. بەبڕوای ئەو مێژوو، فەلسەفەیەکی لە بزووتندایە(١).

مێژووڕوانینی مرۆڤ بۆ پشکنینی ڕووداوەکان قووڵی دەکاتەوە و هەروەها ژیانی مرۆڤ لەگەڵ ژیانی پێشینان لێک گرێ دەدا و بەوەبیرهێنانەوەی حاڵ و باڵی ئەوان، لایەنە بەهێز و لاوازەکانی ژیانی گەلانی ڕابردوو زەق دەکاتەوە و بەو شێوەیە، سامانێکی مەزنی ئەزموونی پێشکەشی مرۆڤ دەکا؛ هەتاکو بەمەبەستی چاکسازی و سازکردنەوەی کۆمەڵگەی خۆی کەڵکی لێ وەربگرێ. سەرەڕای ئەوەش جاری وایە مێژوو کەوتووەتە بەر ڕق و تووڕەیی بیرمەند و فەیلەسووفەکان و تەنانەت تاڕادەیەک زۆریش سووک و لاواز کراوە؛ هەروەک چۆم (ڕێنسی) بیرمەندی ئیتالیایی ڕای وایە کە مێژوو بریتییە لە زنجیرە ڕێکەوت و ڕووداوێک کە لەگەڵ ڕۆمان و چیرۆک جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە و هیچ بایەخێکی بۆ کۆمەڵی بەشەری لە ئارادا نییە. (نیچە) فەیلەسووفی ناو بەدەرەوەی ئاڵمانیش،

پێی وایە کە سەرقاڵ بوون بەمێژووەوە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی مرۆڤ لە کردەوە(٢).

خاڵێکی تر کە بەیارمەتیی ئەو، مێژوو مەحکووم دەکەن ئەوەیە کە مێژوو لەگەڵ ئاکاردا دژایەتی هەیە. (پۆل والێری) شاعیر و بیرمەندی فەرانسی مێژوو بەمەترسیدارترین بەرهەمێک دەزانێ کە هزری مرۆڤ بەدەستەوەی داوە و نەتەوەکانی تووشی خەون و خولیای بەرزەفڕ کردووە و ئەزموونە تاڵەکانیان وەبیر دێنێتەوە. پێویستە بگوترێ بیروڕای ئەو کەسایەتییانە زۆرتر لەسەر بنەمای تیۆرییەکانی (فێرکاری مێژوویی)ی مێژوونووسان دامەزراوە. هەروەک چۆن دوای شەڕی عالەمگیری یەکەم، نووسەرێکی ئۆتریشی بەناوی (ئێستێفان تێسوایک) کتێبێکی خوێندەوە کە کاکڵی مەبەستەکەی بریتی بوو لەوەی کە تێکڕای چالاکییەکانی دونیا مەبەستێکی بووە و ئەویش گەورەیی و شکۆی وڵاتی ئۆتریشە. ئەو مێژوو بەبەرپرسی بەرزەفڕی نەتەوەیی ئەو گەل و نەتەوانە دەزانێ کە هەمیشە پێیان وابووە ئەوان باشترین نەتەوە بوون؛ هەروەها ئەو مێژوو بە بەرپرسی بڵاوکردنەوەی ئەو بیرۆکەیە دەزانێ، کە پێی وایە گرنگترین شتی ئەو دونیایە شەڕە و نە تەنیا بەشتێکی لەباری دەزانێ بەڵکو ئەگەر بەرژەوەندی نیشتمانی بەدواوە بێ، ئەوا وەک بایەخێکی حاشاهەڵنەگر داکۆکیی لێ دەکا(٣).

مێژوو، بزاڤە مێژوویی و ڕووداوە جۆراوجۆرەکان، لە چوارچێوەی زاراوەی (وابوو واچوو)دا دەخاتە بەرباس و، ئاکاریش ئەوەمان فێر دەکا کە دەبێ (وابێ وابکرێ). بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین ئەوە مێژووە کە بەدیهێنەری ئاکارە. ئێستا بەخستنەڕووی گرینگایەتیی مێژوو، بایەخ و قازانجی ئەو زانستە لە ڕوانگەی مێژوونووس و فەیلەسووفەکانەوە شی دەکەینەوە:

(ئیبین خەلدوون) وەک یەکەمین و ناسراوترین فەیلەسووفی مێژوو لە دونیای ئیسلامدا، پێی وایە خوێندنەوەی مێژوو بۆ چاکسازیی کۆمەڵگا و نەتەوەکان زۆر بەکەڵکە. ئەو نەتەوانە دەتوانن ئەوەی لە مێژووەوەی فێر دەبن دواجار لە ژیانی خۆیاندا دەکاری بێنن. بەسەرنجدان بەوەی کە ئیبن خەلدوون کتێبە مێژووییەکەی خۆی ناو ناوە (ئەلعیبەر) مێژوو لای ئەو هاوواتایە لەگەڵ شەرحی ڕووداوە مێژووییەکان، لە ڕێی تێنەگەیشتنێکەوە کە ئاوەز بەرهەمی هێناوە. مرۆڤ دەبێ

ئەو تێگەیشتنە بۆ چاکسازیی کاروباری داهاتوو بکاتە پاڵپشت و لە مێژوو عیبرەت وەرگرێ. عیبرەتیش لای ئەو بەواتای تێپەڕین لە ڕواڵەتی مێژوو بەرەو ناخی مێژووە(٤).

بەبڕوای (ئەبووحەنیفەی دینەوەری) نووسەری کوردی مێژووی (اخبار الطوال)، مێژوو گۆڕەپانێک بوو بۆ نواندنی دەوری سیاسیی ئێران و عێراق لە بزاڤە سیاسییەکانی سەردەمی ساسانی و عەبباسیدا. (ئەبولحەسەنی مەسعوودی) یەکێکی تر لە مێژوونووسە ناسراوەکان – ئەو ناسیارییە بەبەستێن و بواری هەموو زانست و ناسیارییەکانی مرۆیی دەزانێ و پێی وایە ئەگەر گرنگیی پێ نەدرێ و کاری لەسەر نەکرێ تێکڕای زانستەکان لەگەڵ هەڕەشەی تێداچوون و ونبوون دەستەویەخەدەبن؛ چونکو هەموو زانست و زانیارییەکان لە مێژوو هەڵدەگوێزرێن. (ئەبووعەلی مۆسکۆیە) کتێبە مێژووییەکەی خۆی بەپێی تێگەیشتنێک کە لە مێژوو هەیبووە ناو ناوە (تجارب الأُمم) ئەو بڕوای وایە مەبەست و بایەخی مێژوونووسی بریتییە لە خستنەڕووی ئەزموون و عیبرەت وەرگرتن لەو ئەزموونانە بۆ چاکسازی لە کاروبارەکاندا. بۆ وێنە، گرتنەبەری سیاسەتی بەجێ و ڕێ بۆ گەشە و پەرەگرتنی ئاوەدانی(٥). (شەڕەفخانی بەدلیسی) – یەکەمین مێژوونووسی کورد – ئەو ناسیارییە بەبوارێک دەزانێ بۆ دەربڕینی چۆنیەتیی ژیانی کوردان، یا بەگوتەی خۆی بۆ دەربڕینی (چۆنەتیی ژیانی بنەماڵە پایەبەرزەکانی کوردستان، هەتاکو لەژێر پەردە و چارشێوی شاراوەیی و شاردنەوەدا نەمێننەوە)(٦). مێژوو لای شەرەفخان گۆڕەپانێکە بۆ پێکهێنانی (شوناسی مێژوویی)ی ئەو نەتەوانەی بە نەناسراوی ماونەتەوە و بەو شێوەیە مێژوو دەلاقەیەکە بۆ خستنەڕووی شوناسی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ.

لەمەڕ چێژ وەرگرتن لە مێژوو (عەبدولحوسێن زەڕینکووب) مێژوونووسی هاوچەرخی ئێرانی دەڵێ: (تا ئەو کاتەی مرۆڤ نەتوانێ ساتە بەرز و بەڕێزەکانی مێژوو، لە وجوودی خۆیدا ئەزموون بکا و لە هەوای بۆنخۆشی مرۆڤایەتی هەڵمژێ، ناتوانێ چێژی مێژوو – کە ڕەنگاوڕەنگترین ڕوانگەکانی ژیان بۆ مرۆڤ دەنوێنێ – بچێژێ و ناشتوانێ تێی بگا(٧). بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی باسمان کرد، لەمەڕ گرنگیی مێژووەوە هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێین بوونی مێژوویی و ژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەیەک لە جیهاندا، لەو کاتەوە دەست پێ دەکا

کە مێژووی نووسراوی هەبێ؛ واتە بوونی ژیانی کۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە بەبوونی مێژوویەکی نووسراوەوە، بەسەرنجدان بەو خاڵە دەتوانین جێگە و پێگەی مێژوونووسان بۆ ناساندنی گەلان و خستنەڕووی ئەوان وەک گەلێکی زیندوو، بناسین و بۆ هەتاهەتایە منەتباری قەڵەمی مێژووییان بین.

ئێستا با بزانین ئاخۆ جێگە و پێگەی مەستوورەی کوردستانی، وەک مێژوونووس چییە؟ ئەویش مێژوونووسی نەتەوەیەک کە لە مێژوودا گوم ناوبووە و لە بزاڤە مێژووییەکاندا سەرکوت کراوە؟ مێژوونووسێک کە پاش شەرەفخان یەکێ لەو کەسە دەگمەنانەیە کە هەستی بەپێویستیی نووسین بۆ نەتەوەکەی خۆی کردووە و لە ڕێی دەستپێکردنی ژیانی قاجارەکان لە ئێراندا و هاوکات لەگەڵ حوکمداریی (محەمەد شا) – سێیەمین پادشای قاجارەکان – لە کوردستانی ڕۆژهەلات ژیاوە. ئەو لەو ژنە هەڵکەوتە و دەگمەنانەی کوردە کە لە چەندین بەستێنی زانستی بۆ وێنە مێژوو، ئاین و، ئەدەبیاتدا کاری کردووە. ئەو مێژووی میرەکانی ئەردەڵانی لە سەرەتای ژیانی سیاسییانەوە دەست پێ کردووە و هەتا سڕانەوەی ناویان لە مێژووی ئێراندا، درێژەی داوە. ئێستا لەو نووسراوەیەدا هەوڵ دەدەین (مێژنووسی) و (مێژووڕوانی)ی ئەو مێژوونووسە کوردە بەجەخت لەسەر نووسراوەکانی خۆی کە لە کتێبی مێژووی ئەردەڵاندا کۆکراونەتەوە، بخەینە بەر تیشکی سەرنج و تێڕامان.

مەستوورە هەروەک لە پێشەکیی کتێبەکەیدا ئاماژە دەکا بەوەی کە دوای خوێندنەوە و پشکنینی سەرچاوەکان و لێکدانەوە و درێژەدانی باسەکان (باسی چاکە و چاکەکاری و خۆش ئاکامیی زنجیرەی بەشکۆی بەنی ئەردەڵان) بەئەرکی خۆی دەزانێ و مێژووەکەی خۆی تەرخان دەکا بۆ شەرح و باسی حوکمداریی ئەو میرە هەڵکەوتانەی کوردستان. بەو شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ بەرێوەبەرانی حوکمداری ئەردەڵان، پاڵەوانە سەرەکییەکانی ئەو مێژووەن. ئەو مێژووەش پانتاییی سەرهەڵدان و ئاوابوونی ئەوانی لەخۆ گرتووە. مەستوورە مێژوو بەدەلاقەیەک دەزانێ بۆ دەربڕینی بارودۆخی میرەکانی ئەردەڵان. ئەو شێوە ڕووبەڕووبوونەوەی مەستوورە، لەگەڵ مێژوو دەمانگەیەنێتە ئەو ئاکامەی کە هەست بەوێکچوونی بۆچوونی مێژوویی لە نێوان ئەو و ئەندێشەی (تامس کارلایل)ی ئینگلیزیدا بکەین. ئەو دوو کەسایەتییە بەپێی باسێک کە لە فەلسەفەی مێژوودا

وروژاوە بۆچوونەکانیان لێک نزیکە. کارلایلیش پێی وابوو مێژوو بریتییە لە باسی بارودۆخی پاڵەوانەکان. ئەو شەیدای دەوری پاڵەوانەکان لە بزاڤە مێژووییەکاندا بوو. کارلایل ڕای وابوو کە تەواوی ڕاپەڕینەکان لە مێژوودا، ئاکامی وەگەڕکەوتنی زەینی مرۆڤە هەڵکەوتەکانن. ئەوەی کە ڕابردووی پڕ کردووەتەوە وجوودی کەسایەتییەکانە نەک کێشە و قەرار و بڕێ و تێکهەڵچوونەکان. بەو شێوەیە ئەو مێژوونووسەش زۆر جەخت لەسەر دەوری کەسایەتییەکان دەکا(٨).

ئەگەرچی مەستوورە ئەو بۆچوونەی خۆی لە قاڵبی وشەدا بەتەواوی دەرنەبڕیوە، بەڵام بەرهەمە مێژووییەکەی بەشێوەیەکی کارا ئەو گوتەیە دەسەلمێنێ. هەڵبەت دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێ کە ئەو شێوە بیر و ڕوانینە بۆ مێژوو، ئەمڕۆکە و دوای زەقبوونەوەی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری - کە گرنگترین کەرەسەکانی مێژوو پێک دێنن - برەوێکی وای نەماوە. ئەوەش تەنانەت وەک ئیرادێک ئاڕاستەی ئەندێشەی کارلایل دەکرێ و لە بازنەی وردبوونەوە فەلسەفییەکانی مێژوویی و لە زەینی مێژوونووساندا، ئەو ئیرادەش دەکرێ لەبیری فەلسەفی - مێژوویی مەستوورە بگیرێ. هەڵبەت مەبەستی ئێمە لێرەدا تەنیا ڕوونکردنەوەی بیری فەلسەفی - مێژوویی ئەو بوو، لە دەوامەی ئەو ئەندێشانەی پێشتر خستمانە ڕوو.

ئەوەی کە کۆمەڵگای بیرمەند لە مێژووی دەخوازێ، تەنیا ناسینی بەسەرهاتی مرۆڤەکانی ڕابردوو نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگیی پێ دەدرێ مانا و واتا و مەبەستی ڕابردوو و داهاتووە. ئەوەش ئەو شتەیە کە پێی دەڵێن (مێژووڕوانی). ئێستا با سەرەتا چاوێک بەسەر مێژووڕوانیی گەلان و مێژوونووسانی جیاوازدا بخشێنین:

لای مەسیحییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، هەر مرۆڤێک لە دونیادا شوێنێکی دیاریکراوی هەبووە و تەواوی پێکهاتەی هەستی ملکەچی قەدەر و چارەنووس و تەکووزییەکە خوا دایناوە. ئەگەرچی دوای دەرکەوتنی یەکەمین نیشانەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری و تێکڕووخانی دەسەڵاتی کلیسا - کە زانستی تەنیا زەمانێک بەچاک دەزانی کە لە خزمەت ئایدیالۆژیای پیرۆزی خۆیدا بێ - یەکیەتیی مرۆڤ و سروشت تێک چوو، پێکهاتەی هەستیش لە بیری پرسیارخواز

و بزۆزیی کۆمەڵگادا بەتاڵ کراوە لە واتای میتافیزیکی قەدەر و چارەنووس. (تەبەری) یەکێ لە ناسراوترین مێژوونووسانی مێژووی دونیای ئیسلام، تێکڕای ڕووداوەکانی جیهانی بەخوڵقاوی ئیرادە و ویستی خوا دەزانی و بەراوردەبوونی ویستەکانی خوای بەواتای ڕاستەقینەی تەواوی مێژوو لە قەڵەم دەدا. ئەو حەدیسێک ڕەوایەت دەکا کە دەڵێ خوا یەکەم شتێک کە ئافراندی پێنووس بوو. دواتر پێی گوت بنووسە، گوتی خوایە گیان چ بنووسم. گوتی بنووسە قەدەر. پێنووس هەر ئەو کات وەگەڕ کەوت و ئەوەی هەبوو لەگەڵ ئەوانەی کە دەبوو ببن، هەموویانی نووسی. ئەوەش بەو واتایەیە کە ئەوەی لە جیهاندا ڕووی داوە و ئەوەی کە لە داهاتوودا دێتە پێش، هەمـوو بەویست و قەدەرێکە کە خوا لەبەرچاوی گرتووە. لە وانەکانی زەردەشتیشدا ئەهورا و ئەریمەن وەک نوێنەرانی خێر و شەڕ (چاکە و خراپە) دونیایان کردبووە مەیدانی دەستە ویێخەبوونی خۆیان و لە ئاکامدا ڕەوتی مێژوو بەقازانجی هێزی پیرۆز و سەرکەوتنی ئەو هێزە کۆتاییی پێ دێ. هێرۆدۆت – مێژوونووسی یونانیش کە بەباوکی مێژوو ناسراوە – ڕووداوەکانی بەویستی خواکان دەزانی(٩).

بەڵام لە پاڵ ئەو بۆچوونانەوە، زۆر کەسی وا هەبوون کە هەوڵیان داوە بێجگە لە ویستی خواوەند، واتا و مەبەستێکی عەقڵیش بۆ مێژوو ببیننەوە. (جامباتیستا ویکۆ) پێی وایە مێژوو سەرەڕای ئەوەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیرادەی خواوەنددایە، بەڵام بۆ خۆیشی زنجیرە یاسا و ڕێسایەکی ناوخۆییی هەیە کە مل بادان لە ئاستیاندا دژوارە. لە لایەکی ترەوە مونتێسکیو، بەشوێن ئەوەوەیە کە هۆکار و سەبەبی ڕووداوەکان لە خودی ڕووداوەکاندا بدۆزێتەوە، نەک لە ویست و حیکمەتی خواوەنددا.

با ئێستا بزانین ڕوانگەی مەستوورە لەمەڕ مێژوو چییە؟ نووسەری کتێبی مێژووی ئەردەڵان لەو شوێنەدا کە باسی کوژرانی تەیموورخانی ئەردەڵان لە شەڕی گەڕووسدا دەکا – بەئاماژە بۆ ئایەتێک لە قورئان – کوژرانی ئەو میرە وەک ویست و قەدەری خواوەندی مەزن لە قەڵەم دەدا؛ هەروەها لە لاپەڕەی ٢٣٢ی کتێبەکەیدا کاتێ چۆنیەتیی لەسەر کار لابرانی ڕەزا قولیخان شی دەکاتەوە، دەڵێ (هەر شتێک خودا بیەوێ سەبەبکاری بۆ دەڕەخسێنێ). ئەو خاڵە نیشاندەری ئەوەیە کە مەستوورەش ڕەوتی گەڕیانەکانی مێژوویی دامەزراو لەسەر ئیرادە و

ویستی خوا دەزانێ و مێژوو لە چوارچێوەی پانتاییەک بۆ ڕاپەڕاندنی ویستەکانی خواوەندا دەبینێ.

ئەوەش هەر ئەو بۆچوونەیە کە پێشتر وەک ڕوانگەی تەبەری و مەسیحییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و هێرۆدۆت باسمان لێ کرد. وێڕای ئەوەش مەستوورە هەر لەسەر باسەکەی پێشوو، هۆکارە سەرەکییەکانی لەسەرکار لابرانی ڕەزا قولیخان و هەڵە سیاسییەکانی و هەروەها ناکارامەیی وەزیرەکەی – کە لە ئاکامدا بووە هۆی لابرانی – لەبیر ناباتەوە و بەو شێوەیە نیشان دەدا کە لابرانی ڕەزا قولیخان بەحوکمی لۆژیکی سیاسی، هەڵە و ناڕاستیی پێویست بووە و درێژەی ڕووداوەکان بوارێکی ڕەخساندووە کە لابرانی ئەو، پێویست و حاشا هەڵنەگر بێ. ئەو خاڵە وێکچوونی بیری مێژوویی مەستوورە و ویکۆی ئیتالیایی نیشان دەدا. ویکۆش پێی وابوو مێژوو ئەگەرچی لە دەسەڵاتی خوداوەند بەدەر نییە، بەڵام بۆ خۆشی هەندێ یاسای (علی و معلومی) لە نێوان ڕووداوە مێژووییەکاندا، لەمەڕ هەموو ڕووداو و کارەساتەکانی مێژووی ئەردەڵان وەڕاست ناگەڕێ. مەستوورە جاری وایە زۆر ساکار لە ڕووداوەکان تێ دەپەڕێ و جاری واشە زۆر بەوردی هۆکار و ئاکامەکان شی دەکاتەوە. ئەو خاڵەش لە بەشی لێک هەڵوەشانی حوکمداریی ئەردەڵانەکان بەباشی بەرچاو دەکەوێ.

مەبەستی ڕواڵەتیی نووسینی کتێبێکی وەک مێژووی ئەردەڵان لەو ڕوانگەیەوە کە مێژوویێکی خاوە و تەنیا قەناعەتی بەدۆزینەوەی پێوەندی و هۆکاری ڕووداوەکان کردووە و بێجگە لە چەند شوێنی دەگمەن، خۆی لە لێکدانەوەی هۆکار و ئاکامەکان پاراستووە، ڕەنگە لە ڕوانینی یەکەمدا سووک و سانا بێتە بەرچاو؛ بەڵام ئەزموونی ئافراندنەوەی ڕووداو یان کەسایەتییەکی مێژوویی بەوردی و بەتەواوی، بەبێ سەپاندن یا سەلماندنی داوا یان بیروڕایەکی تایبەت، زۆر پڕ بایەخ و بەکەڵکە. توێژینەوەیەک بەو تایبەتمەندییانەوە کە باسمان کرد – بەدوور لە شرۆڤە و لێکدانەوە – توێژینەوەیەک کە تەنیا باسی خودی ڕووداوەکانی کردووە، لەمەڕ باسە مێژووییەکانەوە کاری بایەخدەرانەی نەکردووە. جاری وایە بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی ئێمە، وەڵامی پڕ بەپێستی بۆ پرسیار و گریمانەکان تێدا دەدۆزێتەوە. ئەو شێوە مێژوونووسییە لەنێو مێژوونووسەکانی ڕابردوودا برەوی زۆر بووە و مەستوورەش لە کاتی نووسینی مێژوودا زۆرتر سەرنجی

گێڕانەوەی ڕووداوەکانی داوە. زۆر کاری لەسەر لێکدانەوە نەکردووە؛ هەروەها ئەو بەجێی پەڕژانە سەر پرسیاری (بۆچی)، خۆی بە (چۆنەتی) ڕووداوەکانەوە خەریک کردووە. بەڵام ئێستا چەندین ساڵێکە پرسیار لە (بۆچی) گرنگییەکی زیاتری لە چۆنیەتی، لە مێژوودا هەیە. ئەگەرچی ئەو خاڵە زۆر گرنگ و جێی سەرنجە، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە تا (چۆنەتی) ڕوون نەبێتەوە، پرسیاری (بۆچی) لە مێژوودا بێ وەڵام دەمێنێتەوە. بۆ گەیشتن بەوەڵامی پرسیاری (بۆچی) پێویستە مێژوونووس، مێژوو بەدەست لێنەدراوی و بەمۆری و بەتەسەلی بەدەستەوە بدا(١٠).

مەستوورەش ڕاست لەو بەستێنەدا هەوڵێکی سەرنج ڕاکێشی داوە. ئەو تێ دەکۆشێ ڕەوتەکانی مێژوو بەکەمترین دەمارگرژی و پێش داوەرییەوە باس بکا. بەشێوەیەکی وا کە ئامادەیی بیری مێژووانی ئەو، وەک ئامادەبوونێکی زیندوو پاساودەری ڕەوت و ڕووداوەکان نییە و ئەو حوزورە کەمتر بەرچاو دەکەوێ. هەروەک دەتوانین ئاماژە بکەین بەوەی کە خۆشەویستیی ئەو بۆ میرەکانی ئەردەڵان و بەتایبەت مێردەکەی – واتا خوسرەوخانی سێیەم – نەبووەتە هۆی ئەوەی کە چاوی لەو زوڵم و زۆرییە بنووقێنێ کە خوسرەوخان بەسەر باوک و مامی مەستوورە و براکانی خۆیدا هێناوە. مەستوورە ئەوانە هیچی ناوبوێر ناکا و ڕەفتاری چەوت و نالەباری مێردەکەی لەمەڕ سەرکوتی براکانیەوە بەوردی و بەگشتی باس دەکا و بەهیچ چەشنێک هەوڵی شاردنەوە یان لێڵ و تەماویکردنی بابەتە مێژووییەکانی نییە.

مێژوونووسیی مەستوورە:

هەروەک گوتمان مێژوونووسی و دەستپێکی ژیانی مێژوویی نەتەوەکان هاوکاتە و بایەخی مێژوونووسیش ڕاست لێرەدا دەردەکەوێ. ئەگەر نەتەوەیەک هەلێکی وای بۆ ڕەخسا کە خۆی بەدونیا بنوێنێ و ئاکارە مێژووییەکانی نە تەنیا لەنێو خەڵکی نەتەوەکەی خۆیدا، بەڵکو لە پێوەندی لەگەڵ هاوسێ و جیرانەکانیشیدا بەهێند وەرگیراو و شوێنی لەسەر گەلانی تریش دانا، ئەوە ئەو کاتەیە کە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەو نەتەوەیە بەشێوەیەکی زیندوو دەست پێ دەکا و ئەو نەتەوەیە شوناسی مێژوویی بۆ خۆی دەستەبەر دەکا. وەسفی نووسراوەی

حاڵ و باڵ و کردەوەی مرۆڤ، بەهەر شێوازێک و بەپێی هەر قوتابخانەیەک و بەلەبەرچاوگرتنی هەر شێوەیەک بۆ نووسین و ڕیزکردنی بابەتەکان، دەتوانین وەک مێژوونووسی بناسین. مێژوونووسی لە واتای تایبەتیدا بەنووسینی ڕووداو و کاروباری سیاسی و کۆمەلایەتیی هەر گەل و نەتەوەیەک یا تێکڕای کۆمەڵگای جیهانی دەگوترێ.

ئێستا باسی شێواز و شێوەی مێژوونووسیی مەستوورە دەخەینە ڕوو. لێرەدا مەبەست لە شێواز، چۆنێتیی نووسین و ڕاگوێزان و بەدەستەوەدانی بابەتە مێژووییەکانە و مەبەست لە شێوە، چۆنیەتی نووسینی مێژووییە.

لە مێژوونووسیدا سێ شێوازی دیار و بەرچاو هەیە:

١- شێوازی گێڕانەوەیی: ئەو شێوازە بەواتای هێنانی جۆراوجۆرەکان، لە مەڕ ڕووداوە مێژووییەکانە و لەو شێوازەدا دەبێ زنجیرە دۆکۆمێنتەکان بەتەواوی باس بکرێن. بۆ وێنە دەتوانین شێوازی (تەبەری) لە کتێبی (الرسل والملوک) نێو بەرین.

٢- شێوازی ئاوێتە: لەو شێوازەدا مێژوونووس لە نێوان گێڕانەوە جیاوازەکاندا تەنیا یەک یا دوو گێڕانەوە لە ڕێی بەراورد و ئاوێتەکردن و بەدیهێنانی تەبایی لە نێوان گێڕانەوەکاندا هەڵدەبژێرێ و ڕووداوی دڵخوازی خۆی لە گێڕانەوەیەکدا باس دەکا؛ بۆ وێنە کتێبی (الکامل فی التاریخ) نووسراوی ئیبنو ئەسیر.

٣- شێوازی لێکدانەوەیی: لەو شێوازەدا مێژوونووس لە پاڵ هێنانی گێڕانەوەیەکی زۆرتر ئاوێتەییدا، دەست دەکا بەلێکدانەوە و دەربڕین و شرۆڤەی هۆکاری و ئاکامەکانی ئەو مێژووەی باسی لێ دەکا. بۆ وێنە (تجارب الامم)ی موسکۆیە.

شێوازی مێژوونووسیی مەستوورە لەسەر بنەمای جۆری دووەم دامەزراوە. مەستوورە بۆ شەرحی ڕووداوێک لە نێوان چەند گێڕانەوەدا، یەک یا دووانیان هەڵدەبژێرێ و دواتر لە ڕێی بەراورد و دەلیل هێنانەوە هەوڵ دەدا ڕابردوو سەرلەنوێ سازکاتەوە. بۆ وێنە لە لاپەڕەی ١٠٦ی کتێبەکەیدا کاتێ باسی مردنی (سوبحان وێردی خانی ئەردەڵان) دەکا، دوو گێڕانەوە - یەکیان لە مەلا محەمەد شەریف و ئەویتر لە (تەسنیفی خوسرەوبەگ) - دێنێتە بەر باس و دواتر ئەو

دووانە لەگەڵ یەک بەراورد دەکا و لە ڕێی شرۆڤە و دەلیل هێنانەوەی بەجێ و گێڕانەوەی ڕاست و ڕێ تێچوو هەڵدەبژێرێ.

با ئێستا بزانین شێوەی مێژوونووسیی مەستوورە چۆنە و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە پێویستە سەرەتا ناسراوترین شێوەکانی مێژوونووسی ناودێر کەین:

١- شێوەی ساڵژمێری: لەو شێوەیەدا مێژوونووس ڕووداوەکان بەپێی ڕیزبوونی ساڵەکان لە پەنا یەک ڕیز دەکا. ئەو شێوەیە پێویستی بەپێوەندیی مێژوویی لە نێوان ڕووداوەکاندا هەیە. بەڵام ڕەچاوکردنی ورد و دروستی ئەو شێوەیە جاری وایە دەبێتە هۆی ئەوەی کە گێڕانەوەی ڕووداوێک - کە چەند ساڵی خایاندوو - یەکیەتی و پتەوی خۆی لە کیس بدا.

٢- دەربڕینی مێژوویی بەپێی چینەکان: ئەو شێوەیە بەو واتایەیە کە نووسین و ڕیزکردنی هەواڵە مێژوویی و کولتووری و زانستییەکان لەگەڵ شەرح و باسی بارودۆخی چینەکانی کۆمەڵگا دێتە دەربڕین.

٣- شێوەی ڕەچەڵەکی: مێژوونووس لەو شێوەیەدا باسی مێژووی سەرهەڵدان و چالاکیی سیاسی و چەکداریی زنجیرەیەکی پاشایەتی یا حوکمدارییەکی تایبەت دەکا؛ هەروەها ئەو ڕووداوانەی لە سەردەمی ئەوان و لە هەرێمی ئەواندا ڕوویان داوە دەخاتە ڕوو. لەو شێوەیەشدا هاتن و ڕیزکردنی زەمانی لە سەرەتای سەرهەڵدانی زنجیرەیەک یا حوکمدارییەکەوە بەپێی کاتی هاتنی بەڕووداوی حوکمدارەکان دەنووسرێ. شێوەی مێژوونووسیی مەستوورە لە مێژووی ئەردەڵاندا لەسەر بناخەی شێوەی ڕەچەڵەکی دامەزراوە. بەشێوەیەکی ئاسایی تایبەتمەندیی ئەو جۆرە مێژوونووسییە بریتییە لە: یەک لایەنە بینی و لایەن گرتنی کەسەکان و زێدە وەسفی مێژوونووس لە چاک یان دزێو نیشاندانی ڕووداوەکان. بەڵام لەمەڕ مێژووی ئەردەڵانەوە - هەر وەک لەوەپێشیش باسی لێ کرا - ئەو شێوە، یەک لایەنە بینی و لایەن گرتنە زۆر بەکەمی وەبەرچاو دێ. مێژوونووس سەرەڕای ئەوەی نزیکایەتییەکی یەکجار زۆری لەگەڵ میرەکانی ئەردەڵاندا هەبووە، خۆشەویستیی خۆی بۆ ئەوان لە چەندین شوێنی کتێبەکەیدا خستووەتە ڕوو، بەڵام هەرگیز بەسەر هەڵە و ڕەفتارە نالەبارەکانی سیاسیی ئەواندا تێ نەپەڕیوە. ئەم شێوە مێژوونووسییە

هەندێ وەشێوەی مێژوونووسیی ئێرانی کەونارا دەچێ. لە ئێرانی کەونارادا جۆری مێژوونووسی بەتەواوی لەسەر بنەمای ئەو نەریتە دامەزرابوو، کە هەڵبەت ئەمڕۆکە بەو جۆرە مێژوونووسییە دەڵێن شێوەی شانامەیی. بەواتای نووسینی حاڵ و باڵی حوکمداران، هۆی دەوام و درێژەی ئەو شێوە مێژوونووسییە لە ئێرانی دوای ئیسلامدا، دەبێ لەو بابەتەدا بدۆزینەوە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئێرانی دوای ئیسلام لەگەڵ ئێرانی کەونارادا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووە. کەواتە گۆڕانێکی زۆریش لە مێژوونووسیدا بەدی نەهات. مێژوونووسی پێوەندی بەمێژووڕوانییەوە هەیە و لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین مێژووڕوانی جۆرێک کۆمەڵڕوانییە و مێژوو دونیابینییە. کاتێ ئولگوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، گۆڕانێکی زۆری بەسەردانەیە، دونیابینیش گۆڕانێکی ئەوتۆی تێدا بەدی نایە. هەر بەو هۆیەوە نەریتی مێژووی شانامەیی یا سوڵتانی لە ئێراندا تا کۆتاییی سەردەمی قاجار هەروا درێژەی کێشا. مێژوونووسیی مەستوورەش تەریب لەگەڵ ئەو بزاڤە مێژوونووسییەیە و لە ڕاستیدا لە درێژەی ئەودا هەنگاوی ناوە. شێوەی نووسرانی کتێبی مێژووی ئەردەڵان لە نێو بنەماکانی مێژوونووسی بەستێنی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا و بەتایبەت لە جەغزی مێژوونووسیی ئیسلامیدا بەو شێوەیە بوو کە باسی لێ کرا. با ئێستا بزانین مێژووی ئەردەڵان لە پۆلینبەندیی شێوەی مێژوونووسی هێگێڵدا، لە نێوان کام دەستە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا جێ خۆش دەکا؛ تا بەڵکو لەو ڕێیەشەوە خاڵە بەکەڵک و پۆزەتیڤەکانی تر بدۆزینەوە.

بەبڕوای هێگێل – کە یەکێ لە بەناوبانگترین فەیلەسووفەکانی مێژووە – سەرچاوە مێژووییەکان بەسێ دەستە دابەش دەکرێن(١٢):

دەستەی هەوەڵ، مێژووەکانی دەستەی یەکەمن، کە لەواندا ڕووحی مێژوونووس لەگەڵ هەناوی ڕووداوێک کە دەگێڕدرێتەوە، یەکێکە و مێژوونووس بەتوندی سوورە لەسەر بیروڕا و عادەت و دەمارگرژییەکانی کۆمەڵگا و زەمانی خۆی. مێژوونووس ڕووداوە مێژووییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ – واتە لە ڕێی دیناویی – بەرهەست و بینینەوە دەرک دەکا. هەر بەو هۆیەش ڕوانینی مێژوویی ئەو هیچ کات لەو کۆمەڵ و زەمانە تێ ناپەڕێ و لە تایبەتمەندییەکانی بزاڤی گشتیی مێژوو دوور ناکەوێتەوە. کاتێکیش ئەو جۆرە مێژووە دەتوانن لە چۆنەتیی خستنەڕووی

بارودۆخە سیاسییەکان سەرکەون کە مێژوونووس سەر بەچینی حوکمداران و سەرۆکەکان و کەسایەتیی لەو چەشنە بێ. مێژووی ئەردەڵان بەپێی گێڕانەوەی هێگێل بەجۆرێک دەتوانێ مێژووەکی دەستە یەکەم بێ، ئەویش لە باشترین جۆری ئەم دەستەیەیە. چونکە نووسەر خۆی سەر بەچینێکە کە لە لووتکەی کۆمەڵگادا دەژی، لە نێو چینی حوکمدارانی ئەردەڵاندا. مەستوورە خۆی لە نزیکەوە شایەد و بینەری ئاڵوگۆڕ و چۆنایەتیی سیاسیی ئەو سەردەم بووە و لە نزیکەوە هەستی پێ کردوون. جگە لەوەش – هەروەک پێشتریش گوترا – ئەو ڕەخنەیەی هێگێل ڕووبەڕووی ئەو چەشنە مێژووییەی دەکاتەوە لەمەڕ مێژووەکەی مەستوورەوە ڕاست نەگەڕێ؛ چونکو ڕوانینی مێژووی ئەو لە زەمانی خۆی تێ دەپەڕێ و حاڵ و باڵ و ڕەوتەکانی زنجیرەی ئەردەڵان لە شەش سەد ساڵ پێش زەمانی خۆی، واتە لە سەردەمی سەرهەڵدانی مەغوولەکان لە ئێراندا، لە کتێبەکەیدا دەگونجێنێ. ئەگەرچی ئەو ڕووداوانەی بەگشتی و بەوردی و بەشێوەیەکی یەک چەشن باس نەکردووە. لە ڕاستیدا جاری وایە زۆر کورت و کۆتا وەبەرچاو دێن. بەڵام هەر ئەوەش سووکە ئاوڕێکە بۆ مێژووی چاخەکانی پێشوو. بەو شێوەیەش دەتوانین ئاگامان لە بیری ئافراندنی مێژوویی لەو کتێبەدا بێ.

دەستەی دووهەمی سەرچاوە مێژووییەکان، لای هێگێل بە(مێژووی هزرگەر) ناسراون. لەو جۆرە مێژووانەدا، ویژدانی نووسەر لە کەش و هەوای زاڵ دوور دەکەوێتەوە؛ چونکو ڕووداوەکانی ڕابردوو لە دەرەوەی بەستێنی هەستی ڕاستەوخۆی ئەودا جێگیربوون. ئەویش لە ڕوانگەی تێگەیشتنی بەرهەستەوە تێیان دەڕوانێ. نووسەری ئەو جۆرە مێژووە ناچارە ڕابردوو سەرلەنوێ بژێنێتەوە. ئەم جۆرە مێژووە خۆیان بەشەش لق دابەش دەبن:

لقی یەکەم: مێژووی گشتی یان شموولییە، کە بریتییە لە باسی تەواو و کەماڵی بابەتەکانی پێوەندیدار بەگەلێکەوە یا بابەتەکانی تێکڕای جیهان.

لقی دووهەم: بەو شێوەیە کە نووسەر هەوڵ دەدا هەتا بارودۆخی هەنووکە لەسەر بنەمای کاری پێشینیان و ڕووداوەکانی ڕابردوو بخاتە بەر باس.

لقی سێهەم: کورتکردنەوەی پێ دەڵێن؛ لەو جۆرەدا ڕووداوەکان کورت دەکرێنەوە.

لقی چوارەم: مێژووی كاركردی یان كردارییيە، كە نووسەر دەیهەوێ لە ڕابردوو دەرسی عیبرەت بۆ ئێستا و داهاتوو وەرگرێ.

لقی پێنجەم: بەمێژووی ڕەخنەگرانە ناسراوە و مەبەستی ڕەخنەگرتنە لە شێوازی ئامۆژگاریدەر و قازانج خوازانەی مێژوونووسان.

لقی شەشەم: مێژووی پسپۆڕانەیە. لەو جۆرەدا مێژوونووس لە نێو تەواوی ڕووبەرەكانی كولتووری تەنیا ڕووبەرێک بۆ توێژینەوە هەڵدەبژێرێ. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بەمێژووی ماف یان هونەر بكەین. ئەو جۆرە سەرچاوە مێژووییانە ئەگەر بەدروستی بنووسرێن و پێوەندیی ناوەكی ڕووبەرە جۆراوجۆرەكانی ژیارێكی بەڕواڵەت پرش و بڵاو ڕوون كەنەوە، دەبنە كەرەسەی ڕاگوازتنی بیر لە مێژووی هزرگەرەوە بۆ مێژووی فەلسەفیی جیهان، كە هێگێل وەک مێژووی جیهانی یا فەلسەفی باسی لێ دەكا. ئەوەش هەر ڕاست لە دەستەی سێهەمی سەرچاوە مێژووییيەكان لە بیری هێگێلدا جێ دەگرێ، كە لە ڕاستیدا بەباشترین دەستەی سەرچاوەكانیش بەراورد دەكرێ. بەپێی ئەو شتانەی گوترا، مێژووی ئەردەڵان لە زۆر لایەنەوە لە بازنەی مێژووی هزرگەردا دەگونجێ، چونكو لەو مێژووەدا زەینی مەستوورەی مێژوونووس لە زەمانی خۆی تێ دەپەڕێ و بابەتە مێژووییيە دڵخوازەكانی خۆی لە هەناوی سەدەكان دەردەكێشێ و لێكیان گرێ دەدا و تێ دەكۆشێ ڕابردووەكی سیاسی سەرلەنوێ بژێنێتەوە كە وردە وردە لە سەردەمی ئەودا لە هەڕەتی تێک ڕووخاندا بوو.

گرنگترین ئیرادێک كە لەو باسەی هێگێل دەگیرێ ئەوەیە كە ئەو مێژوونووسی تەنیا لە بازنەی ئەو پۆلێنكارییەی خۆیدا دەبەستێتەوە و هەر دەستەیەک لە دەستەكانی تری مێژوونووسیی بەتەواوی جیا دەكاتەوە. كەچی دەتوانین زۆر چەشنی تر لە مێژوونووسی بخەینە بەر باس كە لە ئاكامی تێكەڵكردنی دوو یان چەند جۆری مێژوونووسییيەوە بەدی هاتوون. بۆ وێنە (مقدمەی ئیبن خەلدوون) لە لایەكەوە مێژووەكی هزرگەرە و لە لایەكی ترەوە مێژووەكی جیهانیی - فەلسەفییە. یان نزیكترین نموونە هەر ئەو مێژووی ئەردەڵانەیە، كە لە لایەكەوە مێژووەكی دەستە هەوەڵە و لە لایەكی ترەوە مێژووەكی هزرگەرە.

بەبڕوای هێگێل مێژوونووسێک كە بزانێ هەتاكوو لە مەبەست و واتای تاقانەی

ڕووداوە بێ ئەژمـار و ڕەنگاوڕەنگەکانی مـێژوو نەگـا و لە ژێر تیشکی ئەواندا ڕابردوو و ئێستا لێک گرێ نەدا، ناتوانێ بەئاکامێک بگا، مێژوونووسێکە کە لە فەلسەفەی مێژوو گەیشتووە. بەڵام لە مێژووی ئەردەڵاندا ئاماژەیەک بەنیشاندانی ڕێگا چارەیەک بۆ بنیاتنانی ئێستا و داهاتوو نەکراوە؛ ئەگەرچی مەستوورە بەژیاندنەوەی مێژووی ڕابردووی ئەردەڵان هەوڵی داوە خەسارە مێژووییەکانی ئەو زنجیرەیە دەستنیشان بکا و بەوەبیرهێنانەوە و لە قاودانی هەڵە سیاسییەکانی میرەکانی ئەردەڵان، لایەنە ناسکەکانی ئەو حوکمدارییەی بەدەستەوە داوە و بوارێکی بۆ عیبرەت وەرگرتن ئافراندووە. سەرەڕای ئەوەش مەستوورە بەکەڵک وەرگرتن لە هزر بۆ ڕاپەڕاندنی بەراورد و قەرینە مێژووییەکان، جێگە و پێگەی ڕووداوەکان لەسەر بنەمای بیرکردنەوە و هزر لە پانتا مێژووییەکەی خۆیدا دیاری دەکا. سەرەڕای ئەوانەش مەستوورە بەو ڕادەیە لە خۆئاگایی مێژوویی نەگەیوە کە پلان و بەرنامەیەک بۆ ئێستا یان داهاتوو دابڕێژێ، یا تەوەرێک لەسەر بنەمای ئەزموونە مێژووییەکان بۆ ئەو زنجیرە حوکمدارە دامەزرێنێ. بەو جۆرە دەتوانین بڵێین مەستوورە لە سەرەتای ئافراندنی مێژووەکی فەلسەفیدا بووە، بەڵام پێی نەگەییوە و ڕوانینەکەی بۆ بواری مێژوو بەتەواوی ڕوانینێکی هزرگەرانە نییە و بەو پێیە کتێبەکەی ناچێتە ڕیزی ئەو مێژووە فەلسەفییانەی لە پۆلێنکارییەکەی هێگێلدا ئاماژەی پێ کرابوو.

ئەو سەرچاوانەی لە مێژووی ئەردەڵاندا کەڵکیان لێ وەرگیراوە:

١- شوێنەوارە مێژووییەکان: مەستوورە لەمەڕ باسی حوکمداری میرەکانی ئەردەڵان لە زۆر جێی کتێبەکەیدا ناوی ئەو شوێنەوارە مێژووییانە دێنێ کە میرەکانی ئەردەڵان سازیان کردوون و وەک شایەتێکی زیندوو لە ڕابردوودا ناوی بردوون و بەو شێوەیە باری واقعی و ڕاستییەکی زۆرتر بەپێدراوە مێژووییەکانی خۆی دەبەخشێ. بەتایبەت لەو بارەوە کە ئەو ئاسەوارانە ئەمڕۆکە وەک مێژووی بەرهەستی هەر نەتەوەیەک دێنە ئەژمار.

١- کتێبەکان: مەستوورە بۆ نووسینی مێژووەکەی خۆی لە کتێبگەلی مێژوویی وەک (زبده التواریخ)ی مەلا محەمەد شەریفی قازی و (تصنیف-ی خوسرەو بەگ) کەڵکی وەرگرتووە و لە زۆر شوێنی مێژووی ئەردەڵاندا، لە کاتی بەراورد

و هەڵبژاردنی قەرینە جیاوازەکانی مێژووییدا ناویان دەبا.

٢- سەرچاوە زەینییەکان: لێرەدا مەبەستمان لە سەرچاوە زەینییەکان، ئەو شتانە بووە کە مەستوورە بەشێوەیەکی زیندوو بەچاو بینیویە و بەگوێ بیستوویە، یا لە زمان خەڵکی دەوروپشتی بیستوویە و لەوانەش کەڵکی لە قسەی بڕوا پێکراوانی خۆی بۆ نووسینی هەندێ بەشی کتێبەکەی، وەرگرتووە.

٣- ئوستوورەکان: مەستوورە کاتێ دەست بەنووسینی مێژووەکەی خۆی دەکا، لە بابەت ڕوونکردنەوەی بنە و بنەچەکی کوردانەوە دەستەوداوێنی ئەفسانەی زوحاک دەبێ و ئەو ئەفسانەیە لە کتێبەکەیدا دەگێڕێتەوە.

ئەگەرچی مەستوورە هیچ جەخت و پێداگرییەک لەسەر ڕاستبوونی ئەو بابەتە ناکا و تەنانەت هەوڵی ئەوەی هەیە کە بابەتی دووهەم لەمەڕ بنە و بنەچەکی میرەکانی ئەردەڵانەوە بسەلمێنێ - کە لە ماکەی ئوستوورە بەدوورە - بەو حاڵەشەوە بەسەرنجدان بەو ئەفسانەیە، دەبینین ئەو کارەی مەستوورە کارێکی بەبایەخە. لە مێژووەکانی (سوورییانی)دا کە زۆرتریان لە سەدەی پێنجەمی زایینی بەدواوە نووسراون، ئەفسانەی دەمارگرژانە هێندە زۆر باس کراوە کە باوەڕکردن بەبابەتەکانی تری ئەو کتێبانەی لەگەڵ دڕدۆنگیی ڕووبەڕوو کردووەتەوە. ئەو خاڵە لەمەڕ مێژووی (ئەرمەنی)شەوە وەڕاست دەگەڕێ. هۆی هەبوونی ئەفسانە لە مێژوودا ڕەنگە بتوانین ئاوا لێک بدەینەوە کە چۆن گێڕانەوەی مێژوو لە ڕابردوودا پشت ئەستوور بەگێڕانەوەی زارەکی بووە و لەو جۆرە ڕاگوازتنەشدا بەردەوام ئافەتی لە بیرچوونەوە، کەمتەرخەمی و پەلەپڕوزێ بوونی هەیە. ئاساییە کە جار ناجارێ ویستی تاکەکەسی و خەیاڵپەروەری بەمەبەستی هەوڵ بۆ دەسەڵات بەخشین بەسەرچاوەی مێژوویی (بۆ وێنە پاڵەوانەکان) دەخزێتە ناو بابەتەکانەوە. لێرەدایە کە چۆنەتیی بیچم گرتنی ئوستوورەکان لە نێو ڕاستییە مێژووییەکاندا ڕوون دەبێتەوە.

هێگڵ ئەفسانە و سروودە ڕەشۆکییەکان و ستایشی شاعیرانەی خواکان بەتەواوی لە جەغزی مێژوو وەدەردەنێ(١٣). چونکو لەسەر ئەو بڕوایەیە، مێژوویەک ئاوێتەی ئەفسانە بێ لە پانتای مێژووی فەلسەفیدا جێی نابێتەوە. بەپێی قسەکەی هێگڵ بەسەرنجدان بەوەی کە مێژوو دەبێ بەتەواوی لەسەر

ڕاستییەکان دامەزرا بێ. کەواتە بەهیچ چەشنێ ئامادەبوونی ئەفسانە لە مێژوودا ڕەوا نییە. هێنانەوەی ئەفسانە لە مێژوودا دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و تەماویبوونی ڕەوتە نەناسراوەکانی مێژوو؛ چونکە ئەفسانەکان شوناسی مێژووییان نییە. بەڵام لێرەشدا خاڵێکی تەماوی لە باسەکەی هێگێلدا وەبەرچاو دەکەوێ، کە دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانین بەتەواوی ئەو باسە وەرگرین و دانی پێ دابنێین. هەروەک گوتمان بەسەرنجدان بۆ بیچم گرتنی ئەفسانەکان لە مێژوودا دەبینین جاری وایە ماکەگەلێکی ڕاستی و واقعی دەبنە هۆی بەدی هاتنیان؛ چونکە باسی مرۆڤ دەکەن، بابەتەکانیش دەدەنە پاڵ مرۆڤەوە، لەو تایبەتمەندییەدا لەگەڵ مێژوو هاوبەشن. بەڵام لە ئەفسانەکاندا سنووری ڕاستییەکان بەهیچ چەشنێ دیاری ناکرێ. بەڵام دیسانیش لەبەر ئەو تایبەتمەندییانەی باسمان کرد، ئەفسانەش دەتوانێ کەڵکی بۆ توێژینەوەیەکی مێژوویی هەبێ. بۆ وێنە دەتوانین لە ڕووی دەقی ئەفسانەیەکەوە نیشانەکانی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتیی خەڵک لە سەدەکانی ڕابردوودا بناسینەوە. لێرەوەیە کە دەتوانین ئەفسانەی زوحاک لە مێژووی ئەردەڵاندا، وەک هێمای بیرکردنەوەی کوردانی ڕابردوو بۆ دەسەڵات بەخشینی کۆمەڵایەتی بە سەرچاوە و بنەچەکی خۆیان لە بەرچاو گرین. لێرەشدایە کە بایەخی ئەفسانە دەکەوێتە ڕوو. هەڵبەت هەروەک گوترا ئەفسانەیەک کە مێژوونووس بەهیچ چەشنێ هەوڵی سەلماندن یا سەپاندنی نەبێ.

خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی مێژووی ئەردەڵان:

تا ئێستا زۆر خاڵمان لەمەڕ شەرح و هەڵسەنگاندنی بەشە گرنگەکانی مێژووی ئەردەڵان خستووەتە ڕوو. بەڵام جگە لەوانە زۆر خاڵی تر هەن کە بۆ پەی بردن و بایەخی زیاتری ئەو کتێبە، ناتوانین پشتگوێیان خەین. لێرەدا هەوڵ دەدەین هەندێ لایەنی تری ئەو کتێبە وەک لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکان بخەینە بەر باس:

١- بەشێوەیەکی ئاسایی گرووپ یان کەمینە مەزهەبی و نەتەوەییەکان، لە کاتی نووسینی مێژووی خۆیاندا هەمیشە تێ دەکۆشن لەبەر بارودۆخێکی نالەباری کە هەیانە یان بوویانە مەزڵوومییەتێکی ئەزەلی بەخۆیان ببەخشن و هەمیشە خۆیان وەک ستەم لێکراو بنوێنن. لە بەرانبەردا ڕووخسارێکی ئەهریمەنی بۆ دوژمنەکانیان دەنەخشێنن. بەبڕوای بیرمەندانی بواری مێژوو ئەو بابەتە لە

مێژوونووسیدا وەک شکاندنی سنووری ڕاستەقینە و نەخۆشکردنی ڕووحی مێژوو چاوی لێ دەکرێ. سەرەڕای ئەوەی بەداخەوە ئەو مەزڵووم نواندنە تا ئێستاکەش لە مێژووی نووسەرانی کورددا بەرچاو دەکەوێ؛ بەڵام لە مێژووی ئەردەڵاندا ئەو خاڵە بەهیچ لەونێک زەق نەکراوەتەوە و ڕووحی ڕووداوەکان بەهیچ چەشنێ بەرەو سەلماندنی مەزڵوومبوون یان زاڵمبوونی لایەنێکدا نەگەڕاوە.

٢- مەستوورە بەوەبیرهێنانەوەی خاڵە نەرێنی و کارە ناڕەواکانی میرانی ئەردەڵان و بەنیشاندانی بێ کیفایەتیی ئەوان - بەتایبەت ئەوانەی پێوەندییان بەمیرەکانی هاوسەردەمی خۆیەوە هەیە - لایەنە لاواز و نەخۆشەکانی ئەو هێزە سیاسییە لە ڕادەی خۆیدا بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە. بەو شێوەیە بۆ (من)ێکی مێژوویی کورد کە ئەمڕۆکە دەمەوێ مێژووی خۆم بناسم و حازرم لە هەڵەی ڕابردووەکان دوور کەومەوە، جۆرێک مێژووی کاربردیش پێک دێنێ. بەو واتایەی کە مەستوورە ئولگویەکی سیاسی بەهەموو چاکە و خراپەکانیەوە دەنەخشێنێ، تا منی مێژوویی بتوانم لە دامەزراندن و پێکهێنانی لایەنێکی سیاسی لە ئێستا یان داهاتوودا، ئەزموونەکانی زنجیرەی مێژووی مەستوورە وەرگرم و دەکاریان بێنم.

٣- ئەو دەستەیە لە مێژوو کە لە دیوەخانی حوکمداران و لەمەڕ خودی ئەوانەوە و بەدەستووری ئەوان نووسراوە، بە(مێژووی فەرمی) ناسراون. مێژووی ئەردەڵان لەو بارەوە کە لە ناوەندی دەسەڵاتداری و لە دیوەخاندا نووسراوە، دەتوانین بە(نیمچە فەرمی) بناسین. بەو جیاوازییەوە کە ئەو مێژووە بەدەستووری ئەمیر یان حاکمێک بۆ وەرگرتنی خەڵات و بەرات نەنووسراوە، بەڵکو نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دەڵێ کە بەپێی ویستی دەروونیی خۆی دەستی کردووە بەنووسین. ئەوەش زۆرێک لە شتەکان دەگۆڕێ؛ بۆ وێنە مێژوونووس ڕاستییە مێژووییەکان لە بەردڵی کەس ئاوێتەی درۆ و دەلەسە ناکا. هەروەها نووسرانی کتێبەکە زۆرەملێ نەبووە؛ نووسەر بەپێی هۆگری و ویستی تاکەکەسیی خۆی هەوڵی خولقاندنی ئەو کتێبەی داوە و بۆ کامڵتر کردنیشی لە هەموو توانا و ئیمکانێک کەڵکی وەرگرتووە.

٤- مێژووی ئەردەڵان سەرەڕای ئەوەی لە بواری مێژوودا وەک مێژوویەکی ناوچەیی دەناسرێ، کە لەسەر بنەمای شەرح و باسی میرەکانی بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراوە، بەڵام ئەو جوغرافیا مێژووییەی کە نەخشاندوویەتی زۆر بەرینترە لە پانتاییی سەرەکیی باسەکە و جاری وایە تەنانەت دەرەوەی کوردستانیش دەگرێتەوە. بۆ وێنە کاتێ لەو کتێبەدا باسی چۆنەتیی حوکمداری خان ئەحمەد خانی یەکەم دەکا، بەردەوام باسی شارەکانی باشووری کوردستانیش دەکا، یان ناوی حاکمەکانی ساوجبلاغی موکری دێنێ. جگە لەوانە مەستوورە مێژووی کوردستانی، بەشێوەیەکی پێوەندیدار و تەریب لەگەڵ مێژووی سەڵتەنەتی قاجارەکان لە ئێران و قەڵەمڕەوی عوسمانی لە عێراق بەدەستەوە داوە و لەمەڕ ڕۆژئاوای ئێرانیشەوە بۆ سەردەمی خۆی وەک سەنەدێکی تەواو دێتە ئەژمار. جگە لەوەش مێژووی ئەردەڵان تەنیا مێژووەکی سیاسی نییە. چون لە مێژووەکانی ناوچەییدا بەشێوەیەکی ئاسایی جەخت لەسەر بنەماڵە ناودارەکانی ناوچە دەکرێ و مێژووی ئەردەڵانیش لەو یاسایە بەدەر و بەدوور نییە. ئەو کتێبە سەنەدێکە بۆ ئاگاداری لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی ناوچەی ئەردەڵان. یان ئەوەی کە لە زۆر شوێنی کتێبەکەدا باسی (تۆپخانە) و (زەمبوورەکخانە)ی میرەکانی ئەردەڵان دەکا(١٤)؛ ئەوەش لە ڕاستیدا ئاماژەیە بەتوانای چەکداریی حاکمە کوردەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا. لە لایەکی ترەوە باسی کار و چالاکی میرەکانی ئەردەڵان لە بواری بیناکردنی مزگەوت و ئاسەواری میعماری دەکا، ئەو باسانەش هەندێ ڕاستی لەمەڕ هەبوونی ئەو پیشە و تەکنیکانە لەو سەردەمی کوردستاندا بۆ ئێمە خۆیا دەکەن و بۆ ئاگاداری لە شێوازی بیناسازی و میعماری ئەو سەردەمە بەسەرنجدان بەئاسەواری ئەو بینایانە وەک سەرچاوە دێتە ئەژمار. جگە لەوەش پێوەندیی سیاسی حاکمانی ئەردەڵان و حاکمانی بابان کە لە چوارچێوەی جوغرافیاییی قەڵەمڕەوی عوسمانیدا بوون، جگە لەوەی دەستتێوەردانی هێزەکانی قاجاری و عوسمانی لە ڕەوتی سیاسی میرنشینە کوردەکان دەردەخا، زانیارییەکی باشیشمان لەمەڕ میرنشینی بابان پێ دەبەخشێ. یان لە شوێنێکی تر، واتە لاپەڕەی سەدی کتێبەکەیدا ئاماژە بە(بیگلەر بەیگی)گەریی (سوبحان وێردی خان) لە

تاران دەكـا، كـە ئەو خـاڵەش نیـشـاندەری بوون و ئـامـادەیی مـێـژوویـی كـوردەكـانە لە نـاوچە غـەیرە كـوردەكـان و دەسـەڵاتداریی كـوردان بەسـەر ناوەندێكی دەسـەڵاتی وەک تـاراندا بۆ ئێمـە وەدەردەخـا. بەو شێوەیە دەتوانین بڵـێین مـەسـتـووره مـێـژوویـێكی بەرینتـر و مـەزنتـری لە ناوی كـتـێـبەكـەی خـۆی نووسـیـوە هـەروەک چۆن بەهـەندێ هەڵوێستـەكردن دەتوانین بەو ئـاكـامـە بگەین كە مـێـژوونووس هەرگـیـز خـۆی لە حـەسـاری مـێـژووی سـیـاسـیـی ڕێكدا نەبەسـتـووەتەوە و لە سـەرووی مێژووی سیـاسـیی ئەو میرنشـینەی مـەبەسـتی بووە، بارودۆخی سیاسیی ئێران، بۆ وێنە ڕووبەڕووبوونەوەی چەكداریی ئێران و ئەفغانەكـان لە سەردەمی سەفەوییەكاندا و شـەڕی ئێران و ڕووس لە زەمـانی (فەتح عەلی شـای قـاجار)دا باس دەكا. پێوەندیی سیاسیی ئێران و عوسمانی و شوێنی ئەو پێوەندییە لەسەر بارودۆخی كوردەكان و بارودۆخی كوردسـتان هـاوكات لەگەڵ پاشایەتیی نادر شـای هەوشار دەخاتە ڕوو. ئەوانە و زۆر شتی تری لەو بابەتە بایەخی كاری مێژوویی مـەستوورەیان چەند بەرابەر كردووە و ئەو بەرهـەمـەیان وەک بـەرهـەمـە مـێـژووییـیـەكـەی (مـوزێری)ی ئـاڵمـانی لێ كردووە(١٥). موزێریش ویستی كتێبی مێژووی شـارەكەی خۆی بنووسێ، بەڵام ئەمڕۆكە كتـێبـەكەی وەک مـێژووی تەواوی ئـاڵمـان باسـی لێ دەكرێ. ئەگـەرچی ئێمە كـارەكەی مـەسـتـووره بەتەواویش هـاوشـێـوە و هـاوشـانی كـارەكەی مـوزێر دانانێین، بەڵام مێژووی ئەردەڵانیش شتێكی لەو بابەتەیە.

٥- خـاڵێكی تری جێی ئـامـاژە، دەسـتـنیـشـانكردنی ئەدەبیـاتی مـێژوویی ڕیتم و سـەروادار و زمـانێكی پتـەو و ئەدەبیـانەیە كـە مـەسـتـووره بەباشـی كـەڵكی لێ وەرگرتووە و هـەر ئەو شـێـوازە نووسـینەش تێگەیشـتنی باسـە مـێـژووییـەكـانی شــیــرین و ســانـا كــردووەتەوە. ئـەوەش نیـشــاندەری توانـا و دەســەڵاتـی ئەو مـێـژوونووسـە كـوردزمـانە لە پـانتـای زمـانی فـارسـیـدایە. ئەگـەرچی زمـانی فـارسی، زمانی دووهـەمی مەسـتووره بووە، بەڵام ئەو بەدەسەڵاتێک كە لەسـەر ئەو زمـانـە هـەیەتی نـاو بەنـاو كـتـێـبـەكـەی بەبەیتـە شـیـعـری جـوان و لەبار ڕازاندووەتەوە. هەڵبـەت ئەو شـێـوە نووسـینـە، زۆرتر شـێـوەی مـێـژوونووسـانی ئێرانی بووە كە چێژێكی تایبەتی بەدەربڕینی مێژوویی بەخشیوە.

سـەرەڕای ئەو هـەمـوو خـاڵە بەكـەڵكەی كـە ئـامـاژەمـان پـێ كـرد، كـتـێـبـەكـەی

مەستوورە بێ عەیب و ئیرادیش نییە. یەکێ لەو ئیرادانەی دەتوانین ڕووبەڕووی کتێبەکەی مەستوورەی کەینەوە ئەوەیە کە مەستوورە لە دوو شوێنی کتێبەکەیدا لە باری زەمانی مێژوویییەوە تووشی هەڵە بووە، بۆ وێنە هاوکات لەگەڵ (شا تەهماسبی سەفەوی) لە قەڕاڵی عوسمانی (سوڵتان سولەیمان) حوکمەتیی کردووە، کەچی مەستوورە بەهەڵە ناوی (سوڵتان سەلیم)ی هێناوە. ئەوەش لەبەرئەوەیە کە مەستوورە لە سەرچاوەیەک بەناوی (زبدە التواریخ) بۆ نووسینی ئەو بابەتە کەڵکی وەرگرتووە و لەو کتێبەشدا بابەتەکە بەهەڵە هاتووە، پێویست بوو مێژوونووس بۆ نووسینی ڕووداوەکان بەسامانێکی لێکۆڵینەوەیی زیاترەوە دەستی بەکار کردبا. یان هاوکات لەگەڵ پاشایەتیی شا سوڵتان حوسێنی سەفەوی باسی ئامادەبوونی چەکداری نادر شای هەوشار لە کوردستان دەکا کە ڕاست نییە و نادر پاش ڕووخانی پاشایەتیی شا سوڵتان حوسێن دێتە ڕۆژاوای ئێران.

خاڵێکی تر کە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە؛ مەستوورە وەک مێژوونووسێکی کورد و بەپێی توانایییەک کە لە زمانی کوردی و لە نووسینی شیعری کوردیدا بوویەتی، بۆچی مێژووەکەی خۆی بەزمانی کوردی نەنووسیوە. ئەو پرسیارە لە بارەی (شەرەفخانی بەدلیسی)شەوە وەڕاست دەگەڕێ کە لە ڕاستیدا ناسنامەی گەلی کوردی نووسیوە. لەمەڕ شەرەفخانەوە دەتوانین بڵێین لە سەردەمی ئەودا، واتە ٥٠٠ ساڵ لەوەپێش، زمان و ئەدەبیاتی کوردی ئەوەندە بەهێز نەبووە کە بتوانێ ببێتە هۆی ئافراندنی کتێبێکی مەزنی وەک شەرەفنامە، بەڵام لە سەردەمی مەستوورەدا زمانی ئەدەبی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر خۆی گرتبوو. لێرەدا نامەوێ ئەو کارە بۆ مەستوورە پاساو بدەمەوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە زەمانی مەستوورەدا زمانی فارسی، زمانی زاڵی ئەدەبیاتی مێژوویی بووە و بەر لە مەستوورە هیچ بەرهەمێکی مێژوویی بەزمانی کوردی نەنووسراوە، دوای ئەویش تا چەند دەیە لەوەپاش وەها بەختێک ڕووی لە کورد نەنا. دەنا ئەگەر مێژووی ئەردەڵان بەزمانی کوردی نووسرابا ڕەنگە زۆر شتی بەنرخی تری لێ هەڵکرابا. هەرچەند ئێستاکەش ئەو بەرهەمە بەرز و بە بایەخە.

خاڵێکی تری جێی باس ئەوەیە کە ژمارەی ئەو سەرچاوانەی مەستوورە کەڵکی لێ وەرگرتوون، جگە لە سەرچاوە زەینییەکان واتە ئەوەی بیستوویەتی و

بینیوێتی، تەنیا ئاماژەی بەدوو سێ بەرهەمی نووسراوە کردووە، بۆ وێنە (زبدە التواریخ) و (تصنیف خسروبیگ)(١٦). پێویست بوو مێژوونووس تێکڕای ئەو سەرچاوانەی کەڵکی لێ وەرگرتوون ناو بێنێ تا هەم سامانی مێژوویی کتێبەکە زیاتر و توانا زانستییەکەی پتەوتر با، هەمیش ئەو کتێبانەی لە ڕابردوویەکی دووردا نووسراون و ئێستاکە بەدەستەوە نین ناسرابان و بۆ دیاریکردنی ئەو تەوەرە مێژووییانەی کە ئەم کتێبە ونبووانە دیاریان کردوون تا ئەو شوێنەی بۆی لوابا دەبوو هەوڵ بدا.

ئەوەی خستمانە ڕوو تێکڕای خاڵە باس هەڵگرەکانی بەرهەمی مەستوورەی کوردستانی و کەسایەتیی مێژووپەروەریی ئەو نەبوو، بەڵکو تەنیا تێپەڕینێکی خێرا بوو بەسەر ئەو بەرهەمە مێژووییەدا. بێ شک خستنە ڕووی هەموو لایەنەکانی ئەو کتێبە و ڕوونکردنەوەی کەسایەتیی مەستوورە لە پلەی مێژوونووسێکی کورددا، دەرفەت و تاقەتێکی فراوانتر دەخوازێ.

باسەکەم بەوە کۆتایی پێ دێنم کە، هۆگری بەتێگەیشتن لە واتای زەمان و ناسین و ئاگاداری لە چارەنووسی کۆمەڵگاکان لە گرنگترین کەڵکەڵەکانی ئەمڕۆیە و مێژووی ئێستاکە باشترین ئەزموونی دواڕۆژە و لە دواڕۆژەکانی تریشدا هەر درێژە و دەوامە پەیدا دەکا. مەستوورەش ئەو حوزورە مێژووییەیە کە هەنووکە ئێمەی مێژوویی بەمەبەستی گەیشتن بەخۆئاگایی ڕێنوێنی دەکا، ئێمە پێشکەش خۆمان دەکاتەوە، بەڵکو خودی مێژوویی لە دواڕۆژەکاندا بژێنینەوە.

## بۆکان

### سەرچاوەکان

١- زرینکوب، عبدالحسین، تاریخ در ترازو، تهران، امیر کبیر، ١٣٦٢.
٢- هەمان سەرچاوە.
٣- هەمان سەرچاوە.
٤- مهدی، محسن، فلسفەی تاریخ ابن خلدون، ترجمەی مجید مسعودی، تهران ١٣٧٠.
٥- سجادی، صادق و دیگران... تاریخ نگاری در اسلام، تهران، سمت ١٣٧٥.
٦- بدلیسی، شرفخان، شرفنامە، تصحیح محمد عباسی، تهران: حدیث ١٣٤٨
٧- زرینکوب، عبدالحسین، تاریخ در ترازو، تهران، امیر کبیر، ١٣٦٢.

٨- هەمان سەرچاوە.
٩- هەمان سەرچاوە.
١٠- مهتا، ود، فیلسوفان و مورخان، ترجمەی عزت الله فولادوند، تهران، خوارزمی، ١٣٦٩.
١١- سجادی، صادق و دیگران... تاریخ نگاری در اسلام، تهران، سمت ١٣٧٥.
١٢- هگل، گئورک ویلهلم فردریش، عقل در تاریخ، ترجمەی سعید عنایت، تهران، شفیعی ١٣٧٩.
١٣- هەمان سەرچاوە.
١٤- کوردستانی، مەستوورە، مێژووی ئەردەڵان، وەرگێڕانی د. حەسەن جاف و شوکور مستەفا.
١٥- زرینکوب، عبدالحسین، تاریخ در ترازو، تهران، امیر کبیر، ١٣٦٢.
١٦- کوردستانی، مەستوورە، مێژووی ئەردەڵان، وەرگێڕانی د. حەسەن جاف و شوکور مستەفا.

# مەستووره*

## مێژوونووس و مرۆڤ

محەمەد حەمەباقی

### سەرنج

وەک تا ئێستا زانراوە مەستوورە ئەم بەرهەمانەی بووە:

١- شیعر - کە دواتر سەرجەمی شیعرەکانی بەناوی (دیوانی مەستوورە) وە ٣ جار چاپکراوە:

- جاری یەکەم، ساڵی ١٣٠٤ هیجری هەتاوی (١٢٩٥ز) لە سنە، لە لایەن حاجی یحیی معرفت کردستانییەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

- جاری دووەم، ساڵی ١٣٦٢ هیجری هەتاوی (١٩٨٣ز) لە تاران (نشرما) لە لایەن احمد کرمییەوە.

- جاری سێیەم، ساڵی ١٣٧٧ هیجری هەتاوی (١٩٩٨ز) لە تاران (انتشارات امیر بهادر) لە لایەن سدیق سەفی زادە (بۆرەکەیی)یەوە.

شیعرەکانی ناو چاپی یەکەم و دووەمی دیوانەکەی فارسین. بەڵام چاپەکەی (بۆرەکەیی)، جگە لە شیعرە فارسییەکانی، ٤٦٢ بەیتی کوردی تێدایە، کە زۆربەی شیعرە کوردییەکانی بەدیالێکتی (گۆران)ن. هەندێ شیعری تری بەدیالێکتی کرمانجی خواروو بەپاڵ دراون، کە زمانەکەی و جۆری داڕشتنی و سۆزەکەی لە شیعری مەستوورە ناچن.

٢- مجمع الادباء، کە بێوگرافیی شاعیرانی کوردە.

٣- عقاید - ساڵی ١٩٩٨ لە لایەن عەبدوڵڵا مەردۆخییەوە لە سوێد لە چاپ دراوە.

٤- تاریخ اردلان - ساڵی ١٣٤٣ هیجری هەتاوی (١٩٦٤ز) لە لایەن (ناصر آزاد پور) لە چاپخانەی بەهرامی لە سنە لە چاپ دراوە. دواتر دکتۆر حەسەن جاف و مامۆستا شکور مستەفا، کردوویانەتە کوردی و بەناوی (مێژووی ئەردەڵان)ەوە، لە ساڵی ١٩٨٩ لە بەغدا لە لایەن (دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی)یەوە چاپ و بڵاویان کردووەتەوە.

ئەم تەقەللایەی ئێمە لەم چەند لاپەڕەیەدا، خوێندنەوەیەکی ئەم بەرهەمە مێژووییەی مەستوورەیە، کە بەناوی (مێژووی ئەردەڵان)ەوە ناوی دەبەین.

میرنشینی (ئەردەڵان) دووەمین میرنشینی کوردە، کە دوای میرنشینی (بتلیس) مێژووی فەرمانڕەوایانی خۆی بەڕێکوپێکی تۆمار کردبێ. خۆ ئەگەر (بیرەوەرییەکانی مەئموون بەگی کوڕی بێگەبەگ)(١)، وەک (مێژووی فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان، بەیەکەمین سەرچاوەی مێژوویی وەربگرین، کە ساڵی (٩٨٥ کۆچی-١٥٧٧زاینی)، واتە: (٢٠) ساڵ پێش تەواوکردنی (شەرەفنامە-١٥٩٦ز)(٢) نووسیویێتی، ئەوا میرنشینی ئەردەڵان دەبێتە یەکەمین میرنشینی کوردی؛ کە مێژووەکەی لە لایەن مێژوونووسانی ئەردەڵانەوە، سەرلەبەر و بەسەریەکەوە نووسرابێتەوە.

مەستوورەی کوردستانی: ماهشەرەف خانم (١٨٠٣-١٨٤٧ز) شەشەمین مێژوونووسی دوای ئەو پۆلە مێژوونووسەیە، کە مێژووی فەرمانڕەوایانی ئەردەڵانیان نووسیوەتەوە؛ واتە: مەستوورە دەکەوێتە دوای: مەئموون بەگ، شەرەفخان، مەلا محەمەدی شەریف(٣)، محەمەد ئیبراهیمی ئەردەڵانی(٤) و خەسرەو بەگی ئەردەڵان(٥) و لە ناو ئەمانەشدا جگە لە مەئموون بەگ و شەرەفخان - کە هەردووکیان خۆیان فەرمانڕەوا و میرزادە بوون - ئیتر مەلا محەمەد شەریف، محەمەد ئیبراهیمی ئەردەڵانی، خەسرەو بەگی ئەردەڵان لەسەر ڕاسپاردە و داخوازیی ڕاستەوخۆی خەسرەوخانی ئەردەڵان (؟ -١٧٩١ز)، ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان (١٧٧٥-١٨٢٤ز) و خەسرەوخانی ناکام (١٨٠٠-١٨٣٤ز)، دەستیان بەنووسینەوەی مێژووی فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان کردووە؛ کە دیارە دەبێ بزانین مەستوورەی کوردستانیش، لە سەردەمی (محەمەد ئاغا)ی باپیری خۆیەوە؛ کە خەزوور و فەرماندەی لەشکر و باوەڕپێکراوی نزیکی ئەمانوڵڵاخانی گەورە بووە، تا ڕۆژگاری (ئەبولحەسەن بەگ)ی باوکی، کە ژنبرای ئەمانوڵڵاخان و جێی متمانەی بووە، تا ژیانی ڕاستەوخۆی خودی مەستوورە - کە هاوسەری خەسرەوخانی دووەم (ناکام) بووە - لەگەڵ سەرلەبەری مام و خزمەکانیدا، لە ناوچەرگەی داودەسگای فەرمانڕەوایەتی ئەردەڵاندا، هەمەکارە و نووسەر و کاربەدەستی بالابوون و لە سەرچاوەی هەواڵ و فەرمان و بڕیارەکانی فەرمانڕەوایانەوە نزیک بوون(٦).

کەواتە مەستوورە جگە لەوەی پشتاوپشت بەبنەماڵە، لە دەسگا باڵاکانی

فەرمانڕەوایەتیی ئەردەڵاندا بوون، لە هەمان كاتدا لە ناو خێزان و كەشوهەوایەكی خوێندەواری و ڕووناكبیریدا پەروەردە بووە و لە كتێبخانە دەوڵەمەندەكانی ئەردەڵانیشەوە نزیك بووە و ئەمانەش هەموویان یارمەتی و پشتیوانیی مەستوورەیان داوە تا (مێژووی ئەردەڵان)ەكەی بەبەراورد لە چاو مێژوونووسانی بەر لە خۆیدا، تێروتەسەلتر و دەوڵەمەندتر بێ.

مێژوونووسەكانی ئەردەڵان (بەمەستوورەشەوە – جگە لە مەئموون بەگی بێگە بەگ)، هەموویان لەو كاتەوە مێژووی میرانی ئەردەڵان و میرنشینەكەیان و ڕووداوەكانی كوردستان دەنووسنەوە، كە پێشتر شەرەفخانی بتلیسی (١٥٤٣ – ١٦٠٤ز)، لە (شەرەفنامە)دا، مێژووی میرانی ئەردەڵانی تا ساڵی ١٥٩٦ز باس كردووە؛ واتە: هەموویان لە باسی مێژووی میرانی ئەردەڵاندا، زانیارییەكانی (شەرەفخان)یان دووبارە كردووەتەوە، كە تا ساڵی ١٥٩٦.ز. باس كردووە. لە پاڵ ئەمەشدا، لە كاتێكدا هەموویان ڕووداوەكانی میران و میرنشینی ئەردەڵان و كوردستان، بەجیا لە ڕووداوەكانی ئێران، تۆمار دەكەن و وەك مێژوویەكی سەربەخۆ دەینووسنەوە. ئەمانە هەمووی نیشانەی هەستی نیشتمانی و نەتەوەییی ئەم پۆلە مێژوونووسەیە؛ بەوەی بەشانازییەوە باسی سەربەخۆییی كاروباری ناوخۆیان و ستایشی جوامێری و ئازایەتی و بەخشندەییی میر و مەزنەكانیان دەكەن و داستانی قارەمانێتیی شەڕەكانیان دەگێڕنەوە(٧) و دەیانەوێ بەڕێچكەی (شەرەفخان)دا (مێژووی كوردستان) بنووسنەوە.

لەمانەش لەبەرچاوتر و سەرباری ئەم پەیامەش، مەستوورە پێچەوانەی مێژوونووسەكانی پێش خۆی و ئەوانەش لە دوای مەستوورەوە مێژووی میرانی ئەردەڵانیان نووسیوەتەوە، تاقانە مێژوونووسێكە كە بنەچەی میرانی ئەردەڵان، بۆ سەر بنەچەی (ئەردەشێری بابەكان) دەباتەوە(٨). كە دیارە ئەمەیشی لەو بڕوایەوە هێناوە، گوایە زنجیرەی دەسەڵاتدارانی (ساسانی)، لە كوردانی (شوانكارە)ن.

ئیتر هەر لێرەوە لە ڕەهەندەكانی بیری مەستوورە دەگەین، كە لەلایەكەوە پێمان دەڵێ: لە بەرنامەیەكدا بەشوێن ڕەسەنترین ڕەچەڵەكی كورددا چووە و لە لایەكی تریشەوە پێمان دەڵێ: دەبێ بەچاوێكی جیاواز و تایبەت سەیری بیركردنەوە و كەسایەتیی مەستوورە بكەین، نەك وەك ئافرەتێكی سێبەری ئەو پۆلە (پیاو)ە

مێژوونووسەی بەر لە مەستوورە مێژووی ئەردەڵانیان نووسیوە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە لە نووسینەوەی (مێژووی ئەردەڵان)ەکەیدا، سەرپێچی لە ڕێباز و بەرنامەی مێژوونووسانی پێش خۆی بەگشتی و لە (شەرەفخان) بەتایبەتی کردبێ؛ چونکە ئەمیش وەک ئەوان و ئەوانیش پەیڕەویان لە ڕێبازەکەی (شەرەفخان) کردووە و هەموویان ڕێبازەکەیان بریتی بووە لەوەی سەرباسەکانیان بەناوی (میرەکان) یان (کەسەکان) دەست پێ بکەن و لەوێوە، لەژێر ناوی ئەواندا ڕووداوەکانیان گێڕاوەتەوە.

جگە لەمەش لە هەمان کاتدا ئاماژە بەو سەرچاوانەش دەکات، کە لە نووسینەوەی (مێژووی ئەردەڵان)دا، کەڵکی لێ وەرگرتوون. بەتایبەتی هەردوو مێژووەکەی (زبدە التواریخ)ی مەلا محەمەد شەریف (قازی ئەردەڵان) و (لب التواریخ)ی خوسرەو بەگی ئەردەڵان(٩). جیا لەوەی لە زۆر پەرەگرافدا کە بەپێویستی زانیبێ، شیعری فارسی، شیعری شاعیرانی تر، پەندی عەرەبی و ئایەتی قورئانی، لەگەڵ گێڕانەوەکاندا گونجاندووە، کە ئەمانەش هەمووی، بەڵگەی ئەوەن مەستوورە، خاوەن پلەیەکی باڵای ڕۆشنبیری بووە.

مەستوورە لەمەڕ چۆنێتیی دەستپێک و نووسینەوەی (مێژووی ئەردەڵان)ەوە، لە بەراییەوە هەندێ وشەی برووسکەئاسا دەنووسێ، کە بۆ ئاگاداری لەسەر بەرنامەی نووسینەکەی، دەبێ ئاوڕی خێرایان لێ بدەینەوە.

١- مەستوورە دەنووسێ: (پاش متالاو و نامە گۆڕینەوە...)(١٠)؛ واتە: بەرلەوەی قەڵەم بخەمە سەر کاغەز و تاکە وشەیەکیش بنووسم، دەستم بەخوێندنەوەی سەرچاوە و کەرەسەی نووسینی مێژووەکەم کرد، ئەوسا کەوتمە نامە نووسین و پرس و ڕاوێژ گۆڕینەوە لەگەڵ شارەزایان و ئاگاداران و ڕووناکبیراندا(١١)؛ تا زۆرترین زانیاری لە زۆرترین سەرچاوەوە کۆ بکەمەوە و لێیان هەڵبژێرم. کە ئەم بەرنامەیەی مەستوورە، لە هەمان کاتدا فراوانترکردنی ئەو ڕوانگە و ئاسۆیەیە کە مێژوونووسانی بەر لە مەستوورە لێیانەوە نواڕیوە و زانیارییەکانی یەکتریان دووبارە کردووەتەوە.

هەڵبەتە کە دەڵێ: (پاش متالا و...) مەبەستی خوێندنەوەی سەرچاوەیە لەسەر کەرەسەی خاو و بابەتی مێژوویی؛ ئەگینا مەستوورە زۆر پێش دەستپێکردنی

نووسینەوەی (مێژووی ئەردەڵان)، بەردەوام لە کتێبخانە دەوڵەمەندەکانی خۆیان و سەرانی ئەردەڵاندا خەریکی خوێندنەوە و موتاڵا بووە و هەر دوای فێربوونی نووسین و خوێندنەوە، وەک خۆی دەڵێ: (کە دەستم خامەی ئاشنایی گرت... مەیلی سروشتیم و ئارەزووی زگماکم، بەمتاڵای کتێبان دەبزووت...)(١٢).

٢- مەستوورە لە بارەی بەرنامەی مێژووەکەیەوە دەنووسێ: (بەسروشتی بلێسەدار و زەینی ڕەخنەگرانەوە...)(١٣)؛ واتە: بەشەوق و تاسەیەکی ئاگرینەوە کەوتمە سەر کەڵکەڵە و خولیای نووسینی مێژووی ئەردەڵان. بەڵام لە کاتی نووسیندا، سنوورم بۆ ئەم تاسە و پەرۆشە ئاگرینە دیاری کرد و نەمهێشت سنووری هۆش و زەینی ڕەخنەگرانەم بتەنێتەوە؛ بەڵکو بەگیانی ڕەخنەگرانەوە، ڕەخنەم لە ئەزموونی نووسەرانی پێش خۆم و هەڵسەنگاندنەکانی خۆمیش دەگرت و هەمیشە بەگیانی پرسیار لەخۆکردن و توێژینەوەوە، لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەژیام. بۆیە لە کاتی نووسینەوەی مێژووەکەیدا و لە بەرامبەر هەر ڕووداوێکدا، کە زۆر لێی دڵنیا نەبووبێ و بۆی بووبێتە جێی لەسەر وەستان و دڵەڕاوکە، دەنووسێ: (ئەقڵی بێ خەوش و چێژ و سەلیقەی ڕاست، ئەم قسەیە ناسەلمێنێ)(١٤) یان: (خوا هەر خۆی لە ڕاستیی هەموو شتێ ئاگادارە)(١٥) یان: (خوا بۆ خۆی دەزانێ)(١٦) (زانست هەر لای خوایە)(١٧).

ئەم هەست و هۆشە پڕ لە ڕامانەی مەستوورە، لە نووسینەوەی مێژووی ئەردەڵاندا هەر بەتەنیا لەم چەند ڕستە خێرایانەدا دەرناکەون؛ بەڵکو لە یەکەمین خوێندنەوەی مێژووەکەیدا، هەست بەوە دەکرێ کە مەستوورە، هەر لە سەردەمی منداڵی و هەرزەکارییەوە، بەچاوی سەرنج و توێژینەوەوە، ڕووداوەکانی نزیک و دووری خۆی هەڵسەنگاندووە و دەرکی بەوە کردووە؛ کە ئەو جوگرافیا و پلەوپایەیەی خۆی و بنەماڵەکەی تیایدا دەژین، لە لووتکەی داودەسگاکانی میرنشینەکەوە نزیکە و دەبێ سەرنجی وردیان بدرێتێ.

لەم بوارەدا مەستوورە لە باسی ناوبانگی قەڵای (حەسەن ئاوا)دا دەنووسێ: (باسوخواسی لە هەموو دیرۆک و مێژووی دنیادا تۆمار کراوە و پەسن و وەسفی لە پەڕتووک و دەفتەری زۆرینەی جیهاندا نووسراوە... من ئەم کەمینەیە، بەچاوی خۆم دیتم باڵیۆزی ڕووس و ئینگلیز، لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی ئەمانوڵڵاخانی

والیدا بەناوی دیتنی ئەم قەڵایەوە بەسەر کوردستان (سنە)دا تێپەڕین و لەگەڵ ئەوەشدا، کە قەڵاکە وێرانە بوو، سەردانی شوێنەوار و کەلاوەکەیان دەکرد)(١٨).

ئەم بیرەوەرییەی مەستوورە دەیگێڕێتەوە، یادگاری ساڵانی پێش چوونێتی بۆ حەرەمسەرای خەسرەوخانی هاوسەری، کە لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا، واتە: لە ١٨٢٨ز دا بووەتە هاوسەری؛ کە دیارە مەبەستیشی لە باڵیۆزی ئینگلیز هەر دەبێ: جان مالکوڵم (١٧٦٩ز – ١٨٣٢ز)(١٩) بێت کە ٣ جار سەردانی شاری سنەی کردووە، بەڵام ٢ جاریان پێش سەدەی نۆزدە و جاری سێیەمیش ساڵی ١٨٠٨ز چووەتە سنە و لەم ساڵانەشدا دیارە مەستوورە تەمەنی هەر نزیکەی ٥ ساڵانە و بۆ ئەو تەمەنەش، مایەی زیرەکییە، ئەگەر بزانێ ئەو گەڕیدەیە باڵیۆزە، یا نا!

بەڵام ئەو کاتەی (ڕیچ) سەردانی شاری سنەی کردووە، تەمەنی مەستوورە لە دەوروبەری (١٦–١٧) ساڵاندا بووە (ڕیچ)یش کە لە هاوینی ساڵی ١٨٢٠ز دا، چووەتە (سنە)، باسی ئەوە ناکات سەردانی (قەڵای حەسەن ئاوا)ی کردبێت. لەبەرئەوە – وەک وتمان – هەر دەبێ مەستوورە مەبەستی لە باڵیۆزی ئینگلیز، (جان ماڵکۆڵم) بێت، نەک (کلۆدیوس جێمس ڕیچ)(٢٠).

هەر لە بواری گێڕانەوەی بیرەوەریی سەردەمی منداڵێتیی خۆیدا، بیرەوەرییەکی گرنگ سەبارەت بەناکۆکی و ناتەبایی نێوان میرنشینی ئەردەڵان و بابان دەگێڕێتەوە، کە لە کاتی خوێندنەوەیدا دەم ودەست خوێنەر هەست بەپەژارەی مەستوورە دەکات و لە دوتوێی گێڕانەوەکەدا خۆزگەیەکی شاراوەی مەستوورە هەست پێ دەکات، بۆ ئەوەی ئەنجامەکەی بەجۆرێکی تر بکەوتایەتەوە، کە پوختەکەی بەمجۆرە بووە:

ساڵی (١١٣٦ک – ١٧٢٣ز)، خانەپاشای میری بابان هێرش دەکاتە سەر شاری (سنە) و دەیگرێ و دواییش وەک مەستوورە دەڵێ: «لەو جێگایەی کە ئێستا باخێکە و نموونەی بەهەشتی بەرینە و نزیکی کۆشک و تەلاری مەرکەزی میرنشینە و بەفیردەوس بەناوبانگە، قوتابخانەیەکی بنیات نا و لە مەودایەکی کورتدا، لە منارەیەکی جوانی لێ دروست کرد، تا سەردەمی فەرمانڕەوایی پڕ شانازیی ئەمانوڵلاخانیش هەر مابوو و خۆشم دیتم، ئەمانوڵلاخان لەبەرئەوەی

بوونی ئەم منارە و ئاسەواری بەمایەی سەرشۆڕیی ئەردەڵانەكان دەزانی، وێران و خاپوور كرد و داری بەسەر بەردییەوە نەهێشت...»(٢١).

مەستوورە ساڵی ١٨٤٥ز دەستی بەنووسینی (مێژووی ئەردەڵان) كردووە، كە لەم كاتەدا تەمەنی مەستوورە ٤٢ ساڵە و ئیتر دڵنیایە لەوەی لەو تەمەنەدا زەخیرەیەكی زۆری ئاگاداریی ڕاستەوخۆی لە ڕووداوەكانی سەرومڕی نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدە هەیە و ئەم نیو سەدەیەش بۆ هەموو میرنشینەكانی كورد، ناسكترین قۆناغی وەرسووڕانە، لە هەموو ڕوویەكی سیاسی، كۆمەڵایەتی و ڕووناكبیری و دیاریكردنی چارەنووسیانەوە.

مەستوورەش وەك نووسەرانی پێش خۆی، هەر لە شاری سنەدا دەستی بەنووسینی (مێژووی ئەردەڵان) كردووە. كە شاری (سنە) نزیكەی ٢١٠ ساڵ پێش ئەم مێژووەی مەستوورە، وەك دوایین پێتەختی میرنشینی ئەردەڵان بنیات نراوە. بەڵام شاری (سنە) یەكەمین پێتەختی میرنشینەكە نەبووە؛ بەڵكو لە ماوەی نزیكەی ١٥٠ ساڵێكدا، ٤ جار مەڵبەندی دەسەڵات و پێتەختیان لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر، جێگەگۆڕكێ پێ كردووە. لە سەرەتادا لە (قەڵای زەڵم) (٥٦٤ك – ١١٦٨ز) و دواتر لە (قەڵای مەریوان) (٩٦٩ك – ١٥٦١ز) و دواییش لە (قەڵای پڵنگان) و دوای ئەمیش بۆ (قەڵای حەسەن ئاوا) و دوایین جاریش شاری سنەی ئێستایان لە (١٦٣٦ز)دا دروست كرد و بەیەكجاری تیایدا مانەوە، كە مێژوونووسەكانی ئەردەڵان دەڵێن: نیاز لە ڕووخاندنی قەڵاكانی زەڵم، پڵنگان و حەسەن ئاوا ئەوە بووە تا ئیتر هیچ كام لە میرەكانی ئەردەڵان، نەتوانن لە كاتی سەرپێچی و یاخیبووندا لە پاشاكانی ئێران، خۆیانی تێدا قایم بكەن(٢٢). بەڵام ئەم قسانەیان بۆ دڵنەوایی و دڵنیاكردنی پاشاكانی ئێران نووسیوە؛ ئەگینا نیاز لەم جێگەگۆڕكێ و خۆ گەیاندنەوە ناو باوەشی ئێران، خۆ دەربازكردن بووە، لە سنووری دەسەڵاتی عوسمانی و دەستدرێژییەكانی پاشەڕۆژی(٢٣) و خۆپاراستن بووە لەو چەرمەسەری و كارەساتە پڕ مەینەتییانەی بەسەر (وەك نموونە) میرنشینی (بابان)ی هاوسنووری میرنشینی (ئەردەڵان)یاندا هێنا. چونكە ئەگەرچی هەڵكەوتی جیۆپۆلیتێكیی قەڵەمڕەوی ئەردەڵان، شێوە نزیكایەتییەكی لەگەڵ قەڵەمڕەوی (بابان) بووە و لە ماوەی حوكمڕانی میرەكانی ئەردەڵاندا، تووشی گەلێ شەڕ و كێشەی گەورە و خوێناوی بوون، بەڵام بەدرێژاییی چەند

سەدەیەک لە زۆر لایەنی کۆمەلایەتی، ئابووری، سیاسییەوە، لە چاو (بۆ نموونە) میرانی باباندا، ناوچەکەیان پارێزراوتر و ئارامتر و گەشەکردووتر بووە؛ لەبەرئەوەی:

١- میرنشینی بابان زۆرجار لەگەڵ ناوەندی هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانیدا بەشەڕ هاتوون.

٢- میرنشینی ئەردەلان بەلای زۆرەوە هەر لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بەشەڕ هاتوون و لەمەشدا هەڵکەوتی ناوچەکەیان، ئەوەندەی ناوچەی میرنشینی بابان نەدەکەوتە سەرەڕێی لەشکرکێشیی شەڕ و بەیەکدا هەڵپژان.

٣- میرەکانی ئەردەلان لە دوای خۆ خزاندنەوە ناو قەڵەمڕەوی ئێران، هەمیشە و ڕاستەوخۆ لە لایەن شایەکانی دەوڵەتی ناوەندییەوە فرمانی بەڕێوەبردنی میرنشینەکەیان بۆ دیاریکراوە؛ کە ئەم شایانەی ئێران - کەم تا کورتێک - شتێکیان لە مێژووی گەلانی ئێران و کولتووری ناوچەکانی گەلانی ئێران زانیوە، بەپێچەوانەی میرنشینگەلی کوردی ژێر دەسەلاتی عوسمانی، کە هەمیشە لە لایەن یەکێک لە والییەکانی مووسڵ و بەغداوە میرنشینیان بۆ دیاری دەکرا و زۆرینەی ئەو والیانەی مووسڵ و بەغدایش، نەک هەر پێشتر لەناو کۆمەڵگای عوسمانیدا پەروەردە نەبوون و ئاگادارییان لە دابونەریت و کولتووری گەلانی ناو قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆری عوسمانی نەبوو، بەڵکو خەڵکانی دەرەوەی قەڵەمڕەوی عوسمانی بوون و بەهەموو کولتوورێکی گەلانی عوسمانی، نامۆ و نەشارەزا بوون. کە دیارە ئەم دوو جۆر بەڕێوەبردنەش، لە هەردوو بارەکەی ناو ئێران و عوسمانیدا، کاردانەوەی خۆیان هەبووە و لە باری یەکەمدا: شایەکانی ئێران، ڕاستەوخۆ پردی پێوەندیی هەمەلایەنەیان لەگەڵ میرانی ئەردەلانیدا هەڵبەستووە و هاتوچۆ و خزمایەتی و ژن و ژنخوازیشیان لەگەڵ یەکتردا کردووە، بەڵام لە باری دووەمدا: والییەکانی عوسمانی، لە ئاکامی کەمتر لە یەکگەیشتنیان لەگەڵ میرانی کورددا، هەمیشە شەڕ و ئاژاوەیان لەگەڵ یەکتردا هەبووە، هەر لەبەرئەمەش بووە ئەو شەڕ و شالاوەی کە لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی سەفەوی (١٥٠٢ - ١٧٣٦ز)ی شیعە مەزهەبەوە، بۆ سەر ناوچەکانی سوننی مەزهەب و دەوڵەتی

عوسمانی دەکران و لەمەشدا زۆربەی کوردانی خۆرئاوای ئێران و قەڵەمڕەوی ئەردەڵانیشی دەگرتەوە و زیانی زۆری سەرومال، لە کوردانی سوننی مەزهەب دەکەوت. بەڵام دواتر و بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار، لە سەردەمی شا عەبباس (١٥٨٧ – ١٦٢٩ز) بەدواوە، هەندێ لە میران و سەرانی ئەردەڵان، بۆ دڵنەوایی دەوڵەتی سەفەوی و دواتریش بۆ دڵنەوایی دەوڵەتی قاجار، خۆیان و هەندێ لە دەست و پێوەندیان دەبوونە شیعە مەزهەب و هەندێ جاریش ژن و ژنخوازیشیان لەگەڵ بنەماڵەکانی هەردوو دەرباردا دەکرد(٢٤) و بەمەش خۆیان لە شەڕی یەکێک لەو دوو دەوڵەتە (واتە: دەوڵەتی ئێران) دەپاراست و لەم بارەشدا دەوڵەتی عوسمانی، کەمتر توانا و دەرفەتی دەستێوەردان و ئاژاوەنانەوەی لە کاروباری ناوخۆی میرنشینی ئەردەڵاندا بۆ دەمایەوە. ئەم نەریتەش وردە وردە و بەکاوەخۆ، گرژیی نێوان دەوڵەتی ناوەندیی ئێران و میرنشینی ئەردەڵانی خاو دەکردەوە و لێرەوە ڕاگرتن، یان تێکچوونی ئارام و ئاسایشی قەڵەمڕەوی ئەردەڵان (زۆرتر) پابەند دەبوو بەهەلومەرجی شەڕ و ئاشتیی خودی دەوڵەتی ناوەندی ئێرانەوە، چ لە ناوخۆ، لەسەر دەسەڵات، یان لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیادا؛ نەک شتی تر.

بۆیە پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە، لە لایەن میران و سەرانی ئەردەڵانەوە، بووە نەریتێکی چاولێکەری بۆ (زۆربەی) میرانی ئەردەڵان و بەدرێژاییی ئاڵوگۆڕەکانی دەسەڵاتداریێتیی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران، میرانی ئەردەڵان بەڕەزامەندیی شاهەکانی ئێران دادەنران و لادەبران؛ تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم نەبێت، لەگەڵ کەریم خانی زەندا نێوانیان باش نەبووە، کە دواتر ئەوەشیان چارەسەر کردووە(٢٥).

بەواتەیەکی تر، ئەم سیاسەتی خۆگونجاندن و خۆ سازکردنەی میرانی بەرودوای ئەردەڵان، لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی ئێراندا، تەقەللا بووە بۆ گەڕان بەدوای ئارام و ئاسایش هێشتنەوەی میرنشینەکەیان. کە ئەم تەقەللا پشوودرێژە لە دوای دروستکردنی شاری (سنە)وە بۆ ماوەی نزیکەی چەند سەدەیەک بتوانن زەمینەی دابینکردنی ژیار و ئابووری و خوێندەواری و ڕووناکبیری و تەلارسازی خۆش بکەن و لە مەیدانی ڕووناکبیریشدا میرنشینی ئەردەڵان، لە دوای میرنشینی (بتلیس)ەوە، دووەمین میرنشینی کوردین کە مێژووی میرنشینەکەیان،

بەتەقەللای چەند مێژوونووسێک بنووسرێتەوە.

هەر لە ئاکامی ئەم هەلومەرجەشدا مەستووره لە ناو تەلاره هەره جوانەکانی سەرتاسەری کوردستاندا، دەستی بەنووسینەوەی (مێژووی ئەردەڵان) کرد؛ کە تەلاره شیرین و نازدارەکەی مەستووره، هێشتا لە تەلاره نایاب و بەرچاوەکانی ئێستای شاری سنەیە.

بەڵام میرنشینگەلی کوردی بندەستی عوسمانی، ببوونە مەیدانی پڕ لە دەستێوەردانی والییەکانی عوسمانی و سەرانی قاجاری لە کاروباری ناوخۆی هەردوو میرنشینی بابان و سۆراندا (بەتایبەتی) و ئاژاوە و دووبەرەکی و شەڕی براکوژی نانەوە لە نێوان سەران و ئەندامانی بنەماڵەی بابان و شەڕی میرنشینی بابان لەگەڵ میرنشینی سۆراندا و بەهەموویشیان ئۆقره و ئاسایشیان لە قەڵەمڕەوەکانیاندا نەهێشتبوو؛ بۆیە لە کاتێکدا (وەک نموونە) ئەمانوللاخانی گەورەی ئەردەڵان، داخوازی نووسینی مێژووی میرانی ئەردەڵان لە: (محەمەد ئیبراهیم ئەردەڵانی)(٢٦) دەکات؛ هەر لەم سەروبەندەدایە کە گەڕیدەیەکی وەک (کلۆدیوس جێمس ڕیچ) کاتێ لە بارەی مێژووی بنەماڵەی (بابان)ەوە، لەگەڵ (مەحموود پاشای میری بابان)دا دەدوێن؛ ئاوای دەگێڕێتەوە:

(ئەمڕۆ ٧ی تشرینی یەکەمی ١٨٢٠ز لەگەڵ مەحموود پاشای باباندا کە باسی مێژووی کوردستانمان کرد، پێم بەجەرگی خۆمدا نا و سەرسامیی خۆمم بۆ باسکرد، کە بۆچی ئاگاداری تەواوی لە مێژووی بنەماڵەکەیان نییە. ئەویش بەنەزاکەت و سەنگینییەوە پێمی وت: ئەو مێژووە شایستەی نووسینەوە نییە؛ چونکە مێژووی بنەماڵەیەکی دەسەڵاتدارە. منیش پێم وت: بەڵام بنەماڵەکەیان مێژوویەکی دووری هەیە و شەرەفمەندن(٢٧).

هەڵبەتە وەڵامەکەی مەحموود پاشا، (ڕیچ)ی قایل نەکردووە؛ چونکە (ڕیچ) دەزانێ مەحموود پاشا و سەرانی بابان، بەهۆی سەرقاڵییانەوە بەشەڕ و ئاژاوەی ناوخۆیان و دەرەوە، ناپەرژێنە سەر ئاوەدانکردنەوەی هەرێمەکەیان و نووسینەوەی مێژووی میرنشینەکەیان؛ بەتایبەتی دوای مەرگی ئەوڕەحمان پاشا (١٨١٣ز) باوکی مەحموود پاشا، کە پێشتر (ڕیچ) ناسیویێتی و ئاگاداری زۆری لە بارەی فراوانخوازی و هێرش و هەڵمەتە سەرکەوتووەکانییەوە هەبووە و ئێستاش

نیشانەکانی لاوازبوونی دەرکەوتووە.

بەڵام لێرەدا بۆ بەبیرهێنانەوە، دەبێ بڵێین: ئەم پرسیارەی (ڕیچ) لە مەحموود پاشای دەکات، دوای ئەو سەردان و دیدەنییەی (ڕیچ)ە، بۆ شاری (سنە) و دیدارێتی لەگەڵ ئەمانوڵڵاخان و سەراسیمەبوونی (ڕیچ)ە، بەبینینی تەلارە ناوازە و نازدارەکانی ناو شاری (سنە)، کە هەر لەم سەفەرە درێژەیدا، بۆ میرنشینی ئەردەڵانی کردووە و هەر لەم سەفەرەشدا لای ئەمانوڵڵاخان، نوسخەیەکی (شەرەفنامە)ی وەک (مێژووی کورد) وەرگرتووە(٢٨) و هەر لەم سەفەرەیشیدا پێچەوانەی ئەم لاوازییەی مەحموود پاشا، لە دەسەڵات و توانای ئەمانوڵڵاخاندا دەبینێ و دەڵێ: (ئەمانوڵڵاخان... خۆی سەرداری وەخت و خاوەن بڕیار و سیاسەتی ئێرانە...(٢٩)) کە دیسان ئەم دەسەڵاتە بەهێزەی ئەردەڵانیش، لەساڵی (١٨٢٤ز)دا بەمەرگی ئەمانوڵڵاخان و لە جێ دانیشتنی خەسرەوخانی کوڕی و هاوسەری داهاتووی مەستوورە(٣٠) دوایی دێت و لێرە بەدواوە سەرەتاکانی لاوازی و لەبەریەک هەڵوەشانی ئەم میرنشینەش دەردەکەوێ؛ بەتایبەتی دوای مەرگی خەسرەوخان (١٨٣٤ز) و دەستێوەردانی (حوسن جیهان)ی ژنی یەکەمی خەسرەوخان و ناکۆکیی نێوان هەردوو کوڕەکەیان، ڕەزا قولیخان و غوڵام شاخان لە کاروباری میرنشینەکە، لەسەر دەسەڵاتی میرایەتی گرتنە دەست؛ کە مەستوورە کاتێ بەدووربینییەکی هۆشیارانەوە، ڕووداوەکان تاوتوێ دەکات، دەگاتە ئەو ئەنجامەی لە مێژووەکەیدا دەڵێ: (ئیدی ئیدی و نەختە نەختە ئەم سەربزێوی و سەرسەختی و گوێنەدانە بوو بەهۆی ئەوەی شا (محەمەد شا) پشتیان تێ کا و ڕوویان لێ وەرگێڕێ و گوێیان ڕاکێشێ؛ تەنانەت دەتوانین بڵێین: (شا هاتە سەر ئەو بڕیارەی، کە بناخەی ئەم بنەماڵەیە تێک دا و داری بەسەر بەردەوە نەهێڵێ)(٣١).

بەڵام هەر لەو سەربەندەدا و پێچەوانەی لاوازبوونی ئەم دوو میرنشینەی بابان و ئەردەڵان، لە سەرەتای (١٨٢٠ز) بەدواوە، سەرەتاکانی درەوشانەوە و فراوانخوازیی هەردوو میرنشینی (سۆران) و (بۆتان) بەفەرماندەیی میر محەمەدی ڕەواندز (١٧٨٨ – ١٨٣٨ز) و میر بەدرخان (١٨٠٣ – ١٨٦٩)(٣٢) بۆ ڕزگاری لە دەست زوڵمی عوسمانی دەردەکەون کە دەوڵەتی عوسمانی، تەقەللای هەردوو میرەکە بەمەترسیی گەورە بۆ سەر خۆی دەزانێ و لە ڕێگەی لەشکرکێشی

و هێرشەوە بەرودوا (١٨٣٨) و (١٨٤٧) لە ناویان دەبات.

ئەم ڕووداوانە و گەلێ ڕووداوی تری گرنگ، دەکەونە قۆناغی ژیانی مەستوورەوە. بۆیە ئەزموونی ژیانی مەستوورە، ئەزموونی قۆناغێکی ناسک و پڕ لە کارەسات و وەسووڕان و چارەنووسسازی سیاسیی کوردە. بەتایبەتیش کە هەردوو ڕێکەوتننامەی یەکەم (١٨٢٣ز) و دووەم (١٨٤٧ز)ی (ئەرزڕۆم)ی نێوان ئێران و عوسمانی، دەکەونە قۆناغی نیوەی دووەمی ژیانی مەستوورەوە.

ئەم دوو ڕێکەوتننامەیە، لە دەمێکەوە بەناوبژیی ڕووسیا و ئینگلستان، زەمینەی بۆ خۆش دەکرا و دوای تەقەللایەکی زۆر، گەیاندیانە ئەنجام، تا بەهۆیەوە زەمینەش بۆ لەناوبردنی میرنشینەکانی کورد خۆش بکەن. لەم بوارەدا ئەم نموونەیە دەگێڕینەوە:

سەرەتای ساڵی ١٨٤٢ز عەلی ڕەزای والیی بەغدا، مەحموود پاشای میری بابان لادەدا و ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشای برازای مەحموود پاشای لە جێ دانا. مەحموود پاشاش بەخۆی و خاوخێزان و دەستوپێوەندەکانییەوە، پەنای بۆ ئێران، بۆ لای ڕەزا قولیخانی میری ئەردەڵان برد. دوای ماوەیەک بردیانە تاران و سەردانی محەمەد شای قاجار (١٨٣٥-١٨٤٨ز)یان کرد. شاش پێشوازی و خەڵاتی کرد و فەرمانی بە ڕەزا قولیخان کرد، تا لەشکر ساز بکەن و مەحموود پاشا بەخورتی بۆ سلێمانی بگێڕنەوە. بۆ ئەمەش، هێرشی چەند قۆڵی و بەربڵاویان بۆ سەر قەڵەمڕەویی بابان و ناو شاری سلێمانی دەست پێ کرد. بەڵام هێرشەکەیان سەرنەکەوت و مەحموود پاشا و والیی ئەردەڵان، لە بەرامبەر هێرشێکی خافڵگیرانەی عەبدوڵلا پاشای والی سلێمانیدا، بۆ سەر بارەگای هێزەکەیان لە (مەریوان) تێک شکێنرا.

دواتر، ئێران لەسەر ئەم هێرشەی عەبدوڵلا پاشادا، کە دەستدرێژیی بۆ سەر خاکی لە مەریوان کردووە و پێشێلی ماددەی یەکەمی پەیماننامەی ئەرزڕۆمی کردووە، شکاتی لای سەرانی عوسمانی، لە عەبدوڵلا پاشا کرد. ئەوانیش بانگیان کردەوە بەغدا و ئەحمەد پاشای برایان لە جێ دانایەوە و دوای ماوەیەکی تر. چەندان ئاڵوگۆڕ و ڕووداوی تر، نەجیب پاشای بەغدا- کە لە جێی عەلی ڕەزا دانرابوو- لە ڕێگەی لەشکرکێشی و هێرشەوە، دەسەڵاتی میرایەتیی بابانیان لێ

سەندن و لە جێی ئەوان، کاربەدەستی خۆیان دانا.

هاوکات لەولاشەوە لە ئێران، لەسەر تێکشکانەکەی ڕەزا قولیخان- لە دەشتی مەریوان- محەمەد شای قاجار بیانووی لابردن و هەڵتەکاندنی میرنشینی ئەردەڵانی چنگ کەوت و دوای زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕ بڕیاریان دا خەسرەوخانی گورجی، وەک فەرمانڕەوای ڕاستەوخۆی قاجاری، بۆ (سنە) بنێرن. ئەویش بەگەیشتنی بۆ شاری سنە، ڕەزا قولیخانی بەزنجیرکراوی بۆ تاران نارد. بەدوایدا دەستوپێوەندەکانی ڕەزا قولیخان و ئەمانوڵلاخانی برا بچکۆڵەی، هەریەکەیان بەلایەکدا ئاوارە و پەرتەوازە بوون. کە مەستوورە و نزیکەکانیشی، لە سەروبەندی تەواوکردنی (مێژووی ئەردەڵان)دا- بەر ئەم پەرتەوازەبوونە کەوتوون و لەگەڵ کۆمەڵێکی نزیک هەزار کەسیدا- بەناچاری ڕوویان لە شارەزوور و دواتر سلێمانی کردووە؛ کە وردەکارییەکانی ئەم ڕووداوانەی ساڵانی دوایی قۆناخی هەرەسهێنانی هەمەلایەنەی ژیانی سیاسی، ڕووناکبیری، کۆمەلایەتیی هەردوو میرنشینی ئەردەڵان و بابانی، زۆر زیرەکانە و ئاگادارانە، بۆ مێژووی ئەردەڵان و بابان تۆمار کردووە و وەک ڕاستگۆترین شایەتحاڵێکی ئاگادار و هوشیاری ڕۆژگاری خۆی، دوا لاپەڕەکانی (مێژووی ئەردەڵان)ەکەی، بەدەم ئەم دوا کۆچە پڕ لە کارەساتەوە تۆمار کردووە(٣٣).

گێڕانەوەکانی مەستوورە لە (مێژووی ئەردەڵان)دا، هەروەک سەدان جار لەو گێڕانەوە و یادداشتکردنانە بەنرخترن کە لە بەڵگەنامەکانی قاجاری و عوسمانیدا هاتوون؛ لە هەمان کاتیشدا چارەنووسی میرنشینەکەی خۆیشیان (ئەردەڵان) هەروەک ئەو جۆرە کەوتەوە کە پێشتر مەستوورە خۆی پێشبینیی بۆ کردبوو.

## پەراوێز

١- بیرەوەرییەکانی مەئموون بەگی کوڕی بێگەبەگ، ڕاپۆرتێکە ناوبراو مانگی ڕەبیعی ئاخری ساڵی ٩٨٥ کۆچی (سەرەتای مانگی گوڵانی ١٥٧٧ز) لە ماوەی زیندانیکردنیدا، لە زیندانی (حیللە - کە ١٢ ساڵ و ١٠ مانگ تیایدا هێڵراوەتەوە)، لە شێوەی سکالانامەدا بۆ سوڵتان موڕادی عوسمانی نووسیوە.

ئەم نامەیە- کە مێژووی میرانی ئەردەڵانە- لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا، لە لایەن لێکۆڵەری تورک: عیصمەت بارماقز ئۆغلو دۆزراوەتەوە و ساڵی ١٩٧٣ز، لە گۆڤاری (بولتن)دا بڵاوی

کردووەتەوە و دواتر مامۆستایان: محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی و شوکور مستەفا لە تورکییەوە کردوویانە بەعەرەبی و پەڕاوێز و لێکدانەوەیان بۆ نووسیوە و ساڵی ١٩٨٠ز لە بەغدا چاپ و بڵاویان کردووەتەوە.

٢- شەرەفنامە ساڵی ١٠٠٥ک-١٩٥٦ز نووسینەوەی دوایی هاتووە؛ بەڵام زۆر پێشتر دەست بەنووسینەوەی کراوە.

٣- مەلا محەمەد شەریف (قازیی ئەردەڵان) مێژووی (زبدە التواریخ) (پوختەی مێژووەکان)ی لە ساڵی ١٢١٤کۆچی ١٧٩٩ز نووسیوە.

٤- محەمەد ئیبراهیم ئەردەڵانی مێژووی (ذیل شرفنامە) (پاشکۆی شەرەفنامە)ی لە ساڵی ١٢٢٥ کۆچی (١٨١٠ز) لەسەر ڕاسپاردەی ئەمانوڵلاخانی گەورەی ئەردەڵان نووسیوە.

محەمەد ئیبراهیمی بۆ تەواوکردنی باسەکانی دوای شەرەفنامە، کە تا ساڵی ١٥٩٦ز.ی هێناوە، لەوە بەدواوە دەستی بەنووسینەوەی مێژووی میرانی ئەردەڵان کردووە و تا ساڵی ١٨١٠ز هێناوە.

خانمی نەسرین برنا (ذیل شرفنامە)ی ساغ کردووەتەوە و پێشەکی و پەڕاوێزی بۆ نووسیوە. دواتر ئەنوەری سوڵتانی کردوویەتی بەکوردی و دەقە فارسی و وەرگێڕانە کوردییەی بەناوی (مێژووی ئەردەڵان)ی محەمەد ئیبراهیمی ئەردەڵانی، لە ساڵی ١٩٩٧ز.دا، لە سوید چاپ و بڵاوکردووەتەوە.

٥- خوسرەو بەگی ئەردەڵانی (لب تواریخ-کاکڵەی مێژووەکان)ی ١٢٤٩ کۆچی (١٨٣٣ز) لەسەر ڕاسپاردەی خەسرەوخانی دووەم - ناکام (١٨٠٠-١٨٣٤ز)- بەزمانی فارسی نووسیوە. مەستوورە لە کتێبەکەی خۆیدا (تاریخ اردلان) ئەم کتێبە، بە (تاریخ الاکراد) ناو دەبا و دواتر دکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان، لە میهر مانگی ساڵی ٢٥٣٦ی شاهەنشاهی لە تاران بەناوی (لب التواریخ) چاپ و بڵاوکردووەتەوە. دوای ئەویش (واسیلیو) پەراوێز و پێڕستی بۆ ڕێک خستووە و پێشەکی بەزمانی ئینگلیزی بۆ نووسیوە و ساڵی ١٩٨٤ز لە مۆسکۆ، بەناوی (تاریخ خسرو بن محمد بنی اردلان) چاپ و بڵاوکردووەتەوە.

٦- مستەفا ئەمین، نەوشێروان، لە پەراوێزی مێژووی ئەردەڵاندا، دەسگای چاپ و پەخشی سەردەم، ساڵی چاپ ؟، ل١٥.

٧- هەمان سەرچاوە، ل١٤.

٨- مەستوورە، مێژووی ئەردەڵان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی: د. حەسەن جاف و شوکور مستەفا. وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الحریە، بەغدا ١٩٨٩، ل١٤.

٩- هەمان سەرچاوە، ل١٤-١٥.

١٠- هەمان سەرچاوە، ل١١.

١١- خوزگە لەم بوارەدا مەستوورە ناوی چەندانێكی لەوانە ببردایە، كە لەم بارەیەوە نامەی لەگەڵدا گۆڕیونەتەوە و ڕاوێژی پێ كردوون؛ تا لەو ڕێگەوە زانایان و نووسەرانی ئەو ڕۆژگارەمان چاكتر و ئاسانتر بناسیبایە.

١٢- مەستوورە، مێژووی ئەردەڵان، ل١١.

١٣- هەمان سەرچاوە، ل١٢.

١٤- هەمان سەرچاوە، ل١٥.

١٥- هەمان سەرچاوە، ل١٥.

١٦- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەكانی: ٣٠، ٥٠، ٦٦.

١٧- هەمان سەرچاوە، ل٣٤.

١٨- هەمان سەرچاوە، ل٤٢. سەرنج ئەم قەڵایە كەوتووەتە ٦ كیلۆمەتری باشووری شاری (سنە)وە.

١٩- بۆ زیاتر زانیاری بنواڕە: حەمە باقی، محەمەد: گەشتنامەی ریچ بۆ كوردستان. چاپی سێیەم، ل٢٠١. هەروەها: فرهنگ دهخدا، بەرگی ١٤، ل٢١٤٦٩.

٢٠- گەشتنامەی كلودیوس جێمس ڕیچ، لاپەڕەكانی: ١٨٩-٢٠٦.

٢١- مەستوورە، مێژووی ئەردەڵان، ل٨٩-٩٠.

٢٢- حەمە باقی، محەمەد: میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران، لە بەڵگەنامەی قاجاریدا، چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٣٠ (پەڕاوێز). هەروەها: لە پەراوێزی مێژووی ئەردەڵاندا، ل٦٦.

٢٣- میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران ل٣٠ (پەراوێز)؛ هەروەها: لە پەراوێزی مێژووی ئەردەڵاندا، ل٦٦.

٢٤- بەتایبەتیش لە خان ئەحمەد خان (١٦١٦-١٦٣٦ز)ی كوڕی هەڵۆ خان كوڕی سوڵتان عەلی بەگەوە دەست پێ دەكات، كە جگە لەوەی مەزهەبی شیعەی پەسەند كرد و بووە شیعە، هاوكات (سەیدە بەگم)ی كچی شا عەباسی سەفەوی خواست؛ هەروەها: ئەمانوڵلاخانی گەورەی ئەردەڵان، كە خۆی (سەروناز خانم)ی كۆنە ژنی فەتح عەلی شای مارە كردووە و (حوسن جیهانی خانم)ی كچی فەتح عەلی شای قاجاری بۆ (خەسرەوخان)ی كوڕی خواستووە... دیسانیش (توبا خانم)ی كچی عەباس میرزایان بۆ (ڕەزا قولیخان)ی كوڕە گەورەی (خەسرەوخان) -ناكام- خواستووە.

٢٥- میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران، ل٣١.

٢٦- واتە: خاوەنی: ذیل شرفنامە.

٢٧- گەشتنامەی ڕیچ، ل٢٧٤.

٢٨- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی: ١٨٩، ٢٠٦، ٢٠٣.

سەرنج: ئێستا نوسخەیەکی تورکی (شەرەفنامە) لە کتێبخانەی بەریتانیا پارێزراوە (Add.7860)، کە زەمانێک هی (ڕیچ) بووە و نوسخەیەکی تری فارسیی لێیە (Add.22698)، کە (عەباس میرزا)ی ولیعەهدی (فەتح عەلی شای قاجار) بەدیاری بۆ ئەمانۆڵڵاخانی گەورەی ئەردەڵانی ناردووە. بەڵام ڕوون نییە ئەو نوسخەیەی کە (ڕیچ) لە ئەمانوڵڵاخانی وەرگرتووە، یەک لەو دووانەیە، یان نوسخەیەکی ترە! (بۆ زیاتر زانیاریی لەم بارەیەوە بنواڕە: سوڵتانی، ئەنوەر: دوو ذەیلی شەرەفنامەی بتلیسی، چاپەمەنیی بنکەی (ژین) سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، چاپخانە، شڤان، ل٨٥ (پەراوێز).

٢٩- گەشتنامەی ڕیچ، ل١٩٩.

٣٠- مەستوورە ساڵی ١٨٢٨ز بووەتە هاوسەری (خەسرەوخان) و ماوەی ٦ ساڵ هاوسەری بووە و منداڵیشی لێی نەبووە و دواتر ماوەی ١٣ ساڵ بەبێوەژنی لە حەرەمسەرای خەسرەوخاندا ماوەتەوە.

٣١- مەستوورە، مێژووی ئەردەڵان، ل٢٣١.

٣٢- بۆ زیاتر زانیاریی لەم بارەیەوە، بنواڕە: امارە بوتان فی عهد الامیر بدرخان، صلاح هروری، مطبوعات مؤسسە موکریانی اربیل، الطبعە الاولیٰ ٢٠٠٠.

٣٣- بۆ زیاتر زانیاری لە بارەی وردەکارییەکانی ئەم ڕووداوانەوە، بنواڕە:

- میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران لە بەڵگەنامەی قاجارییدا.
- مەستوورە، میرنشینی ئەردەڵان.
- لە پەڕاوێزی مێژووی ئەردەڵاندا، نەوشێروان مستەفا ئەمین.
- میرنشینی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا، نەوشێروان مستەفا ئەمین.

# کوردستانا سنێ بچاڤێن بیانیان

## نیڤەکا یەکەمین یا سەدسالییا XIX

### تۆسنێ رەشید

ئەحمەدێ خانییێ نەمر، د "مەم و زین"ا خوەدە خوەزییا خوە وێ رۆژێ تینە، وەکی پادیشاهەکی مەیی ئوسان هەبوویا، کو:

خەمخوری دکر ل مە یێتیمان

تینانە دەرێ ژ دەست لەئیمان

پادشاهەک، فەرماندارەکی ئوسان، وەکی قەدرێ قەلەما کوردی بزانبوویا.

بەلێ، ب سەد سالان رۆشنبیرێن کورد، پێشەوتیییێن چاندا کوردی بەندا وێ رۆژێ بوون، وەکی دەولەتا کوردان ئاڤا بە و ئەو دەولەت روومەتا پێنووسا کوردی زانبە، ژ زانیار، نڤیسکار و هونەرمەندێن خوەرە خوەدی دەرکەڤە. مالا خوەدێ ئاڤا، ئیرۆ ئەم خوەیێ وێ دەولەتێنە.

هەتا چەند سال بەرێ ژی ژ مەرە خەون بوو، داخوەزان دلان بوو، وەکی ژ سەرانسەر کوردستانێ، ژ کوردێن دەرڤایی وەلات وێ ل هەولێرا پایتەخت ژ بۆ ب بیرئانینا ٢٠٠ سالییا ژ دایکبوونا ماهشەرەف خانم کوردستانی بەرەڤ بن، وێ ژنا کورد، کۆ بگۆتنا وێ بخوە "سەرێ وێ هێژایی تاج بوو".

ماهشەرەف خانم کوردستانی، کۆ ئوسان ژی بناڤێ مەستوورە کوردستانی هاتییە ناسکرن، ناڤەکی گەشە ددیرۆکا چاندا کوردیدە. ئەو ببەرهەمێن خوەیێن دیرۆکی و وێژەیی بناڤ و دەنگە.

ئەبوولبەقا مووعتەمەدی کوردستانی، د پاشگۆتنا دیوانا مەستوورێدە، کو یەحیا مەعریفەت سالا ١٩٢٦ان چاپ کرییە، دنڤیسە: "دۆر سەد سال بەرێ، گاڤا خوەندن سەڤا ژنا هەما بێژی چاوان گونەه دهات دیتن، دیهاربوونا ژنەکە ئوسان

چاوان مەستووریّ، بئاقل و تالانتا گەش، وەک بوویەرەکە باتنی دهات پەژراندن.

ناسر ئازادپوور، کو یەکەمین جار سالا ١٩٤٦ان بەرهەما مەستووریّ، یا دیرۆکی چاپ کرییە، سەڤا ویّ دنڤیسە: "پەیدابوونا ژنەکە ئوسان خوەندی دجڤاکا مسلمانیدە تشتەکە، کوو نایێ باوەر کرن" و باوارییێن وا نە کێمن.

مەستوورە ب سەربلندی سەڤا خوە دنڤیسە:

ل پاتشاتییا ئاقلبەندییێ چا سەرۆک، ئەزم، ژن، هاتم بژارتن،

ژ بەرا ژنا، ئا بندەست، ڤێ دەورێ کەس تونە تایێ من،

سەرێ مە، کو هێژایی تاجە، ئەم بن چارشەڤێ ڤەدشێرن،

چ فێدە ژ وێ کو بەختێ من، ئەز ئاوا نوقسان کرم.

ب دەستوورا خوەدێ دلۆڤان، ژ منرە دکەڤە بێژم،

کوبارییا ئەڤێ دەمێمە، رووسپیتییا دەورانێ ئەزم...

ئەم چاوان دبینن، دیهاربوونا ژنەکە زانە و خوەندی یا وەک مەستووریّ وەک بوویەرەکە باتنی، بوویەرەکە کو نایێ باوەرکرن تێ دیتن.

ئەمێ دڤێ گۆتارا خوەدە گۆر مالووماتییێن بیانیان رەوشا میرگەها کوردستانا سنێ و پایتەخت، سەربازارێ وێ سەنەندەجێ بینن بەر چاڤان. گەلۆ پەیدابوونا ژنەکە دیرۆکنووس و شایر دوێ دەورانێدە، دوێ میرگەهێ و دوی بازاریدە تشتەکی باتنی، ئەجێڤ بوو، یان پێشڤاچوونا جڤاکیرە گرێدایی بوو.

چقواس ژی مەستوورە کوردستانی دبەرهەما خوە، یا دیرۆکیدە دنڤیسە، وەکی میرگەها ئەردەلان هەزار سالە کو هەیە، پرانییا دیرۆکنووسا دامەزراندنا میرگەهێ ژ سەد سالییا XII دەست پێ دکن.

چاوان دیهارە ژ سەدسالییا خ هەتا پەیمانا قەسراشیرن، یا سالا ١٦٣٩ان ناڤبەرا ئیرانێ و ئۆسمانییا، میرگەهێن بابان و ئەردەلان یەک بوون و، مالبێتا بەنی ئەردەلان بوو فەرماندارێ میرگەهێ. ژ بەر مەزنایی و زۆرایا میرگەها ئەردەلان دسەدسالییێن XII– XIV دە، لۆنگریگ وێ ئیمپێراتۆری ناڤ دکە.

راستە دەورانا ژیانا مەستووریّ ئێدی ئەو مەزنایی و زۆرایی نەمابوو، لێ دیسانژی خۆسرۆ خانێ مەزن، کۆ نیڤەکا دویەمین، یا سەدسالییا XVII والیێ

کوردستانێ بوو، وەک پادشاه بوو. هەر کرنەکە وی ژ ئالیێ دیرۆکنووسێن دیوانا ویدە دهات نڤیسار، شایرێ دیوانا وی دبەرهەمێن خوەدە پەسنێ کرنێن وی ددان. گۆر مەئلوومەتیێن خودانێ "رووستام ئەتتەواریخ "موحەمەد هاشم ئاسەف ئیسفەهانی، پشتی مرنا کەریم خان زەند چاڤێ خۆسرۆ خان ژتەختێ شاهێ ئیرانێ بوو.

سالا ١٧٩٩ان فەتح عەلی شاهێ قاجار، ئەمانوڵڵا خانێ کورێ خۆسرۆ خانێ مەزن خەلات دکە و داتینە سەر تەختێ والیێ کوردستانێ. گەنێرالێ بریتانی مالکۆلم، کاپیتان کنیەر، رێوی کەر پۆرتە، وەکی دەما فەرمانداریا ئەمونوڵڵا خان لکوردستانا سنێ قەسدینە دنڤیسن، وەکی ئەمونوڵڵا خان وەک پاتشا بوو، هەما بێژی سەربخوە بوو.

گۆر باوەریا چێرنۆزووبۆڤێ رووس، وەکی بەشداری کۆمیسیا کڤشکرنا سینۆرێ دناڤبەرا ئۆسمانیا و ئیرانێ دبوو، ناڤێ ئەمونوڵڵا خان بەنی ئەردەلان ژ هندستانێ هەتا مەخریبێ و ئاڤرۆپایێ دیهار بوو. ئەو ئوسان ژی دنڤیسە، وەکی دەما سەرهلدانا دژی ئیمپێراتۆریا بریتانی، خەلکێ هندستانێ ژ شاهێ ئیرانێ فەتح ئەلی شاهێ قەجەر و ژ وەلیێ کوردستانێ ئەمونوڵڵا خان بەنی ئەردەلان ئالیکارییێ دخوەزن. ئەڤ ژی نیشانەکە ناسکرنا ناڤنەتەوییە.

گۆر باوەریا چێرنۆزووبۆڤ، "ئەگەر ل پێرسیا ئەدەتێ پەیکار دانینێ هەبوویا، کوردان، بێگومان، گەرەک پەیکارێ ڤی فەرمانداریێ ئەردەلانێ دانییانا".

گۆر باوەریا کەسێن بچاڤێن خوە دیتی، دیوانا ئەمانوڵڵا خان لسەرانسەر ئیرانێ تەنێ دکاربوو ژ یا شاه داخوەرا. ل سەنەندەجێ، چاوان ل تیهرانێ دەما رۆژ دەردکەت و دەما رۆژ دچوو ئاڤا ل ناکارخانێ سازبەندی لێ دکەت.

سالا ١٨٢٠ی دەستا سەربازێن ئارتێشا رێگوولیار نیشانی نوونەرێ کۆمپانییا بریتانی ئیست ئیندیا لبەخدایێ کلاودیۆ ریچ دکن، کو ئۆفیسێرێن رووس پەروەردە دکرن. سەربازێن ئارتێشا ئەردەلانێ بگازییێن "بژی پاتشا" و "خوەدێ پادشاه بپارێزە" ئەمونوڵڵا خانێ والییێ کوردستانێ سلاڤ دکرن.

والییێ کوردستانێ ئەمونوڵڵا خان لنگێ خوە بشاهێ ئیرانێرە داڤیت. شاهێ قەجەر فەتح عەلی شاژی ئەو هنکووفی خوە ددیت و ئەمونوڵڵا خان کەچا فەتح

عەلی شاه حوسنی جهان خانمێ ژ کورێ خوه خۆسرۆ خانره دخوزه. دووارۆژێ کەچەکه لمالبەتا شاهێن قەجەر، توبه خانمێ ژی ژ کورێ خۆسرۆ خان، رزا قولی خانره دخوەزن.

میرگەها کوردستانا سنێ ژ ئالییێ جڤاکیده ژی بپێش کەتبوو. کوردناسا رووس ی. ئی. ڤاسیلیێڤا دنڤیسه، وەکی ل میرگەها ئەردەلان ئیدیۆلۆجیا ئەشیرتیێ، سست بوو. بباوەرییا ریچ ژی ل میرگەها ئەردەلان پێوەندی، تێکلیێنه ئەشیرتیێ هێ سست بوون نەکو لمیرگەها بابان.

دیرۆکنووسێن ئەردەلانێ، بتایبەتی خوسرۆ ئیبن موحەمەد بەنی ئەردەلان، دبەرهەما خوەیا دیرۆکا ئەردەلانێدە تەنێ دوو جاران ناڤێ ئەردەلان بکار تینه. ئەو ژ میرگەها خوەره کوردستان دبێژن. لڤر بنگەها ئیدیۆلۆگیێ نەکو یەکیتییا ئەشیرتیێ، لێ یەکیتییا هەرێمێ دگره. پر جاران، ژ بۆ دیرۆکنووسێن میرگەهێ، تەنێ خەلکێ میرگەها وان کوردن.

ژ بۆ وێ ئیدیۆلۆگیێ ژی مەزنییا مالبەتا بەنی ئەردەلان دبه بنگەه. بلندکرنا وێ مالبەتێ بنگەهێ ئیدیۆلۆگیێ بوو. پێڤیستی، پێتڤیا بەرهەمێن دیرۆکا مالبەتا بەنی ئەردەلان، بتایبەتی سالێن ٣٠–٤٠یێن سەد سالییا XIX دیهار دبن، گاڤا پشتی ئەمونوڵلا خان کەچا شاه ژ کورێ خوەره دخوەزه، چاوان خوسرۆ ئیبن موحەمەد بەنی ئەردەلان دنڤیسه، باندوورا "بیانییا، یێن بفارسی دپەیڤن " مەزن دبه.

ژ ئالیکی ماینڤه چاوان لئیستانبوولێ ئووسانژی لتەهرانێ داخوازا بهێزکرنا حوکوماتا ناڤەند مەزن دبوو کو بخوەره سەڤا دەستهلاتدارییا میرێن کوردان قەزیبا دئانی و دیرۆکنووسێن ئەردەلانێ دخوەستن حسسێن نشتمانپەروارییێ خورت بکن، مافێ فەرماندارییا مالبەتا بەنی ئەردەلان ماک بکن. ئەم دکارن ڤێ یەکێ ژی وەک تەهەرەکی دیهار بونا ناسیۆنالیزما کوردی ببینن.

بێ گومان ئەڤ هەر تشت بەری گشکی لپایتەخت، سەرباژارێ میرگەهێ، لباژارێ سەنەندەج دیهار دبه. گۆر مەستوورێ باژارێ سەنەندەجێ سالا ١٠٦٤ێ هجرێ ژ ئالیێ سلێمان خانده هاتییه ئاڤاکرن.

بپەیمانا قەسراشیرین دڤێت کەلایێن کوردستانێ، یێن سەر سینۆرێن

ئیمپێراتۆریێن ئۆسمانییا و ئیرانێ هلوەشاندانا و، میرێ ئەردەلانێ سلێمان خان پێشبەری گوندێ سنێ کۆچک و سەرا، مزگەڤت و مەدرەسێ ئاڤا دکە کو دۆر وان باژار شێن دبە. لێ ڤ. نیکیتین، ف. جهێرنۆزووبۆڤ و جل. ریچ دۆربەرێ سنە کەڤرێ سەر گۆرا، یێن دەورانا ساسانییا دیتنە و بوێ باوارییێنە، وەکی بەرێ ژی لور باژار هەبوویە. کەسێن وێ دەورانێ سنە زیارەت کرنە، ددەر هەقێ خوەشکییا باژێردە نڤیسینە.

سەرباژار، پایتەختێ میرگەها ئەردەلان، سەنەندەج بکۆچکا والییە ژ مەرمەرێ سیپییە رەنگین، کۆ وەک کەلا ل جیهەکی بلند بوو، ب قەیدە قانوونێن رێڤابرنا دیوانا وەلی، ب تو تشتی ژ پایتەختێن دەولەتێن سەربخوە دانەدخوار. دۆرا کۆچکێ گەلەک ئاڤاییێن خوەشیک هەبوون، بتایبەتی مزگەفتا دار ئەلئیحسان. گۆر چێرنۆزووبۆڤ، ئارکیتێکتوورا مزگەفتا دار ئەلئیحسان بێ قوسوور بوو. سەر کارنیزێن وێ سەرانسەر قوران نڤیسار بوو. هنەک رێوی مزگەفتا دار ئەلئیحسان همبەری مزگەفتا قوتسێ دکن.

والی ئەردەلانێ ئەمونوڵڵا خان ژی میناشاهێن ئیرانێ ژ باژێر دەر کۆچک و سەرا ئاڤا دکرن، خاسباخچێ مینا چارباخا ئیسفاهانێ داڤیتنێ. ریچ سەڤا خاسباخچێ خۆسرۆاباد، کو ئەمانوڵڵا خانێ وەلی سەڤا بیرانینا باڤێ خوە خوسرۆ خانێ مەزن ئاڤیتبوو، دنڤیسە، وەکی وی ل سەرانسەر رۆژهلاتێ باخێ ئوسان بەدەو نەدیتنە

گۆر باوەرییا وی خاسباخچێ ئەمانوڵڵا خانێ والی هەلا سەر خاسباخچێ ئیسفاهانێ رە بوو. سەرباژارێ میرگەها ئەردەلان، سەنەندەج یەک ژ گرنگترین ناڤەندێن سیاسی و چاندی بوو لسەرانسەر کوردستانێ. میرێن ئەردەلانێ، کو فەرمی ژ وان  والی دگۆتن، بتایبەتی خوسرۆ خانێ مەزن و کورێ وی ئەمانوڵڵا خانێ مەزن، بهزکرن سەرباژارێ خوە دخەملاندن.

ژ. مالکۆلم و ریچ هوورگلی دەرهەقا کۆچکا وەلی و بتایبەتی تالارا نوو ئاڤاکریدە دنڤیسن. ریچ سەڤا وێ تالارێ، کو گەلەک تابلۆ تێدە هەبوون، دنڤیسە، "وەکی دەوسا ڤان تابلۆیێن ئارزان تابلۆیێن روبەنس کۆ بدەولەمەندییا خوە هێژایی ڤێ سەرایێ بوون، یان ژی گۆبەلێنە ئانەگۆر داردا کری بوونا، ئەڤ

سەرایێ هێژایی هەر وەلاتەکی ئاڤرۆپی بوویا".

لسەرایێ تابلۆیێن بوێنەیێ سلتان سەلیم، نادرشاه، تسارێ رووسیا، میرزێ والسێ، فەرماندارێ هندستانێ، شاهێ ئیسپانیا، ئیمپێراتۆرێ ئالمانیا، بۆناپارت ناپالیۆن و شاهێ ئیرانێ هەبوون. سەر تابلۆکی ژی ئامانوڵڵا خان بوو بگۆرانێ خوەڤە و کوچوک سلێمانێ هێسیر کری.

د دەستپێکا سەدسالییا XIX ل سەنەندەجێ بانک هەبوون. ریچ دنڤیسە، وەکی ئەمونوڵڵا خان کورێ خوەیێ مەزن، محەمەد حەسەن خان کڤش نەکرییە نایبێ خوە، ژ بەر کو دایکا وی نە ژ تۆرنا کوردستانێ بوو، لێ کەچا بانکیرا بوو.

بیانیێن وێ دەورانێ سەنەندەج زیارەت کرنە، گشک ژی دنڤیسن، وەکی کوردێن ئەردەلانی بتۆلێرانس، ببینفرەهی بەربری کلدانیا و جهوویان دبوون، ئەوێن لکوردستانێ دمان. چیریکۆڤ دنڤیسە، وەکی لرۆژهلاتا باژێر، لتاخا کلدانیا کلیسا وان هەبوو. کورد بوانرە بدۆستانی و وەکهەڤی دژیان.

جۆتکاری، کشتوکال لمیرگەها ئەردەلانێ، بتایبەیی لئیسفاندابادێ و سەقزێ پێشکەتی بوو. رێویێ فرانسی لیجکلاما کو نیڤەکا سەدسالییا XIX ژ هەمەدانێ سەر سەنەندەجێرە چوویە بانێ و مەریڤانێ، دنڤیسە وەکی کوردان گەلەک دەشت با (بێجەر کربوون، و کوردێن جیه ب بێجەرکرنا باخ و رەزێن خوە ڤە گیرۆ بوون.

دەما میرێ میرگەها بۆتان بەدرخان بەگ ژ بۆ دامەزراندنا کوردستانەکە سەربخوە دخوەزە د ناڤبەرا سەرۆکێن کوردان دە "یەکیتییا پیرۆز " ئاڤا بکە، د ناڤ سەرۆکێن ڤەخواندیدە یەک ژی والییێ کوردستانا سنێ خوسرۆ خانێ کورێ ئەمونوڵڵا خانێ مەزن بوو.

دەورانا ماه شەرەف خانمێ میرگەها کوردستانا سنێ هەما بێژی وەک دەولەتەکە سەربخوە بوو. دیوانا وەلیێ کوردستانێ لسەرانسەر ئیرانێ تەنێ ژ دیوانا شاهێ ئیرانێ دادخوار. دیوانا وەلی دیرۆکنووسێ خوە هەبوو، موونشییێ خوە هەبوو، کتێبخانا خوە هەبوو، وەکی سالێن زارۆتیا ماه شەرەف خانمێ خوسرۆ ئیبن موحەمەد بەنی ئەردەلان بوو سەرۆکێ وێ. چاوان زارێن وەلی بخوە، ئوسانژی زارێن تۆرنایا سەنەندەجێ بەر دەستێن مرۆڤێن خوەندی و زانە دهاتن پەروەردە کرنێ و ئەسە فێری خوەندن و نڤیسارێ دبوون. ئەم زانن، وەکی دوو

کورێن ئـەمونوڵڵا خان؛ حوسێن قـولی خان و خـوسرۆ خـان شیـعر دنڤیسین، ئاپێ ماخ شەرەف خانمێ شیعر دنڤیسین کۆ ب ناڤێ رۆناک کوردستانی دیهارە.

کوردناسا رووس پرۆفێسۆر یێڤگێنیا ڤاسیلیێڤا، کۆ ئەم کوردێن یەکیتییا سۆڤیێتا بەرێ ب وەرگەر و لێکۆلینێن وێ "شەرەف نامێ" ئا شەرەف خان بیتلیسی، بەرهەمێن دیرۆکناسێن میرگەها ئەردەلان خوسرۆ بن موحەمێد بەنی ئەردەلان و ماه شەرەف خانم کوردستانیرە بوونە ناس، سەڤا سەنەندەجێ دنڤیسە: "پایتەختێ ئەردەلانێ بوو یەک ژ گرنگترین ناڤەندێن سیاسی و چاندەیی لکوردستانێ. تەنێ ئەو یەک، وەکی لمیرگەها ئەردەلانێ دکاربوو دیهار ببوویا دیرۆکنووسا ژنە تەک تەنێ هەتا داوییا سەدسالییا XIX لسەرانسەر رۆژهەلاتا نێزیک و ناڤین، یا هن ژی شاعیر بوو، ماه شەرەف خانم کوردستانی، ددە خویایێ وەکی دۆرهێل مکرۆکلیما سیاسی، جڤاکی و چاندەییا چاوان لوێ پارا باشوور – رۆژهەلاتا کوردستان هاتبوو سازکرن".

ئەڤ گشک ژ وێ باوارییێرە دبن بنگەهـ، وەکی رەوشا میرگەها کوردستانا سنێ، یا سیاسی، کو هەما بێژی سەربخوە بوو، پێشکەتنا جڤاکی و چاندەیی رێ دان، وەکی لپایتەختێ میرگەها کوردستانا سنێ شاعیر و دیرۆکنووسەکە ژنە وەک ماهشەرەف خانم کوردستانی دیهار ببە.

# مەستوورەی ئەردەڵان

## بابە شێخ حوسێن سەولاوا

مەستوورەی ئەردەڵان – نازناوی هۆنراوەی (ماە شەرەف خانم) – کچی ئەبولحەسەن بەگی کوڕی حەمە ئاغای (ناظر)ی سنەئیە. ئەبولحەسەن بەگ چەشنی باوکی مرۆڤێکی بەناوبانگ و بایەخدار بوو. حەمە ئاغاش کە نازر و ئەمینی گەنجینە و خەزانە سامانی دەوڵەت و ولایەت بووە. لەنێو کۆمەڵگە و وڵاتدا ناوبانگ و پلەیەکی بەرزی هەبووە. مەستوورە لە ساڵی ١٢٢٠ی کۆچی مانگی لە شاری سنە لە بنەماڵەیێکی زانستی و ڕێزدار لە تیرەی قادرییەکانی سنە چاوی بەجیهان کرایەوە. لەم بنەماڵەیە گەلێک کەسایەتیی زانستی و کۆمەڵایەتی لێهاتوو و هەڵکەوتوو وەک میرزا عەلی ئەکبەری (صادق الملک) و میرزا عەبدوڵڵای ڕەونەق نووسەری پەڕاوی (حەدیقەی ئەمانوڵڵاهی)یان لێ بەدی هاتوون. ئەم زانایە مامی مەستوورە بووە و نزیکایەتی و خۆشەویستییێکی زۆری بەرانبەر بەمەستوورە هەبووە.

لە کاتێکدا لە جیهاندا ژن لە ساکارترین مافی مرۆڤایەتی بێبەش و، لە چوارچێوەی حەساری نێو ماڵاندا پەتی کۆنەپەرەستانەی نەریتی کۆمەڵایەتی بەژنی شەکەت دابوو و، ئەندامی پەری ئاسا و دەست و پێی بەدزێوترین شێوە لە کۆت و زرێدا بوو، لە بوارێکی ئاوادا تەنانەت شۆڕشی مەزنی فەرانسەش چالاکییەکی چاک و شیاوی بۆ سڕینەوەی ئەم ستەمە ناڕەوایە پێ ئەنجام نەدەدرا. لەم پەڕی ئاسیاڕا بگرە تا ئەوپەڕی ئەورووپا لە هەر سووچ و قوژبنێکی ئەم جیهانە لە ئەوتۆ دۆخێکدا ژن بەموڵک و سامانی پیاو هاتووەتە ئەژماریّ و لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا بەشدار نەبووە. پێش بارودۆخێکی ئەوتۆ، جەماوەر و دانیشتوانی سنە قۆناغی کۆمەڵگەی مەدەنییان تێپەڕ دەکرد و بەسەر کۆشک و قەڵا و بازاڕ و ناوەندی شاردا ئاڵای دیموکراسییەکی مرۆڤی

ئەشەکایەوە. لەو سەردەمەدا زانستی ڕۆژ جگە لە شەرعیات و زانستی ئاینی لە حوجرەکانی مزگەوتانی سنەدا خوێنراوە و لە ناوخۆی (دار الاحسان)یشدا کونجێک بۆ تەڵەبە هەبووە و باشترین و لێهاتووترین مامۆستای سەردەم لەوێدا دەرسی گوتووەتەوە و تەڵەبە پەروەردە کراوە. لەنێو ماڵاندا چە بەتەنی، چە بەکۆمەڵ بەکچانی پیاو ماقووڵانی نێو شار دەرس گوتراوەتەوە. کچیش توانیویە تا هەر پلەیەک ویستوویە خوێندەوار بێت؛ مەستوورە نموونەیەک لەو ئافرەتانە بووە.

جیا لەوەی کە پەڕاوە مێژووییەکانی (حەدیقەی ناسری) و (مەجمەعولفوسەحا) سەبارەت بەمەستوورە نووسیویانە، لەو ئاسەوارەی کە لەوێ بەجێ ماوە دەردەکەوێ ئەم سەلارە، جۆرەکانی خەتی بەجوانترین و باشترین شێوە نووسیوە. بوێژێکی ساکار نەبووە؛ وێژەوان و نووسەرێکی توانا و دەستڕەنگین بووە؛ هەر بەو میزانەش کە بەسەر شێوازەکانی شیعری خوراسانی و عێراقیدا زاڵ بووە، سوودی لێ وەرگرتوون، وەک کەرەسەیەکی پێویست بۆ هۆنینەوەی غەزەل، روباعی و مەسنەوی بەکاری هێناون و شانی لە شانی شاعیرانی هاوچەرخی خۆی داوە و لە گەڵیاندا پێوەندی و نزیکایەتیی هەبووە، کە دیاریترینی ئەو کەسانە مامۆستا نالی شاعیری گەورەی کورد و مامۆستا یەغنای جەندەقی شاعیری ناوداری فارس بووە.

مەستوورە پلەی خوێندنی بەرز بووە، لە ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبیدا خاوەن قسە و ڕوانگە و دەستێکی بەرزی هەبووە. بەسەر ئەدەبیاتی گۆرانی و کوردیشدا زاڵ بووە و جگە لە عەرەبی بەهەر سێ زمانەکە شیعری هۆنیوە؛ ئەڵبەت زۆربەی شیعرەکانی فارسین و برێ کێشی گۆرانین. شیعرە گۆرانییەکانی بەڕاستی هەوێنی ئەوین و مەرهەمی برینن و هەر هەستێکی لاواز و نووستوویش ئەبووژێننەوە. چەند شیعرێکی کوردیشی لێ بەجێ ماوە. بەپێی ئەو نووسراوانەی سەبارەت بەم سالارە نووسراون، ئەم کەسایەتییە گرینگە نزیکەی ٢٠ هەزار بەیت شیعری هۆنیوەتەوە کە تەنیا ٢ هەزار بەیت شیعری فارسی بۆ یەکەمجار لەژێر دێری (دیوانی مەستوورەی کوردستانی) لە لایەن شێخ یەحیای مەعریفەتەوە لە ١٣٠٤ی کۆچی هەتاوی بەچاپ گەیشت. جگە لە دیوانی چاپکراو برێکی زۆر شیعری پرژوبڵاوی گۆرانی، فارسی و کوردیی ئەم خانمە لەنێو گەنجینەی

پەڕاوگەی ماڵاندا لە گۆشە و پەڕاوێزدا ماوەتەوە و مەوجوودە. سەرەڕای ئەوانە، دوو پەڕاوی بەنرخی مێژووی ئەردەڵان و مەجمەعەلئودەبا و پەڕاوچەیەکی سەبارەت بەشەرعیات و فیقهەوە نووسیوە. بەنیوە سەرنجێک لەسەر ئەو ئاسەوارە ڕوون دەبێتەوە، ئەم سەلارە جگە لە گۆڕەپانی هۆنینەوە، بەم چەشنەش تەوسەنی خامەی ڕەتاندووە و لە نووسین شێوازی سەحبدا، کارامە و پێشەنگ بووە، فەن و شێوازی تۆژینەوەی ناسیوە و بەسروشت و بۆچوونێکی ڕەخنەگرانەوە، پەنجەی لە لاپەڕەی مێژوو داوە و لە گوڵشەن و بەندەنی ئەدیباندا گەشتوگوزاری کردووە و بەنەریتی شەرع و پێوەری یاساوە میزان و نرخی پێوەندیی مرۆڤ و کۆمەڵگەی لێک داوەتەوە.

مەستووره شێرەژنێکی شەرمین، شۆڕە سەلارێکی داوێن خاوێن، بەژن و ئەندام جوان، شۆخێکی خۆشنووس و دەستڕەنگین و شێوە پیاوانە بووە.

لە شیعرەکانی مەستوورەدا بەڕووناکی سەفای دەروون، جلوەی پرشنگی ئەوین، هەستی ناسک، شانازی بەعەفاف و خاوێنی، جەوهەرەی ئەندێشە و پێشکەوتووخوازی ڕەچاو دەکرێت. جیا لە هەوێن و مایەی ئەدەبی، ئەم سەلارە یەکێ لە شاعیرانی ناویەی فارسی وێژی سەدەی سیازدەی کۆچیی مانگی بووە.

میرزا عەلی ئەکبەری سادوقولولک، ڕەزا قولیخانی هیدایەت و شەیدای هەورامی و گەلێک تر لە مێژوونووسان شیاوی و لێهاتوویی ئەم سالارەیان ستایش کردووە. مێژووەکەی مەستووره خانم لە ١٩٤٦ی زاینی لە سنە لە چاپ دراوە و لە لایەن واسیلیویا خانمی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسەوە لە ١٩٩٠ی زاینی وەرگەڕاوەتەوە سەر زمانی ڕووسی و لە موسکۆدا بڵاوکراوەتەوە.

بەپێی بۆچوونی خانم واسیلیویا، مێژووی ئەردەڵان، جێگەی تایبەتیی خۆی لە هیستریوگرافیای ئەردەڵان (بەشێک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات)دا هەیە.

مەستووره لە پایزی ١٢٦٢ی کۆچی مانگی بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی سنە، وڵاتی ئەردەڵانی بەجێ هێشت و هاوڕێ لەگەڵ مامۆستا ڕەونەق و حوسەین قولیخانی ئەردەڵاندا ڕووی لە ناوەند و پێتەختی بابان کرد و لە سلێمانی نیشتەجێ بوو. بەداخەوە لە ساڵی ١٢٦٤ی کۆچی مانگی بەهۆی نەخۆشیی ڕشانەوە بەناکامییەوە – ناکامتر لە ناکامی شووی – خامە و دەواتەکەی

پێچاوەتەوە بۆ هەمیشە باروبنەی خۆی بەست و پاش ٤٤ ساڵ تەمەنی بەنرخ و ڕێزدار، دوور لە ناوەندی فەرمانڕەواییی ئەردەڵان کۆچی دواییی بەجێ هێنا و لە گردی سەیوانی سەرفرازدا بەخاکیان سپارد.

ئەگەرچی گەلان چارەنووسێکی واحیدیان هەبێت، بەڵام هەر گەل و نەتەوەیەک مێژووی تایبەت بەخۆی هەیە. مێژوو لە زۆر جێدا تەحریفە و ڕاستییەکان و ڕووداوەکانی شاراونەتەوە؛ بگرە بەتیشکی ئەندێشەی مێژووناسێکی کارامەش ئەو ڕاستییانەی ڕوون نابنەوە و ناخرێنەوە ڕوو. ئەم نەریتە ناپەسەندەش تایبەتمەندی گەل و نەتەوەیەکی تایبەتی نییە. دەسەڵاتدارانی نارەوا و ستەمکار لە گەلێک بوار و شوێندا مێژوویان چەواشە سەبت و تۆمار کردووە، بەداخەوە بوومی تەنراوی مێژووی ئەردەڵانیش جیا لەم تەونە نییە.

مێژوونووسانی دوور لە گەل و نزیک لە دەسەڵاتی سەپێنراو، ئەگەرچی خەباتێکی زۆریان کردووە تاکو ڕەسەنایەتی و مەشرووعییەتێکی مێژوویی بەبناخەدانەرانی ئەمارەتی ئەردەڵان ببەخشن و کاڵای شکۆ و بایەخیان وەبەرکەن، ڕەدای سەڵتەنەتیان وەسەرشان خەن و نگینی دەسەڵات وەئەنگوستیان کەن؛ بەڵام کارەکەیان ناشیانە و دزێوە. بۆ پووچەڵکردنەوەی نیازێکمان بەسوغرا و کوبرا نابێ.

لە سپێدەی مێژووەوە تاکو ئێستا نەتەوەی کورد مێژووێکی دەوڵەمەندی هەبووە؛ لە هیچ بوارێکیشدا مایەی سەرشۆڕی نەبووە و جێی شانازی بووە. بەڵام نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی و تەنگوچەڵەمەی مەسائیلی جیوپولیتیکی، کۆسپێکی گەورە بووە بۆ ئەوەی کە ئەم نەتەوەیە نەتوانێ خۆی لە ئاوێنەی مێژوودا وەدی بکاتەوە. چەوساوەیی و لاوازیی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆسپێکی دیکەی فورمولیزەی خۆسەپێنراوان بووە، بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی گەل نەیانپەڕژێتە سەر تۆژینەوە و ئاوڕدانەوە لەسەر لاپەڕە خوێناوییەکانی مێژووی نەتەوەکەیان. ئەم کۆسپانە یەک لەسەر یەک بوونەتە هۆی ئەوە کە مێژووی گەلەکەمان تۆزتەکێن نەکرێت و تەنانەت مێژووی پاش ئیسلامیشمان تاکو ئێستا شەفافییەتێکی ئەوتۆی تێدا نەبێ.

مێژوونووسان لەسەر بنەماڵەی فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان بۆچوونی جیاواز و ناتەبایان هەیە؛ تەنانەت ڕووداونووسانی مێژوزانی لایەنگری بنەماڵەکە

بەگوێرەی دۆخ و پێشهات سەبارەت بەسەر زەنجیرەی ئەم بنەماڵەیە دواون و لێدوانەکەشیان کانالێزە نییە و لە هیچ ڕێگەیەکەوە بەسەر سنووری هەرێمی تۆژینەوە ناگەنەوە. بڕێکیان لەسەر ئەوەن کە سەر زەنجیرەی ئەم بنەماڵەیە لە ئیمام حەسەنی موجتەبا، فەرمانی فەرمانڕواییی وەرگرتووە؛ تەنیا بەڵگەشیان ئەنگووسیلەیەکی عەقیقە کە ناوی ئیمام بەختەتی کووفی لەسەر نگینەکەی هەڵکنراوە. ئەردەڵانەکان ئەم میفەرکەیان بەیادگاری ئیمام و نگینی فەرمانڕەواییی خۆیان زانیوە. بڕێکیشیان لەسەر ئەوەن کە بابا ئەردەڵ نەوەی خوسرەو ئاشەوانێکی مەردی قاتڵی یەزدگردی سێهەمی ساسانی بووە.

قازی شەریف و خوسرەو بەگی موحەمەد بەگی ئەردەڵان وای بۆ دەچن کە ئەردەڵانەکان بەڕەسەن و ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر ئەردەشێری بابەکان؛ بەڵام ئەوەی لەم تۆژینەوەدا ڕوون کراوەتەوە، ئەوەیە کە لە ٥٩٨ی کۆچیدا شامەنسوور ناوێک فەرمانڕەوای (دوستیک) بووە کە بەدەستی تورکمانەکان کوژراوە. کوڕە گەورەکەی ناوی (فیروز) بووە، ناوی خۆی دەگۆڕێتەوە (قوباد)ی (ساسان) و پەنا دەباتە (سورخاب)ی (بەدر)ی حەسەنەوی و لە سەردەمی شکۆی ئەو دەوڵەتە دەسەڵاتدارەدا پاش کوشتنی (بەدر) ڕێز و دەسەڵاتێکی زۆری بەدەست هێناوە و لەنێو گۆراندا بەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستی گەیشتووە، بڕێ لە مێژوونووسان لایان وایە قوباد بەڕەسەن گۆرانە و لەنێو گۆرانیشدا گەشەی کردووە و پێ گەیشتووە. بەهەرحاڵ کاتێ هۆلاکۆ خانی مەغوول پەلاماری عێراقی دا (یەشمورت میرزا)ی کوڕیشی لە کرماشانەوە بەرەو ئەوێ بەلەشکرێکەوە ڕێ کەوت؛ لەو کاتەدا کە قوباد پیاوێکی کارامە و بەتەمەن بوو لە زانستی سیاسەت و گەلنەوازیدا لێهاتوو و بزان بوو، پێوەندیی لەگەڵ یەشمووت گرت و خۆی پێ ناساند. زۆی نەخایاند بەلای شازادە مەغوولەوە بوو بەڕاوێژیار و مەحرەم و خاوەن ڕا. بەهۆی نوکتەزانی و قسەخۆشییەوە لە ماوەیەکی کورتدا چووە پێشێ و بوو بەئەردەڵی تایبەتی (یەشمورت) و بەبابا ئەردەڵ نێوبانگی دەرکرد. پاش داگیرکردنی عێراق و خۆسەپاندنی مەغوول، یەشمورت فەرمانڕەواییی شارەزووری بەبابا ئەردەڵ بەخشی و قەڵای زەڵمیشی بۆ کرد بەناوەندی حکوومەت. کەوابوو سەرزەنجیرەی ئەم بنەماڵەیە، قوباد ناوێکی ئاردەڵی مەغوولی بووە. قوباد چەند ساڵێک لە شارەزوور حکوومەتی کرد، تاکو لە ساڵی ٦٧٥ی

کۆچیدا کۆچی دوایی کرد. پاش ئەو (کۆڵۆڵ)ی کوڕی داوێنەی حکوومەتەکەی پەرە پێ دا و ناوەندی دەسەڵاتی گواستنەوە پاڵنگان، کە ناوەندی حکوومەتی گۆران و کەلهوڕ بوو، کە قەڵاتێکی هەرە کۆن و مەحکەمی لێ بوو. ئەو قەڵایە بناخەی لە سەرەتای مێژووەوە ڕژابوو و گەورەترین و گرینگترین پشتیوانیی گۆران و کوردەکانی کاتی تەنگانە بوو.

لە حکوومەتی بابا ئەردەڵەوە تاکو سەردەمی فەرمانڕەواییی مەئموون بەگی کوڕی مونزیر، بارودۆخی ناوچەکانی ئەردەڵان ناڕوون و، هێندە ڕوونە کە وڵاتی ژێر دەسەڵاتیان زیادی نەکردەوە و ئاڵای شکۆیان نەشەکاوەتەوە؛ گوێ لە مشتی دوژمن بوونە و خزمەتکاری گەلەکەیان نەبوون. مەئموون بەگ کە دیی هەتاوی تەمەنی لە خۆراوادایە، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لە نێوان کوڕەکانیدا دابەش کرد، خۆشی حەسەناوا، سوڵتان سەلیمی عوسمانی سپایەکی رازاندەوە و هەناردیە سەر مەئموون بەگ و بۆ یەکەمجار دەروازەی قەڵای زەڵمی شکاند و شارەزووری لە ئەردەڵان پچڕاند و جیای کردەوە. لێڵی و تەمەلوولی ناڕوونی لەسەر پاکی بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەردەڵان هێشتاکو لە سەردەمی شا تەهماسبی سەفەویدا وەبەرچاو ئەکەوێ.

چەوساندنەوە و ڕووتاندنەوەی کۆمەڵگەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان، هێندە بێ بەزەییانە و ناعادڵانە بوو کە راستەوخۆ کاری کردە سەر بڕێ لەم حاکمانە. تەیمور بەگ هەستی بەم تەحقیر و ستەمە گەورەیە ئەکرد؛ بەڵام کە لە نێوان سپای ئەردەڵان و قزڵباشەکاندا لەکاتی گەمارۆدانی قەڵای (زەڕین کەمەر)ی گەرووسدا پێک هات گوللەی وێڵ ئەو ئاواتەی تەیموری بردە ژێر خاک. ئەم کۆسە دڵتەزێنە لە ٩٩٨ی کۆچیدا بوو. پاش ئەو هەڵۆ خان دەسەڵاتی گرتە دەست و هۆشیارانە ناوەندەکانی حکوومەتی لە قەڵاکانی زەڵم، مەریوان و حەسەن ئاوا گواستەوە قەڵای پاڵنگان و هەریەک لەو قەڵایانەی کرد بەناوەندێکی لەشکەری. هەڵۆ خان توانیی سەرانسەری باشووری کوردستان بگرێ و وڵات ئاوەدان بکاتەوە و لەشکرێکی ڕێکوپێک بەدی بێنێ. شاعەباسی سەفەوی کە ئەم بانگ و ئاوازەی هەڵۆخانی بیست، هەستی بەمەترسی کرد و سەرئەنجام سپایەکی گرینگی لەگەڵ خۆی بۆ سەرکوتینەوە و قەڵاچۆکردنی هەڵۆخان ڕازاندەوە و تا مەیهەمی ئەسفەند ئاواش هات. ئالی بالی زەنگەنە کە

بەمەی زانی هاتە لای شا و پێی وت دەست بردن بۆ هەڵۆخان کارێکی پڕ لە مەترسی و دوور لە ئاوەزە؛ بەقازانجت نییە. باشتر ئەوەیە بگەڕێیتەوە ئیسفەهان و بەدۆستایەتی و پیلان ئەم دژە برووخێت. بەداخەوە پیلانەکە لەوپەڕی ناپیاوەتیدا بەئاکام گەیشت و فڕوفێڵی شا و بەکرێگیراوانی شێرەپیاوێکی ئەوتۆیان بەزەبوونی لەنێو برد. خەسرەو خانی ئەحمەد خان کەسایەتییەکی لێهاتووی دیکەی ئەردەڵان بوو کە دەیتوانی لە سەردەمی زەندییەکاندا ئاڵای سەربەخۆیی هەڵکات و دەسەڵاتی ئێران بەدەست بێنێ، لەوا کە جەنگاوەرێکی دوور لە سیاسەت بوو، بەرژەوەندی خۆی و گەلەکەی نەدەبینی؛ زەمینەی سەرکەوتنی ئاغا موحەمەد خانی قاجاری بەدی هێنا و کردی بەخاوەن تاج و تەختی ئێران. شایەتییەکی کەی ئەم بنەماڵە ئەمانوڵڵا خانی گەورە بووە کە لە سەردەمی فەرمانڕەواییی خۆیدا توانیویە سنە بکا بەدژێکی قایەم و مەحکەمی لەشکەری و ناوەندێکی نرخداری زانستی و لە ٣٦ ساڵ فەرمانڕەواییی ویدا، سنە گەلێک لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە چووەتە پێشێ و کەسانێک وەک (سیر جان مەلەکوم) و (ڕیچ) هاتوونەتە سنە و وێنەگەلێکیان لێ هەڵگرتووە. ئەم ئەمیرە ئەگەرچی یارای سەربەخۆیی لە خۆڕانەدەبینییەوە، بەڵام مرۆڤێکی پێشکەوتووخواز بووە و عەلاقەتێکی زۆری بەئاوەدانی هەبووە. هەر بۆیێ یادگارگەلێکی چاک و بەنرخی لەدوای خۆ بەجێ هێشتووە، کە باشترین نموونەیان بریتین لە کۆشکی دڵگوشا، کۆشکی خەسرەوی، مزگەوتی (دارالاحسان)، کۆشکی تەنیشت مزگەوت، کۆشکی سەرهەنگ خانی. مەیدانی بەر دەروازەی قەڵای حکوومەتی، دوو ڕاستە بازاڕی داپۆشراو، گەرماو و بازاڕی قەسڵان، کۆشکی قەسڵان، تەعمیری قەڵای قەسڵان، تەعمیری قەڵای حەسەن ئاوا و ئاواکردنەوەی باخەکانی حەسەن ئاوا.

دیسان جەخت دەکەمەوە سەر ئەمە کە ئەگەر ئەردەڵانەکان بەرژەوەندی سیاسییان هەبوایە یان، لانی کەم زۆر بەئاسانی ئێرانیان لە فتنە و بشێوەی قاجارییەکان ڕزگار دەکرد و دەسەڵاتی ئێرانیان بەدەستەوە دەگرت و گەلێک کاروباری گرینگیشیان بۆ کورد ڕێ دەخست.

پێویستە ئەمەش بگوترێ کە ئەردەڵان ناوی بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوایە؛ ناوی مەڵبەندێکی دەرەتاندارە لە کوردستانی باشوور؛ ناوی زاراویەکە کە دانیشتوانی

ئەم مـەڵبـەندە پێـی دەدوون. ئەم ناوە یا خـۆ وشــەیە، وشـەیەكی سـەریەك خـراوی تێكلاوە. لە وشـەیەكی سـەربەخـۆ و پاشگرێكی رێزمـانی (گـرامـری). بۆ ڕوون كردنەوەی پێكهاتەی ئەم ناوە، ئەگەر لە سپێدەی مێژووەوە بنوارینە مەبەستەكە و لێ بدوێین و بتـۆژینەوە ئەردەلان وشـەیەكی سـەریـەك خـراوە و لە دوو وشـەی ئەرد (سەرزەوین، زەوین) و لان (سـەوز، سەرسەوز و خورەم). لە زمانی گۆرانی كۆن و ئەوێسـتـادا (ئەرد) بە (زەوین) و (لان) بـە (چەمـەك)، (سـەوزەلان) و (مـەڵبـەندی سـەوز و خـورەم) گـوتراوە؛ بـەڵام ئەم بۆچـوونە نـاڕاست و هـەڵەیـە. كـەوابـوو (ئەردەلان) وشــەیـەكی تێكلاوە لە (ئەردەل) بـەمـەعنی (فــەڕاش) فــەراشـێك كـە مـەئـمووری بانگەشـە و كۆكـردنەوەی لەشكریان و سـووچداران و گونـاهكارانە و (پاشگری) ان (نیشـانەی) (جەمع)ە یەعنی (فـەراشەكان). ئەم بۆچوونە دروستە و مێژوو تەئیدی دەكا.

٨٤/٩/١٠

# مەستوورەی ئەردەڵان

## هەسارەی گەشی شیعر و ئەدەبی کوردەواری

سوهەیلا موحەممەدی

مەستووره خانم، کچی ئەبولحسەن بەگ، کوڕی موحەمەد ئاغا و کچی مامی ساداتولولکە، هەروەها هاوسەری خەسرەوخانی ناکام، والیی شاری سنەیە. مەستووره خانم لە ساڵی ١٢١٩ی کۆچی مانگیدا بەدنیا هات و لە تەمەنی چل و چوار ساڵیدا واتە لە ساڵی ١٢٦٣ کۆچی دوایی کردووە. شاعیری بەناوبانگی کوردی فارسی بێژە.

میللەتی کورد بەشانازیی دەزانێ کە زیاتر لە ١٧٥ ساڵ بەر لە ئێستا شاژنێ هەڵکەوتووە کە توانیویەتی لە ماوەی چل و چوار ساڵ لە تەمەنی خۆیدا سێ بەرهەمی ڕەنگین وەکو: مێژووی ئەردەڵان و فیقھ و دیوانی شیعر بکاتە دیاری و پێشکەشی کاروانی ئەدەب و زانستی گەلەکەمانی بکات.

خاتوونی شیعری میرنشینی ئەردەڵان لە ماڵی خۆیدا کتێبخانەی دەوڵەمەندی ئەو سەردەمەی هەردوو بنەماڵەی قادری و ئەردەڵانیی لە بەردەستدا بووە و هەروەها لە منداڵیشەوە مامۆستای تایبەتی بۆ گیراوە و بەفارسی و عەرەبی خۆێندوویەتی. ئەمە لەگەڵ زەوق و شەوقی تایبەتیی خۆیدا، بۆ خزمەتی ئەدەبی زانست، بوونەتە دەسمایەی ئەوەی کە ببێتە یەکێک لە هەڵکەوتووانی سەردەمی خۆی. مەستووره بەهۆی زەوق و هۆگریی بەعیلم و زانستەوە، لەو کاتەیدا کە زۆربەی خەڵکی وڵاتی چەوساوەی کوردستان تەنانەت لە سەواد و زانست بێ بەری بوون، لێکۆڵینەوەی ئاینی و دینیی هەبووە. ئەگەر بارودۆخی ١٧٥ ساڵ لەمەوبەری کوردستان بێنینە بەرچاو، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم ژنە ڕووناکبیرە ڕەنگە ئەگەر تەنیا شیعری نووسیبا، ئەوەندە ناوی دەرنەدەکرد، بەڵام ئەوەی کە لە

سەرەتاكانی سەدەی نۆزدە، ژنێكی كورد، هەست بەوە بكا بەڕاستی پێویستە مێژوو بنووسێ، دیاردەیێكی یەكجار كەم وێنە و سەرنج ڕاكێشە. مەستوورە لە كتێبی مێژووی ئەردەڵاندا باسی تەواوی حاكمانی ئەردەڵان دەكا.

بەسەر زمانی (فارسی)شدا زۆر زاڵ بووە و هەم لە پەخشاندا كە مێژووەكەی ئەردەڵانی پێی نووسیوە و هەم لەشیعرەكانیدا نیشانی داوە كە چۆن (وشەی فارسی) وەكو موom لە نێو دەستیدا هەڵدەسووڕان ئەمە وێنەییەك لە دەسنووسە فارسییەكانی مەستوورەیە كە بۆ مامی خۆی میرزا عەبدوڵڵای ڕەونەق باشی نووسیویەتی:

«دوشینه بەهوای ادای نماز بر خاستم و خودبرای عبادت قادری بی نیاز آراستم و به صدای اذان قدی افراختم و وجه بەخاك سجده
منور ساختم، پس از دوگانه و تعقب دست اجابت به درگاه مجیب بر افراشتم كه:

رب لاتذرني وانت خير الوارثين

پس از تسبیح و تحلیل روی نیز به سوی خالق عزیزی بی انباز گذاشتم كه:

رب اني مسني الضر وانت ارحم الراحمين

رایت خور گردن افراخت و سلطان خاور كوس سلطنت نواخت. دیدم از جانب موطنم كتابی آوردند كه از چهرەی محنتم نقابی گشادند؛ گرفتم و شكرها كردم و سجدەها بردم و گفتم:

الحمد لله الذي انزل على عبده الكتاب

كه از یارانم خطابی رسید و از دوستدارانم عتایی. پس از مطالعه دیدم كه قصه از گریز عم است و حكایت از فرآران همدم

(ففر إلي الله، إني لكم منه نذير مبين)

اگر چه دل مملو از آتش آمد ولی ازا ین حركت بابركت خوش آمدند هر كس مخالفت از خویشان كنم انسان نیست.

ئەمە وێنەیێكی ترە لە پەخشان و ڕەوانووسیی مەستوورە كە لە كتێبی مێژووی

ئەردەڵاندا باس کراوە.

«سپاس خدایی را کە سزاست کە نزاد و نمیر است؛ باقی و فنا نمی پذیرد. خلاقی کە در پاکی ذاتش بی همتاست، رزاقی کە در جمیع صفات یگاتە و تنهاست

(سبحان الذي لم يلد ولم يولد ولم يكن له كفوا أحد)

معبودی کە کلک بنیان در بیان حمدش ابکم سجودی کە قلم و زبان در انشای سپاسش خجالت توام است، شایستە مدحش زبان هیچ صاحب فکری بەقطرەای مترنم نگردیدە، عقل عقلا از ستودنش حیران، فضل فضلا از توصیفش سر گردان و دیپاچە صبح را روشنی از پرتو نور حضرت او.

چو وصفش بەگفتن نیاید تمام

همین بەزبان در کشیدن بە

درود بی قیاس بر نخستین قلم قدرت باعث ایجاد کونین کە اگر مقصود از خلقت ذات مسعود او نیامدی قلم قضا بر لوح قدرت هستی هیچ آفریدەای و ننوشتنی باعث خلقت آدم و حوا و مایە ایجاد لوح و قلم اوست.

لولاك لولاك لما خلقت الجن والانس والافلاك محمد شهنشاه دنیا ودین محمد شفیع گنە شافع مذنبین».

ئەم دوو وێنەی سەرنج ڕاکێشەم لە کتێبی مەشاهیری کورد، نووسەر بابا مەردۆخی ڕۆحانی وەرگرتووە کە بەهۆی ڕەوان نووسییەکەی مەستوورە کە بەڕاستی لێهاتوویی ئەم شاژنە لە زمانی فارسیدا دەسەلمێنێ، پێم خۆش نەبوو تەنیا چەن ڕستەییەک دەسنیشان کەم و تەواوی دەقەکەم ئاراستەی ئێوەی بەڕێزی هێژام کرد.

خاتوونی شیعری میرنشینی ئەردەڵان کەوتووەتە نێوان دوو لووتکەی هەرەبەرزی شیعری کوردی کە بەناوبانگیان لە میرنشینی ئەردەڵان و بابان و موکریان و هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا ڕۆیشتووە؛ شیعری مەستوورە بەهۆی دڵبزوێنی زۆرجار ڕۆشنکەرەوەی کۆڕ و مەجلیسی ئەدیبان و شاعیران و مەلا و فەقێکان بووە.

مەستوورە لەگەڵ شاعیرە بەناوبانگەکانی کورد وەکو مەولەویی تاوەگۆزی، نالیی شارەزوور،ی ئەحمەد بەگی کۆماسی، شێخ عەزیز و میرزا عەبدولقادری پاوەییدا هاوچەرخ بووە. ڕەزا قولی خانی هیدایەت لە بارەی مەستوورەوە دەڵێ:

«مەستوورەی کوردستانی لە ژنە نەجیوە بەناوبانگەکانی کوردستانە. خوشنووسێکی دەسڕەنگین و جوان و شۆخ و داوێن پاکی ڕەوشت مەردانە بووە». هەروەها میرزا عەلی ئەکبەری سادقوالمولک بەم جۆرەدا باسی مەستوورە دەکا: «یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەمان ژنێکە بەنێوی ماهشەرەف خانم نازناوی مەستوورەیە؛ بەڕاستی کارێکی بەجێیە مێژوونووسان ناوی ئەم ژنە لەبەر خوێندەواری و خەتخۆشی و جوانی و شاعیر و نووسەربوونی لە لاپەڕەی مێژوودا تۆمار بکەن. نزیک بەبیست هەزار شیعری لە دیوانەکەیدا هەبووە کە بەداخەوە زۆربەیان لە ناوچوون و ئەوەی کە بەمن گەیشتووە دیوانێکە پتر لە دوو هەزار بەیت».

کە بەزەحمەتی خوالێخۆشبوو یەحیا مەعریفەتی کوردستان، لە ساڵی ١٣٠٤دا کە ئەو کاتەی ڕەئیسی مەعارفی وەختیی کوردستان بووە شیعرە بەجێماوەکانی مەستوورە بەچاپ گەیشتووە. مەستوورە لەگەڵ مێردەکەی خۆیدا خەسرەو خانی والی بەزمانی هەورامی بەشیعر گوتن و مغازیلە دانیشتوون و خەسرەوخانیش حەزی لە شیعر و شاعیری کردووە.

هەروەها مەستوورە لەگەڵ کۆڕی شاعیرانی هاوچەرخی خۆیدا پێوەندیی شیعریی هەبووە؛ کە سەبارەت بەم باسە دەتوانین لە (یغمای جندقی) لە شاعیرەکانی فارسی بێژە و لە (مەلا خضری نالی) لە شاعیرە کوردیبێژەکان ناوبەرین.

نزیکی و پێوەندی لەگەڵ مەڵبەندی هەورامان و خەڵکەکەیدا کە خۆی بەشێ بووە لە میرنشینی ئەردەڵان و ڕەواج و برەوی زمان و ئەدەبیاتی گۆران، لە سەرتاسەری مەڵبەندی ژێر دەسەڵاتی ئەردەڵاندا و پرژ و بڵاویی شیعرەکانی مەولەوی و شاعیرانی پێش ئەوە، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ: کە مەستوورە ئەدیب و شاعیرە، بۆن و بەرامەی شیعری کوردی و زایەڵەی نەغمەی دڵبزوێنی دەنگی شاعیرانی سەردەم و پێشووی کوردی پێ گەیشتووە؛ کە وابوو دوورنییە خاتوو

مەستوورە جاروبارێ بەکوردی شیعری نەنووسیبێت. سەبارەت بەم باسەدا ناکۆکی نێوان نووسەران و شاعیرانی کورد هەیە؛ حەکیم مەلا ساڵح دەڵێ: مەستوورە بەکوردی شیعری نییە، دیارە شیعر بەستنیش بەناوی شاعیران بمانەوێ و نەمانەوێ زیانێکی گەورە بەئەدەبی کوردی دەگەیێنێ.

لە لاییەکی دیکەش سدیق بۆرەکەیی دەڵێ: من لە ڕووی بەڵگە و سەنەد شیعرە کوردییەکانی مەستوورەم چاپ کردووە. زۆربەی شیعرەکانی مەستوورە خانم بۆ لاواندنی خەسرەو خانی ناکام پاشای ئەردەڵان گوتراوە.

مەستوورە پاش مەرگی هاوسەرەکەی خەسرەوخانی ناکام سێزدە ساڵ ژیاوە.

لەم ماوەیەدا ئەو خاتوونە نازدارە لە کۆشکی بەختەوەریدا دەکەوێتە بەر هەرا و هەنگامەی ڕۆژگار؛ ئەمە وێنەیێکە لە شیعرە کوردییەکانی.

ڕۆحی شیرینم لەبەرچی ئەمڕۆ وا لوتفت نییە
نووری بیناییی چاوەکانم پێم بڵێ سووچم چییە
بێ قەباحەت لێم زەوێری چاکە ئینسافت ببێ
تاکوو نەمرم خۆ مەحاڵە ڕۆیشتنم لەم قاپییە

لە شیعرێکی دیکەیدا بەبۆنەی مەرگی خوسرەوخان بەزمانی هەورامی دەڵێ:

نەسەحن چەمەن نەوانۆ بولبول
هەنی نەنیشتۆ ژاڵە نەڕووی گوڵ
ونەوشە و سونبول نەسرین و شەوبۆ
تاقام قیام بەرنەیان جەکۆ
بگیرۆ وەدەس هەر کەس دەسەی گوڵ
وێنەی نیشی خار بپێکو نەدڵ
مەستوورە مەلوول دڵ جە مەینەت مەس
جام عەیش تەهی شیشەی خەم بەدەس

مەستوورە ژنێ خاوەن بیری بەرز و بەشەرەف و ڕۆشنبیر بووە کە سەبارەت

بەخۆی دەڵێ:

بەزیر مـقنعـه مـرا سـری است لایق افـسـر
ولـی چـه سـود کـه دوران نموده زار چنینم

مەستوورە لە دوایین ساڵەکانی ژیانی خۆیدابەهۆی برێ ناکۆکیی نێوان خزم و بنەماڵەکەی، بەرەو شاری سلێمانی دەڕوا و ڕوو لە ناوچەی بابان دەکات.

باوکم ئەحمەدی موحەممەدی نووسەر و وەرگێڕ، لە سەفەرێک لە سلێمانی بۆ ماڵی (ئەحمەد خواجە)ی مێژوونووسی گەورەی کورد دەڕوا کە لەم هونەرە پایەبەرزە ئیزن نامە بۆ وەرگێڕانی کتێبی بەنرخی (چیم دی) لە ئەحمەد خواجە وەرگرێ. ئەحمەد خواجە بیرەوەرییەکانی خۆی لە زمانی باوکی سەبارەت بەمەستوورە خانم، ئەو کاتەی کە لە ماڵی ئەوان بووە و لە شاری سلێمانیدا لە غوربەت بووە بۆ باوکم باس کردبوو، کە مەستوورە لە دوایین ڕۆژەکانی ژیانی نەخۆش دەبێ دەیویست بۆ زیارەتی مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بۆ بەغدا سەفەر بکات؛ بەڵام بەداخەوە ئەم سەفەرە بەئەنجام نەگەیشت و لە ساڵی ١٢٦٣هـ .دا کۆچی دوایی دەکا و تەرمی پیرۆزی ئەم شاژنە کوردە، لە خاکی غەریبیدا و لەگردی سەیوانی شاری سلێمانی دەنێژرێ، دوایین بەشی باسەکەی خۆم بەشیعرێ لە شیعرە جوانەکانی مەستوورە خانم بەکۆتایی دێنم و داوای لێبووردنتان لێ دەکەم.

رفـتیم و پس از خـود عـمل خیـر نهشـتیم
با آب گنه توشـەی عـقـبی بسـرشـیـتم
امـروز بدین عـالم خـاکی چه نازیم
فرداست که بینی همه خاک و همه خشتیم
بس کـار مناهی کـه دراین مـرحله کـردیم
بس خار معاصی که دراین مزرعه کشتیم
از مـسـجـد و مـحـراب بدوریم و تو گـویی
مـا بندەی پیـران کلیـسـا و کنشـتـیم
در حـشـر زنیک و بدمـا دوست چه پرسـد
نیکیم از اوییم و از اوییم چو زشـتـیم

المنتـــه للـه کـــه مـــســـــتـــوره من و دل
جـــز یار بســاط از هـمــه دیار نوشـــتـــیم

هەزاران درووود و سڵاو لە ڕۆحی بەرزی شاژنی کوردەواری خاتوو مەستوورەی ئەردەڵان بەسوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز و هێژا.

## سەرچاوەکان:

(١) کتێبی مەشاهیری کورد لە بابا مەردۆخی ڕۆحانی.
(٢) دیوانی مەستوورەی کوردستانی بەقەڵەمی سدیق بۆرەکەیی (کە بەکوردی وەرم گێڕاوە).
(٣) گۆڤاری فەرزانگان.

# لە غوربەتی ئیمارەتی ئەردەڵاندا

## مەستوورە بە تەنیا میللەتێ بوو

### پێشەکی بۆ شیوازناسیی شیعری مەستوورە

**کامبیز کەریمی**

وەک پێشەکی

لە خەسارناسیی مێژووییی سەردەمی قاجارەکاندا، ئەوی بەزەقی بەرچاو ئەکەوێت، فەرامۆشکردنی ژنی ئێرانی و چالاکییەکانییە لەو سەردەمەدا. تەنیا لە یەک دوو کتێب وەکو (خیرات حسان) و (مێژووی عەزۆدیی"دا ئیشاراتێکی زۆر کورت بە ڕۆڵی ژنانی زانا، ئەدیب، نووسەر و هونەرمەند کراوە.

ئەم خەسارە وەهای کردووە کە زۆرجار گومان دەکرێ لە دەورانی قاجاردا ژن هیچ دەورێکی هەبووبێ و تەنیا گۆشەنشینی سووچی ژووری تەنیایی بووە. ئەگەر ئەم گۆشەنشینییە بۆ ژنانی رەعییەت راستییەکی حاشا هەڵنەگر بێ، ئەوا لەنێو دەرباری قاجارەکاندا بەسەدان ژنی شاعیر، نووسەر، گۆرانیبێژ و خۆشنووس بەرچاو ئەکەون کە چالاکییەکانیان بەشێکە لە بزووتنەوەی ژنی ئێرانی لەپێش (مەشرووتە"وە. بزووتنەوەیەک کە زۆرتر کەڵکەڵەی بوون و گۆڕانکاریی هەیە تا وەسوەسەی ناو و ناوداری؛ بۆ نموونە لەم سەردەمەدا لەگەڵ ژنێکی ئەشرافی وەکو نووسەری کتێبی (مەعایب ئەلرجال) رووبەڕوو ئەبینەوە کە ناو و نازناو و نیشانی نازانین؛ بەڵام کتێبەکەی یەکێک لە باشترین رەخنەکانی کۆمەڵایەتیی دەورانی قاجارەکانە.

مەستوورەی ئەردەڵان، یەکێ لە ژنانی سەردەمی قاجارەکانە کە نزیک بە دووسەد ساڵ لەمەوپێش لە ڕۆژئاوای ئێران و لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دایک

بوو؛ باڵای کرد. سرنجی زۆر چاوی چەتوونی بۆ خۆی ڕاکێشا و شعریان پێدا گوت و شیعری نووسی؛ بۆ دنیای مێژوو مەلەتاتکێی کرد. لە شەریعەت ورد بووەوە و پاش ٤٣ یان ٤٤ ساڵ لە غوربەت و تەنیاییدا مرد.

## مەستوورەی ئەردەڵان (یان) ماه شەرەف خانم

وشەی ٦ بڕگەیی (مەستوورەی ئەردەڵان) زۆر بەناوبانگترە لە وشەی ٥ بڕگەیی (ماه شەرەف خانم)؛ هەرچەندە کچی ئەبولحەسەن بێگ و کوڕەزای موحەممەد ئاغای نازری کوردستانی و برازای میرزا عەبدوڵڵا نووسەری (حەدیقەی ئەمانوڵڵاهی) بە تەنیا نیشانەی ئەشرافییەت و هەروەها کولتووری بوونی بنەماڵەی ماه شەرەف خانمە؛ بەڵام هاوسەری (خەسرەو خانی ناکام) والیی (ئیمارەتی ئەرەدڵان) ڕووداوێکە کە ناسنامەیەکی تازە بۆ ماه شەرەف خانم دابین ئەکا. بە واتایەکی تر، مەستوورە بەرهەمی موناسباتی کولتووریی نێو بنەماڵەی ئەردەڵانەکان و پێوەندیی ئەم خانەدانە لەگەڵ دەرباری قاجارەکانە، کە ناسینی ئەم ژنە بەبێ ناسینی بنەماڵەی ئەردەڵان و ساختاری کولتووریی حکوومەتی قاجار مەحاڵە.

## سەرەکیترین جیاوازی ئەردەڵانەکان لەگەڵ میرنشینەکانی تردا

بنەماڵەی ئەردەڵانەکان، چ بەپاڵ بەستن بە ئۆستوورەوە بگەڕێنەوە بۆ کاوەی ئاسنگەر و چ نەگەڕێنەوە، چ بە وەهم لە ڕەگەزی ئەردەشێریی بابەکان بن و چ نەبن، چ بە نیشانەگەلی تەماویی پێش لە هێرشی مەغولەکان حاکمی بەشێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بووبێتن چ نەء، خاوەنی مێژوویەکی ٥٠٠ ساڵەن کە ناویان وەکو ئەرباب و خان و حاکم لە مێژووی کورددا دیارە. ئەوی لەسەر ئەردەڵانەکان، پێویستە لەم وتارەدا ئاماژەی پێ بکرێ ئەو جیاوازییە گەورەیەیە کە حکوومەتی ئەردەڵانەکان لەگەڵ میرنشینەکانی تری کوردی، وەکو بابانەکاندا بوویە.

ئەگەر ملووکی حەسەن کێف و ئۆمەرای هەکاری و پاشاکانی بابان بە درێژیی مێژووی پڕ لەسەروەرییی خۆیان هەوڵیان داوە ساختاری سیاسیی دەسەڵاتە مەرکەزییەکان لەلای خۆیان دووبارە بەرهەم بێنەوە و وەزیر و سیلکدار و

میرئاخۆڕیان دروست كردووە، ئەردەڵانەكان بەشێكی هەرە زۆری تەقەلایان ئەوە بووە، شێوازی كولتووری دەسەڵاتە مەركەزییەكە جارێكی تر بەرهەم بێننەوە كە ئەم دووبارە بەرهەمهێنانەوە لە دوو بواری (میعماری) و (نووسیندا) زۆر ئاشكرا و بەرچاوە. لە شاری سنەی پایەتەختی ئەردەڵانەكان بە دەیان شوێنەواری جۆراوجۆر هەیە كە لە سەردەمی ئەردەڵانەكاندا دروست بووە و راستەوخۆ لاساییكردنەوەی شێوازی میعماری (سەفەوییەكان) و (زەندییەكان) و قاجارەكانە و هەروەها لە بواری نووسیندا تەنیا لەنێوان سالآنی ١٢١٤ ك.م تا ١٣١٩ ك.م شەش كتێبی بەنرخی مێژوویی (زوبدەتول تەواریخ)، (لوبول تەواریخ)، (تاریخ ئەردەڵان)، حەدیقەی ئەمانوڵڵاهی)، (حەدیقەی ناسری) و (توحفەی ناسری) دەنووسرێت تا بزووتنەوەی مێژوونووسیی سەردەمی قاجارەكان لە كوردستان دووبارە بەرهەم بێتەوە، كە من ئەم تەقەلایە ناو ئەنێم (بزووتنەوەی مێژوونووسیی سنە). ئەم جیاوازییە هەرەگرینگەی ئەردەڵانەكان، یەكێ لە گەورەترین كەرەسەكانی دروستبوونی كەسایەتیی مەستوورەی ئەردەڵانە.

## فەتحعلیشای قاجار و كولتوور

سەردەمی پاشایەتیی فەتحعلیشای قاجار لە رووی بزووتنەوەوە كولتوورییەكانەوە، سەردەمێكی جیاوازە بەنیسبەت دەسەڵاتەكانی پێش و پاش خۆی. ناردنی یەكەمین گرووپی قوتابی بۆ دەرەوەی ئێران لە ساڵی ١١٩٠ ك.م، دامەزراندنی یەكەمین چاپخانەی ئێرانی لە تەورێز بە هیمەتی (فەرهاد میرزا)، دەسپێكردنی پێوەندیی بازرگانی و كولتووری لەگەڵ بەریتانیا و ناردنی یەكەمین وەفدی سیاسی كولتووری بۆ فەرەنسا بە سەرپەرشتی (موحەمەد رەزا خانی قەزوێنی) لە سەردەمی فەتحعلیشا، یەكەمین ترووسكەكانی گۆڕانكارییە لە ئێراندا.

هەرچەندە لە دەرەوی دەرباری قاجارەكان هیچ جۆرە مافی جوولانەوەی كولتوور بۆ ژنان دابین نەكرابوو، شیعر نووسین و گۆرانیبێژی و سەماكردن و خوێندن بۆ ژن قەدەغە و بڤە بوو؛ بەڵام بارودۆخی دەربار و ئەشراف شتێكی تر بوو. لە حەرەمسەرای پاشاكانی قاجاردا، ژنان هان دەدران فێری گوڵ دۆزی و نەقاشی و شیعر و گۆرانیبێژی بن و زۆرجار شارەزاییی ژنان لەم بوارانەدا،

دەبووە هۆی نزیکبوونەوە بە شا و شازادەکان.

(ئەحمەد میرزا عیزەتولدەوڵە) لە کتێبی مێژووەکەیدا دەنووسێ:

... لە ڕۆژی نەورۆزی باستانییەوە هەتا ڕۆژی سیازدەهەمی جەژنی خاقان، لەگەڵ هەموو ئەهلی حەرەم، دەبوونە مێوانی (تاجو لدەوڵە) و لەم سیازدە ڕۆژەدا هەر خۆشی بوو و ساز و ئاواز... کچی (ئاغا موحەمەد رەزا موسیقازان) ناسراو بە (شاوردی خانم) لەگەڵ چەن کچێکی تری خشڵ پۆشدا ئەرکیان ژەندنی ساز و چڕینی ئاواز بوو.

یان (براکانی شرلی) لە شەرحی دەرباری فەتحعلیشادا لە سەفەرنامەکەیاندا دەنووسن:

گرووپی موسیقا ژەنانی شا دە کەس بوون، دە ژنی زۆر جوان، کە جلوبەرگێکی زۆر بەنرخیان لەبەردا بوو.

لە بواری شیعریشدا، دەرباری فەتحعلیشا هیچی کەمتر لە مۆسیقا نەبوو؛ بەدەیان شاعیری ژن لە حەرەمدا بوون کە کۆڕیان ئەبەست. ئێوارە شیعر و شەوی شیعریان ساز ئەکرد. (تاووس خانم) و (دڵشاد خانم) و (ئاغا باجی) سێ شاعێری دەرباری فەتحعلیشا بوون کە هەر سیان ژنی شا بوون و شیعری زۆریان لێ بەجێ ماوە. لە شاعیرانی دیکەی دەربار دەکرێ بە (کووچەک خانمی تەبرێزی) و ( موشتەری خانم) و (رەحشە خانم) ئاماژە بکرێ.

تەنیا لە حەرەمخانەی فەتحعلیشای قاجاردا، سێ ژنی کوردی شاعیر ناو و نیشانیان دیارە کە بریتی بوون لە:

حاجییە خانمی زەند ژنی شا، کە لە باوکەوە دەگەڕێتەوە سەر شێخ عەلی خانی زەند. ماه تابانی قاجار کچی شا. کە لە دایکەوە دەگەڕێتەوە سەر عەلی مورادخانی زەند و مەستوورەی زەند، ژنی شا کە یەکێ لە ئەشرافی تایفەی زەندە.

لە لایەکی ترەوە لە سەردەمی فەتحعلیشای قاجاردا دوو ڕووداوی دیکە یەکێ لە بواری مێژوونووسی و ئەوی تر نووسینی ریسالە شەرعییەکاندا ڕوویدا. لەم سەردەمەدا مێژوونووسی تەنیا دەبێتە شەرحی سەرگوزەشتی شا و شازاکان و

هیچ باسێ لە میللەت نییە، لانی کەم بەنیسبەت کتێبێ وەک (مێژووی بەیهەقییەوە). هەروەها بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێرانی پاش ئیسلامدا ریسالە شەرعیەکان بەزمانی فارسی دەنووسرێت. ریسالەگەلێ کە بەڕوونی دیارە دەقێکی وەرگێڕدراون. (عەبدول ڕەزاق بیگ) (مائەسەر سوڵتانی) دەنووسێ کە شەرحی سەڵتەنەتی فەتحلیشای قاجارە تا ساڵی ١٢٤١ ک.م، (مێژووی نوێ) لە لایەن (جەهانگیر میرزا)وە دەنووسرێت کە درێژەی مائەسەر سوڵتانییە، (میرزا سادقی وەقایع نگار) مێژووی (جیهان ئارا) دەنووسێ کە شەرحی سەرجەم ماوەی پاشایەتیی فەتحعلیشای قاجارە و (ناسخ ئەلتەواریخ) بەقەڵەمی (میرزا موحەمەد تەقی لسان) دێتە گۆڕەپانی مێژوونووسیی ئێرانەوە کە دیسان هەر باسی شا و شازاکانە.

لە هەمان حاڵدا ئاڵوگۆڕێکی گەورە بەسەر زمانی نووسینی ریسالە شەرعیەکاندا دێت، تا پێش لە سەردەمی فەتحعلیشا هەرچی کتێبی شەرعی هەیە بەزمانی یەکەمی ئیسلام واتە عەرەبییە؛ بەڵام لەم دەورانەدا وردە وردە ئوسوولی شەریعەت بەفارسی دەنووسرێت.

سێ بزووتنەوەی شیعری ژنانی ئەشرافی، شەرحی سەرگوزەشتی شا و شازاکان لە فۆرمی مێژوونووسیدا و نووسینی کتێبی شەرعی بەزمانی فارسی سێ بزووتنەوەی کولتووری سەردەمی قاجارەکانە. جا ئەگەر ئەو ڕاستییەی کە پێشتر گوترا وەبیر بێنینەوە کە ئەردەڵانەکان بەشێکی هەرە زۆری تەقەلایان ئەوە بووە، شێوازی کولتووری دەسەڵاتە مەرکەزییەکە جارێکی تر بەرهەم بێننەوە ئەوا مەستوورە و ئەوا ئەردەڵانەکان.

ڕاستە شیعری مەستوورە لە ئاستی شیعری شاعیرانی گەورەی ئێراندا نییە، ڕاستە کتێبە ناتەواوە مێژووەکەی تەنیا باسی ئومەرای ئەردەڵانە و کورد وەکو نەتەوەیەک فەرامۆش کراوە، ڕاستە کتێبە شەرعییەکەی تەنیا دەقێکی وەرگێڕانە و هیچ ناخاتە سەر شەریعەتی ئیسلام، بەڵام ئەوەی مەستوورەی ئەردەڵان لە ٤٤ ساڵ تەمەنیدا بەتەنیا کردی بەسەدان کەس لە مێژووی کولتوور و ئەدەبی ئێراندا لە سەردەمی قاجاردا نەکرا، مەستوورە لە غوربەتی ئیمارەتی ئەردەڵاندا بەتەنیا میللەتێ بوو.

## پێشەکی بۆ شێوازناسیی شیعری مەستوورە

### شیعری دەرباری و شیعری ئەشرافی

شیعری مەستوورە لە ڕووی شێوازناسییەوە دەخرێتە خانەی (شێوازی گەڕانەوە) لە شیعری فارسیدا کە مەبەست گەڕانەوەی شیعر و پەخشانی فارسییە بۆ (شێوازی عەراقی) و (شێوازی خۆراسانی).

دوای ڕووخانی زنجیرەی (سەفەوییەکان) تا سەردەمی پاشایەتیی فەتحعلیشای قاجار شیعری فارسی لە لاوازترین سەردەمی خۆیدایە، کە ئەم ماوەیە پێی دەڵێن (دەورەی فیترەت). بێ گومان دەورەی فیترەت خامۆشترین ساڵانی شیعری ئێرانە.

(ئاغا موحەمەد خانی قاجار)، کوشتن و کوێرکردن و منارە دروستکردن لە کەللە، مەجالی ئەوەی پێ نەدا بیر لە شیعر و هونەر و جوانی و مۆسیقا بکاتەوە؛ بەڵام برازاکەی -واتە فەتحعلیشای قاجار- بارەگایەکی گەورە و جوانی لە (تاران) بۆ خۆی دروست کرد. شیعری نووسی و نازناوی (خاقان)ی بۆ خۆی هەڵبژارد. هەروەها تاقمێکی شاعیر و نووسەری لە لای خۆ کۆکردەوە و ئەنجومەنێکی دامەزراند بەنێو (ئەنجومەنی خاقان).

شێواز ناسانی شیعری فارسی دەڵێن، لەم دەورانەدا شێوەیەکی شیعر دروست بوو بەنێو (شیعری دەرباری)، شێوەیەک کە شوێنی سەرهەڵدانی دەربار و تایبەتمەندیی خۆی هەیە؛ بەڵام ئەوی لێرەدا لە لایەن ئەم شێوازناسانەوە فەرامۆش کراوە شێوەیەکی دیکەی شیعرە کە من ناوی لێ ئەنێم (شیعری ئەشرافی) کە تەنیا هاوبەشیی لەگەڵ شیعری دەرباری شوێنی سەرهەڵدانیانە. ڕەنگە ئەم فەرامۆشکارییە یەکێ لە خەسارەکانی گەورەی شێوازناسیی شیعری فارسی لە سەردەمی قاجاردا بێ.

شیعری دەرباری سەردەمی قاجار، شیعری مەدح و ستایشی شا و شازاکانە، شیعریکی زۆر فاخر و بەهێز لە ڕوویی زمانەوە کە لە ڕوویی شێوازناسییەوە دەگەڕێتەوە سەر شێوازی خۆراسانی و فۆرمی قەسیدەیە، شیعری دەرباری بۆ وەرگرتنی پارە و وەدەستهێنانی پلە و پایەی حکوومەتی دەنووسرێت.

(فەتحعلیخانی سەبا) چل هەزار مسقاڵ زێڕ لە باتی نووسینی قەسیدەی (شاهەنشاه نامە) وەردەگرێت و چل هەزار تمەن لە خەزانەی دەوڵەت بەبۆنەی قەسیدەیەكەوە دەدرێتە (مۆعتەمید ئەلدەوڵی نشات).

لە شاعیرانی بەناوبانگی دەرباری دەكرێت بەسەحاب، مەجمەر، سەبا، نشات، قائانی، فرووغی و یەغما ئیشارەت بكرێ؛ كە چوار كەسی ئەوڵیان شاعیری دەرباری فەتحعلیشا بوون و سێ كەسی تریان شاعیری دەربارەی (موحەمەد شای قاجار). بەڵام هەر لەم دەورانەدا لە دەرباری شاكانی قاجاردا شێوەیەكی تر لە شیعر خەریكی بالاكردنە كە بەقەد پێستی مێشوولە ناسكە.

## شیعری ئەشرافی

شیعری ئەشرافیی سەردەمی قاجار دوو بەشە: شیعری پیاوان و شیعری ژنان. شیعری پیاوان زۆر جێگای باس نییە؛ چونكە سەرجەم شیعری شا یا شازاكانە و بەڕوونی دیارە بۆ ڕابواردن نووسراوە. زمانێكی زۆر سادە و ساكاریان هەیە؛ ڕەنگە باشترینی ئەم شیعری شاهانە ئەو شیعرەی مەنسووب بە (ناسرەدەین شا) بێ:

دانەی فلفل سیاه خال مه رویان سیاه
هر دو جانسوزند اما این كجا وآن كجا
دختری در آب حوض و میتی در حال غسل
هر دو عریانند اما این كجا و آن كجا
دود غلیان گلی و دود غلیان بلور
هر دو یک دودند اما این كجا و آن كجا

بەڵام شیعری ژنانی ئەشرافی شیعرێكی جدییە و دەبێ لە شێوازناسیی شیعری فارسیدا باسی لێ بكرێ. كە بەداخەوە نەكراوە. تاووس خانم، دڵشاد خانم، ئاغاباجی و حاجییە خانمی زەند لەگەڵ ماەتابانی قاجار و مەستوورەی زەند شەش شاعیری دەرباری فەتحعلیشای قاجارن و ئەگەر لە دەرەوەی دەرباری قاجار مەستوورەی ئەردەڵان و (حێران دۆنبەلی)یان بخەینە سەر بازنەی دروست، ئەبێ– كە بازنەی شیعری ژنانی ئەشرافییە– سەیر ئەوەیە كە لەم هەشت كەسە

شەش کەسیان کوردن.

شیعری ئەم ژنانە بەگشتی شیعری ژنانی ئەسیری زیندانی دەربارە، شیعرێکە کە گرینگی بەزمانی ڕەسمی ئەدات و فۆرمی غەزەڵ لە لایان زۆر بایەخی هەیە، هەروەها بەپێچەوانەی شیعری دەربارییەوە لەم شێوە شیعرییەدا گەڕانەوەکە بەرەو شێوازی عەراقییە و وشەی عەرەبی زۆر لە شیعرەکاندا بەرچاو ئەکەون و کەڵک وەرگرتن لە وشە دووانەکان بەزەقی دیارە. ناوەڕۆکی شیعری ئەشرافی ژنانی سەردەمی قاجار لە چەند بابەت تێ ناپەڕێ. عەشق و خۆشەویستی دەربڕین بۆ شوو، وەسفی سروشت، گلەیی لە تەنیایی و بارودۆخی ژیانی ژنانە. ئەگەریش بڕێ جار لەگەڵ ماناگەلێ وەک عیرفان لە شیعری ئەم ژنانە ڕووبەڕوو ئەبینەوە بەئاشکرایی دیارە عیرفانێکی قەرزییە و لاساییکردنەوەی عۆرەفای گەورەی ئێرانە.

حاجییە خانمی زەند دوای گەڕانەوە لە مەککە لە شیعرێکدا بۆ فەتحعلیشا لە دوایین دێریدا دەنووسێ:

طواف کعبه مرا جاجیه میسر شد
خدا زیارت اهل دل نصیب کند

یان ماەتابان کە توانایەکی باشی لە شێوازی عەراقیدا هەبووە دەڵێ:

چه بودی گر زمهر بر من دیده بگشودی
زاغیارم نهان بر دیدەی جانم عیان بودی
بهر جا هست بیمار از خدا خواهد شفای خود
مریض عشق تو هرگز نیارد نام بهبودی

مەستوورە خانمی زەندیش لە وەسفی فەتحعلیشادا دەنووسێ:

خاک پایت سبب روشنی دل گردد
چشم از خاک کف پای تو رشن گردد

ئەگەر بە (پان سنەئیسم) تاوانبار نەکرێم و ئەگەر باوڕمان هەبێ کە لە شێوازناسیدا هەمیشە کەسێ لە ناوەندا دەوێستێت و ئەوانی تر لەسەر خەتی بازنەکەوە پیاسە دەکەن، ئەوا دەبێ بڵێم مەستوورەی ئەردەڵان ناوەندی بازنەکەیە و تاووس خانم و دڵشاد خانم و ئاغاباجی و حاجییە خانمی زەند و ئەوانی تر

خەتی بازنەکە، کە ئەم داعییەیە دوو هۆی گەورەی هەیە. یەکەم زۆریی بەرهەم و دووهەم بوونی هەموو تایبەتمەندییەکانی شیعری ئەشرافی لە باشترین شێوەی مۆمکیندا لە شیعری مەستوورە.

سەرجەمی شیعرەکانی مەستوورە لەسەر شێوازی عەراقییە، عەزەڵەکانی یان خەمی غوربەتە و یان خۆشەویستی دەربڕین بۆ خەسرەو خانی ناکام. ٢٩ چوارینەی هەیە کە ٢٤ دانەی عاشقانەیە چواری وەسفی ئومەرای ئەردەڵان و یەک دانەی نیایشە. (مەسنەوی)یەکانی بەئاشکرایی دیارە لە ژێر کاریگەریی (مەسنەویی مەعنەوی)ی (مەولانا)دایە و دوو (تەرکیببەند) ، یەک (تەرجیعبەندی) لێ بەجێ ماوە.

بەگشتی مەستوورە، فارس وتەنی (فەرزندی زەمانی) خۆی بوو. غەریبیی میرنشینی ئەردەڵان و ئاشنای کووچە و کوڵانەکانی ئەدەبی ئێران. مەستوورە بەقەد شووکردن و تەنیایی و هەناسە هەڵکێشانی لە لێواری حەوزی بەرواڵەت خاچی ئیمارەت، بەقەد خۆشاردنەوە لە ژێر چارشێوی تاریکی زەمان، بەقەد هەڵاتنی بەرەو سلێمانی، بەقەد مەرگی، لە ئەدەبی ئێراندا غەدری لێ کراوە. یادی هەر پیرۆز بێ.

## *سەرچاوەکان:*

جامعه شناسی مردم کرد- مارتین وان بروین سن- م. ابراهیم یونسی
فرهنگ شرق و غرب- مرتضی رهبانی
تاریخ مشاهیر کرد- بابا مردوخ روحانی
از صبا تا نیما- یحیی آریان بور
سبك شناسی- ملك الشعري بهار
سبك شناسی ساختاری- محمد تقی غیائی
بارسی گویان کرد- حیرت سجادی
سفرنامه برادران شرلی- برادران شرلی
سفری به دربار سلطان صاحب قران- ترجمه مهندس کرد بچه
تاریخ عضدی- به کوشش عبدالحسین نوانی
خیرات حسان- به کوشش اعتماد السلطنه
خاطرات لیدي شل- م. حسین ابو ترابیان

تاریخ جنبش مشروطه
تاریخ سلسله قاجار
تاریخ اردلان
نسخ خطی اشعار طاوس خانم- دلشاد خانم و آغاباجی- ارشیو کتابخانه ملی ایران
دیوان مستوره اردلان- به کوشش احمد کرمی
نسخه خطی اشعار کوچك خانم تبریزی

# مەستوورەی ئەردەڵان

مریم قازی

سڵاوێکی گەرموگوڕ پێشکەش بەهەموو ئێوە میوانانی خۆشەویست و ئێوە بەڕێوەبەرانی دڵسۆزی ئەم کۆنگرەیە کە ئەمەکناسانە و بەرپرسانە ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەم هەڵسووڕانە بەنرخەتان پێک هێناوە.

سەری کڕنوش دادەنوێنم بۆ ڕووحی بەرزی بارزانیی نەمر و سەرجەم شەهیدانی ئەم خاکە پیرۆزە و خاکی بەرپێیان دەکەمە سورمەی دوو چاوی چاوەڕێم، هەزاران درووود و سڵاو لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مسعود بارزانی و سەرۆک کۆماری پایەبەرزی عێراق جەلال تاڵەبانی و هەموو تێکۆشەران و ئەویندارانی ئەم نەتەوە بەشخوراوە کە سەرەنجام هەلی وەیان ڕەخساند، لەسەر پەڵە خاکێکی ئەم زەوییە سەرگەردانە، وەکوو کوردێک هەناسەیەکی قووڵی ئازاد هەڵکێشین و چاو و دڵ ڕوون کەینەوە بەئاڵا و ئازادی و ئاشتی و ئاوازە گشتیەکانی ئەم ئاو و خاکەی کە کوردستانی نێوە.

لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمەکانی زانستییە فەلسەفی، مێژوویی، هونەری و تەنانەت ئەدەبی کوردی لە ڕابردوودا، زانیارییەکی ئەوتۆمان ناداتە دەست کە نووسەران و خاوەن بیرەکان بەوردی لەسەری ڕۆیشتبن و بەرهەمێکی بەرفراوانیان پێشکەشی چینەکانی ڕووت و

ڕەجاڵی کتێبخانەکانی کوردی کردبێ. چارەنووسی ئەم بەرهەم نەهێنانە، جیـــا لە چارەنووسی ژیانی کۆمەڵگاکەمان، لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا نەبووە؛ کە لە هەموو کاتدا بەقاچاغی ژیاوە و هیچ کات لە ژێر توندوتیژیی ڕەگەزپەرستان -کە ئاسمان و خاک و ئاو و ژیانیان تەنیا بەمافی خۆیان زانیوە- نەیانتوانیوە چالاکانە بێنە پێش و خۆ ماندوو کەن. نووسەر و خاوەن بیر و شاعیری کورد، یان هەنبانەبۆرینەی بەشانی خۆی داداوە و بۆ پاراستنی ژیان و هوییەتی خۆی ئاوارە و پەڕیوەی هەندەران بووە و وەک دێو و درنجان وەشاخ و کێو کەوتووە، یان هەموو تایبەتمەندییەکانی نەتەوەییی خۆی، وەلاناوە و چووە لە خزمەت ئەدەبیات و کولتووری نەتەوەی خاوەن دەسەڵات، کە جگە لە بەرژەوەندیی زمان و فەرهەنگ و بیرۆکەی خۆیان بیریان لە هیچ شتێکی تر نەکردووەتەوە. هەرچەند ئەم هەلومەرجە لەو بەشە لە کوردستان -واتە باشوور- بەجۆرێکی تر ڕەخسا و دەسکەوتی کوردەکان بۆ وەدیهێنانی نووسین و خوێندنەوە بەزمانی کوردی، بوو بەپاڵپشتێک بۆ هەموو ئەویندارانی ئەم ڕێبازە. بەڵام ژیانی کارەسات ئامێزی ئەو بەشەش، لە بەربەرەکانی دەگەڵ دەسەڵاتداری ڕەگەزپەرستی بەعس -کە ڕووی هەموو دیکتاتۆرییەکیان سپی کردووەتەوە- کاریگەریی ئەو بەشەی بەنزمترین ئاستی خۆی گەیاندەوە و ئیتر نێوی شاعیر و خاوەن بیری کورد تێکەڵاو بوو دەگەڵ زیندان و ئەشکەنجە و چۆنێتیی تێپەڕبوونی ژیانیان، بووەتە تاڵترین بەرهەمی کۆمەڵایەتییان. کورد لە هەموو کاتدا ناچار لە پاراستنی گیانی خۆی بووە کە بەگرانترین نرخ بۆی دیاری کرابوو. دیارە وەها هەلومەرجێک بەستێنێکی لەبار بۆ

سەرهەڵدان و پشکووتنی ئەندێشە و قەڵەم نەبووە و نییە؛ بەڵام لاپەڕەیەکی شڕ و قەڵەمێک و فانۆسێکی کز لە شەوێکی درێژدا کە تێکەڵاوی چڕودووکەڵی جگەرە دەبێ و هەروەها هەستێکی ناسکی ئینسانی شتێکە بەهیچ دەسەڵاتێکی زەوت ناکرێ؛ بەتایبەت کە بەتوندترین شێوەش شڵەژا بێ و هەموو شەوێ لە داوێنی ئەم ژان و هەستەدا کۆرپەی شیعرێک لە دایک بووە، کە بەجۆرێکەوە دەتوانین بڵێین لە نێو زۆربەی شیعری شاعیرانی هاوچاخی خۆیاندا بێ وێنەن کە ئەم دەرفەتە بۆ ژنان بەدەگمەن هەڵکەوتووە و باس لەسەر بەرهەمهێنانی وان تەمێکی غەم بەسەرماندا دەبێژێ و دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکی گەش دەخاتە سەر ئەو لاپەڕە سپیانەی کە بەخامەی ژنان ڕەش نەبوونەتەوە. ژنی کورد لە هەمان کاتدا کە بۆ پاراستنی بەرەی کورد لە داوێنی دادڕاوی خۆیدا دەگەڵ دڵڕەشترین بوونەوەرەکانی سەر زەوی ڕووبەڕوو بووەتەوە و چوار پارچەی ئەم ئاو و خاکەی بەپای پەتی تەقاندووەتەوە و بوونەتە قوربانیی پاوانخوازان، بەچەشنێک کە بەپێی ئاماری ساڵی دوو هەزاری زایینیی یونیسێف، زۆرترین ڕادەی کوژراوەکانیان پێک هێناوە؛ لە هەمان کاتیشدا دەگەڵ نیزامێکی باوکسالارانەدا ڕووبەڕوو بووەتەوە کە ڕێگەی هەر چەشنە سەرهەڵدان و خۆنیشاندانێکیان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتیدا لێ زەوت کراوە و تا شاروەندێکی دەرەجە چەند وەپشتەوە دراون و بەتایبەت لە ڕابردوودا زۆر بەدەگمەن هەڵکەوتوون، بەچەشنێک کە ژمارەیان لە ژمارەی قامکەکانی دەست تێ ناپەڕێ و هەروەک ڕابردووی تووشی خەسار کردووە، دەتوانێ بەچارەسەر نەبوونی ئەو کێشەیە داهاتووش تووشی خەسار کا.

ئێستا بۆ پاراستنی بەرهەم و بیرەوەری ئەو ژنە بەدەگمەن هەڵکەوتووانە، با بزانین مەستوورە کێیە کە دوای سەد و پەنجا ساڵ ئێمەی لەم شوێنە پیرۆزەدا لێک کۆکردووەتەوە:

بەلێک هەڵوەشانی سیلسیلەی زەندییە لە ساڵی (١٢٠٨هـ. ق-١٧٩٠ز) محەمەد شای قاجار وەک هەموو پادشاکانی دی بەقەتل و عام کردنی دەیان هەزار کەس، هاتە سەر کار. لە کاتی گرتنی شاری کرمان کە پایەتەختی زەندییەکان بوو، دەستووری دا بیست هەزار جووت چاوی خەڵکی شار دەرێنن و لە بەرپێی هەڵیانرێژن. بۆ خۆیشی بەدەستی خۆی چاوەکانی فەتح عەلی شای زەندی دەرێنا و سوربی داغی بۆ تێ کرد و لە پاشانا کوشتی. ئەم زوڵم و زۆرییە بوو بەهۆی وەی کە هەر بەزووە بەدەست یەکێ لە نۆکەرەکانی خۆی بکوژرێ و فەتح عەلی شای برازای بێتە جێگای. ئەو کات ئێران لە ئیالات و ئیماراتی گەورە و چکۆلە پێک هاتبوو و هەر کامیان لە نێو خۆیاندا خودموختار بوون. هەر کامیان خان و سالاری خۆی هەبووە کە مۆری دەسەڵاتی لە لایەن شای ئێران پێ دەدرا و بەپێی توانا سوار و چەکداریان لە بەردەستدا بووە و ڕەعییەت لە ژێر فەرمانیاندا کاریان کردووە و لە داهاتێکی- کە لە هەر ئیالەتەی بەجۆرێک دابین دەکرا- ماڵیات دەدرا بەبارەگای شا. خان و سالاری ئەم ئییالەتانە یان هەر لە نێو ئەرباب و زەویدارە گەورەکانی خۆیان هەڵدەبژێردران یان شا بەیەکێ لە دەربارییەکانی دەفرۆشتەوە و دەبوونە خاوەنی گیان و ماڵ و چارەنووسی خەڵک و پاشایەکی چکۆلەتر لەسەر ئییالەتەکەی خۆیان. بۆ سەلماندنی باشتری ئەم بابەتە سەرنج بدەنە هەلومەرجی ئەوروپا لە دەورەی کارولنژیان کە لە کاتی دەسەڵاتداریی ئەم ئیمپراتۆریەدا، هەموو وڵات بەئەیالەتی گەورە و چکۆلە دابەش کرابوو؛ هەر بەشە لە ژێر چاوەدێریی خان و لوردی خۆیدا، خاوەنی خودموختاری و تەمامییەتی ئەرزی بووە، کە لە لایەن دەسەڵاتەوە پێیان دەفرۆشرا یان بەکرێ دەیاندانێ. بەم جیاوازییە کە لە ئێراندا ئەم فرۆشتن و بەکرێدانە بەهەرچەند وەخت جارێک، دووپاتە دەبووە یانی خاوەنی سەرەکی هەموو موڵکی ئێران شا بوو کە دەیتوانی بەزۆر داگیریان کا یان ئەگەر زۆری مایە بۆ دانابان، لێی کڕیبانەوە و ئەوەش بوو

بەبەرهەڵستێكی گەورە لە سەرڕێی سەرهەڵدان و پێكهاتنی چینی بورژوا و خاوەن سەرمایە، كە هۆی بنەڕەتیی پێشكەوتنی ڕۆژئاوای پێک هێنا. لە ئێراندا هەر ئیپالەتە دەبوایە لە كاتی شەڕیدا چ ئەو دەمانەی كە دوژمنێكی خاریجی هێرشی دێنا و چ ئەو دەمانەی كە شا تەماحی لە وڵاتێكی دی دەكرد، بەخۆی و چەكدارەكانیەوە بەشداریی شەڕەكەیان كردبا و لە ئەوامیری شای دەرنەچووبان. بەتەشریع بوونی ئەم شێوازە لە دەسەڵات لە لایەن ئەو تاقمە لە پیاوە ئاینییەكانی مەزهەبی شیعە كە لە دەوری سەفەوییەكانەوە بوو بەئاینی ڕەسمیی ئێران و بەشێوەی خاچ پەرستەكان لە دەورەی قروونی نێوەڕاستدا بەڕاگەیاندنی ئەوە كە "شا سێبەری خوایە". دەورێكی بەرچاویان لە بەردەوامبوونی دەسەڵاتی واندا هەبووە. بەم چەشنە بەتەعامولێک دەگەیشتن كە قازانجی هەردووک لای تێدا بەدی دەكرا و خەڵكیش كە هەموو بنەمای ژیانیان بەسەر ئەو حەلال و حەرامانە دادەمەزرا- كە ڕێبەرانی ئاینییان بۆیان دیاری دەكردن- بڕوایەكی قووڵ و ئیمانێكی پتەویان پێ بوو؛ دەونێوەدا تێدا دەچوون. هەرچەند كە ئیپالەتەكان، دەگەڵ وەی كە هەستیان بەلاوازیی دەسەڵاتی ناوەندی دەكرد لێی ڕاست دەبوونەوە و شەڕ و ئاڵۆزی دەستی پێ دەكرد. بەڵام زۆربەی ئەم ڕاستبوونەوانەش بەر لەوەی كە بۆ دابینبوونی عەدالەت و ئازادی پێک بێ، بەنیازی تاڵان و كوشتن و بڕینی عەشیرەتێک لە دژی عەشیرەتێكی تر بەڕێوە دەچوو و ئێمە بەدەگمەن نەبێ تووشی بزووتنەوەكانی ناسیۆنالیستی و نەتەوایەتی نابین كە لە ڕۆژئاوا و بەشێک لە وڵاتانی دەوروبەری ئێراندا سەری هەڵدا بوو. لەو سەردەمەدا بەگشتی خەڵكی ئێران نەخوێندەوار بوون و تەنیا سێ بەش لە سەد بەشی خەڵک خوێندەوار بوون كە ئەویش بەشی هەرە زۆری لە شازادە و ئەندامانی دەربار پێک دەهات و ئەو خوێندەوارییەش لە دوازدە عیلمی حوجرەی مەلایان واوەتر نەچووە كە جاروبار نووسراوەكانی ئەبو عەلی سینا و شیعرەكانی حافز و سەعدی و شاعیرانی تری ئێرانی هاتووەتە سەر. بۆیە نووسراوەكانی ئەو سەردەمانە و پێشتریش هەمووی بەزكری خوا و حەمد و ستایشی پێغەمبەران و ئیمامان دەست پێ دەكا و لە پاشان قالبی غەزەلیاتی عاشقانە، قەسایدی مەدح و زیكری گەورەپیاوان و تەركیب بەند و مەرسییەی سەرەخۆشی درێژە بەكارەكەی دەدا و بەم جۆرەی لە ئەوڕۆدا باوە، شیعر دەروەستی حاڵ و هەوای كۆمەڵگای خۆی نییە و تەواو لە

خزمەت کەشوهەوای عارفانە یان عاشقانەی دەروونیی خۆیدایە، یان لە خزمەت دەربار و دەسەڵاتداراندا. نووسراوەکانی نەسریش دیسان هەر لە شەرحی حاڵی شازادە و پاشایان و گێڕانەوەی شەڕ و ئازایەتی و دادپەروەریی وان و زکری شەجەرەی وان و سەرۆک عەشیرە بەدەسەڵاتەکاندایە و دەگمەن تووشی سەفەرنامە دێین کە لەواندا تا ڕادەیەک هەلومەرجی ئەو سەردەمانەمان بۆ شی دەکەنەوە. لەو سەردەمەدا هەروەک دەورەکانی پێشوو، نەخۆشی لەوپەڕی خۆیدایە و وەبا، تاعوون، تیفۆس، سیل و گولی هەموو جارێ قڕان لە شار و ناوچە و ئیپالەتان دەخەن و دارا و نەدار لێی دەئەماندا نەبوون. جگە لە ئەمیر و خان و پاشا و دەرباریپەکان، ڕەعیپەت و جووتبەندە و پاڵە لەوپەڕی هەژاری و نەداریدابوون، کە سەرجەم ڕواڵەتێکی سەدەگەلی ناوەندیان بۆ ئێران پێک هێنا بوو.

ئەوە سەردەمێکە کە مەستوورە لە نزیک سەد و پەنجا ساڵ لەمەوبەر واتە نۆ ساڵ دوای هاتنە سەرکاری قەجەرەکان لە دەورەی فەتح عەلی شادا لە ئیپالەتی ئەردەڵانەکان لە شاری سنە لە دایک بووە. ئەو کات میری ئەردەڵانەکان «امان الله» خان بوو کە یەکێ لە بەدەسەڵاتترین سەردارانی ئەو بنەماڵەیە بووە و لە توحفەی ناسریدا دەنووسێ کە داهات و سامانی ئەردەڵانییەکان لە سەردەمی ئەو خانەدا بەوپەڕی خۆی دەگا. لە زۆربەی شەڕەکانیاندا دەگەڵ ئیپالەتەکانی دی سەرکەوتوون و بەدەیان جار جاف و بابان و ئەوانی تریان ڕاو و ڕووت کردووە و لە کاتی ناردنی هێزی شەڕی بۆ بارەگای فەتح عەلی شای قاجاردا سوپای کەس بەوێنەی سوپای وان نەبووە، فەتح عەلی شا خزمایەتیی دەگەڵ کردووە و هەم یەکێ لە ژنانی حەرەمی خۆی بەگیازێکی بەرچاو داوە بەخۆی و، هەم خەسرەو خانی کوڕی «امان الله» کردووەتە زاوای خۆی کە لە پاشان مەستوورە دەبێتە هەوێی.

لەو سەردەمەدا پاشا و خانەکان لەسەر تەختی فەرشکراو و لە ژێر سێبەری ئەتڵەسی ئاودامێن و زەوی و پەڕی تاووسدا لە تەنیشت حەوزی پڕ لە ئاو، پاڵیان وەپشتی دەسکردی ڕیزدار داوە و دەریای کەشف نەکراوی نەوت لە چەند میترێ بن پێیاندا شەپۆلی داوە. هەڵمی قەننە و دووکەڵی مەنقەلیی تریاک، تەنیا شتێک

بووه كه بەئاسمانی شینی سەر سەریاندا هەڵگەڕاوه و له سەرتاسەری ئێراندا دووكەڵی هیچ قەتارێك و هارەی هیچ ماشینێك بەدی ناكرێ. بەڵام ئەو تەپ و تۆزەی كه جاروبار له بن پێی یەكسمی جەنگاوەرەكاندا وەڕێ كەوتووه تا عەرشی فەلەك چووەته سەری. سەرنجی زلهێزەكانی ڕووسیا و ئینگلیز و فەرانسه بۆ پەرەپێدان بەموستەعمەراتی خۆیان بۆ لای ئێران ڕاكێشراوه، كه له لایەكرا وەك دەروازەیەك بەرەو هیند و وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتدا كــــراوەتەوه و له لایەكی دیكەشرا دەستی بەئاوی ئازادی دنیا دەگا. كاتێك كه بۆ یەكەم جار ئێران له ساڵی (١٢٢٢ه. ق-١٨٠٧ز) له پەیماننامەی فین كۆنێشتاین، تەمای سازدانی سوپایەكی یەكدەست و سازكردنی تۆپخانه و كێشانی ڕێگاوبان له ژێر چاوەدێریی فەرانسەدا گرت، مەستووره دوو ساڵانه بووه. هەرچەند ئەم كاره دەگەڵ فەرانسەی سەرناگرێ، بەڵام ئەو دەستپێكێك بوو بۆ سەرەتای بەسرانەوەی ئێران بەزلهێزەكان؛ ئەویش لەبەر نەزانی و بێ كیفایەتیی شای قەجەر و ئەوانەی دوای خۆشی هاتن، بەسەر بنەمای قازانجی دوو لایەنەدا نەبوو. پەیماننامەی توركەمانچای و گوڵستانیش، هەر له ئاكامی پاوانخوازیی زلهێزەكاندا هاته گۆڕێ، كه دەزگای قەجەر بەمنەتەوه چووبووه ژێر باری و بەپێی ئەم دوو پەیماننامەیەش شارەكانی گورجستان، داغستان، موغان، عولیای طالش و زۆر بەشی دیكەش بەدوای هێرشی ڕووسیه بۆ سەر ئێران، درایه دەس ڕووسەكان و سەرەڕای ئەوەش ئێران ٥ ملیۆن كرووری غەرامەت بۆ ڕووس له بەرچاو گرت و له بەرامبەر هەموو ئەوانەدا بەڵێنی وەیان پێ دا كه له پاراستنی تاج و تەخت له بەرامبەر بزووتنەوەكانی عەشایر و ئیالەتەكاندا یارمەتیی قەجەر بدا. هەروەها بەدوای شەڕی عوسمانیش بەنێوبژیی ئینگلیز و ڕووس له پەیماننامەی ئەرزەڕۆم هێندێكی دی له خاكی ئێران له بەشی ڕۆژئاوا دەدرێته دەس عوسمانییەكان و له بەرابەردا حاكمییەتی زەویی خوڕەم شەهر و بەستێنی چەپی ئەروەندروود، له لایەن ئێرانەوه بەڕەسمییەت دەناسرێ.

ناكۆكیی نێوان میرنشینه كوردییەكان و له كێشەدا بوونێكی بەردەوام دەگەڵ یەكتر و عوسمانی و دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران كه هەر جاره بەدژی یەكتر دەگەڵ لایەكی دەكەوتن و هۆگەلێكی تریش، هیچ كات ئەم هەلەی بەباشی نەڕەخساند كه بتوانن بەسەر تەمایەكی گشتیدا بۆ كوردستانێكی سەربەخۆ ساغ بنەوه. له

حاڵێکدا ئیمپراتۆری عوسمانی بەرە بەرە بەهۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی نەتەوە جۆربەجۆرەکان خەریک بوو لێک هەڵدەوەشا. کەچی لە ئێراندا سەرەڕای دابڕانی بەشێکی بەرچاو لە خاکی ئێران، بەهۆی خۆتێوەردانی زلهێزەکان -کە بۆ دابینبوونی گەلاڵەکانیان پێویستیان جێگیریی ناوچە بوو- بەسەرکوتکردنی عەشایەرە جۆر بەجۆرەکان و هێندێ ئاڵوگۆڕ لە نێو ئێراندا یارمەتییەکی زۆریان دا بەبەردەوام مانەوەی قەجەرەکان. ئەم چاوەدێری و خۆتێوەردانە تا ئەو جێگایە ڕۆیشت کە عەسکەری چەکداری خۆشیان هێنایە ئێران و زۆریەک لە وەزیران و دەربارییەکان هەر لە مۆرەکانی خۆیان بوون.

لەو نێوەدا ئەمانوڵڵا خانی ئەردەڵان دەورێکی بەرچاوی هەبووە لە سەرکوتکردنی ئەو ئەمارەتە کوردییانەی کە لە دژی قەجەرەکاندا ڕاست دەبوونەوە. لەم پێیەدا تەنانەت چاوپۆشی لە سەربزێویی کوڕەکەی خۆشی نەکردووە و لە ناوی بردووە و دوای هاتنە سەرکاری خەسرەو خانی مێردی مەستوورە -کە زاوای فەتح عەلی شاش بوو- ناتەبایی نێوان ئەردەڵانەکان پەرە دەگرێ. خەسرەو خان سەرەڕای وەی کە زۆر دڵاوا و سەخی بووە، دووجار براکەی خۆی محەمەد سادق خان تالان دەکا. مەحمووود پاشا لە موڵکی بابان وەدەردەنێ و بۆ جاری چەندەم جافەکان سەرکوت دەکا و بزووتنەوەی شامراد بەگی ئەردەڵان -کە میری جوانرۆ بوو- هەر بەدەست خەسرەو خان سەرکوت کراوە. هەر بەدوای ئەم خزمەتانەی خەسرەو خاندا بووە کە فەتح عەلی شا لە ساڵرۆژی تاج گوزاریی خۆیدا تیمسالی هومایوونی پێ خەڵات دەکا؛ کە ئەم پایەبەرزییە تایبەت بەشازادەکان بووە.

دوای جوانەمەرگ بوونی خەسرەو خان و هاتنە سەرکاری ڕەزا قولی خانی کوڕی، ئەویش دەورێکی بەرچاوی دەبێ لە سەرکوتکردنی نەواب ئەردەشێر حاکمی گەڕووس و ئەفشار و ئەو کوردە نارەزامەندانەی کرمانشا کە لە لایەن حەمەحوسێن میرزای فەرمانفەرما ساز درابوو و بۆ خۆی لە دەربارییەکانی قەجەر بوو.

لە دەورەی ڕەزا قولی خاندایە کە محەمەد میرزا شای قاجار کە لە جێی فەتح عەلی شا هاتبووە سەرکار دەڵێ: «ئەمارەتی ئەردەڵانەکان یەکێ لە گەورەترین

دۆستانی منه كه شانازییان پێوه دەكەم». ئەویش خوشكەكەی خۆی دەدا بەڕەزا قولی خانی ئەردەڵان. بەڵام ناكۆكیی نێوان خۆیان كه تەنانەت ڕەزا قولی خان دەگەڵ دایكیشی- واته كچی فەتح عەلیشا- تووشی كێشه دێ له لایەكڕا و كەمكردنەوەی بەره بەرەی دەسەڵاتی میرنشینەكان له لایەكی دیكەڕا كه هۆی ئاڵۆزی و ناجێگیرییان له ناوچەدا پێك دێنا، دەستیان دابووه دەست یەك و ڕۆژ له دوای ڕۆژ له تەمەنی دەسەڵاتیان كەم دەبووەوه. شای قاجار كه زانی لەسەر كار مانەوەی ئەردەڵانەكان خەریكه دەسەڵاتی خۆیشی تووشی مەترسی دەكا، خەسرەو خانی گەڕووسی رادەسپێرێ كه بچێته شەڕی ئەردەڵانەكان و له دەسەڵاتیان بخا.

مەستووره تەواو ئاگاداری ئەو لێك هەڵوەشان و لێك دابڕانەیه و بەوردی تۆمارییان دەكا. له نێو ئەو شەڕ و هەڵلایه و قەلاچۆكردنی سنەدایه كه زۆریەك له ئەندامانی بنەماڵەی ئەردەڵان و دانیشتوانی شار، سنه بەجێ دێڵن، كه مەستووره یەكێ لەوانه و دەگەڵ هێوەرەكەی دەڕوا بۆ سلێمانی و دوای دوو ساڵ لەوێ له تەمەنی چل و چوار ساڵی و له ساڵی (١٢٦٤ه. ق) دەمرێ.

له دوای مەرگی مەستووره ئەردەڵانەكان- هەرچەند كه بۆ جارێكی تر دەچنەوه سەر كار، بەڵام بۆ هۆی بەردەوامبوونی ئەو كێشانە- سەرەنجام بەیەكجاری له ساڵی (١٢٨٤ه. ق) ئەمارەتی ئەردەڵانەكان تێك دەچێ و هەموو موڵك و ماش و سەروەتیان له لایەن قەجەرەكانەوه داگیر دەكرێ و بۆ بەڕێ چوونی ئەو بەرەیەی له پاشیان بەجێ مابوو تەنیا ساڵی هەزار و سێسەد تمەن له لایەن قەجەرەكانەوه بۆیان تەرخان دەكرێ.

بەدوای ئەم كورته باسه لەسەر دەورەیەكی كه مەستووره تێیدا ژیاوه دەچینەوه سەر باس و خواسی مەستووره و بەرهەمەكانی:

له نێوان ساڵەكانی (١٢١٩ه.ق-١٢٦٤ه.ق) ماه شەرەف خانمی كوردستانی ناسراو بەمەستوورەی ئەردەڵان، له ئاسمانی شیعر و ئەدەبی كوردیدا درەوشاوەتەوه. دكتۆر سدیقی سەفی زاده له پێشەكیی دیوانی مەستوورەدا دەنووسێ: مەستووره له بنەماڵەی ڕۆشنبیر و نێوبەدەرەوەی قادرییەكانه كه هاچەرداری خەزێنەی ئەمانوڵلا خان بووه. بابی، مەستوورەی وەبەر خوێندن ناوه

و دەورێکی بەرچاوی لە عاملاندنی ویدا گێڕاوە. لە پاشان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو نێوان ناخۆشییەی کە دەگەڵ ئەردەڵانەکان بۆیان پێک هات، مەستوورەیان بۆ خەسرەو خان خواستووە. حاکمی ئەردەڵانەکان –واتە ئەمانوڵڵا خان– وەک هەموو دەسەڵاتدارێکی دیکە سەرنجی داوە بەشاعیر و نووسەر و کەسایەتیی وەک حوسێن قولی خانی حاوی، میرزا مورتەزا ئەفسەر، ئەسەدوڵڵا بەگی ئەسیر و چەند کەسێکی تر و تەنانەت ئەمانوڵڵا خان و خەسرەو خانیش بۆ خۆیان شاعیر و نووسەر بوون. بۆ وێنە لەو جێگایە کە خەسرەو خان دەڵێ:

خسرو دلت از غم دو نیم است مترس
ور جان بره بلاو بیم است مترس
گر از سر و کار آخرت میترسی
آنجا سر و کار باکریم است مترس

وە دەگەڵ مەستوورەش موغازەلەی کردووە. لەو جێگایە کە مەستووره دەڵێ:

زلف ارسال شد بدان خسرو
کز سر مهر پر ستاره کند
تاکه مستوره گردن فرازد
حاسد از رشک جامه پاره کند

وێ دەچێ یەکێ لە هۆیەکانی سەرهەڵدانی کەسایەتیی مەستوورە، ژیانی هاوبەش دەگەڵ خەسرەو خان بووبێ کە دانیشتنی ئەدەبیی بۆ پێک هێناوە و ئیزنی داوە دەگەڵ شاعیرانی تر لە پێوەندیدابێ. غەمنامەی مەستووره لە شینی جوانەمەرگ بوونی خەسرەو خانی مێردیدا– کە هەمووی بەزمانی کوردییە– ئەم هۆگری و خۆشەویستییە تەواو ئاشکرا دەکا.

ئەو بەرهەمانەی لە مەستووره بەجێ ماون نزیک بیست هەزار بەیت شیعری فارسیی و کوردییە کە لە لایەن دکتۆر سەدیقی سەفی زادە بەنێوی دیوانی مەستوورەی کوردستانی لە ساڵی ١٣٧٧ هەتاوی چاپ بووە کە لەودا دەنووسی دوو بەرهەمی مەستووره بەنێوی: ریسالە شەرعییە و مەجمەعولئودەبا هەیە کە هێشتا چاپ نەبوون. ئەوی تریان مێژووی ئەردەڵانە کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٣٣٨هەتاوی لە لایەن ناسری ئازاد پوور لە سنە چاپ بووە و لە ساڵی

١٩٨٩زاینی مامۆستایان حەسەن جاف و شوکور مستەفا، کردوویانەتەوە کوردی و مامۆستا هەژاریش لێکدانەوەیێکی بەکوردی لەسەر بەڕێوە بردووە و وێڕای هێنانەوەی بڕگە بڕگەی مێژووی ئەردەڵان و وەرگێڕان بۆ سەر کوردی، بەراوردکارییەکی دەگەڵ شەرەفنامە و مێژووی گوزیدەی حەمدوڵلای مەستووفی و "زبده التواريخ" مەلا محەمەدی شەریفی قازی و "لب التواريخ" خەسرەو بەگی مەنچووری بەڕێوە بردووە، کە پێمان نیشان دەدا زانیارییەکانی مەستوورە لەسەر ئەردەڵانەکان بەوردی بەڕێوە چووە. کە ئەو بەشانەی بۆ خۆی ڕاستەوخۆ ئاگاداری بووە هاتووجتە سەری.

نەوشیروان مستەفا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە مەستوورە لە شەرەفنامەی بەدلیسی کەڵکی وەرگرتووە و ئاماژە بەکتێبخانەی دەوڵەمەندی ئەردەڵانەکان دەکا، کە لە بەردەستی دابووە و زیاتر لە دووهەزار کتێبی بەنرخی خەتی و چاپیی تێیدا بووە و ئەم بۆچوونە زیاتر وێ دەچێ هەتا ئەوەی کە مامۆستا هەژار دەفەرمووێ مەستوورە شەرەفنامەی نەخوێندووەتەوە. چونکە شێوازی نووسینی مەستوورە لەسەر ئەردەڵانییەکان تەواو وەکو شەرەفنامەیە کە نێوی ئەمیرەکان دەسپێکی نووسراوەکەیە و بەنووسینی ساڵی لە دایکبوونیان و ماوەی دەسەڵاتیان و ئەو شەڕانەی کردوویانە، درێژەی پێ دەدرێ و بەمەرگ یان کوژرانیان لە ساڵی دیاریکراودا کۆتایی پێ دێ و هەروەها وەک شەرەفنامە و زۆربەی نووسراوەکانی تر بەزیکر و نێوی خوا و ڕەسوڵ دەست پێ دەکا. ئەو زانیارییانەی کە سەبارەت بەئەردەڵانەکان لە شەرەفنامەدا هاتووە زۆر نزیکە لەوانەی کە مەستوورە خڕی کردوونەتەوە و بەم جۆرە بەڵگەیەکی تر هاتووەتە سەر ئەو بەڵگە مێژووییانەی کە بەرگریی لە تێداچوونی ڕابردووی ئەردەڵانەکان دەکا.

هەرچەند لەم نووسراوەیەدا ئەوەی سەبارەت بەئەردەڵانەکان بۆ ناسکردنی میرەکان پێویستە، بەوردی نووسراوەتەوە؛ بەڵام ئەگەر وەک مێژوو چاو لە بەرهەمەکەی بکەین تووشی خەسار دێ. ئێمە لە تاریفی دەڵێین: مێژوو بریتییە لە سەرجەمی ئاڵوگۆڕ و هەموو ڕووداوەکانی کۆمەڵگای ئینسانی، کە لە بەستێنی کات و شوێندا ڕووی دەدا و هوییەت و هەبوونێکی ڕاستەقینەیە لە ڕابردووی ئینسانەکان و پەدیدەکانی ئینسانی؛ وەک: شەڕ، ئاشتی، داوونەریت و بەگشتی

ژیانی هاوبەشی کۆمەڵایەتی کە تۆزی ڕابردووی لەسەر نیشتووە. مێژوو دەگەڵ تۆمارکردنی عەینی ڕووداوەکە جیاوازییەکی ئەوتۆی هەیە. مێژوونووس بەباسکردنی هەموو لایەنەکانی ڕووداوەکە- لە کات و شوێنی تایبەترا بگرە هەتا هەموو ئەو کەسایەتییانەی کە دەوریان تێدا گێڕاوە- هەروەها باس لەسەر هەلومەرجی کۆمەڵایەتی کە ڕووداو تێیدا قەوماوە و زۆر شتی دیکە، زانیارییەکی ئەوتۆ دەداتە دەس خوێنەر کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ڕووداوەکانیش لێک دەدرێنەوە. کە ئەم بەشە واتە لێکدانەوە و تەحلیل، گرنگترین بەشی کاری مێژوونووسە و ئێمە هەتا بەر لە بزووتنەوەی مەشرووتە- جگە لە تاریخی بەیهەقی- بەدەگمەن تووشی نووسراوەی وا دەبین کە بتوانین نێوی مێژووی لەسەر دانێین. لە وڵاتی مەدا زانستی مێژوو تەمەنێکی زۆری بەسەردا نەچووە و لە سەردەمی مەستوورەدا ئەوەی هەبووە زۆرتر بەسەرهات، سەفەرنامە، شەجەرە، تەزکەرە و شەرحی حاڵێک بووە کە ئەگەرچی سەرچاوەیەکی باشن بۆ داڕشتنەوەی مێژوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بۆ خۆیان بەرهەمێکی مێژوویی بەو تاریفەی کە ئەورۆ لە مێژوو دەگەین نین. ئەوەش لە بایەخی کاری مەستوورە و ئەوانی تر کەم ناکاتەوە کە داعییەی مێژوو نووسینەوەیان نەبوو و هەر نێویشیان نەبیستووە؛ بەڵکو کاری ئەو کەسانە دەباتە ژێر پرسیار کە نێوی مێژوو وەپاڵ نووسراوەکەی مەستوورە دەدەن.

ئێمە بەخوێندنەوەی نووسراوەکەی مەستوورە ئاگاداریی تەواوی ڕووداو و هەلومەرجێکی کە ڕووداو تێیدا قەوماوە نابین، وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی کە یەک مێژوونووس دەبێ بیداتەوە لە نووسراوەکەیدا نادۆزینەوە. تەنیا لەو بەشە کە بۆ خۆی ڕاستەوخۆ ئاگاداری ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی بووە، نووسراوەکە بایەخێکی تر بەخۆیەوە دەگرێ و بەوردبینی و سەداقەتێکی کە هەیبووە، تا ڕادەیەک لێمان حاڵی دەکا کە هۆی تێکچوونی ئەردەڵانییەکان، زوڵم و زۆری و خۆش ڕابواردن، بێ تەدبیری و گوێ نەدان بەگازندە و گلەیی خەڵک و هەموو ئەو شتانە بووە کە هۆی لێک هەڵوەشانی هەموو دەسەڵاتێک پێک دێنێ و ئەو چەشنە ڕەخنە و پێداچوونەوە بەخۆدا، نیشانەی ڕۆشنبیری و ئاستی بەرزی و تێگەیشتوویی مەستوورە دەگەینێ. لەسەر وەڕا کە مەستوورە ژن بووە و زۆری پێوەندیی بەدەرەوەی ماڵدا نەبووە، ئەم کارەی مەستوورە بایەخێکی تر بەخۆی

دەگرێ و ئەگەر لە هەر كام لە ئیالەتە كوردییەكانی دیكەدا ئەم كارە لە لایەن نووسەرانی ئەوانیشدا بەڕێ چووبا، بێ شك ئەوڕۆ خەزینەیەكی بەنرخمان لە بەردەستدا دەبوو كە تا ڕادەیەكی زۆر هەلومەرجی ئەودەمی ئەو میرنشینانەمان بۆ ڕوون دەبووەوە و مێژوونووسان دەیانتوانی پەیكەرەی مێژووی لە ڕووی داڕێژنەوە.

ئەوڕۆ ئەو سەرچاوانەی كە لە لایەن هێندێ نووسەرانی دەرەكی، وەك مێژووی هاوچاخی كورد لە لایەن دیوید مەك داویل و كورد لە سەدەی نۆزدەی كریس كۆچێرا و كوردستان لە لایەن واسیلی نیكیتین نووسراونەتەوە، تا ڕادەیەكی زۆر ئەم كەمایەتییانەیان قەرەبوو كردووەتەوە. بەڵام لەسەر وەڕا كە مەستوورە ژن بووە و پێوەندیی پێویستی بەدەرەوە نەبوو، هەروەها لە تاق و لوق كەسانێك بووە لە كوردستان كە لە نێو پیاوانیشدا لە بیری نووسینەوەی ڕووداوەكانی پێش خۆی و هاوچاخی خۆیشیدا بووە، وەك تاقە مێشەنگوینەكەی نێو حەوت خەلەفەندا وایە كە جێی شانازی و سەربڵندیی ئێمەیە هەرچەند كە ئەویش بەزمانی كوردی نییە؛ بەڵام ئەوەش بەوەی چاوپۆشی لێ دەكرێ كە دەوڵەتی كوردی بۆ بەرژەوەندیی ئەدەبیات و كولتووری كوردی لە گۆڕێدا نەبووە. بەتایبەت كە میرنشینی ئەردەڵانییەكان یەكێ لە نزیكترین دۆستانی دەرباری قەجەر بوون و لەم پێیەدا زمان و ئەدەبیاتی كوردییان بەتەواوی وەلانا بوو. هەر بۆیە ئێمە ناچارین شیعرەكانی مەستوورەش هەر بەسەر بنەمای ئەدەبیاتی فارسیدا بكۆڵینەوە و بەراوردكاریی بكەین.

دوای ئەوەی نادر شای ئەفشار كە لە پێش قاجار و زەندییە لە سەركار بوون هێرش دەباتە سەر هیند و ئەوێ دەگرێ، شاعیران و نووسەرانی دەربار پەیڕەویان لە سەبكی هیندی كردووە و سەبكی عێراقیان وەلاناوە كە لە سەبكی عێراقیدا شاعیرانی وەك سەعدی، حافز، سەنایی و ئەنوەری و... كاریان كردووە و لە بەرهەمەكانیان لە هەمان كات كە لە زمانێكی سەلیس و ڕەوان كەڵكیان وەرگرتووە، وشەی جوان و تەشبیهاتی ڕازاوە و ئەدیبانە لەوپەڕی خۆیدایە؛ بەچەشنێك كە هەتا ئێستاش بێ وێنەن. بەپێچەوانەی سەبكی هیندی كە لەودا وشە و ڕستەی دژوار و تەشبیهاتی دوور لەزەین و عەناوینی دووردرێژ و

ئیستعاراتی درێژدادڕ، خوێنەر جاڕز و ماندوو دەکا و بەچەشنێکە کە لێکدانەوەی مانای شیعر، تەنیا بەدەست پسپۆڕانی زۆر شارەزاوە مومکین دەبێ. پەیڕەوانی سەبکی هیندی وەک دیهلەوی، شاعیرانی پەیڕەوی سەبکی عیراقیان بەدرۆزن ناسیوە و زمانەکەشیان بەزبانێکی عامیيانە و ناشارەزا زانیوە. ئەم هەڵوێستەی شاعیرانی سەبکی هیندی- کە ئەدەبیاتی دەوڵەمەندی پێش خۆی بەکایە گرتبوو و خەریک بوو تووشی خەساری دەکرد- بوو بەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕشێکی ئەدەبی کە بەدەورەی گەڕانەوەی ئەدەبی مەشهوورە و داهێنەرانی ئەم سەبکە بەپەیڕەوی لە شاعیرانی سەبکی عیراقی، سەبکی هیندییان وەلاناوە کە مەستوورە لە شیعرەکانی خۆیدا پەیڕەوی ئەم سەبکەیە. ئەو شاعیرانەی کە داهینەری ئەم سەبکە بوون، شوعلەی ئیسفەهانی، ساداتی حوسێنی و تاقمێکی تر بوون و هەتا داکەوتنی شیعری نوێ بەدەست نیما یوشیج لە دەورەی هاوچاخی دوای بزووتنەوەی مەشرووتە- واتە بۆ ماوەی دووسەد ساڵ- هەر درێژەی هەبووە و ئێستاش ئەوانەی لە قاڵبی سەبکی کلاسیکدا کار دەکەن چ ئەوانەی بەکوردی و چ ئەوانەی بەفارسی دەنووسن هەر پەیڕەوی ئەو سەبکەن. لە لایەن پاشایانی قەجەر زۆر پێشوازیی لەم سەبکە کراوە تا ئەو جێگایە کە خەڵاتێکیان بەنێوی خاقان بۆ ئەو کەسانە دیاری کردبوو کە لەم پێیەدا لە هەمووانی زیاتر و چاتر کار کردبا. هەر بۆیە شیعرەکانی مەستوورەش کە لەم سەبکە پەیڕەوی کردووە، لەوپەڕی فەساحەت و بەلاغەتدایە؛ ڕەوان و بێ گرێن و لە هەمان کاتیشدا لە ناوەڕۆکی جوانی ئەدەبی بەوشەی شاعیرانەوە پێک هاتووە:

صبح است و صبوحی زدگان را تب و تاب است
ساقی قدحی چارەی غمها می ناب است
ماگوش بر افسانه زوهاد ندادیم
کاوراد سحرگاهی ما جام شراب است
دی شیخ به مسجد سخن از توبه همی گفت
در مصطبه امروز زمی مست و خراب است
گر سبحه صد دانه گسستم نه گنه بود
زونار و زلف تو ببستم کە ثواب است
یک بوسه به یک عمر تمتع نگرفتم

از لعل تو كـــان غـــیـــرت یاقـــوت مـــذاب است
چاه ذقنت مـــسكن مـــشك است و عـــبـــیـــراست
كنج دهنت مـــعـــدن عطراست وگـــلاب است
دانم نظر مـــهـــر بـه مـــســـتـــوره نداری
وین نیم نگه مـــاه من از روی عـــتـــاب است

مـــەســـتـــووره بەدوور لە غـــەمی نان، بەهرەمـــەند لە توانا و زەوقی ئەدەبی، خوێندەوار و خاوەنی هەستێكی شاعیرانە، شیعرەكانی دەروەستی هیچ دەرد و كێشەیەكی كۆمەڵگای خۆی نییە. لە قاڵبی غەزەلدا عاشقانەیە، لە قاڵبی قەسیدەدا زیكری گەورەپیاوانی ئاینی و شارەزای علوومی سەردەمی خۆیان دەكا و لە قاڵبی تەرجیع بەند و مەرسییەدا بەسەر لەدەستچووەكاندا هەڵدەڵێ:

گرێیەك لە شیعرەكانی مەستوورەدا بەدی دەكرێ كە ناكرێ هەروا لێی خۆش بین. كاتێك خوێنەر ڕوو لە شیعرەكانی مەستووره دەكا لەسەر وەڕاكە مەستووره ژنە، چاوەڕوانی بەرهەمێكی ژنانەشی لێ دەكا؛ بەڵام بەهۆی وەی كە لە سەردەمی مەستوورەدا هەر ئەوەندە كە ژن شاعیر با و خوێندبایەوە و بەپێچەوانەی تەعالیمی ئیسلام، بەگوناه تەشریع كرا بوو و پیاوانی ئاینی نەهیان كردبوو؛ لە لایەكی دیكەشڕا لە زمانی فارسیدا بەپێچەوانەی شیعری كوردی، پێ هەڵگوتنی ژن بەسەر پیاودا جێ نەكەوتبوو. مەستووره نەیتوانیوە ئەم چاوەڕوانییە بەتەواوی بەجێ بێنێ و لە زۆر جێگا، شیعرەكانی وەك پیاوان هۆندووەتەوە و بەسەر بەژنی باریك و لێوی سوور و گەردنی بەرز و كەمەندی زولفی هەودا هەوداى هەڵكوتووە و لە ڕواڵەتی ئەدەبیاتێكی ژنانەی دوور خستووەتەوە؛ بەچەشنێك كە ئەگەر لە كۆتاییی هەر كام لەو شیعرانەی نێوی خۆی نەهاتبا خوێنەر وەی دەزانی شاعیر پیاوە. وەك ئەو جێگایە كە دەڵێ:

به بزمت ای گل نازك بدن، پیاله چه نوشم؟
كه من هنوز به چشمت خراب از می دوشم
گرفته غمزه چشمت ز كف شكیب و قرارم
ربوده طره زلفت، زدست طاقت و هوشم

یان لە جێگایەكی دیكە بەم هۆنراوە جوانەی كە دەڵێ:

شـیـرین دهنا، سـیم تنا، مـهـر عـذارا
زاندازه مـبـر بهـر خـدا رنجش مـارا
در ملک وجـود من دلبـاخـتـەی زار
تا چند زنی پنجـه بیـداد خـدا را
در طره زلف تو صـبـا را بود ار راه
بر باد دهد رایحـه مـشک خـتـارا

تەنانەت لەو جێگایەش کە ڕاستەوخۆ لەسەر شیرین و فەرهاددا دەڕوا، لەباتی شیرین خۆی بەفەرهاد دەشوبهێنێ:

به مـعـمـار غـمت تا ملک دل آباد مـیکردم
مکان عـشق بازی را زنو بنیـاد مـیکردم
گرم خسرو چو شیرین از وفا پا بست بنمودی
به عـالم خـویش را رسـواتر از فـرهاد مـیکردم

بۆیە لەو جێگایە کە بەهەڵکەوت هەستی ژنانەی خۆی دەردەبڕی، هۆنراوەکەی ڕواڵەتێکی سروشتی و بەهێزتر لە بەشەکانی دیکەی بەخۆ دەگرێ و تام و چێژێکی ڕاستەقینەی تێیدا بەدی دەکرێ:

ز بیـدادم کشی و رحم ناری، عاقبت روزی
پشیمان گردی و گویی چرا بیداد میکردم؟
گرم زان خسرو خوبان پیامی باد آوردی
به مـژده جان شـیرین را نثار باد مـیکردم

مەستوورە لە شیعرەکانیدا دەستی لە زۆریەک لە شاعیرانی هاوچاخی خۆی هەستاندووە و دەگەڵ یەغما جەندوقی و مەولەوی لە پێوەندیدا بووە. بەجورئەتەوە مەستوورە بەڕچەشکێن و ئاڵاهەڵگری ئەدەبیاتی ژنان لە تەواوی ئێران بەفارس و کورد و تورکەوە دەناسێنین؛ چونکە بەر لەوی- بەتایبەت لە نێو ژنە فارسەکاندا- چاومان بەشیعر و بەرهەمهێنانی ژنان دەکەوێ. تەنیا لە نێو کوردەکاندا، دوکتۆر مارف خەزنەدار لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیدا ئاماژە بەشاعیرێکی ژن بەنێوی ئامینە خان دەکا کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا ژیاوە. بەڵام لەسەر وەڕاکە تەنیا سێ بەیتی لە پاش بەجێماوە و ئەگەر بەرهەمی تری هەبووبێ تێیدا

چوون؛ ئێمە ناتوانین بەیەکەم شاعیری بناسێنین و بەهێنانەوەی ئەو سێ بەیتەی لە پاشی بەجێ ماوە لەسەر ئیزنی پەروەندەکەی دەبەستین:

حەسەن خۆشەویستی ئامینە بووە کە لە زیندانی تورکەکانڕا بەشیعر نامەی بۆ ناردووە و لەودا گوتوویە:

سەلامی من لەسەر تۆ بێ بەسەد نەوع و بەسەد عینوان
فەقێ ئامینە سووتاوم لە دووریی تۆ بەسەد قوربان
ئەگەر لەم غوربەتە بمرم خەیاڵت وا لە دڵ دەگرم
مەلائیک بێتە سەر قەبرم جەوابیان وا دەدەم قوربان
دەڵێم ئامینە مەولامە دەڵێم ئامینە لەیلامە
دەڵێم ئامینە پاشامە لە نەسلی گورج و گورجستان

فەقێ ئامینە لە وەڵامیدا ئاوای نووسیوەتەوە:

سەلامی یاری ئاوارە لە بەندی تەوقی سوڵتانی
بەدەستی من گەیی قوربان، لە وەختی دڵ پەرێشانی
سەراپا چون موتالام کرد سەلامی یاری بێ هاودەم
دڵە غەمبارەکەم دیسان برینی تازەگیی هانی
خەرامان و گوڵئەندام و زولەیخا و قەمەر چیهرە
وەکوو من قەت نەسووتاون لە دووری یار و هیجرانی

کە تەنیا ئەو سێ بەیتە نیشان دەدا ئامینە خان لە سەواد و توانای ئەدەبیدا بەرفراوان بەهرەمەند بووە.

توانای مەستوورە لە هۆندنەوەی شیعری کوردیدا دوای مەرگی خەسرەو خانی مێردی وەدەردەکەوێ و ئیتر لەو بەشە لە شیعرەکانیدا بەرهەم تەواو ژنانەیە و لە ڕواڵەتی شیعری دەسکردی پیاوانە ڕزگاری هاتووە. مەستوورە هەروەک بەهۆندنەوەی شیعرە فارسییەکانی جێگای بەتاڵی ژنانی شاعیری فارس پڕدەکاتەوە، بەغەمنامەی خەسرەو خانی ناکامیشدا توانیویەتی بۆشاییی ژنانی شاعیری کوردیش تا ڕادەیەکی زۆر قەرەبوو کاتەوە:

مەستوورە مەلوول، دڵ چە مەینەت مەست
جامی عەیش توهی، شیشەی غەم بەدەست

مـــەقـــالم جــە ســـەنگ ســیـــا ســـتـــاران
دەرون خـــــــانـەقـــــــای غـــــــەم و پـەژاران
ئاوارەی ئـەمـــــلاک، ئـیـــــقلیــــمی شـــادی
ســــــاعـی شـــــــەوارع، ڕای نـامـــــــرادان
فـــەلەک ســـەرچەشـــمـەی عـــەیشش بوو ویشک
لـەعلش بـەدڵ کـــــەرد چـەنی بیـــــد مـــــشک
هــەر من مــــەزانوو جـــەســـتـــەی حـــاڵی تۆ
ئــەی خـــــــــــــاڵـەی لـە بــان لـەلـی لاڵـی تــو

تاقـمـێک لە خـاوەن بیـرەکـان لەسـەر ئەو باوەڕەن کـە شـارەزایی و توانـایی مەستوورە لە شیعر و ئەدەبدا تا ئەو ڕادەیە بووە کە نالی ئیرەیی پێ بردووە و لە غەزەلێکدا سووکایەتیی پێ کـردووە. لەوەدا کـە مـەسـتـوورە شـارەزای شـیـعر و ئەدەبە هیـچ شکی تێیدا نییـە؛ بەڵام تا ڕادەیەک ئەم بۆچوونە بەگەمـژانە دەزانم. نالی وەک یەکێ لە گـەورەترین شـاعـیـرانی بێ غـەمی سـەردەمی خـۆی بـەباوکی شیعری سەدەی نۆزدە ناسراوە. لە ساڵی ١٧٩٧ز لە دایک بووە و لە ساڵی ١٨٥٥ز کۆچی دوایی کردووە؛ واتە نزیکەی چل و سێ ساڵ لە مەستوورە گەورەتر بووە و سێ سـاڵ پێش مـەسـتـوورە ئەمری خـولای کـردووە. ئەوانەی لـەسـەر کـارەکـانی مەستوورە خۆیان ماندوو کردووە ڕایان گەیاندووە زۆربەی شیعرەکانی مەستوورە لە سێزدە سـاڵیی ئاخری ژیانیدا هۆندراونەتەوە کە بەدەست و خـەتە جوانەکەی ڕاگیراوە و سەد ساڵ دوای خۆی چاپ بوون. کەوا بوو نالی دەبێ زۆر کەم دەستی بەشیعرەکانی مەستوورە ڕاگەیشتبێ و بۆی نییـە کە ئیرەیی پێ بردبێ. بەتایبەت کە هەر لەو سەردەمەشدا دەگەڵ مـەستوورە لە پێوەندا نەبووە. ئەو غەزەلەی کە لەودا نالی بەخـەون تێکەڵ مـەستوورە دەبێـتەوە زیاتر لە هەستێکی تامـەزرۆیی و خـۆشـەویسـتی نزیکە هەتا سـووکـایەتی پێ کـردن. ئەوانـەی ئاگـاداری شــەڕە بالـوێرەن ئەوەی چاتر دەســەلمێنن. شــەڕە بالوێرە لە نێــوان ئەو ژن و پیــاوانەدا بەڕێوەچووە کـە لەوبەر و ئەوبەری چۆمی یان ئـەوبەر و ئەوبەر دۆڵێک یان کـێوێک، دەسـتیـان پێک ڕانەگـەیشـتـووە و هەر لە دوورەوە بەناسکترین و سـیکسـیـتـرین وشـەکـان یەکـتـریان دواندووە و هەوڵیـان داوە مـەودای نێـوان خـۆیان بە وشــە پڕکەنەوە و لەو بەشەدا مـەبەسـتیـان سووکایەتی کـردن بەیەکتر نەبووە. نالی وەک

زۆربەی شاعیرانی هاوچاخی خۆی دەروەست کێشەکانی کۆمەڵایەتیی خۆی نەبووە و بەوپەڕی هەست ناسکیی خۆیەوە تەنیا بەسەر بەژن و باڵای جوانیی یار و خاسانی هەڵگوتووە و دیارە شاعیرێکی وا ناتوانێ مەستوورەی وەبەرد دڵ نەکەتبێ کە نێوبانگی کەماڵ و جەمالی لە وڵات دەرچوو بوو. بەتایبەت کە شیعرناسەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەم غەزەلەی نالی، یەکێ لە وەستایانەترین شیعرەکانی وییە و زۆری خۆ لەسەر ماندوو کردووە. زیاتر وێ دەچێ نالی ئەو کارەی بۆ بزاوتنی مەستوورە کردبێ و لێبڕاوی کا بەشیعر بیدوێنێتەوە و مەغازەلەی دەگەڵ کردبا، کەچی خەونەکەی وەراست ناگەڕێ و مەستوورە وەڵامی ناداتەوە. نالی لە دوایی شیعرەکەی بەسەرخۆیدا دەڕواتەوە و دەڵێ:

نالی وەرە هەزلیکی کە عاری شوعەرا بێ
ڕووڕەش مەکە پێی سەفحەیی هەر لەوح و کتابێ
تەحریری خەیاڵ و خەو ئەگەر بێتە حیسابێ
دەروێش و گەدا شاه و دەبێ شا گەدا بێ!

لە بەشی فارس زبانەکانیشدا کە لە توحفەی ناسریدا بەناحەزی لەسەر مەستوورە دەڕوا زیاتر دەگەڕێتەوە سەر بڕوایەکی ئاینیی ئەو سەردەمە کە شیعر گوتنی ژنانیان پێ گوناه و کارێکی تایبەت بەپیاوان زانیوە و ئەوە بۆ کۆمەڵگای پیاوسالاریی ئەو سەردەمە شتێکی سەیر نەبووە. لەوانەیە ڕەگەزپەرستیش هاتبێتە سەری و بەجارێک چاوی دیتنی مەستوورەی نەبووبێ.

هەرچۆنێکە هۆندنەوەی شیعری ناسک و ئەویندارانە لەو سەردەمەدا جەسارەتێکی زۆری ویستووە، باس لەسەر گەورەپیاوانی ئاینی و زانستی لە قاڵبی قەسیدەدا، موتاڵای بەربڵاو و زانیارییێکی زۆری دەوێ. باس لەسەر ڕابردووی ئەردەڵانەکان و بەشەکانی دیکە، کارزانی و وریاییی بەرچاوی پێویستە. نووسینەوەی هەموو ئەوانەش بەخەتێکی خۆش و ڕەوان هونەری تایبەت بەخۆی دەوێ کە مومکین کردنی هەموو ئەو نامومکینانە لە کۆمەڵگای ژنان کەسایەتییەکی وەک مەستوورەی پێویست بوو تا بێت و لە شەوەزەنگی ئیقلیمی ژنان و پیاوانی نەخوێندەواردا سەرهەڵێنێ و ببێتە مەشعەلێک بەدەست ڕێبوارانی شیعر و ئەدەبدا.

ئێستا لەو ڕووەدا کە کۆمەڵگای ئینسانی دوای ئەزموونکردنی هەزاران کارەساتی دژی ئینسانی لە دوو شەڕی گەورەی جیهانی و دەیان شەڕی خوێناویی ناوچەییەوە، بەو بڕوایە گەیشتووە کە لەباتی شەڕ، بەهێزی قەڵەم و ئەندێشە چارەسەری کێشەکان بکات، سەرنجدان بەبەشەکانی بیری و کولاتووری زۆر زیاتر بایەخ پەیدا دەکا. سەرەڕای هەموو کۆسپەکانی وەک ڕەشەکوژی، دنیا بەرەو دیموکراسی و ئاشتی و ئازادی هەنگاو دەنێتە پێش و هەموو ئێمە لە بەرژەوەندیی ئەم دیاردە پیرۆزەدا بەرپرسین. بەتایبەت ئێمەی کورد وەک یەکێ لە گەورەترین قوربانییەکانی سەدەی ئێش و ئازار و تیرۆر و شەڕ. بەڵام بەر لە هەموو کارێک بۆ وەگەڕخستنی ژنان لەم پێیەدا وەک زۆرترین بەشی جەماوەری ناوچە، دەستووری زانستی و کردەوەیی کە لەودا هۆی تێوەردانی ژنان لە هەموو بەشەکاندا بەباشی بڕەخسێ بووەتە پێشنیازێکی گەورە و بنەڕەتی. ئێستاش داوونەریت و زۆر بیروباوەڕی کۆن، بەرهەڵستیی ژنان دەکەن کە نیوەی جەماوەرن و بەبێ ئەم نیوەیە کۆمەڵ سەکتەی لێ دراوە و کۆسپی گەورەی دەخاتە سەر دامەزرانی ئەو فیدرالەی بەگرانترین نرخ کەوتووەتە دەست.

لە چەرمەسەری و ژیانی تاڵی ژنان، تەنیا بیرەوەرییەکتان بۆ دەگێڕمەوە کە لە زستانە ساردەکەی ساڵی ١٩٩١ز کە ئێوە خوشک و برا خۆشەویستەکانم، بۆ جاری چەندەم ئاوارەی وڵات بوون، لە زەینمدا تۆمار کراوە. لە نێو ئەو جەماوەرەی کە ڕوویان لە شاری مەهاباد کردبوو لە یەکێ لە مزگەوتەکان- کە ئێمە بەرپرسی وان بووین- کیژۆڵەیەکی چوار پێنج ساڵانەی لێ بوو کە لە ڕێگایە سەرما بردبووی و لە حاڵی خۆیدا بوو. هیچمان بەهەویای نەبووین؛ بەڵام دوای سێ ڕۆژان چاوی هەڵێنا و سیرومان لێ کردەوە. یەکەم شت کە داوای لێ کردم دایکی بوو و دوایەش ماڵەکەی. ئەوەش شتێک بوو کە نەک هەر بەمن کە بەکەسی تریش دابین نەدەکرا. دایک و کەسوکاری لە ڕێگایە مردبوون و خاکەکەشی کەوتبووە بەر پەلاماری دڕندانەی بەعس. بووکە چینیم دەدایە، حەکایەتم بۆ دەگوت و دەملاواندەوە، بەڵام بێ سوود بوو. ئەو جگە لە دایک و خاکی خۆی هیچی دیکەی نەدەویستەوە و ڕۆژ نەبوو گروو نەگرێ و بەبانگ و سەڵا نەگری. دامان بەیەکێ لە دایکەکان هەتا بەڵکو لە ئازاری بێ دایکیی کەم بێتەوە؛ کەچی ئەویش چیی بۆ نەکرا و دوای دوو ڕۆژ هێنایەوە. مابووینەوە چ بکەین کە

خەبەریان داینێ لە یەکێ لە مزگەوتەکانی دیکە دایکێکی لێیە کە منداڵەکانی لە ڕێگادا لە دەست داوە و شەو و ڕۆژگاری بووەتە گریان. دەستی منداڵەکەم گرت و چوومە لای و گوتم: ئەوەش وەک خۆتی لێ قەوماوە؛ ئەتۆ دەتوانی هەر جۆرێک بێ خۆت ڕاگری و زۆرت دیتووە، بەڵام ئەو هەمووە زوڵم و چارەڕەشییە بەدنیای خاوێنی ئەو منداڵە لێک نادرێتەوە؛ ئەگەر دەتوانی کارێک بکە ئارام بێتەوە. دەردی هاوبەشی لێقەوماوی و بێ کەسی، وای باوەش بەیەکتر پێداگرتن کە هیچ کات ناتوانم لە بیر خۆمی بەرمەوە. من نەمزانی کە لە گەڕانەوەدا بەسەر ئەو هەمووە مەیدانی مین و کەمینی ئینسانخۆرەکان و ئەنفال و کیمیاباراندا سەرەنجام توانییان بەسەلامەت بگەنەوە ئێرە یان نا؛ بەڵام ئەگەر توانیبییان، ئەو کیژە دەبێ ئێستا خاتوونێکی تەواوبێ کە لە سایەی سەری ئێوە و فیدراڵدا خەریکە ئەم ژیانە تاڵەی قەرەبوو دەبێتەوە. هیوادارم لە پشت مێزی زانکۆدا دانیشتبێ و ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخسابێ کە لە ئاوەدانکردنەوە و بەرژەوەندیی وڵاتدا دەورێکی ئینسانی بگێڕێ و دڵنیام هەموو ئێوە خاوەن بیرەکان، کاربەدەستان و ژنان و پیاوان بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم ڕەسالەتە عەزیمە تێ دەکۆشن و ئیزن نادەن هیچ کات ئەم ڕۆژە ڕەشانەی ڕابردوو دووپاتە بێتەوە، هیچ کات!

# بررسی تطبیقی اشعار

## "مستوره اردلان" با "حافظ شیرازی"

دکتر کیومرث فلاحی

"ماه شرف خانم اردلان" مشهور به "مستوره کردستانی"، در اشعار نغز خود تاثیر زیادی از حافظ شیرازی پذیرفته است، که در نوع خود جای تامل، کاوش و پژوهش بسیار دارد. این تاثیر را از جنبه های گوناگون می‌توان مورد بررسی قرار داد؛ از نظر قالب و سبک شعری، از نظر محتوی و از جنبه مضمون ها و حس مشترک. گرچه از نظر زمانی، سده ها میان این دو شاعر فاصله وجود دارد، ولی از نظر فکری و اندیشه‌ی عرفانی بسیار به یکدیگر شباهت دارند. حقیقت این است که موقعیت زمانی دو شاعر، تا حدودی شبیه بهم است و مصیبتهایی که هردو با آن روبرو بوده‌اند نیز باعث این قرابت شده است؛ روزگار ناپایدار، بازی چرخ گردون، یاد ایام و غم دلدار، "مستوره" را پیرو حافظ و هر دو را مرید پیرمغان ساخته است. هر چند از نظر مقام شاعری، میان حافظ و مستوره، فرسنگ ها راه است؛ ولی در عالم ادبِ شعری، کمتر شاعری توانسته است به جایگاه "ماه شرف خانم" دست یابد و به طور قطع در میان بانوانِ شاعرِ کُردي سرا و فارسی نوا، هیچ یک را به جسارت "مستوره" نمی یابیم؛ آنچه در پی می آید جستاری است برای اثبات این مدعا. نگارنده نیز تنها کوشیده است عرض ارادتی به آستان دو شاعر بزرگوار داشته باشد و پیداست که به قدر وسع خود از فیض اندیشه این دو ستاره‌ی عالم ادب برخوردار شده است و به قولِ معروف:

"هر کس به قدر فهمش دریافت مدعا را"

## موقعیت دو شاعر در زمان خود

حافظ – خواجه شمس الدین محمد شیرازی – در عهد پادشاهان مغول تبار آل مظفر – مظفریان – در سده هفتم هجری، در شیراز می زیست و سخت مقرب آنان بودک آنچنانکه در شعرش نمود دارد. ولی در مدح آنان چنین سروده است:

دارای جهان نصرت دین، خسرو کامل
یحیی بن مظفر، ملک عالم عادل

شعر حافظ نشان می دهد که شیراز در دوران مظفریان، محل امنی برای ادیبان و شاعران بوده است:

سحر ز هاتف غیبم رسید مژده بگوش
که دور شاه شجاع است می دلیر بنوش

والیان اردلان هم در قرن سیزدهم هجری، در دوران پادشاهی مغول نژاد قاجار، بر بخشی وسیع ازکردستان حکم می‌راندند.

"ماه شرف خانم" هم در دوران اقتدار والیان اردلان در سنندج می زیسته و پدر وی مقامی ارجمند در دربار اردلان داشته است، تا جائیکه "ماه شرف خاتون" به همسری خسروخان والی در می‌آید، و این دوران همزمان با پادشاهی ناصرالدین شاه و فرزندش مظفرالدین شاه بوده است. درگاه خسروخان و دیوانخانه او محل بحث و فحص شور و غور ادیبان و عالمان منطقه بود و برای مدتی، امنیت سیاسی و اجتماعی باعث امنیت خاطر گشت؛ دیوانها نوشته شد و هنرها آفریده شدند. اما از بد حادثه همچون دولت "بواسحاق" دوره‌ی حافظ، دولتی مستعجل و بختی زودگذر بود.

"حافظ" در صنایع شعری و ادبی یگانه‌ی دوران بود و "ماه شرف خانم" نیز تحصیلات علمی و ادبی و فقهی خود را در نزد فحول روزگار تکمیل کرده بود؛ به طوریکه در میان بانوان هم عصر او همتایی برایش در بلاد ایران وعثمانی یافت نمی شد. هر دو شاعر از موقعیت و مقام علمی و ادبی خود آگاهی داشته اند، بر آن بالیده اند و گاه در عالم هنر هماورد طلبیده اند:

حافظ گفته است:

غزل گفتی و در سفتی بیا و خوش بخوان حافظ
که بر نظم تو افشاند فلک عقد ثریا را

و "مستوره" سروده است که:

در رخشان سخت این همه "مستوره "تو داری
عاقبت می کشی آویزه تو در گوش نظامی

همانگونه که در نزد همگان مشهور است، حافظ شیرازی قرآن را در چهارده روایت از بر می خوانده است:

عشقت رسد به فریاد ار خود به سان حافظ
قرآن زبر بخوانی درچهارده روایت

و تخلص و لقب حافظ به ایشان نیز کنایه از این سبب بوده است:

ندیدم خوشتر از شعر تو حافظ
به قرآنی که در سینه داری

"ماه شرف" خانم نیز زنی متشرع و در کمال ستر و عفاف بوده‌است؛ شاید لقب و تخلص "مستوره" نیز برگرفته از همین موضوع است. آنگونه که مشهور است وی در دیوانخانه خسروخان والی با علمای دین بحث و فحص داشته است و کتابی در شرعیات نیز بدو منسوب است.

بهر حال در اشعار مستوره کردستانی، عقیده و پایبندی به شریعت هویداست.

من آن زنم که به ملک عفاف صدرگزینم
زخیل پرده گیان نیست در زمانه قرینم
به معشر نسوان، در سپاس و حمد خدا را
همی سزد که بگویم منم که فخر زمینم

ارادت هر دو شاعر به حضر علی(ع) در اشعارشان مشهود است؛ "ماه شرف خانم" بارها به این مورد اشاره کرده است:

زتاج و تخت جم و کی مراست عار    ولیکن به آستان ولایت کمینه‌ی خاک نشینم

حافظ شیراز این ارادت را در غزلی آشکار نموده است.

حافظ اگر قدم زنی در ره خاندان به صدق
بدرقـەی رهت شـود همت شـحنەی نجف

و "مستوره" همین مضمون را به شکلی دیگر درشعرش بیان می‌کند:

گفت: "مسـتوره" کنون خرم و خندان می‌باش
چون مـددجـویی از آن شـیرخـدا، شـاه نجف

هر دو شاعر بیانی دلکش از نماز عشق و عبادت در محراب صدق دارند؛ شیخ شوریدەی شیراز می‌گوید:

در نمـازم خـم ابروی تـو بـا یـاد آمـد
حـالتی رفت کـه مـحـراب به فـریاد آمـد

وخاتون صفحه کردستان هم همین تعبیر را در شعر خود به کار بردەاست:

با قـبله و مـحـراب چه کـارم بود ای مـه
ابروی تو مـحـرابم وخـود قـبله نمایی

## مبارزه با زهدریایی و استفاده از اصطلاحات عرفانی

با این وجـود، هر دو شـاعـر به شـدت از تظاهر و ریا به دورند و از زاهدان ریایی بیزاری می‌جویند. مقایسه اثرات هر دو شاعر مؤید این نظر است که با دقت در واژەهای مشترک در دیوان های ایشان، میتوان بدان پی‌برد. هردو شاعر مستی از "می الست" را بر گفتار واعظان متظاهر برتر دانستەاند:

حافظ:

مـا شـیخ و واعظ کـمـتـر شناسـیم
یا جـام باده، یا قـصـه کـوتاه

مستوره:

مـا گـوش بر افـسـانه زهاد ندادیم
کـاوراد سـحـرگـاهی مـا جام شراب است

چرا كه واعظان ريایى با اينكه خود مست دنيايند، ديگران را به پارسايى مى‌خوانند و اين موضوع از نگاه تيزبين و ذهن هشيار دو شاعر دور نمانده‌است:

حافظ:

بس بگشتم كه بپرسم سبب درد فراق
مفتى عقل دراين مساله لايعقل بود

مستوره:

دى شيخ به مسجد سخن از توبه همى‌گفت
درمصطبه امروز ز مى مست و خراب است

در حاليكه حافظ و مستوره، سرمست "مى" و باده ازلى اند، بدين خاطر واژه هاى "مى"، "مستى"، جام، خرابات و ... در شعرهاى مستوره به مانند ابيات حافظ، فراوان است.

حافظ:

صوفى بيا كه آينه صافيست جام را
تا بنگرى صفاى مى لعل فام را
راز درون پرده ز رندان مست پرس
كاين حال نيست زاهد عالى مقام را
حافظ مريد جام مى است، اى صبا برو
وز بنده، بندگى برسان شيخ جام را

مستوره:

دوشينه از خرابات جامى كشيدم اكنون
از چشم مست ساقى در سر خمار دارم
زين پس من و ساقى ومى و جام
كاين رسم ستوده، خلاصه ماست

مستى اينان از مخمورى نرگس چشم زخمه زن معشوق است، كه تير آگاهى

از دنیا و عقبی است:

حافظ:

مـــزن بر دل ز نوک غــمـــزه تیـــرم
کـــه پیش چشم بیـــمـــارت بمیـــرم

مستوره:

پیش مخموری چشم تو بمیرم که دگرنیست
هم چو چشـمت به چمن نرگس خـمــاری

در این مستی عالمیان همه مدهوش و سرخوشند:

حافظ:

بگذار تا ز شـــارع مـــیـــخـــانه بگذریم
کزبهر جرعه ای همه محتـاج این دریم

مستوره:

باده از چشم تو "مستوره" نه تنها بکشید
زین می و باده و مل بلکه همه عالم خورد

مستوره چون حافظ در عالم عرفان، بندگی پیر مغان و بستن زنار را بر سبحه زاهد ریایی ترجیح می دهد:

حافظ:

بنده پیـــر خـــراباتم کـــه لطفش دائم است
ورنه لطف شیخ و زاهدگاه هست و گاه نیست
مـــبـــاش در پی آزار و هر چه خـــواهی کن
که در شریعت ما غیر از این گناهی نیست

مستوره:

گر سبحه صد دانه گسستم نه گنه بود
زنار ز زلف تو ببـــســـتم کـــه ثواب است

مستوره:

چه غم ار شیخ ربود از کف ما سبحه زهد
در کلیسا مگرم رشته زناری نیست

حافظ:

حافظ بخود نپوشد این خرقه‌ی می آلود
ای شیخ پاک دامن معذور دار ما را

مستوره:

ای ساقی گل چهره یکی جام می آور
من گوش بر آنم نبود شیخ چه فرمود

مستوره:

تا پیر مغان از من و زاهد چه ستاند
آن خرقه‌ی پشمینه و این دلق می آلود

هر دو دعوی ظاهری زاهد را نمی‌پذیرند و دست رد بر سینه‌اش می‌زنند؛ "حافظ" قامت یار و بهشت نقد را بر سایه طوبی و وعده‌ی فردا برتری می‌دهد:

تو و طوبی و ما و قامت یار
فکر هر کس به قدر همت اوست
من که امروزم بهشت نقد حاصل می‌شود
وعده فردای زاهد را چرا باور کنم

و مستوره دقیقاً در این راه همراز، همسفر و همقدم است:

زاهد تو و سلسبیل و کوثر
مارا لب مهوشی مهناست
لعل دلبر چون شد نصیبم آخر
با سلسبیل و کوثر دیگر چه کار دارم؟

هجران و غم دوشاعر

غم مستوره، رنج هجران از اصل دور افتادگان است. او همدرد و همره حافظ است که از دوری و جفای معشوق می‌نالد:

حافظ:

مــا شــبی دست بر آریم و دعــایی بکنیم
غم هـجــران ترا چاره ز جــایی بکنیم

مستوره:

آتش عـشق ترا سینەی ما مـضمـر داشت
غم هـجـران ترا خـاطر مـا مـد غم خـورد

حافظ و مستوره، دم را مغتنم و صحبت یار را غنیمت میشمرند،

حافظ:

فرصت شـمار صـحبت کزین دو راهه منزل
چون بگذریم دیگر نتـوان بهم رسـیـدن

مستوره:

مـا را مـران ز درگـه همـچـون غـزال وحشی
بگریزم ار ز کـویت مــشکل دگــر بیـایم

هر دو شاعر کشتەی هجر معشوق ازلی و سرگشتەی دیار یارند و به جفا خوش دارند:

حافظ:

حـسن بی پایان او چندانکه عـاشق میکش
زمرەی دیگر بـه عشق، از غیب سر بر میکند

مستوره:

گر بی گنه خود از جفا در کشتنم فرمان دهد
ز امــرمطـاعش کی زنم، دم دیگر از لا و نـعم
"مستوره" از بی داد تو حاشا که افغان سر کند
لیکن تو خود اندیشه کن از کشتن صید حرم

ملامت کشی و صبوری شیوه هر دو شاعر است:

حافظ:

می ســوزم از فـراقت روی از جـفـا بـگردان
هـجـران بلای مـا شــد، یا رب بلا بگردان

حافظ زخوبرویان بختت جز این قدر نیست
کز نیستت رضایی، حکم قضا بگردان

مستوره:

خوبرویان همه جا مایل جورند ولی
در صف سیم تنان چون تو جفا کاری نیست
تیری پی قتلم زخدنگ مژه بگشود
دلدار جفا پیشه یکی طالع مسعود

در نظر آنان گریزی از تیغ خونریز یار نیست، باید بر آن گردن نهاد

حافظ:

گر تیغ بارد در کوی آن ماه
گردن نهادیم الحکم لِلّه

مستوره:

گر تیغ زنی من نگریزم ز تو اما
در کشتن سرگشته عشقت نبود سود

## وصف طبیعت

بسیاری از اشعار حافظ و مستوره در وصف زیبایی‌های طبیعت و بهاران دلکش شیراز و کردستان است؛ گویی موسم گل و آب رکناباد شیراز و بهاران "آبیدر" سنندج الهاماتی از گذر عمروشادی زودگذر جهان بوده اند و نشتری که بر رگ روح هر دو شاعر زده اند، یکسان بوده است:

مستوره:

گل آمد و عندلیب شیداست
هنگام می ونشاط صحراست
بر طرف چمن بیا که آنجا
اسباب چمن همه مهیاست

حافظ:

رسید مژده که آمد بهار و سبزه دمید
وظیفه گر برسد مصرفش گل است ونبید

ابر آذاری بـر آمــــــــد بـاد نـوروزی وزیـد
وجه می میخواهم ومطرب که می‌گوید رسید
عـــیــد است و آخــر گل ویاران در انتظار
ســـاقی بروی شـــاه ببین مـــاه ومی بیـــار

## وزن و آهنگ

مستوره در وزن و آهنگ شعرش نیز در پی حافظ گام برمی‌دارد؛ اما در به کارگیری مضامین حافظ، الحق شاگردی وفادار است؛ گر چه خود مبدع است و در بازسازی بنای جدید، کاخی دلنشین می‌سازد که طرحی نو دارد. به هر حال ذکر نمونه هایی از این بازسازی، قدرت ادبی و قوت بیانی مستوره را نشان می‌دهد:

این نسـیـمی که چنین مشک فشـان می آید
مگر از کــوی تو ای جــان جـــهـــان می آید
نفس باد صـــبـــا چون دم عـــیـــسی ز چمن
جــسم بی جــان مـــرا راحت جــان می آید
بهـر تسکین دل خـون شـده‌ام شـام و سـحـر
پیک فـــــرخ پی دلدار نـهـــــان می آید
شکر ایزد که به کـوری رقـیـبـان سـوی من
نامـه‌ی خـسـرو جـمـشـیـد نشـان می آید
هر که بنهاد چو "مستوره" قدم در ره عشق
کـــارفـــرمـــای کـــران تا بـه کـــران مـی آید

که برگفته از این غزل حافظ شیراز است:

نفس باد صـبـا مـشـک فـشـان خـواهد شـد
عـــالم پیـــر دگـــر باره جـــوان خـــواهد شـــد
حـافظ از بهـر تو آمـد سـوی اقلیم وجـود
قــدمی نه بـه وداعش کــه روان خــواهد شـــد

یا این اشعار از "مستوره":

اگـر آن مــهــر گــسـل بر ســرپـیــمــان آید
نقــد جــان در قـــدم پیک صـــبـــا زآن ریزم

کـــه از او رایحـــه سنبل جـــانان آید
شـاهد گل خـوی خـجلت به جـبین میریزد
آن پری رخ به تفــرج چو به بســتــان آید
از حـیـا سـرو چمن پای به گل مـیمـاند
در خـــرام آرد می آن ســرو خـــرامـــان آید
حلقـهی گـوش بتـان فـعل سـمندش گـردد
شـــهـــســـوار من اریکه به جـــولان آید
تا تو رفـتی زبرم ز آتش حـرمـان شب و روز
از بن هـر مـــژه ام اشک به دامــــان آید
قــصــهی ســوز فـراق تو نگنجـد به بیـان
شــرح هجـرت نتـوان گـفت به پایان آمـد
گــر تو بی مـا بودت خـاطر مـجـمـوع ولی
روز مـــا بی تو چو زلف توْ پریشـــان آید
به ســوی مـعـرفـتش ره بندد"مـســتـوره"
هـر کـــه بی روی نگاری به گلســـتـــان آید

یادآور این ابیات حافظ است:

اگـــــر آن طایر قــــدسی زدرم باز آید
عـمـر بگذشـتـه به پیـرانه سـرم باز آید
گـــر نثـــار قـــدم یار گـــرامی نکنم
گـــوهر جـــان به چه کـــار دگــرم باز آید

یا این اشعار از مستوره:

هر جـــا کنی گـــذاری با آن رخ و شـــمـــایل
گـــردند از ره صــدق خــوبانت جـمله مـایل
شـد از غم فـراقت پوسـیـده اسـتـخـوانم
وین بوالعـجب که مـهرت در دل نگشـته زایل
سـائل ز حـسن رویت خـورشـید عـالم افـروز
چون بندگــان کـــویت سلطـان هر قـــبـــایل

نادان وغـافل آن کـو تحـصـیل فـضـل سـازد
مـهـر تو بـهـتـر آمـد مـا را ز هر فـضـایل
خـوش آن به رغم اغـیـار بیند زمـانی ای یار
"مـسـتـوره" دست خـود را در گـردنت حـمـایل

ما را به یاد این غزل ناب از حافظ می‌اندازد:

هر نکتـه‌ای کـه گـفـتم در وصف آن شـمـایل
هـر کـو شـنـیـد گـفـتـا، لله در قـائـل
از آب دیده صـدره طـوفـان نـوح دیدم
وزلـوح سـینـه نقـشت هـرگـز نگشت زائـل
تحـصـیل عـشـق و رندی، آسـان نمود اول
آخـر بسـوخت جـانم در کـسب این فـضـایل
ای دوست دست حـافظ تعویذ چشم زخمست
یا رب ببـینم آنرا در گـردنت حـمـایل

و سرانجام مستوره در این اشعار وفاداری خود را به شاعر شیرازی ثابت کرده است:

به دو چشم مـی‌پرستت کـه اگر زنی به تـیرم
زمـحـبت تو دل را به وفـات بر نگیـرم
اگـرم تو بنده خـوانی همـه عـمـر پادشـاهم
به خـدا کـه شـاهبـازم چو به دام تـو اسـیـرم
بـری ارتو بـندم زتو مـهـر نگسـلانم
کـشـی ار به جـور چندم ز وفـات ناگـزیرم
به عـلاج دل خـدا را چه روم بر طـبـیـبـان
کـه بجـز وصـالت ای دوست دوا نمی‌پذیرم
همـه نـام تست ای مـه شـب وروز بر زبـانم
همـه یاد تست جـانا مه و سـال در ضـمـیرم
بـرو از بـرم تو نـاصـح ز وفـا دهـی چه پـندم
ز ازل به مـهر جانان چو سرشته شد خمیرم
نظری به سوی "مستوره" که من فدای جانت

تو شه جـهان حسنی و من ای صنم فقـیرم

وفاداری به مضامین غزلی که حافظ ششصد سال پیش از او سروده است:

به تیـــغم گـــر کـــشـــد دســـتش نگیـــرم
وگـــــــر تیـــــــــرم زند منت پذیرم
برآ ای آفـــتـــاب صـــبح امـــیـــد
کـــه در دست شب هجـــران اســـیـــرم

"حـافظ" و"مسـتوره" هر دو داغدار عزیز ناکامی هستند که به سخـتی روح حسـاس و روان آنانرا آزرده کرده است. گویا حـافظ فرزند نوجـوانش را در مصیبتی از دست می‌دهد، شاعر از این غم می‌گرید و فلک را شماتت می‌کند:

بلبلی خون دلی خورد و گلی حاصل کرد
باد غیرت بصدش خار پریشان دل کرد
طوطیی را بخـیـال شکری دل خـوش بود
ناگـهش سـیل فنا نقش امل باطل کـرد
قـرة العین من آن مـیـوه دل یادش باد
که چه آسان بشد و کار مرا مشکل کرد
سـاربان بار من افـتـاد خـدا را مـددی
کـه امید کرمم، همره این محمل کـرد
روی خـاکی و نم چشم مـرا خـوار مـدار
چرخ فـیروزه طربخـانه از این کـهگل کـرد
آه و فریاد کـه از چشم حسود مـه چرخ
درلحد مـاه کـمـان ابروی من منزل کـرد
نزدی شـاه رخ و فـوت شـد امکان حـافظ
چه کنم بازی ایام مـــرا غـــافل کـــرد

مستوره نیز در غم مرگ خسروخان – شوهر محبوب و جوانش – که دست قضا و بیماری وبا گل وجود او را پرپر کرد، چون حافظ می‌نالد؛ گرچه شعر منسوب به مستوره در رثای همسرش به کوردی اورامی سروده شده، اما داغ دل مستوره به سوز دل حافظ می ماند و شکایت از روزگار و نفرین به چرخ گردون از مشترکات هر دومرثیه است:

سـپـهـر کـەچ گـەرد، سـپـهـر کـەچ گـەرد
داد جـە دەسـت تۆ سـپـهـر کـەچ گـەرد
مـایەی عـەیش کـێت وە تـاراج نەبەرد
مـەجلیس شـادی کـێت بەتـاڵ نەکـەرد
دڵەی کـێت جـە غـەم تۆ نەکـەرد نـاشـاد
خـەزانەی سـووکـی نەدای وەبـاد
نـەونـەهـاڵ عـومـر کێ نـەکـەردی پەی
وەیـانەی کـام کـەس تۆ نـە دۆسـتـی وەی
جـە نـەخڵ وجـوود نـەوڕەس نـەهـاڵان
کـام مـەردی وە جـەور نـەکـەردی تـاڵان
هـەرکـۆ جـوانێ سـاحـێب تـەخت و تـاج
گـوڵبـاغـچەی عـومـرش تۆ کـەردی تاراج
خـوسـووسـەن خـەسـرەو شـای کـەمـەر لاڵم
مـایەی ئیـقـتـیـدار عـومـر و ئیـقـبـاڵم
سـەروەر خـاتر غـەمگـین ڕیشـم
نەیاگـەی گـشت کـەس بێگانـە و خـوێشـم
جـە ڕاگـەی جـەفـا و مـەکـر و حـیلە و فـەن
نـەخڵ جـووانیش کـەردی ڕیشـەکـەن
نـە سـەرای تاریک کـەردی دەسـتـاخـش
بـەردی وە غـارەت شـادی و دەمـاخـش
بـدیە جـەفـای تو گـەردوون تـا چەنـدەن؟
هـەزارێ چون من بێ سـاحـێب مـەندەن
سـاتۆیچ وێنەی من دەروون سـیـابـای
بـێ بەهـرە، بێ عـەیش، هـەر نە عـەزابـای

# مەستوورە و بادانەوە

## بۆ لیریکای ئەریستۆکراتییانەی فارسی

عادل محەمەدپوور

هەڵوێستەیەک:

سەرەتاکانی سەدەی ١٣ی کۆچی (١٧٨٩ز)، ماوەیەک پاش تیاچوونی کەریم خانی زەندی بەڕەچەڵەک کورد و تێپەڕبوون لەو دۆخە لەرزۆکەی کە بەهۆی ئەو ماوە سیاسییەوە بەدی هاتبوو و، سەقامگیرکردنی ئۆقرەیی و ئاسایش لە ئێرانی ئاڵۆسکاو و پچڕپچڕدا لە لایەن ئاغا محەمەد خانی قاجارەوە، سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی فەرانسە لە ئەورووپا و کارەساتگەلێکی تریش وەک سەرهەڵدانی (ناپلیۆن) و بزاڤی هەمەلایەنەی شەقامی ئەو وڵاتە و پاش ڕسکان و تەشەنەی هزری نۆژەنی و پێشکەوتنخوازی و گەشەی پیشە و زانست لە ئەورووپادا و هەموارکردنی ڕێگا بۆ بیری ناسیۆنالیزم و هاتنەکایەی دەوڵەت- نەتەوە و تەشەنەی ئەم دۆخە لە سەراسەری جوگرافیای ئەورووپادا و، پاشان کاردانەوەی بۆ وڵاتانی تر وەک ئێران و... هوروژمی ئەو شەپۆلە هزری و پیشەیی و زانستییە ئەگەرچی ئەورووپای داگرتبوو، بەڵام بەداخەوە هێشتا نەیتوانیبوو ڕۆحی خەمۆکی ئێرانییەکان - چ چین و توێژەکانی خەڵک و چ دەسەڵاتداریەتیی وەخت - لە خەوی چەندین ساڵە ڕاچەنێ و بیانهەژێنێ.

بەو شێوەیە گەندەڵکاریی سیاسەت و پۆپۆلیزم و کوێلەتی لە ڕۆح و هەناوی تاک و کۆمەڵدا بەردەوام دەمێنێ؛ بەڵام کاردانەوەی ناڕاستەوخۆ و نائەنقەستی شەڕەکانی دەوڵەتی ڕووسیە و هاتوچۆی سەربازیەتی و تێهەڵکێشی ئەم ئیشە سەربازییانە، بوو بەختووکەدەری عەباس میرزا - کوڕی فەتەلی شا - وەک پاڵنەر و هەڵخرێنەر لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپادا پێوەندیی سەربازی و سوپایی وەربگرێت و

داوای شتومەكی نوێی تەكنیكی و پیشەیی و لەشكری لەو وڵاتانە بكات؛ تا واتە لە پێكهاتەی لەشكری و سوپاییدا مۆدیرنیزاسیۆن بەدی بێنێ. دەسپێكی ئەم كارە نۆژەنە، سەرەتا لە ئازەربایجانەوە، بوو بەهۆی نزیكایەتی لەگەڵ ڕووسیە و عوسمانیدا و پاشان چوونە ناو دەروازەی ئەوروپاوە. هاوكات لەگەڵ ئەم بزاڤە سەربازی و پیشەییەدا بزاڤی هزری و كولتووری و ئەدەبیش دەست پێ دەكا؛ چاپخانە دروست دەبێ و چەندان كتێب و ڕۆژنامە دەنووسرێ یان وەردەگێڕدرێت و دێنە گۆڕەپانی وەشاندن. بژاردەگەلێك وەك میرزا عیسای قایمەقام و ئەبولقاسمی قایمەقام و میرزا تەقی خانی فەراهانی و ئەمیر كەبیر، دەبن بەپێشەنگی چاكسازی و ریفۆرمخوازی لە حەوزەی سیاسەت و هزری و دیوانی و كارگێڕیدا...

ئەم گۆڕانكارییە ئەگەرچی زۆر بەئارام و لەسەرخۆ و درێژ خایەن و دژوار و پڕ ئاستەنگ دەبێ و گیان بەختكردنی هەندێ لەم گەورەپیاوانەی لێ دەكەوێتەوە، بەڵام دەتوانێ شارێگە هەموار بكات بۆ شۆڕشی مەشرووتە و سەقامگیركردنی ئۆخژنی ئازادی و بەرابەری و دەستەبەركردنی هەندێ لە مافە مرۆییەكان لە ئێراندا.

## لیریكا: سۆزی سەرەكیی شاعیرانی كورد

شاعیری نەوەی ئێستای كورد، سنووری هەندێ لە خەسڵەتە بڕیاردەرە پێشوەختییەكانی نەوەكانی ئەوسای بەزاندووە و هەر شتێكی بازنەدار و هەر خانەبەندییەكی پێش فەرزدار كە تەواوكەر و بڕیاردەری فۆرم یان فۆرمگەلێكی دیاریكراو و واتا یان واتاگەلێكی داواكراو و خوازراو بێت ڕەت دەكاتەوە. من بۆ خۆم تا ڕادەیەك لەگەڵ ئەم بۆچوونەدام، بەڵام لەوەدا كە كورد، هەر لەمێژە، بۆ وشیاریی گەلەكەی و بۆ ورووژاندنی پرسەكان و نیازە سەرەكییەكانی ڕۆحی و تەنانەت چییەتیی ناسنامە كولتووری، لەجیاتی دەقی فەلسەفی و لۆجیكی هزری، تەنیا ژانری شیعری بەدەستەوە بووە، تا یەك دوو دەهەی بەر لە ئێستایش لەجیاتی چیرۆكی مۆدێرن و وێنەكێشان و تەلارسازی و پەیكەرتاشی و باقیی ژانرەكانی تر، هەر شیعر، یەكەی داهێنان بووە بۆ دركاندنی واقیعە ڕۆحییەكانی و كەشفی نەستی ناخۆئاگای كۆیی و هەنگاونان بەرەو ئاگاییی ڕۆحی و

ڕوونکردنەوەی کەلێنێک لە کەلێنەکانی فەلسەفەی مێژوویی. چ بمانەوێ و چ نەمانەوێ بەشی هەرە زۆری جوانیناسیی ئەدەبی و شیعری کلاسیکمان، لە چەمکی گشتی لیریکای (ئەریستۆکراتیانە بەڕووکردی تیۆکراتیانەی سۆفییانە)دا گەلاڵە کراوە کە وەک ئاوێنەی بالاّ نوێن، هەموو هیوا و تامەزرۆ دڵخوازەکان لەودا پەنگی خواردووەتەوە و یاساغ کراوە. لەسەر ئەم لۆجیکە هزری هونەرییە کە نەستی کۆیی کوردی پێ چنراوە، دەبێ ڕێبازە فیکری و هونەرییەکەیشمان بدۆزینەوە و پۆلێنبەندیی بۆ بکەین. بەرەی ئێستای شیعری هاوچەرخ لەبری دانەری دەسەلاّتخواز و بتی نووسەر بۆ ئاسۆکان و پێوەندیی دوو لایەنەی دیالێکتیکی دەق دەروانێ و هیوا دڵخوازەکانی بەدیالۆگ لەگەڵ دەقی کراوە و دەقی قسەکەردا، دەبینێتەوە. ئەم ڕووکردەیش هی ئەم سەردەمەیە و هیچ لە بایەخی هەوڵەکان و پێوەرە ناسراوەکانی جوانیناسی و ئیستاتیکای ئەوسامان کەم ناکاتەوە و بەتێکڕایش ڕەفز ناکرێتەوە؛ ئاخر ئەگەریش لە دیدی بنەماخوازیدا لەم دیاردە بکۆڵینەوە نە تەنیا کولتوور بەڵکو هەر دەقێک هەمیشە نووسراوە و لە ویژدانی ناخۆئاگای کۆدا پەنهان ماوەتەوە و کاری خوێنەر ئەوەیە بەخوێندنەوەی دەقەکە؛ ڕازە نهێن و بزۆزەکانی کولتووری و ئەدەبی... کەشف بکات. بەپێی ئەم ڕووکردە و قبووڵی ئەم خاڵە، شیعری هەر سەردەمێک ڕەنگ و چێژی تایبەتی ئەو چرکەساتانەیە کە دەق لە دایک دەبێ؛ بۆیە دەلوێ بۆ ناسینی پرەنسیپە ئێستەتیکییەکانی مەستوورە، لەو فاکتە تایبەتییانە بدوێین کە شیعرەکانی ئەو شاعیرە لەو بارودۆخەدا ڕسکاوە و فراژوو بووە.

بەپێی ئەو پۆلێنبەندییە کە یۆنانییەکان بۆ شیعر کردوویانە: کە بریتییە لە چوار جۆر:

شیعری Epic (حەماسی)، شیعری دراماتیک (نمایشی، Dramatic)، شیعری Etic (ئەخلاقی و ئاکاری و مۆچیاریئامێز) و شیعری Lyric (غینایی).

لەسەر میتۆدی زانستی ئەو ڕووکردە هونەرییە: ئێمەی کورد بێ بەش بووین لە شیعری Epic و دراماتیک. شیعری Etic و ئەخلاقی، بەپێی ناوەڕۆک و ئەرکە ئەخلاقی و ئاکاری و بۆنەدارەکانی شاعیران، لەم چەشنە شیعرە بێ بەش نین و هەندێ لە شیعرە کلاسیکەکانمان، زادەی بۆن و بەرامەی ئاینی و ئیتنیکین؛ بەلاّم بەڕای من ڕووکردی زەینی و ئەبستراکتی گشتی زۆربەی شاعیرانی کورد لە

شیعری لیریکادا، بەو مانا ئەکتیڤ و بەرفراوان و ڕووبەرە کراوەوە کە هەیەتی، خڕبووەتەوە و گەلاڵەڕێژ کراوە. بەم چەشنەی خوارەوە:

١- لیریکای عیرفانی (تیۆکراتیانە) - شاعیرانی دیالێکتی بابان: نالی، مەحوی و هەڤالەکانیان...

٢- لیریکای عاشقانە Love Lyric - قوتابخانەی گۆران: خانا، بێسارانی، مەولەوی و هاوبەندەکانیان...

٣- لیریکای تەغەزولی - حەماسی: ئەحمەدی خانی و... لە شیعری هاوچەرخدا شێرکۆ بێکەس و هاوڕێکانیان.

٤- لیریکای کۆمەلایەتی - نەتەوایەتی: حاجی قادری کۆیی، قانیع و... شاعیرانی سەر بەئەم ئەدگارە شیعرییە و دیسانەوە شێرکۆ. سەرهەڵدانی چیرۆکی چرۆی چینی بورژوا و ناسیۆنالیزمی کوردی و....

٥- لیریکای سروشت: کۆی شاعیرانی کورد.

بەلام یاگە و شۆنی مەستوورە لەم خانەبەندییەدا کوێیە و لە کام خانەدا دەبێ ڕاڤەی بۆ بکرێ؟

گوایێ شیعرە کوردییەکانی مەستوورە فەوتاوە و ئێستا لە بەردەستدا نییە. ئەو هۆنراوانیشە چ هەورامی و چ سۆرانی کە هەن لە چاپ دراون، هەم لە چەندایەتی و هەم لە چۆنایەتیدا، نەشیاوی ڕاڤە و شرۆڤەی هونەرین و نە هەڵگری ئاستی جوانیناسی و بۆتیکای شیعرین و نەیش شیاوی تاوتۆ و ڕانانکارین لە هەمبەر بێسارانی و مەولەوی و نالیدا. تەنیا دەتوانین بلێین هۆنراوەگەلێکی ساکار و ئاهەنگدار و سەروادارن کە لە حەوزەی لیریکای تاکی تیۆکراتییانەدا شوێنیان بۆ دیاری دەکرێ.

شیعرە فارسییەکانی مەستوورە تا ڕادەیەک لە بازنەی ڕەوتی گەڕانەوەی ئەدەبیی سەردەمی قاجاردا شیاوی باس و خواس و شرۆڤەکاریی ئەدەبی هەن کە دۆزی سەرەکی و ڕووکردی شێوازناسانەی ئەم وتارەیە؛ لە سێ ئاستی زمان و فیکر و ئەدەبدا.

## لادانی مەستوورە لە ڕەسەنایەتیی لیریکای کوردی و گەڕانەوە بۆ ئەدەبی دەسەلات

لە سەردەمی سەفەوییەدا، بەهۆی ڕووکردی ئاینی و تینووێتی بەرینترکردنی

جوگرافیای دەسەڵاتی توتالیتاریزمی مەزەب و ئوتوریتەی سیاسی و بەرامبەرکێ و دژبەری لەگەڵ نەیاری عوسمانلیدا، باکگراوندی ڕسکانی شیعر و شاعیری ڕوو لە کزی و لاوازی دەکات؛ بۆیە لەم سەردەمەی ئێراندا شاعیری داهێنەر و هەڵکەوتوومان نابێت کە بتوانێ لەگەڵ شاعیرانی ڕابردووی شێوازی خوراسانی و عێراقیدا بەرامبەرکێ بکات. ئەگەریش بەدەگمەن هەبووبێ تەنیا لە بواری شینگێڕی و چەمەری و پیاهەڵدان و مەنقەبەدا بووە بۆ ئیمامانی شیعە و کارەساتی کەربەلا.

ئەم ماوە ئەدەبییە و ئەم بێ دەرەتانییە شیعرییە، وا دەکات کە ناوەندی شیعری دەرباری لە گەشەی جاران بکەوێ و ئەوانەیش چێژ و بەهرەی شاعیرانەیان دەبێ، ڕێگای کۆچبەریی ولاتانی هیند و عوسمانی بگرنە بەر و شیعریش لە ئاسانەکەی ئەمیران و سانەکان و پاشاکان دەگوێزرێتەوە بۆ سەر شەقام و توێژەکانی کۆمەڵ. بەم چەشنە، لە هەندەران بزاڤێکی ئەدەبی بەناو شێوازی هێندی لە دایک دەبێ. ئەم شێوازە شیعرییە هەم لە فۆرم و هەم لە ناوەڕۆکدا، لەجیاتی گۆڕانکاری و نۆژەنی و فراژووبوون، تووشی سستی و تەنگژە و چەواشەکاری و زمانی دەبێ. شیعر لە واقیعەکانی ژیانی سۆسیایی و پراکتیکی کۆمەڵ دوور دەکەوێتەوە و دەکەوێتە نێو مەنجەلاوی ڕووتی خەیاڵبەندی و مەزموونکاریی دوور لە زەین؛ بەواتا لە شان و شکۆ و زمانی ئەشرافی جاران دەکەوێ. بۆیە گرۆی ئەنجومەنی ئەسفەهان لەم سەروبەندەدا، لە هەمبەر ئەم ڕەوتە ئەدەبییە ئاڵۆسکاوەدا، بەرهەڵستکاری دەکەن و ئاکامی دەبێتە هۆی لە دایکبوونی ڕەوتێکی تری ئەدەبی بەناو (بادانەوەی ئەدەبی).

ئەنجومەنی ئەدەبی (نشاط) کە پێک هاتبوو لە شاعیرانێک وەکو نشاتی ئەسفەهانی و هاتف و موشتاق و شوعلە و لوتفەلی خانی ئازەربیگدلی و فەتەلی خانی سەبا و... پێیان وابوو تەنیا ڕێبازی دەربازبوون لەم تەنگژە شیعرییە، گەڕانەوەیە بۆ شێوازی خوراسانیی سەدەی چوار و شێوازی عێراقیی (سەدەی حەوت و هەشت).

لە قەسیدە و مەسنەویدا دەبی ناسری خوسرەو و فیردەوسی و لە غەزەلدا سەعدی و مەولەوی و حافز، ببن بەسەرچەشنی ئەدەبی و شیعروتنەوە تا دووبارە شکۆ و هەیبەتی ئەریستۆکراتییانەی زمانی شیعری فارسی زیندوو بکرێتەوە.

بێ گومان لەم دۆخە زەمەنییەدا، کە ئەردەڵانەکان لە کوردستان، دەبن بەگوێڕایەڵ و گوێ لە مشتی حکوومەتی قاجارییەکان و لە لایەن ئەوانەوە مەوهیبەتی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕەوانیی ناوچەییان پێ دەبەخشرێ؛ مەستوورەیش لەم دۆخە سیاسی و کولتووری و ئەدەبییەدا ژیاوە و وێڕای دەسەڵاتی سیاسیی بنەماڵەکەی، خاوەنی چێژی شاعیرانە و توانستی نووسەرانە و هونەری خۆشنووسانە بووە. مەستوورە زادە و بەرهەم و پێکهاتەی ئاوا دۆخێکی سیاسی و کۆمایی بووە و لە ژێر کاردانەوەی سیاسەتی کۆنەپەرستانە و تۆتالیتاریزمی کولتووری و ئەدەبیی ئەو دەمەی قاجاردا، زەمینە ڕەخساوە بۆ ڕسکانی مستەوفیگەری و خان سالاری و دەسەڵاتخوازی لە حەوزەی ئەدەب و شیعری دیوانیدا. بۆیە: مەستوورە بەنەشونما لەم بەستێنەدا، لە ڕەسەنایەتیی زمان و ئەدەبی زگماک هەڵەتە دەبێت و بەباشی ناتوانێ لە دەوڵەمەندی و چڕیی نەغمە و توانستی توخمە زمانییەکانی کوردی، بەهرەی باڵا وەربگرێ و شیعری بەرز و هونەری کوردی بئافرێنێ و لە خانەبەندیی لیریکای کوردیدا جێگای خۆی بکاتەوە.

ئەگەرچی لەو کاتەدا، ئاسانەی میرنشینی ئەردەڵان، دونگەی شاعیرانی سەر بەدیالێکتی هەورامی بووە و شەوانە بارەگای خەسرەوخان دەبووە مەکۆی کۆڕی شیعر خوێندنەوە و دەمەتەقێی شاعیرانە، بەڵام ئەمە مەستوورەیە، لەم ڕەوتە خۆماڵییە لادەدا و تەنیا خۆی بەشیعری فەرمی و زاڵی دەسەڵات (فارسی) سەرقاڵ دەکات. ئەو هۆنراوە کوردییانە کە لە شاعیر بەجێ ماوە - ئەگەر ڕاست بێ هی ئەو بن - لە چاو ئاستی هونەری و پێکهاتەی شیعرە فارسییەکاندا زۆر سست و لاوازن. باسی ڕاڤەی ئەدەبی و شرۆڤەکاری ئێستەتیکی هەڵناگرن. شیعرە بڕگەییەکانی مەستوورە لە هەمبەر دەقەکانی مەولەویدا کە هاوچەرخی یەک بوون، شیاوی ڕانانکاری و تاوتوێی ئەدەبی نین. بەقەولی هێسیۆد: «نەیتوانیوە، وێنەکان بەڕووکردی هونەری لە ڕووبەری زمانی کوردیدا؛ وەک دەق بێنێتە دواندن»، زۆر بەئاسانی لە توخمە زمانییەکانی کوردی چاوی نووقاندووە. بۆیە وتمان لە چاو مەولەویدا شیاوی هەڵسەنگاندن نین.

بەراوردکاری ئەم دوو دەقەی خوارەوە:

مەستوورە و لاواندنەوەی خەسرەوخانی ناکام: لە دیوانەکەدا ٣٠ بەیتە.

فەلەک نە جەورت زار و سەرگەردان
وەختەن چون دەیری بشوون وە هەردان
نەی زوڵم سەنگین، نەی بێ داد تۆ
هەر مەواچوون داد هەر مەکەروون رۆ
والی زی شەوکەت یوسف لەقام ڕۆ
ئەسکەندەر قودرەت، حاتەم عەتام ڕۆ
هوژەبر بێ باک رووی مەیدانم ڕۆ
فەخر دوودمان ئەردەڵانم ڕۆ
جووان نەوڕەس نمەکینم ڕۆ
مایەی دڵ وەشی دنیا و دینم ڕۆ
شەم شەبستان خەسرەوخانم ڕۆ
مایەی شادی و شەوق کوردستانم ڕۆ
زوبدەی والیان والاجاهم ڕۆ
فەخرول ولاتم مێهرشاهم ڕۆ
جەمشید سانی فەرەیدوونم ڕۆ
ئیسەگیردام قەبردوونم ڕۆ
شای لاڵکەمەر هەم لاڵبەخشم ڕۆ
سانی تەهەمتەن ساحیب ڕەخشم ڕۆ
لاڵ بەخش خوەم فیدام لاڵ بەخشانت بام
فیدای بەزم عەیش مەی نۆشانت بام
خەسرەو ئامانەن فیدای نامت بام
دەستاخی مەزار قەید دامت بام
فیدای دوو دیدەی مەست مەخموورت
قوربان رەنجش لاشەی مەهجوورت
قوربان نالەی زار و زگارت
فیدای زەلیلی دەس ئازارت

خـــەســـرەو خـــوەم فـــیـــدای نەوجـــوانیت بام
فـــیــــدای تاج و تـەخت خــــەســــرەوانیت بام

**دیوان، ل ١٣٨**

مەولەوی و لاواندنەوەی عەنبەر خاتوون: لە دیوانەکەدا ٢٧ بەیتە:

دڵەی دڵ وە مــــەی مــــەیل لەیلێ کــــەیل
مــــەحــــرەم وە رازان خــــەڵوەتخــــانەی لەیل
لانە حـــەڵقـــەی زولف عـــەنبـــەربۆی شـــەوڕەنگ
هامـدەم جـای تەنگ ئەڵحـەدســەرای ســەنگ
پـەروانـەی مــــەزار ئەو ئـاوات واســــتــــەم
تەرجــەمــەی حــاڵات پەشــێــوی جــەســتــەم
عـــەرزکــــەر وە لەیلا وە ســــەد خــــەمــــەوە
چـــەم وە نمـــەوە، دڵ وە تـــەمـــــــــــــــەوە
دیوانەکـــــەت دیم بڵــــێــــســــــەش بەرز بێ
بەرزی بڵــێــســـەش هەر ســات ســـەدتەرز بێ
وە هـــەر تـــەرزێ لـــەیـل مــــــــــــەلاوەنـاوە
دڵەی ســــــەنگ ســــــەخت مــــــەتاوەناوە
گــــا گــــۆیا مــــەویەرد ئیند مــــەویەردەوە
گـــــــا مـــــــــەوات وەدەم ئێش و دەردەوە
ئای جــە ئێش تەن جــە گــیــان جــیــای من
ئـای جــــە لوای تۆ و ئەو شـــــۆن دیای من
ســــــەخــــــتی ئێش دەرد بـەدحــــاڵیم لایێ
وای بێ تو مــــەنزڵ گـــشت خــــاڵیم لایێ
وە هـەر مــــــەنزڵدا وە هـەر راگــــــوزەردا
هـەر دەست حـــەســـرەت مـــدا وە ســـەردا

چێـــشـــەن مـــوینـوون مـــەنزڵ بێ تۆ بۆ
بـێ هـۆشـم خـــــەو بـۆ راس بۆ درۆ بـۆ...

**دیوان: ل ٢٢٥**

## ڕاژەی شیعرەکان:

١- شیعری هەردوو شاعیر دە بڕگەییی خۆماڵییە.

٢- هەردوو شـاعـیـر هاوچەرخن، مـەسـتـووره شـاعـیـرێکی ئەشـرافی و دەسپەروەردەی بنەماڵەیەکی بەدەسەڵات و دیوان سالارییە؛ مەولەوی شاعیرێکی ئاسایی و ڕسکاوی کولتووری بەخشندەی خۆماڵی و شەقامی و حوجرەی ئەوسا.

٣- مەستـووره پێکهاتەی شـیعرەکەی زمانـی کوردی نییە؛ بگره وەرگرته له زمانی دەسەڵاتی ئەریستـۆکراسی ناوەندییه که ئەو و بنەماڵەکەی نوێنەرایەتیی دەکەن. توخمه زمانییەکەی: واژه و دەستەواژەکان، چۆڕەی حکوومەت و دەسەڵات و باڵادەستیی توێژایەتی و ئەشرافێتییان لێوه دەتکێ:

والی، زی شـەوکەت، ئەسکەندەر، قودرەت، هـوژەبر، خـان، والاجـا، جـەمـشـید سانی، شاه، لاڵ کەمەر، لاڵ بەخش، تاج و تەخت و...

لەم پێکهاته زمانییەدا بەزمانی لیریکای تاکی، پانتاییی ڕۆحی خۆی لاوێنێتەوه و ژانی ئاوابوونی ژیانی هاوسـەرەکـەی سـاڕێژ دەکـات، نه ڕۆچوون بەنـەسـتی کـۆمـاییی نـەتەوەکـەیدا، بەزمـانی ڕەمـز و خـوازه. بەیەک واتا دالی دەقـەکـەی مەستووره یەک مەدلوول و واتای هەیه و بەس: پشت بەستنه بەزمانی ئۆتوماتیکی و سـاکار و ڕێسامـەندی ئاسـایی؛ بەڵام فـاکتـەزمـانییـەکانی مـەولەوی، وەرگرته له زمانی ڕاستـەکی و پێوەری زەمـەنیی خۆیەتی و نوێنـەرایەتیی چییـەتیی نەتەوەیەک دەکـات بـەیاسـای هـونەری؛ نەک پاژێک له کـۆمـەڵ و نه بـەشـێک له دەســەڵات. پانتـاییی ڕۆحی زمـانەکەی ڕەمـزی ویژدانی ناخـۆئاگـاییی کۆیی و شـاعـیـرانەیه. ئیستاتیکای ئانتالۆژی نەتەوەیەک و هـەڵگری ئەو پـتانسیەله زمانیەته که سـاڵانی سـاڵه له زەینی کـۆی نەتەوەکـەیدا ون و بزر مـاوەتەوه و ئێـسـتـا لەو دەرفـەته هەستیارەدا توانستـەکانی دەخاته ڕوو. لەم دەقـەدا مەولەوی بێ ئەوەی ناوی تاکی عەنبـەر خاتوون بهێنێ و بەمۆنۆلۆگ لەگەڵ دڵەکەی (و موتیڤی لەیلێ و مەجنوون) بارگـه دەلالیـیـەکـانی فـرەتر دەکـات و دەبن بەمـەدلوولەکـانی تر و عـەنبـەر

خـــاتوونـەكـــانـی تر بـۆ كـــوردەواری دەبزووتـن. لەم دەقـــەدا مـــەولـەوی پشـت بەڕێسـاگورێزی زمان (هەنجارگورێزی) دەبەستێ؛ بەكەڵك وەرگرتن لە پرۆسـەی (فـەرایەند) خـوازە و كـەسـێتی بەخـشین بەئۆبژەكان؛ تان و پۆی فۆرمـاسـیـۆنی شیعرەكەی لە تەوەری هاونشینی زماندا، دەچنێتەوە.

لەیل، دڵە (چڕین و مۆنۆلۆگ بەشـێوەی كـەسـێتی بـەخشی)، دڵ، مـەی، كـەیل، خـەڵوەتخانـەی لەیل (گۆڕ)، حـەڵقـەی زولف، پەروانە، مـەزار، چەم، دێوانە، بڵێسـە، ئای، مەنزڵ، ڕاس و درۆ و...

ئەم توخـمـانە هەمـووی وەرگـرتەی زمـانی ئـاسـاییی ڕۆژانەی شـەقـامن كـە لە چنراوی مرواریی شیعردا، بوون بەگەوهەری درەوشاوەی هونەری.

## بەراوردكاریی مەستووره و حافز

سـەرەتا ئەم دوو شیـعرەی مەسـتووره و حـافز ئەخوێنینەوە پاشان بەپێودانگی لۆژیكی شێوازناسی بەراوردكارییان دەكەین:

غەزەلەكەی مەستووره: ل – ٢٤ دیوان – سدیق بۆرەكەیی – انتشارات امیر بهادر، ٧٧:

بـــی تـــو از تـــن و از دل تـــاب
رفـــتـــه ای بی وفـــا مـــرا دریاب
بـهـــر تـفـــریح جـــان زمـــهـــر ده
ســـاقـــیـــا جـــرعـــەای ز بادەی ناب
زان كـــــه داروی درد نـاســــــورم
نـیـست جـز از كف تو جـــام شـــراب
بـر ســـر كـــشـــتـــه ات ز روی وفـــا
ای بت سنگدل دمی بـشـــــتــــاب
آه و افـــســـوس كـــز غم جـــانان
سـوی شـیب آمـدم به عـهـد شـبـاب
بر رخـم بســـتـــه شـــد در امـــیـــد
«افـــتـح یا مـــــفـــــتـح الابـواب»
هـست «مــســتــوره» چون زر قـــارون

شـــهـــره و نیـــست در جـــهـــان خـــراب

غەزەلەکەی حافز: ل ١٣ دیوان، تصحیح پژمان بەختیاری، انتشارات امیر کبیر، چاپ نهم ١٣٦٢

مـی دمـد صـبح و کله بسـتـه سـحـاب
الصـــبـــوح الصـــبـــوح یا اصـــحـــاب
مـــــی چـــکـــد ژالـــــه بـــر رخ لالـــــه
المدام المـدام یـا احـــــــــبـــــــــاب
مـی وزد از چـمن نـســـــیم بـهـــــشت
هـان بنوشـــــیـــــد دم بـه دم مـی نـاب
تـخـت زمـــــــرد زده ست گـل بـه چـمـن
راح چـــون لـــعـــل آتـــشـــین دریـــاب
این چنـین مـــوســـمـی عـــجـب باشـــد
کـــــه ببندند مـــــیکده بـه شـــــتـــــاب
در مـــــیـــــخـــــانه بســـــتـــــه اند دگـــــر
«افـــــتـــــح یا مـــــفـــــتـح الابـواب»
لـب و دندانـت را حـــــــــقــــــوق نمـک
هست بر جـــان و ســـینه هـای کـــبـــاب
بـر رخ ســــــــــــاقـی پـری پـیـکـر
هـمـــــچـــون حــــافظ بنوش بـاده نـاب

## ڕاڤەی ئاستی ئەدەبی و زمان:

ئەوەی ئەبێتە هۆی ئەکتیوێتی ئەرکی شاعیر لە کۆمەڵگەدا شتێکە کە لە ئاستی زمـانەوە ئـەگـوێزرێتـەوە بـۆ ئاخـێـوەر و سـەرەنجـام لـەم پێـوەندییـە دوو لایەنەدا، دیاردەیەکی هونەری - زمانی بەناو دەلالەتی واتا دەقەومێ.

فۆرمـخوازەکانی چیک و ڕووس (موکرافسکی و هاوارنێک و ئێشکۆلۆفسکی - دوو ئەرک و هەڵوێست بۆ زمـان دیاری دەکـەن و ڕەوتی ئەم دوو کـارکـردە لەیەک جـیـا دەکـەنەوە، کـارکـردی خـودکاری زمـان (Automatication) بەرجـەسـتـەکـاری (Foregrounding). فـەرایـەندی خـودکـاریی زمـان کـاربردەکــەی تەنیـا بۆ ڕەوەندی

واچەی ئاسایی ئاخێوەرانە؛ بەڵام کارکردی فۆرێگراندینگ ڕەوەندێکی نائاساییە بۆ ترازی شیعری و ڕێساگورێزی لە پێکهاتەی زمانی ئاسایی و تێکدانی فۆرم و قامووسی توخمەکان و نیشانەکان.

یەکێک لەو تەکنیکانەی کە ئەبێتە هۆی تێکدانی پێکهاتەی زمانی ئۆتوماتیک و، دووبارە بونیاتنانەوەی ئێستاتیکی شیعر، مۆسیقایە؛ ئەویش بەو پێناسە و ڕووکردە هونەرییەوە کە فۆرمخوازەکان بۆ شیعری دەکەن. لێرەدا دۆزی باسەکە لەسەر شیعری کلاسیکە نە هاوچەرخ. مۆسیقای شیعر بەجۆرەکان و چەشنەکانییەوە و کارکردی هەر کام لە دۆخی بەرجەستەسازیی توخمەکان و هەستانەوەی وشەدا بۆ بارگەی دەلالی شیعر؛ ئەمانەن:

مۆسیقای دەرەکی (کێش)، مۆسیقای پاڵەکی (سەروا و...)، مۆسیقای دەروونی و مەعنەوی و...

بەم پێودانگە:

الف: مۆسیقای دەرەکی (کێش) هەردوو غەزەلەکە لەسەر کێشی خەفیف (فاعلاتن، مفاعلن، فعلن) دانراون کە کێشێکی ڕووباری و ئارامە بۆ دەربڕینی چەمکگەلی هەستیارانەی عەشق و عیرفان و.... ئەم کێشە لە سروشتی واچەی ئاساییەوە زۆر نزیکە. بەئاسانی دەتوانرێ گێڕانەوە و گۆی پێ بکرێ. سوهراب سپێهری شیعری موسافر و فروغی فەرۆخزاد شیعری (ایمان باوریم به اغاز فصل سرد)یان لەسەر ئەم کێشە داناوە.

ب: مۆسیقای پاڵەکی (کەناری) هەردوو غەزەلەکەی یەکسانە و مەستوورە بەدواچوونی حافزدا چووە و لە زۆربەی بوارەکاندا لەم غەزەلەی حافزە پێڕەوی کردووە. شیعرەکە ڕەدیفی نییە و دەنگەبڕگەی سەراوی (ا ب) توانیویە تا ڕادەیەک بۆشاییی ڕەدیف پڕ بکاتەوە.

ج: مۆسیقای ناوەکی (دەروونی): غەزەلەکەی مەستوورە لە چاو غەزەلەکەی حافز و بەکارهێنانی دەنگ تەوەری و سەجع و جیناسدا لاوازترە و کۆمپۆزیسیۆنی دەنگەکان و هارمۆنیای واتاکان لە بارگەی دەلالی مۆسیقای شیعرەکەدا، لە چاو ڕێژەی چڕی هێشوەدەنگەکانی حافزدا، سەرکەوتوو نییە. حافز لە هەر دێرێکدا ویستبێتی بۆشاییی مۆسیقایی لەگەڵ پەیامەکەیدا

هاوتەریب بکات دەستی بۆ بزوێنە دەنگدارەکان و دووپاتکردنەوەی واژەکان بۆ بەرجەستەکردنی دەلالەتی مۆسیقایی بردووە و شیعرەکەی تەژی لە مۆسیقای ناوەکی کردووە. دەنگ تەوەری بزوێنی درێژی (ا) لەم دێرەدا:

می چکد ژاله بر رخ لاله المدام المدام یا احباب

د: ڕێژەی واژە و دەستەواژەی عەرەبی لە هەردوو غەزەلەکەدا بەرچاو دەکەوێ. تەنانەت دووپاتبوونەوە عەینی ڕستەی (افتتح یا مفتح الابواب) لە هەردوو غەزەلەکەدا:

سحاب، الصبوح، اصحاب، المدام، احباب، راح و... واژەی عەرەبی ڕووتن بەڵام غەزەلەکەی مەستوورە لە چەندایەتیی واژەی عەرەبیدا لە چاو غەزەلەکەی حافز ڕێژەی خوارترە.

هـ: لیریکای حافز بەتێکڕا، تێهەڵکێشێکە لە چەمکی عاشقانە (Love Lyric) و عارفانە. پاڵەوان و ماشۆقەکەی حافز کەسێتیی بەرز و ئوستوورییە. هەم ناسووتی و هەمیش لاهووتی و ئاسمانی. پەیتا پەیتا لە چەمەنی خۆشی و ڕابواردندا، بەیادی سیمای پەری پەیکەری ساقی مەی ناب دەنۆشێ؛ هەمیش تەئویلی ڕووکردی مەلەکووتی لێ دەکرێ. ڕووکردی مەستوورە هەمان ڕوانگەی حافزە؛ بەڵام لاساییکەر و بەدواداچوون لە دەلالەتی فۆرم و مانادا هەستی پێ دەکرێ. لەم غەزەلەدا، حافز زۆرتر وێنەیەک و تابلۆیەکی دەرەکیی نواندووە بۆ ڕابواردن و خۆش بوون و شەقڵێک لە دنیای ناسووتی خەیامئاسا، کە تایبەتمەندیی حافزە و تارۆزێک و تەنزێکی شاراوە و هێمائامێزە بۆ پشت هەڵکردن لە دیاردەکانی دنیای پڕ لە ڕوویی و ڕیا، کە حافز بێ پەروا لەم ڕێبازەدا، خەباتی نواندووە و خۆی لە هەمبەر هەموو داوونەریتێکی ڕزیو و سواودا جیا کردووەتەوە. کۆتاییی شیعرەکەی مەستوورە باس لە هەستی تاکی و غوربەتی ڕۆحی خۆی لەم دنیا ناسووتەدا، دەکات. دەڵێ: مەستوورە وەک زێڕی قاروون ناسراوە و بەرچاوە؛ بەڵام ڕۆحی نامۆی دەربەندی ئەم دنیا مادییە نییە. کەچی حافز لە کۆتاییدا بەیادی ڕوخساری پەری پەیکەری ساقی مەی دەخواتەوە و چش لە هەموو دیاردەی چرکەئاسای دنیای ئۆبژێکت (دەرەک) دەکات. ئەمەیە جیاوازیی ئەو دوو بۆچوونە؛ دژکاریی نێوان دوو وێستگەی هزری؛ یەکیان قووڵ و ئەویدی ڕووکار و بێ بنەما.

و: (یاکوبسن) بەپێـڕەوی لە ڕوانگەکـانی (سـوسـور) لـە بارەی ڕێسـامـەندیی زمانەوە لە دوو تەوەری جێنشینی (Paradigmatic Axis) و هـاونشینیدا (Syntagmatic Axis)، دوو پرۆسـە لە ڕووبەری کارکردی زمانی شیعردا دەخاتە ڕوو: جـەمسـەری (قطب) خـوازە، ئیسـتـعـارە (Metaphoric Pole) و جـەمـسـەری مـەجـاز (Metonymic Pole).

خـوازە لـە تەوەرەی جـێنـشـینـیـدا بەهەڵبـژاردن (Selection) لەسـەر بنەمـای لێکچـوواندن (تشـابە Similarity) ڕوو دەدات و هەڵوێسـتی مـەجـاز لە ڕووبەری هاونشـینـیـدا بەعـەمـەلی لێکدراندن (ترکـیب Combination) لەسـەر هاوسـێـتی (مجـاورت Contiguity) توخمـەکـان دێتە نواندن. بۆ وێنە لە ڕووبەری جێنشـینیدا، دەتوانـین بەهـەڵبـژاردن، قـامـووسگەلی چۆم و ڕووبـار و ڕۆخـانـە و دەرە و... لە کوردیدا بەکار ببەین. بەڵام لە هاونشـینیدا، کـابردی مـەند و ئارام و خرۆشـان و... بۆ پاڵ ڕووبار لەسەر بنەمای لێکدراوییە.

بەپێی ڕوانگەی یـاکـوبسن، ڕێژەی ڕووکـردی ڕێسـاگـوڕێزی لە قـوتابخـانەی ڕۆمانتیزم و سـیمبۆلیزمدا مـەیلەو جەمسەری خوازەیە و لە قوتابخـانەی ڕیالیزمدا ڕوو لە پرۆسـەی مـەجـاز – ئەڵبـەت ئەوە ڕوون بکەمـەوە، پێناسـەی یاکۆبسن بۆ ئیـسـتـعـارە و مـەجـاز لە کـوردی و فـارسـی و عـەرەبیـدا زۆر جـیـاوازە و پێکەوە هاوتەریب نییە. بەپێی ڕووکردی ئێمە، خـوازە چەشنێکە لە مەجاز لەسـەر بونیاتی لێکچـوواندن... بەوا کـە شـیـعـری لیـریک عـیرفـانی فـارسی و کـوردی پێکهـاتەی هونەری و ئیستـەتیکیـان لەسـەر هەست و ئەوین و خـەیاڵبـەندی و وێنەخوازییـە و زۆر بەقـوتابخـانەی ڕۆمـانتـیزم و سـیمـبۆلیـزمـەوە نزیکن؛ ئەڵبـەت مـەبەست ڕەوتە فیکری و ئەدەبـی و هونەرییەکەی ڕۆژئاوا نییە. کـەواتە ئەم دوو غەزەلە و بەگشتی کۆی ئاسـەواری لیـریکامـان لەسـەر جـەمـسـەری خـوازە و خـوازەگـەری دانراوە لە تەوەری جێنشینیدا. ڕەنگە بۆ هـەردوو شـیـعری کلاسیکی فارسی و کـوردی چون فۆرمە شـیـعرییـەکانیش لـەسەر غـەزەل و قـەسـیدە دانراون و دێر لـەم دوو قاوغـەدا بەرجەستە و سـەرەکی و بەرچاوە خاڵێکی نەگەتیڤ بێتە بەرچاو؛ چوونکای شاعیر تەواو ئیهتـیمامی بەدێر داوە، نە بەکۆپلە. کۆمـپۆزیسیۆنی شـیعر و ئاکامی لاوازی تەوەری ئەسـتـوونی (عـەمـوودی) و هـاونشـینی شـیـعـر، یەکێکە لە پرەنسـیپـە سـەرەکـیـیـەکانی شـیـعری هـاوچەرخ. بەگـشـتی لە غـەزەل و قـەسـیدەی شـیـعری

کوردیی سۆرانی و فارسیدا، چەشنێک نوخبەگەراییی وێنە لە دێردا بۆ ئەکتیوکردنی شیعرەکەی و قەرەبووی ڕشتەی ئەستوونی شیعرەکە، دەبینرێ. بۆیە دەڵێین بنەما و جەوهەری جوانکاریی شیعری کوردی بەگشتی لەسەر بنیادی ئەریستوکراتیا و ئەشرافیخوازی دانراوە. کەچی لیریکای هەورامی، بەهۆی بەکاربردنی مەسنەوی جیاوازە لەم ڕووکردە و ئیهتیمامی تەواوی شاعیر بەتەوەری ئەستوونی و هاونشینییە. ئەم دیاردە لە زمانی دەمگۆی جەماوەرەوە نزیکترە.

ڕێژەی کارکردی هونەری جەمسەری خوازە و پێرسۆنیفیکەیشن، کەسێتی بەخشین، لەم دوو غەزەلەدا:

کلە بستن سحاب (کەسێتی بەخشین بەهەور و دەوار هەڵدانی لە ئاسمان)، رخ لالە (ڕوخساری لالە، لالە وەک مرۆڤێک کە ڕوخساری هەیە)، زدن تخت زمرد بە چمن گل (خوازە و کەسێتی بەخشین بەگوڵ وەک سوڵتانێک کە تەختی زومورڕودی هەبێ)، ژاڵە، حقوق نمک بر لب و دندان (پێوە بەستنی ماف بۆ لێو و دیان کە خەسڵەتێکی مرۆیین) و... ڕادەی وێستگەی خوازە و کایەی زمانی حافزە لەم غەزەلەدا.

پێشتر ئاماژە کرا کە زۆربەی تێکستەکانی مەستوورە، هۆنراوەی عەرووزین، نە ڕیتم و هارمۆنیای شیعر. تەنیا فاکت بۆ دوورخستنەوەیان لە زمانی ئاسایی و ئۆتوماتیکی؛ دیاردەی عەرووزە و کاربردی ڕێسائامێزی (قاعدە افزایی) کێش و سەروا و هەندێ ڕێسای مۆسیقای تر و گەیشتەن بە«تەوازۆن». لەم غەزەلەدا، ئەگەرچی لەو غەزەلەی حافزە کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، لاسایی کردووەتەوە، بەڵام لەم ڕووکردەدا هەڵگری پرۆسەی (جەمسەر) ئیستعارە (خوازە) نییە. بەڵام کۆپی مۆسیقای دەرەکی و پاڵەکی غەزەلەکەی حافزە. تەنیا وێنەی بەرچاو لەم غەزەلەدا، بۆ ڕێسا گورێزی لە لۆژیکی زمانی خودکاری (شیب، پیری و شباب، لاوی) دژکاری وێنە و، لێکچوواندنە (شوبهاندنی خۆی بەزێڕی قاروون)...

## ئاستی هزری:

ئەدۆنیس دەڵێ: شیعر ئیستاتیکای بوونە؛ بەڵام:

١- لە ڕوانگەی هزرییەوە شیعرەكانی مەستوورە كاردانەوەی ئیستاتیكای بوون و بۆن و بەرامەی سەردەمی خۆیان پێوە دیار نییە. مەستوورە لە مێژوودا دەكەوێتە نێوان دوو قۆناغی هەرە هەستیاری قوتابخانەی ئەردەڵان و بابانەكانەوە؛ كە ئەم دوو میرنشینە هەم لە بواری ئەدەب و هەمیش لە بواری سیاسیدا لە تەنگ پێهەڵچنین و ململانێ و پاڵەپەستۆكی یەكتریدا بوون. كە ئەم دیاردە لە سەر و سیمای بەرهەمی ئەدەبی هەندێ لە شاعیرانی ئەو دەمەی سێكوچكەی بابان، وەك نالی و سالمدا دیارە:

كەڕوفەڕ با كەم بكا والی بەفەوجی(چێش كەروو)
پشت بەندی لەشكری وەندات و جافان هاتەوە

والی مەبەست والی ئەردەڵانە و چێش كەروویش مەبەست دیالێكتی هەورامییە كە لەو كاتەدا زمانی پێوەری ئەدەبی میرنشینی ئەردەڵان و جوگرافیای تری كوردستانیش بووە. تەنانەت نالی شارەزووری، لەسەر ئەم دژبەرییە سیاسییە و كاردانەوە سەلبییە، خەونامەهەجوییێكی بۆ مەستوورە نووسیوە و وێڕای خاڵە سەلبی و نەرێنییەكانی بەزمانی گاڵتە و لاقرتێ، دان پیانانە بەكاردانەوەی كەسێتیی بەرزی ئەدەبیی مەستوورە لەو سەروبەندەدا:

مەستوورە كە حەسناو و ئەدیبە بە حیسابێ
هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێك و عیتابێ...

**دیوانی نالی، ل ٦٠٥**

ئەم دان پێنانە لە لایەن نالییەوە فاكتێكە بۆ ڕەتكردنەوەی ئەوەی كە تەنیا گوایێ مەستوورە بەشاعیر ناسراوە. مەستوورە ئەدیب و مێژوونووسیش بووە. شاعیریەكەیشی زۆرتر لە بەستێنەی قوتابخانەی فارسیدا بووە تاكو كوردی. لە بنەماڵەی دەسەڵاتدارانی گوێ لە مشتی قاجارییەدا بووە و لە ژێر سەیتەرەی قوتابخانەی گەڕانەوەی ئەدەبی ئەو دەمەی (نێشات)ی ئەسفەهانی و هەقاڵانیدا. بۆیە فۆرم و ناوەڕۆكی شیعری ئەم شاعیرە لەو هێڵە ئەدەبییەدا ڕسكاوە.

٢- سوبژێكتی ئەو شاعیرە وەكو شاعیرانی ئەدگاری ئەدەبی عێراقی تەجەلی نگەر و بڕیاردەرە. هەموو ئارمانجە داخوازییەكانی خۆی لە سیمای مەعشوقی ئارمانی و ئوتوپیای سۆفییانە و ئوتوكراتییانەی ئەو ڕێبازە شیعرییەدا

دەبینێتەوە. لەم ڕووکردە فیکرییە ئەریستۆکراتییانە نێرینەسالارانەی مەستوورەدا، زمانی نەتەوەکەی کە دەبێ لە ناخوداگای زەینیدا مابێتەوە؛ لە پێناو ئەو ئارمانجە سیاسی و سۆسیاییە زاڵەدا پووکاوەتەوە و نایێتە سەر شاشەی نواندن و ڕسکاندن. تەنانەت بەپێی زاڵێتیی قوتابخانەی گەڕانەوەی ئەدەبی فارسی - جگە هەندێ نۆستالۆژی تاکی و خێزانی - هیچ چەشنە دیاردەی سیاسیی سەردەم و کێشە سۆسیاییەکانی کۆمەڵگەی ڕزیوی قاجار لە نوخبەگەراییی وێنە شیعرییەکانیدا نابینین. نە تەنیا مەستوورە بگرە لە ڕووکردی هیچ شاعیرێکی گەڕانەوەی ئەدەبیدا، ئەم دیاردە نابینرێ و خراوەتە بۆتەی فەرامۆشییەوە.

٣- شیعرەکانی مەستوورە، زادەی نۆستالۆژی دەروونی تاکی و دەربڕینی شین و لاواندنەوەیە بۆ خەسرەوخانی ناکامی هاوسەری. لە غەزەلە فارسییەکانیشدا، پاڵەوان و کاراکتێرەکەی زۆر ئاسایییە و زەمینییە. چون ئەزموونەکانی لە بەستێنەی لاساییکردنەوەدا ڕسکاون، نەیتوانیوە ئیدەئالێک وەک مەعشووقی حافز بەرز و ئوستورەیی و ئاسمانی پەروەردەی بکات.

## سەرچاوەکان:

١- دیوانی مەستوورەی کوردستانی، سدیقی سەفی زادە، انتشاراتی امیر بهادر، ١٣٧٧.

٢- دیوانی مەولەوی تاوەگۆزی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس.

٣- دیوانی نالی، عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتحی مەلاکەریم.

٤- لسان الغیب، حافزی شیرازی، پژمانی بەختیاری، انتشارات ئەمیر کەبیر، ١٣٦٢.

٥- کلیات سبک شناسی، د. سیروس شمیسا، انتشارات فردوس، ١٣٧٢.

٦- سبک شناسی شعر فارسی، د. س. شمیسا، انتشارات فردوس، ١٣٧٤.

٧- ازصبا تا نیما، د. یحیی ارین پور، ج١، انتشارات فراتکلین، تهران، ٢٥٣٥.

٨- نقد ادبی، د. عبدالحسین زرین کوب، ج٢، انتشارات امیر کبیر، ١٣٦١.

٩- مجله فرهنگ و توسعه، ژ. ٣٧-٣٨، اسفند ماه ١٣٧٧.

١٠- گۆڤاری سروه، ژ. ١٠٩-١١٠، گەلاوێژ - خەرمانانی ١٣٧٤.

**عادل محەمەدپوور، بەرپرسی گۆڤاری زرێبار - مەریوان**

# غەزەلی فارسیی مەستوورە و

## شوێنەواری غەزەلی سەعدی و حافز لە غەزەلەکانی ئەوا

دوکتۆر سەید موحەممەد خالد غەففاری*

کورتە

مەستوورە خانمی کوردستانی یەکێ لە شاعیرە گەورەکانی دەورەی بازگەشتی ئەدەبی یا (ئاوڕدانەوەی) ئێرانە. شوێنەوار و کتێبی لە شوێن بەجێ ماوە کە زۆربەری هەرە زۆریان بەزمانی فارسین. یەکێ لەو کتێبانەی کە بە دەسمان گەیشتووە دیوانی شیعری فارسیی ئەوە؛ کە زیاتری غەزەلە. لەم وتارەدا، چۆنیەتیی ئەو، دەسوری مەستوورە، لەم غەزەلانەیدا، لە سەعدی و حافز، بەر باس خراوە و لێی کۆڵدراوەتەوە.

وشە کلیدییەکان:

دەورەی ئاوڕدانەوە – غەزەل – تەغەززول. سەبکی شیعر.

با عاشق دلداده خود چند خدا را
از کف ندهی قاعدەی جور و جفا را
از آه شرر بار فقیران حذری کن
کافاق به یک شعله بسوزند نگارا
نه رنگ خضاب است بر آن دست نگارین
از خون من خسته به کف بسته حنا را
در روز ازل جز ستم و ظلم گمانم
ز استاد نیاموختەای رسم و وفارا

مستوره چنان واله و شیدا شده کز عشق
دیگر نشناسد بەسر خود سروپارا

لەناو کورداندا گەورە پیاوان و شێرە ژنان زۆر بوون کە هەر یەکە لەمەیدانێکا خۆیان نیشان داوە؛ بەڵام لە سەردەمەکانی ڕابردوودا لە ناو ژنانی کوردا کەسێکی وا دیاریمان نەبووە کە توانیبێتی لە گۆڕەپانی وێژە و ئەدەبدا وەک مەستوورە خانمی کوردستانی خۆی نیشان دابێ.

ئەستێرەی گەش و پرشنگداری ئاسمانی کوردەواری، ماەشەرەف خانمی کوردستانی - بەنازناوی (مەستوورە) - کە ناو و نازناوەکەیشی - هەر وەکو خۆی و ناوبانگەکەی - بەرز و جوان و لە ئەوجی شەرەفدایە، نەتەنیا لە ناو ژیانی سەردەمی رابردووی کوردەواریدا بێ وێنەیە؛ بگرە ناو ژنانی جیهانیشا کەم وێنەیە؛ چونکە مێژووی وێژە و ئەدەبی جیهانیش نیشان نادا کە ژنێ لە تاریکترین دەورەی مێژوودا - کە ژنان بەتایبەت ژنانی ئەعیان و ئەشراف لە چوارچێوەی دیواخانەکاندا زیندانی بوون - ئا بەم جۆرە، بلیمەتێکی کەم وێنەوە، توانیبێتی لە چەندین گۆڕەپاندا، وەک شیعر و ئەدەب و مێژووی کۆمەڵایەتی و مێژووی ئەدەبی و تەنانەت، لە زانستی شەریعەتیشدا بە پایە و پلەی پسپۆری گەیشتبێ و لە زۆر لە پیاوانی زانا و شاعیر و ئەدیبی هاوچەرخی خۆی ناوبانگی زیاتری بەدەس هێنابێ و لە هەموو ئەم بوارانەدا، کتێبی بە نرخی لە دوای خۆی بەجێ هێشتبێ.

کەوایە مەستوورە خانم بەڕاستی ژنێکی گەورە و کەم وێنە بووە و ئەو جۆرە کە شایانی شان و شکۆی ئەوبێ، نە لە بارەی خۆیەوە و نە لە بارەی شوێنەوارەکانیەوە، لێکۆڵینەوەی ورد و قووڵ نەکراوە. هەر لە بەر ئەمە، بەستنی ئەم جۆرە کۆڕ و کۆنگرانە، لە بارەی ئەم خاتوونە مەزنەی کوردەوە، زۆر بەجێیە و بۆ هەموو کوردێکی دڵسۆز جێگەی ڕێز و سپاسە.

تا ئەو جێگە کە من بزانم زۆرینەی شوێنەوار و کتێبەکانی ماەشەرف خانم - وەک رەسمی رۆژگاری خۆی - بەزمانی فارسین، و لەناو ئەم شوێنەوارانەدا، کتێبی مێژووی ئەردەڵان و دیوانە فارسیەکەی، لە هەموو، بە ناوبانگترن.

وتاری من، لەم کۆڕە شکۆدارەدا لەسەر شیعری فارسی مەستوورە و پلەو

پایەی ئەم شیعرانە و پەیڕەویکردنی مەستوورە، لەم دوو شاعیری گەورەی زمانی فارسی سەعدی و حافزە. هەروەک، ئەزانین مەستوورە خانم لە سەردەمی حکومەتی قاجاردا ژیاوە و ئەم سەردەمە، لە روانگەی مێژووی ئەدەبی ئیرانەوە بەدەورەی (بازگەشت) واتە ئاوڕدانەوە، بەناوبانگە.

لێرەدا، ناچارین چاوێکی خێرا بەسەر مێژووی ئەدەبی ئیراندا بخشێنین تا بزانین دەورەی ئاوڕدانەوە یانێ چی؟ و هۆی پەیڕەوی مەستوورە، لە سەعدی و حافز، چ بووە؟

مێژوی وێژە و ئەدەبی ئێران پێنج دەورەی بەسەردا ڕابووردووە، کە لە هەر دەورێکدا رەنگ و رواڵەت و تایبەتمەندیی خۆی بووە. ئەم تایبەتمەندییانە، پێیان دەوترێ: (سەبک) و، شیعری فارسی تا ئێستا، پێنج سەبکی بە خۆیەوە دیوە: سەبکی خۆراسانی، سەبکی عێراقی، سەبکی هیندی، دەورەی بازگەشت یا (ئاوڕدانەوە) وە سەبکی نوێ (تازە). لەبەین هەر دوو سەبکێکیشا، سەبکی ناوەندیش هەبووە؛ وەک: سەبکەکانی (وقوع) و (واسوخت) کە لە بەینی سەبکی عێراقی و سەبکی هیندیدا پەیدا بوون.

بۆ (دەورەی بازگەشت)، ئیستلاحی سەبک بەکار ناهێنین؛ چۆن پێیان وایە شیعری ئەم دەورە تایبەتمەندیی خاسی خۆی نییە؛ بگرە گەڕانەوەیەکە بۆ سەر تایبەتمەندییەکانی شیعری سەبکی خۆراسانی و عێراقی.

لەم دەورەیەدا شاعیرەکان لە سەبکی هێندی کە زۆربەی تایبەتمەندییە جوانەکانی خۆی لە دەس دابوو و بە هێمای موعەمما (معمّا)و لوغەز (لغز) دەرهاتبوو ڕوویان وەرگێڕا و بە دروسکردنی کۆڕ و کۆمەڵەگەلێ بەناوی: (ئەنجومەنی ئەدەبی ئیسفەهان) و (ئەنجومەنی ئەدەبی نیشات) و (ئەنجومەنی ئەدەبی خاقان) لە ئیسفەهان و تاراندا بڕیاریان دا کە پەیڕەوی لە سەبکی هیندی وەلانێن. لەوە بە دواوە، لە شیعری شاعیرانی سەبکی خۆراسانی و سەبکی عێراقی پەیڕەوی بکەن، کە هەر ئەمەیش خۆی بوو بە هۆکاری ئەوەی هەر لەم سەردەمەدا بەردی بناخەی زانستی (سەبک شناسی) لەسەر کارەکەیان دابنێن؛ کاری سەبکشناسانە بکەن.

لەم دەورەی (ئاوڕدانەوە)دا – کە هاوکات لەگەڵ حوکومەتی قاجارەکاندا بووە –

لە ناو چوارچێوەکانی جۆراوجۆری شیعری فارسیدا زۆرتر لە دوو قاڵب یان چوارچێوەدا شێعریان دەهۆنییەوە یەکێکیان (چامە)، یا قەسیدە بوو و ئەوی دیکەیشیان (غەزەل) بوو.

شاعیرانی ئەم دەورە، لە چامەدا، زیاتر لە چامەی شاعیرانی ناوداری چەرخی پێنجەم و سەرەتای چەرخی شەشەمی کۆچی وەک عونسوری (عنصری) و فەروخی (فرخی) و مەنوچیهری (منوچهری) و ئەمیر موعزی (امیر مغزی) و ناسر خوسرەو (ناصر خسرو) و قەتران (قطران) و مەسعوودی سەعد (مسعود سعد)، پەیرەوییان دەکرد؛ کەمتر بەشوێن شێوازی ئەنوەری (انوری) و خاقانی و جەمالەدین ئیسفەهانی (جمالالدین اصفهانی)دا دەچوون. لە غەزەلیشدا، زیاتر شێوازی سەعدی و دوای ئەو، شێوازی حافزیان پەیڕەوی دەکرد.

غەزەلی فارسی تا ئەو سەردەمە، کە نیوەی دووهەمی چەرخی دوانزەهەمی کۆچی بوو، لە شەش قۆناخ تێپەڕیبوو.

لە سەرەتای دەس پێکردنی شێعری فارسییەوە کە لە نیوەی چەرخی سێهەمی کۆچیدا بووە تا چەرخی شەشەمی کۆچی کە هاوکات لەگەڵ دەورەی «سەلجوقیەکان»دا بووە، غەزەل بەشێوەی «تەغەززول» بووە، و بەشێک بووە لە چامە؛ کە لە سەرەتای چامەکاندا جێگەی ئەگرد.

لە چەرخی شەشەمدا بوو کە غەزەل، لەژێر کاریگەری پەرەسەندنی بەربڵاوی تەسەوف هەروەها لە بەر روودانی گۆڕانکارییەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری، چوارچێوەی تایبەتی خۆی بە دەس هێنا.

غەزەل وێژانی ئەم دەورە بە دوو دەستە دابەش ئەکرێن؛ دەستەی یەکەم کەسانێ وەک: ئەنوەری و جەمالەدین و کەمالەدین ئیسفەهانین، کە مەشرەبی تەسەوفیان نەبووە. غەزەلیان هەر بە ڕچەی خوێدا - کە عاشقانەیە - بردووە. دەستەی دووەم کەسانی وەک سەنایی و عەتتار و خاقانی و نیزامین؛ کە یا خۆیان لە ڕێبەرانی عیرفان و تەسەوف بوون و یا لەوانە بوون کە چێژیان لە تەسەوف وەرگرتووە و غەزەلیان بۆ دەربڕینی هەستی عیرفانی و بیروباوەڕی عارفانە و ڕێگەیان بۆ تەکامولی غەزەل دروس کردووە.

لە دەورەی سێهەمدا (کە لە چەرخەکانی حەوتەم و هەشتەمدا و هاوکات لە گەڵ

دەورەی مەغۆل دابوو – هەردوو جەرەیانی عاشقانە و عارفانەی پێشووی غەزەل، بە کەمال گەیشتن. جەرەیانی عاشقانە بە شیعری سەعدی بە بەرزترین لووتکەی خۆی گەیشت و جەرەیانی عارفانەیش بە مەولەویی رۆمی سەری لە ئاسمان ساوی.

لە چەرخی هەشتەمدا کە حافز پای لە مەیدانی غەزەل نا، زانی کە لە هیچ کام لەم دوو بوارانەدا ناتوانێ لە سەعدی و مەولەوی، بەرزتر بفڕێ؛ ئەوە بوو کە هات لە غەزەلدا ئاڵوگۆڕی بنچینەیی یا (اینقلابی)ی، بەدی هێنا؛ واتە:

١- لە ڕوانگەی (بابەتەوە) هەردوو جەرەیانی عاشقانە و عارفانەی پێکەوە تێکەڵ کرد و خۆی بوو بە رێبەری گورۆی وەک خاجۆ و سەلمان و ئەوحەدە دینمەراغەای، کە لە مێژووی ئەدەبی ئێراندا، بەگورۆی (تێکلاوکەر) یا (تەلفیق) بەناوبانگن.

٣- غەزەلی، لە رچەی سەرەکیی خۆی کە عشق و عاشقی بوو لا دا – و کردی بە ئامرازی گەورەی رەخنەی کۆمەڵایەتی و بەتایبەت کردی بە داردەسێ بۆ سەر ریابازان و کاسبکارانی دینی وشکە سۆفییە بێزەوق و دڵڕەقەکان:

خدا را کم نشین با خرقه پوشان
رخ از رندان بیسامان مپوشان
درین خرقه بسی آلودگی هست
خوشا وقت قبای می فروشان
درین صوفی وشان دردی ندیدم
که صافی باد عیش دردنوشان
تو نازک طبعی و طاقت نیاری
گرانیهای مشتی دلق پوشان
بیا و رزق این سالوسیان بین
صراحی، خون دل و بربط، خروشان

٤- لەم ئاڵوگۆڕەدا باری چامەیشی – کە (مەدح) بوو – نایە سەرشانی غەزەل و هەر بەغەزەل، مەمدووحەکانی خۆیشی مەدح ئەکرد. بەم جۆرە حافز مەعبود و

مەعشوق و مەمدوحی هەرسێ، لە غەزەلدا، کۆ کردەوە.

ئەم ئاڵوگۆڕانە کە حافز لە غەزەلدا بەدیی هێنا کاردانەوەیەکی قووڵی لەسەر غەزەلی دوای ئەو دانا تا ڕادەی کە لە چەرخی یازدەهەمی کۆچیدا (سەبکی هێندی)ی لێ کەوتەوە، کە تا نیوەی چەرخی دوازدەهەم، بە ماوەی سەد و پەنجا ساڵ، درێژەی کێشا. وەلەم دەوروبەرانە دابوو کە لەبەر، ڕەنگ و ڕوو لەدەسدانی سەبکی هیندی، دەورەی (ئاوڕدانەوە)، واتە (بازگەشت)، سەری هەڵدا. مەستوورە خانمی کوردستانی، شاعیری ئەم دەورە و میراتبەری ئەو ڕۆژگارانەیە، کە چیرۆکی دوور و درێژی ئەوان بەکورتی پێشکەشتان کرا.

شیعری ئەم دەورە، هەرچەن لە سەرەتادا بەهۆی پشتبەستنی تەنیای شاعیران، بە لاساییکردنەوەی شیعری ڕابردوو، بێ هێز و کاڵ و کرچ و بێ تام بووبوو بەڵام ورده ورده لەبەرئەوەی کە ئەزموونی هەزار ساڵ شیعری فارسیی لە بەردەمدابوو و لەلایەکی تریشەوە وڵاتی ئێران دوای ماوەیەکی زۆری دەس بە دەس گەڕان، بووبە خاوەن حکوومەتێکی کەسی و لە دەربەدەری دەرهاتن و لە ژێر چاوەدێریی وەسیلە و ئینعامی قاجارییەکاندا بووژانەوە، هێزی گرت و ڕەنگوڕووی هەڵهێناوە؛ بەگوڕ بەرەو لووتکە چوو. شاعیرانی گەورەی تێدا پەیدا بوو(١)، کە یەکێ لەوانە ماه شەرف خانمی کوردستانی بوو.

ماه شەرەف خانم، دوای تێپەڕبونی نزیکەی حەفتا ساڵ لە پەرەسەندنی شیعری دەورەی (ئاوڕدانەوە-بازگەشت) لەدایک بوو و تەمەنی شاعیریی ئەو لەگەڵ ئەوج گردنی ئەم دەورەدا هاوکات بووە و لەبەر ئەمە ئەبینن کە شیعری ئەم شۆخەسوارەی مەیدانی وێژە و ئەدەب، بەڕاستی بەرز و پوختە و بێ گرێ و گۆڵ و شیرین و پڕ نوکتە و پڕ بە دەمزانایی و پایەی بەرزی خوێندەواریی ئەم شاعیرە هاوار دەکا و نیشان ئەدا کە ئەم خاتوونە نازدارە، موتاڵایەکی ورد و قووڵ و درێژخایەنی شیعر و ئەدەب و مێژوو و ئوستورە و ئەفسانەی، هەبووە و چێژێکی چڕ و پڕی لە هەمووان وەرگرتووە و بەکۆڵەبارێکی گەورە لە زانستەوە و بەهرەیەکی کەم وێنە لە زەوق و هەستەوە، پای لە گۆڕەپانی شیعر و شاعیری ناوە.

حبذا فصل گل به ناله نی
از کف ساقیان مهوش می

در کـــشم ســـاغـــری و نشناسم
از ســـــر هـوش فـــــروردین از دی
تا نـهم رو بـه آســـتـــــان شـــهی
کـــــه بـود حـــاجب ســــرایش کی
خـسـرو آن کش زخـوان بذل و سـخـا
ریزه خـــوارند مـــعن[٢] و حـــاتم طی
بحـــــر و ابر از غـم دل و دســـــتش
آن کند نوحـــه این فـــشـــاند خـــوی
بـا وجــــــــود عـطـای او در دهـر
شـــــهـــرت بزم حـــاتمی شـــد طی
بعــد شــبــهــای هـجــر مــســتــوره
خـــوش در ایام وصل حـــضـــرت وی
شـــــهـــد وصلت چشـــاند و گـــوید
و مـــن المـــاء کـــل شـــیء حـــی[٣]

لە پێشدا ئاماژەمان کرد کە شاعیرانی دەورەی ئاوڕدانەوە لە چامەدا لە سەبکی خۆراسانی و غەزەلدا لە سەبکی عێراقی و غەزەلی سەعدی و حافز پەیڕەوییان دەکرد، کە زۆرتر لە سەعدی بوو، یا تێکلاوێ بوو لە سەعدی و حافز.

تا ئەو جێگەی کە من بۆم دەرکەوتووە، مەستوورە لە ڕوانگەی ڕەوانی و ساکاریی وشە و گیرایی و شیرینیی مانا و هەستی ناسک و پرسۆزی ئەوین و جوانپەرستبی عاشقانەوە بەشوێن سەعدیدا رۆیشتووە، زۆری لە غەزەلەکانیشی لە ڕووی وەزن و قافیە و رەدیفەوە بەپێشوازەوە چووە؛ و لەناو چوار بەشە غەزەلەکانی ئەویشدا، کە بە(غەزەلیاتی قەدیم) و (بەدایع) و (خەواتیم) و (تەییبات) بەناوبانگن لە هەمووی زۆرتر لە غەزەلەکانی تەییبات چێژی وەرگرتووە و بە بەرەوپیریانەوە چووە.

لەلایکی تریشەوە لە حافزیش خافڵ نەبووە و جگە لەوەی کە بەپێشوازیی هێندێ لە غەزەلەکانیەوە رۆیشتووە، جاروباریش هەم لە وشە و هەم لە ناوەڕۆکی

ئەبیاتی رەندانە و قەلەندەرانەی ئەویش کەڵکی وەرگرتووە.

صبح است و صبوحیزدگان را تب و تاب است
ساقی قدحی چارەی غمها می ناب است
ما گوش بر افسانەی زهاد نداریم
کاوراد سحرگاهی ما، جام شراب است
دی شیخ به مسجد از توبه همی گفت
در مصطبه امروز زمی مست و خراب است
گر سبحه صد دانه گسستم نه گنه بود
زنار ز زلف تو ببستم که ثواب است

یا

پیر میخانەی ما جرعه دردی، ای شیخ!
به همه ورد سحرگاه شما نفروشد
زاهد! از طاعت و تقوا چه زنی این هم لاف؟
عاشق آن است که در عشق، ریا نفروشد
روش و شیوەی عصمت بود این، مستوره
به متاع دو جهان شرم و حیا نفروشد

ئەمما بۆچی لە دەورەی (بازگەشت) یا ئاوڕدانەوەدا لە غەزەلدا زیاتر لە سەعدی پەیڕەوی کراوە؟ ئەبێ بزانین کە غەزەلی سەعدی نموونەی پڕ و پەیمانی غەزەلی فارسییە؛ لە هەرسێ روانگەی زمان و وشە و ناوەڕۆک و ئەدەبەوە میعیاری فەساحەت و بەلاغەتی زمانی فارسییە.

سەعدی لە ڕوانگەی زمان و وشەوە رەوانی و ساف و ساکاریی سەبکی خۆراسانیی بەکار هێناوە و ئەتوانین بڵێین کە سەعدی لەم روانگەوە گەورەترین شاعیری سەبک و شێوازی خۆراسانییە، کە لە دەورەی سەبکی عێراقیدا ژیاوە. لە ڕوانگەی ناوەڕۆک و مەعنایشەوە، چوکولە درێژە و تەکامولی تەغەزول و غەزەلی دەورەی خوراسانی و بەر لە خۆیەتی. یەکێ لە جیاوازییەکانی غەزەلی سەعدی لەگەڵ غەزەلی حافزدا ئەوەیە کە غەزەلی سەعدی هەر بەڕێگای سەرەکیی غەزەلدا چووە؛ هەر لە مەعنا و ناوەڕۆکی سەرەتایی و بنەڕەتیی غەزەلدا – کە عیشق و

شەیدایە – بەکار هێنراوە؛ واتە: ناوەڕۆکی غەزەلی سەعدی هەستێکی ناسک و پڕسۆزی عاشقانەیە، کە ئەکرێ بۆ هەستی عارفانەیش بەکار بهێنرێ. لە حاڵێکدا ناوەڕۆکی غەزەلی حافز زیاتری رەخنەی کۆمەڵایەتی و ڕامیارییە و یا ئاماژە و ئیشارەگەلی کەلامی و دینی و عیرفانییە کە بە تار و پۆی عاشقانە و ڕەندانەوە پێکەوە هۆنراوەتەوە و لە چوارچێوەی غەزەلدا، عەرز کراوە.

بەتێکڕا شێوازی تایبەتی سەعدی ساف و ساکاری و بێ تەکەللوفیی وشە و ڕستەیە کە بەجۆرێکی زۆر سروشتی و جوان، بەشوێن یەکدا ڕێچکە ئەبەستن و بەناخی دەروونەوە ئەنووسن و ئەمە لە حاڵێکدایە کە ژێر ئەم رواڵەتە ساف و ساکارە پڕە لە نوکتە و ئاماژە و وردەکاریی هونەری و ئەدەبی، کە لەبەر رەوانی و سروشتی بوونی زمان، بەدی ناکرێن.

پەیڕەوی شاعیرانی دەورەی (بازگەشت) لە غەزەلی سەعدی لەبەر ئەم هۆیانە بوو. شیعری فارسیی مەستوورەیش، ئاوێنەی باڵانمای ئەم ڕچە و شێوازەیە و لە بڕینی ئەم ڕێگەدا، پسپۆڕی و لێهاتوویی خۆی زۆر بە جوانی نیشان داوە:

کجا گل چون رخ نیکوی یار است
صنوبر، کی چو بالای نگار است
مرا هم گل تو، هم گلشن تو باشی
به سیر باغ و گلزارم چه کار است
نه سنبل همچو زلفت پرشکنج است
نه نرگس همچو چشمت پرخمار است
خوش آن عاشق که هر شام و سحرگا
زصهبای وصالت پرخمار است
جفای دهر اگر از حد فزون است
چه غم، کان نازنینم غمگسار است
به گرد گلشن حسن تو ای گل
چو مستوره غزلخوان صد هزار است

بێجگە لە سەعدی و حافز سێبەری شیعری شاعیرانی تریش لەشیعری مەستوورەدا بەدی ئەکرێ، کە لەناو ئەوانەدا، سێبەری (سایبی تەبرێزی)، و

بەتایبەت، هێمای تەریجعبەندە بەناوبانگەکەی هاتیفی ئیسفەهانی، زۆر بەرچاوە، کە جگە لە تەرجیعبەندێ کە بە تەقلیدی ئەو وتوویەتی، ئەلحەق زۆر رەق و تەق و بەدڵەوە نەچووە؛ چەن غەزەلێکی هەیە، کە پڕە لە وشەو و ناوەرۆکی ئەو تەرجیعبەندە؛ هەروەک ئەڵێ:

دوش رفتم سوی میخانه به صد شوق و شعف
دیدم از هر طرفی مغبچگان صف در صف
همه با زلف پریشان سیه لب بر نی
همه با عارض تابان چو مه، برکف دف
گرداو جمع، برهمن بچگان چون کوکب
خود چو قرص مه تابنده، که در برج شرف
پیر مستان، چو مرا دید به طنزم گفتا
کی ترا گشته همه عمر گرانمایه، تلف
بنشین شاد، بیا شام از این می جامی
گفتمش من نشوم طالب این آب و علف
تا مرا مهر علی، در دل و جان است بود
پیش چشمم دو جهان خوارتر از مشت خزف
از من این نکته چو بشنید خروشید، به زار
آهی از سینه برآورد همه سوزش و تف
گفت: مستوره کنون خرم و خندان میباش
چون مددکار بود شیر خدا شاه نجف

کە هەروەک زۆر جێگەی تر لە شیعرەکانیدا لەم شیعرەیشدا، گەرایشی مەزهەبیی شیعیی ئەو بەڕوونی دیارە. لەدواییدا، ئەمەیش بڵێین کە مەستوورە، هەر لەم دیوانە بچکۆڵەیدا، بەتەواوی پیتەکانی ئەلفبا، قافیەی غەزەلیی هەیە؛ لەحاڵێکدا سەعدی و حافز، بە زۆر لەم پیتانە، قافیەی غەزەلیان نییە.

***

ئێستە چەن نموونەی لە پێشوازییەکانی مەستوورە لە غەزەلەکانی سەعدی و حافز دێنینەوە:

سەرەتا، پێشوازییەکانی مەستوورە لە سەعدی. هەڵبەت هەروەک لە پێشدا ئاماژەمان پێ کرد، مەستوورە زۆرتر لە غەزەلەکانی بەشی تەییبانی غەزەلەکانی سەعدی، پێشوازیی کردووە.

١- سەعدی، لە بەشی تەییباتا، غەزەلێکی هەیە کە بەم بەیتە دەس پێ ئەکا و لەبەحری ڕەجەزدایە:

زاندازه بیرون تشنه‌ام ساقی بیار آن جام را
اول مرا سیراب کن و آن گه بده اصحاب را(٤)

مەستوورەیش، لە پێشوازیی ئەم غەزەلەدا، ئەڵێ:

جانم فدایت ساقیا باز آر آن جلاب را
زان باده شیرین کن دمی، کام من و احباب را
یا تشنه کام هجر او، وصف از بهای وصل گو
آن کو به دجله بگذرد، قیمت چه داند آب را
تا صبحگه از دیدگان خونابه میسازم روان
هر شب که میبینم به خواب آن نرگس بیخواب را
ای دوستان من از جفا، افغان نمیدارم روا
گر او به قید آورد، گردن نهم طناب را
تمثال رویش را اگر نقاش چینی بنگرد
دیگر نیارد در قلم، نقش بت سقلاب را
کی مقتدای دین ما یاد از مسلمانی کند
از چهره، آن کافر بچه، گر بفکند جلباب را
گویی صبوری خوی کن، مستوره، از هجران وی
مشکل که بربود از کفم دامان صبر و تاب را(٥)

٢- سەعدی، هەر لەم بەشە لە دیوانەکەیدا، غەزەلێکی هەیە کە بەم جۆرە دەس پێ دەکا و لە بەحری موزارعدایە:

رفتی و صد هزار دلت دست در رکیب
ای جان اهل دل، که تواند زجان شکیب(٦)

وە مەستوورەیش لە پێشوازی ئەو غەزەلەدا ئەڵێ:

افـــغـــان، بـه یک اشـــاره جـــادوی دلفـــریب
ای مـــــــــه ربـودی از کـف مـن، دامـن شـکـیـب
چـیـــره است بر خـــرابـی عـــشـــاق خـــاطرت
وانـدیشـــهای نبـــاشـــدت از داور حـــســـیـب
گـــر بـا مـنـت عـــتـــاب بـود نـازنـین، رواسـت
ســرگـشـتـه غـمت مـتـحـمل شـود عـتـیب
بـرقـع چـرا بـه طـلـعـت زیـبـــــــا فـکـنـدهای
جـانا چه لایق است چنین شـیـوه را حـجـیب
گـــر نیش مـــیـــزنی تو، به از نوش دیگران
و آن را دهی تو درد، چـه حـــاجت بود طبــیـب
وی بی ســبب زمـــحــفل مــا آســتین فــشــان
رفـــتی هـزار دل چو منت، هـست در رکـــیب
این ظلـم را بین کـــه بـه مـــســـتـــوره مـــیکنی
مـــحـــروم او زوصل تو، مـــحـــرم برت رقـیب

٣- هەروەها سەعدی هەر لە تەیبیاتدا غەزەلێکی هەیە کە بەم بەیتە دەس پێ ئەکا:

مـــتناســبند و مـــوزون حـــرکـــات دلفـــریبت
مــتــوجـه است با مــا ســخـنـان بی حـسـیـبت

کە لە بەحری رەمەلی، مەشکولدایە و مەستوورەیش لە جوابا ئەڵێ:

دل عـــــالـمی ربوده است نگاه دلفـــــریبت
همگی مطیع فـرمـــان، شب و روز در رکـیـبت
اگـــرم کـــشی به زاری و گـــرم زنی به خـــواری
به خـــدا کـــه من نرنجم زجـــفـــا و زعـــتـــیـبت
به وفـــا و جـــور ای مـــه، به فلک شـبـیـه باشی
نـه بنازم از فـــرازت نه بنالم از نشـــیـــبت
من از این غم نهـــانی دل و دین بدادم از کف
کـــه تو فـــارغی زحـــال دل یار ناشکیـــبت

زتن فگار مـــســـتـــورە! مـــدام مـی بنـالـی
بە جــراحت تو مــرهـم ننـهـد مگر طبـیــبت(٩)

٤- سەعدی لە غەزەلێکی ترا - هەر لەم بەشەدا ئا بەم جۆرە دەس پێ ئەکا:

صبحدم خاکی بە صحرا برد باد از کوی دوست
بوستان در عنبر سارا گرفت از بوی دوست(١٠)

کە لەبەحری رەمەلدایە و مەستوورەیش ئاوا پێشوازی لێ ئەکا:

گـر براند ور بخـواند، عـاشـقم بر خـوی دوست
بە ز مرهم گر خورم زخمی من از بازوی دوست
از ســر کـوی وفــا، راە گــریزم نیــست زانک
دامــهـا دارم فـزون، بر پای دل از مــوی دوست
گـــر نوازد بندە ام، ور می گـــدازد چاکـــرم
قـبلە حــاجـات باشـد حــاجب نیکوی دوست
گـر بە تیـغم مـیـزنند، من از رە صــدق و صـفـا
برنگردانم دگـــر، روی خـــودم از روی دوست
حــاش للە مــاو کـــوی غـیــر، مــأوی ســاختن
عــاقـبت می بایدم جـان باختن در کـوی دوست
شـــهـــریاران هندوان بر در، بسی دارند لیک
من زجـان و دل همـی باشم کمین هندوی دوست
کـاشکی آنان کـە مـیل سنبلسـتـان مـیکنند
دیدە بگشـایند یک نظارە بر گـیـسـوی دوست
با گلســتـــان و گلم مـــیل تماشـــا، کی بود
نکهت فـــردوس یابم دوســـتـــان از بوی دوست
فـتنە ها، مـسـتـور شـد نایاب در عـالم ولی
فـتنەای‌گرهـست،هست‌از نرگس‌جـادوی دوست(١١)

٥- سـەعـدی هـەر لە تـەیـیـبـاتـدا، غـەزەلێکی بەم مـەتلەعـە هـەیە کـە لە بەحـری رەمەلدایە:

ســـــروبالایی بە صـــحـــرا مـــیـــرود
رفـــتنش بین تا چە زیبـــا مـــیـــرود(١٢)

مەستوورەیش ئاوا بە دەمیەوە دەچێ:

آن پـری بـین تـا چه زیـبـــــا مـــــیــــــرود
از پـی تـاراج دلـهـــــــا مـــــیـــــــرود
وای بر حــــال گـــرفـــتـــــاران عـــشـق
ترک خـــونریزی به یغـــمـــا مـــیـــرود
رحـــــــمـی آخـــــــر نـایدت ای سـنـگ دل
با چـنین جـــوری کـــه بر مـــا مـــیـــرود؟
قـــــامت ســـــرو و صـنوبر خـم گـــــرفت
در چـمـن کـــان ســـرو بالا مـــیـــــرود
از غـــمت مـــســتـــورە، در صـــحـــرای عـشق
والـه و مـــجنون و شـــیـــدا مـــیـــرود[١٣]

٦- سەعدی لە بەشی تەییباتی غەزەلەکانیدا غەزەلێکی بەم مەتلەعە هەیە:

اگـــر آن عـــهــد شکن با ســر مـــیــثــاق آید
جـان رفـتـه است کـه با قـالب مـشـتـاق آید[١٤]

کە لە بەحری ڕەمەلی مەحزوفدایە و مەستوورەش لە غەزەلێکدا ئا بەم جۆرە دەچێ بە پێشوازییەوە:

اگــر آن مـــهـــرگـــسل برســـر پـیـــمـــان آید
باز در قـــالب فـــرســـودەی مـــاجـــان آید.[١٥]

٧- سەعدی هەر لە تەیبباندا، غەزەلێکی هەیە ئابەم مەتلەعە:

خـرمـا نتـوان خـورد از این خـار کـه کـشـتـیم
دیبـا نتـوان کـرد از این پشم کـه رشـتـیم

لە بەحری، ڕەمەلی، مەکفوفدایە.

مەستوورەیش لە غەزەلێکدا بەم جۆرە بەپێشوازییەوە چووە:

رفـتـیم و پس از خـود عـمل خـیـر نـهـشـتـیم
با آب گنه توشـــەی عـــقـــبی بســـرشـــتـــیم[١٦]
امـــــروز بدین عـــــالم خـــــاکی زچە نازیم
فـرداست چو بینی همـه خـاک و همـه خـشـتـیم

در حـــشــــر زنيک و بد مـــا دوسـت چه پـرســـد
نـيکيـم از اوييـم و از او بيـم چـو زشـــــتـــــيم

ئەم جارە سـەعدی، لە بەشی (غـەزەلـيـاتی قـەديم)دا غـەزەلێکی هەيە، کە ئاوا دەسی پێ کردووە و لە بەحری رەمەلی مەحزووفدايە:

زلـف او بـر رخ چـو جـــــولان مــــــيکـنـد
مـــــشک را در شـــــهـــر ارزان مـــيکند[١٧]

مەستوورەيش ئاوا پێشوازی لێ کردووە:

زلف بر عــــارض چو افـــشــــان مـــيکند
خــــاطر جــــمــــعی پريشــــان مـــيکند
مــــــيکـنـد دل گـــــــرد گـلـزار رخـش
آنـچــــه بـلبل در گلـســــتــــان مـــيکند
لـوحـش الـلـه کــــــفــــــر زلـف آن صـنـم
رونـق اســــــلام بـطـلان مــــــيـکـنـد[١٨]

سـەعدی ئەمـجارە لە بەشی (بەدايعی) غـەزەلەکانيدا لە ديوانەکەی شيـعريکی هەيە و ئاوای دەس پێ کردووە:

آە اگـــــر دسـت دل مـن بـه تمـنا نـرســـــــد
يا دل از چنبـر عـشق تو به مـن، وا نرســد[١٩]

کە لەبەحری رەمەلی مەخبووندايە.

مـەسـتـوورەيش بەپێشـوازييـەوە چووە و غـەزەلێکی لە جـوابيا هۆنيـوەتەوە، کە مەتلەعەکەی ئەم بەيتەيە:

خـــار مـی چيـنم اگــر گل به کــفـم وا نـرســـد
قطره مـی نـوشم اگـر دست به دريا نرســد[٢٠]

ئێستە نۆرەی حافزە:

٩- مەستوورە غەزەلێکی هەيە، کە بەم بەيتە دەس پێ ئەکا:

مــقــيم کـعــبـه گــر بيند بت ترســايی مـــا را
کند روشـن به قنديل حـرم شـمـع کليـســا را[٢١]

کە لە وەزن و قافیە و رەدیفدا، لەو غەزەلەی حافز پێشوازیی کردووە کە سەرەتاکەی ئەم بەیتە بەناوبانگەی:

اگر آن ترک شیرازی به دست آرد دل ما را
یەخال هندویش بخشم سمرقند و بخارا را(٢٢)

١٠- هەروەها حافز لە دیوانەکەیدا غەزەلێکی هەیە کە ئەمە سەرەتاکەیەتی:

میدمد صبح و کله بست سحاب
الصبوح الصبوح یا اصحاب(٢٣)

کە مەستوورەیش بەم غەزەلە بەشوێنیدا رۆیشتووە:

بی تو از تن توان و از دل تاب
رفته ای بیوفا مرا دریاب
بهر تفریح جان زمهرم ده
ساقیا، جرعه ای زبادەی ناب
زآنکه داروی درد ناسورم
نیست جز از کف تو جام شراب

لە مەقتەعەکیدا ئەڵێ:

هست مستوره چون زر قارون
شهره و نیست در جهان خراب(٢٤)

١١- حافز، ئەڵێ کێ هەیە، بەم مەتلەعە، کە لە بەحری رەمەلی مەحزوفدایە:

اگر آن طایر قدسی زدرم باز آید
عمر بگذشته، به پیرانه سرم باز آید(٢٥)

کە مەستوورەیش بەم غەزەلەی خوارەوە بە پێشوازییەوە چووە:

این نسیمی که چنین مشکفشان می آید
مگر از کوی تو ای جان جهان می آید
نفس باد صبا چون دم عیسی زچمن
جسم بیجان مرا راحت جان می آید
بهر تسکین دل خون شدەام شام و سحر
پیک فرخ پی دلدار نهان می آید(٢٦)

١٢– حافز دوو غەزەلی هەیە کە بەم بەیتانە دەس پێ ئەکەن:

غەزەلی یەکەم: سالها دفتر ما در گروه صهبا بود
رونق میکده از درس و دعای ما بود[٢٧]

غەزەلی دووهەم: یاد باد آن که نهانت نظری با ما بود
رقم مهر تو بر چهرەی ما، پیدا بود[٢٨]

مەستوورەیش، بەم جۆرە بە پێشوازییانەوە چووە:

آن پریچهره که دوشینه به بزم ما بود
وصف او را نتوان گفت چسان زیبا بود
وه چه بزمی! گل و شمع و نی و بربط همه جمع
خندەی جام می و قهقەی مینا بود
سر خوش از باده، من و ساقی و آن طرفه صنم
تا سحر قصه زنقل و می و از صهبا بود
زاهد! لاف مزن، نقد مسلمانی تو
همه را دامی از آن زلف سیه برپا بود
دی به غمزه صنمی سلسله مویی، بگذشت
دل مستوره و جمعی به برش یغما بود[٢٩]

١٣– حافز غەزەلێکی تری هەیە، کە ئابەم جۆرە دەس پێ ئەکا و لە بەحری موزارعی سالمدایە:

هر نکتەای که گفتم در وصف آن شمایل
هر کو شنید گفتا لله در قایل[٣٠]

مەستوورەیش ئاوا بە پێشوازییەوە چووە:

هر جا کنی گذاری با این رخ و شمایل
گردند از ره صدق خوبانت جمله مایل[٣١]
شد از غم فراقت پوسیده استخوانم
وین بوالعجب، که مهرت، در دل نگشته زایل

حافز، لە دوو غەزەلیا، کە پیتی رەوی، لەواندا (ها)یە دەڵێ:

غەزەلی یەکەم:

عـــيـــشم مـــدام است از لـعل دلخـــواه
كـــارم بـه كـــام است الحـــمـــدللـه(٣٢)
غـەزەلی دوهـەم: گـر تیغ بارد در كـوی آن مـاه
گــــــردن نـهــــــاديم الحـكم لـلـه(٣٣)

كه هەردوو، له بەحری موتەقاربی ئەسلمدان.

مەستووره، ئابەم جۆره بەشوێنیدا دەچێ:

وصـل تو جـــســـتـــيم بـعـــد از غم و آه
از هـجـــر رســـتـــيم الحـــمـــدللـه
گــــــاهــی زيـاری گــــــر يـادم آری
ديـگـر نـنـالـم درگـــــــــاه و بـيـگـاه
چون غنچـــه مـــا را خـــون در جگر كـــرد
آن چـشـم جـــــادو آن لـعـل دلخـــــواه
كی ســـــرو بـهـــتـــــر زان قـــد دلـكش
كی مـــهـــر بـهـــتـــر زان خـــد چون مـــاه
واعـظ! پس از ایـن افـــســـــانه تـا چـنـد؟
از عـــشـق تـوبـه، اســـتـــغــــفــــرللـه(٣٤)

ئیتر سپاس بۆ سەبر و حەوسەڵەی ئێوەی بەڕێز

## پەڕاویزەکان:

١- شاعیرانی وەک: مەحمود خانی صبا - شەیبانی، قائانی، سروش وە فوروغی.

٢- معن بن زایده، له پاڵەوانان و سەخاوەتمدانی بەناوبانگی عەرەب.

٣- مـەسـتـووره، مـاهشـەرەف كوردسـتـانی، (ديوانی فـارسـی)، راسـتكردنەوەی يەحـيا مـەعريفـەت، بڵاوكردنەوەی (شەرق)، تاران، ١٣٠٥ , لاپەڕەی ٦٥ - ٦٦.

٤- سەعدی، موسلیحوددین، (کوللییات)، راستکردنەوەی (فروعی)، بڵاوکردنەوەی جاویدان، چاپی چوارەم، تاران، ١٣٥٥، لاپەڕەی: ٥٣٦.

٥- دیوان، لاپەڕەی: ٧.

٦- کوللییاتی سەعدی، لاپەڕەی: ٥٤٢.

٧- دیوانی مەستووره، لاپەڕەی: ٩

٨- کوللییات سەعدی، لاپەڕەی: ٥٤٢.

٩- دیوانی مەستووره، لاپەڕەی: ١٤.

١٠- کوللییات سەعدی، لاپەڕەی: ٥٦٤.

١١- دیوانی مەستووره، لاپەڕەی: ٢٠.

١٢- کوللییات سەعدی، لاپەڕەی: ٦٠٧.

١٣- دیوانی مەستووره، لاپەڕەی: ٢٣.

١٤- کوللییات سەعدی، لاپەڕەی: ٦٠٩.

١٥- دیوانی مەستووره، لاپەڕەی: ٢٦ و ٢٧.

١٦- دیوانی مەستووره، لاپەڕەی: ٥٤.

١٧- کوللییات سەعدی، لاپەڕەی: ٨٢٣.

١٨- دیوانی مەستووره، لاپەڕەی: ٢٥.

١٩- کوللییاتی سەعدی، لاپەڕەی: ٧٣٣.

٢٠- دیوانی مەستووره، لاپەڕەی: ٢٦.

٢١- هەر ئەو سەرچاوه، لاپەڕە: ٨

٢٢- حافز، شەمسەدین موحەممەد، (دیوان)، ڕاستکردنەوەی (قەزوێنی - غەنی) بڵاوکردنەوەی (ئەساتیر)، چاپی دووهەم، تاران، ١٣٦٨، لاپەڕەی: ٩٨.

٢٣- هەر ئەو سەرچاوه، لاپەڕەی: ٩.

٢٤- دیوانی مەستووره، لاپەڕەی: ٩.

٢٥- دیوانی حافز، لاپەڕەی: ٢١٩.

٢٦- دیوانی مەستووره، لاپەڕەی: ٢٣.

٢٧- دیوانی حافز، لاپەڕەی: ٢٥٣.

٢٨- هەر ئەو سەرچاوەو، هەر ئەو لاپەڕە.

٢٩- دیوانی مەستووره لاپەڕەی: ٣٠.

٣٠- دیوانی حافز، لاپەڕەی: ٢٥٧.

٣١- دیوانی مەستووره، لاپەڕەی: ٤٣.

٣٢- دیوانی حافز، لاپەڕەی: ٣٢٢.

٣٣- هەر ئەوە.

٣٤- دیوانی مەستووره، لاپەڕەی: ٦٣.

## سەرچاوەکان:

١- حافز، شەمسەدین موحەممەد، (دیوان)، راستکردنەوەی: قەزوێنی - غەنی، بڵاوکردنەوەی

(ئەساتیر)، چاپی دووهەم، تاران، ١٣٦٨، کۆچی هەتاوی.
٢- خوررمشاهی، بهائەددین، (حافزنامه)، بڵاوکردنەوەی: سوروش، چاپی دووهەم، تاران ١٣٦٧، ک، هـ.
٣- سەعدی، موسلیحوددین، (کوللییات)، راستکردنەوەی (فوروغی)، بڵاوکردنەوەی جاویدان، چاپی چوارەم، تاران، ١٣٥٥ ک. هـ.
٤- شەمسیا، سیروس، (سەبکشناسی شێعر)، بڵاوکردنەوە: فیردەوس، چاپی دووهەم، تاران، ١٣٧٥، ک. هـ.
٥- (کوللیاتی سەبکشناسی) بڵاوکردنەوەی: ئەندیشە، چاپی سێهەم، تاران، ١٣٧٤، ک. ه.
٦- موئتەمەن، زینولعابدین، (تەحەوول شێعر فارسی)، بڵاوکردنەوەی، زوهوری، چاپی دووهەم، تاران، ١٣٥٢، ک. ه.
٧- مەستوورە، ماه شەرەف کوردستانی، (دیوانی فارسی)، راستکردنەوەی یەحیا مەعریفەت، بڵاوکردنەوەی: شەرق، تاران، ١٣٠٥ ک. ه.

### تەلمیح ل دیوانا

# مەستوورە ئەردەڵانیدا

## پەرویز جیهانی

خاکا پاکا کوردستانێ لدرێژایا مێژوویێدا بسەدان و هزاران زانا و ڕەوشەنبیر و ئاینزان و هەڵبەستڤان و نڤیسکار ل سەر سینگێ خوە پەروەراندییە، کو یێک ژ وان زانا و هەڵبەستڤانانە مەستوورەیا ئەردەلانییە. مەستوورەیێ ل دەمەکێدا پێ دانایە مەیدانێ، کو هێ بیر و هزرێن خەتیرەیێن ئازادی و وەکهەڤی یا ژن و مێران نەتەنێ نەهاتبوو ڤێخستن و هەلێخستنێ، بەلکو هێژی ژنان مافێ وێ هندێ نەبوون، کو ل دیوانا مێراندا بێنە خوویانێ. ئەم هەموو دزانن، کو نەتەنێ لناڤ مێژوویا تۆرەیا کوردیدا، بەڵکو ل ناڤ مێژوویا گشتی گەلانێ ڕۆژهەلاتا ناڤین و بتایبەتی ل یا گەلێن ئیسلامیدا تا ڕۆژا ئیرۆژی وسان کو پێدڤی بوویە و پێدڤییە، مەیدانێن خەباتێ ژ ژنانرا نەهاتییە ڤەکرنێ، تەنێ کارێ ژنان ئەو بوویە کو لپشت پەردە و لحەرەمسەرا و ئاشپێزخانە و دەرگووشخانان‌دا تەمەنێ خوە ببهۆرینن. لێ مەستوورەیا ئەردەلانی وەکە چەند ژنێن دی، یێن بینانی قەرەفاتما و قەدەمخێرا لور و جەیران خانما دونبولی ئەڤ رێچکا کەون شکاندن و بانگێ خوەیێ بەرانبەریخوازییێ بلند کرن و مل بملێن مێران لمەیدانێن جوربەجورە ژیانێدا خەبتین و ناڤێن خوە هەرمان کرن.

مەستوورە ئەردەلانی کو دیوانا هەڵبەستێن وێ یێن فارسی جارا یەکێ ژ لایێ خودێ ژێ خۆشبوویی حاجی شێخ یەحیا مەعرفەتێ کوردستانی بەرپرسێ دیوانا مەعارفا کوردستانێ، یا وێ سەر دەمێ، لسالا هەزار و سێسەد و چارێ مشەختی لباژارێ تەهرانێدا هاتییە وەشاندنێ، کو نێزێکی دوو هەزار مالکێن

هەڵبەستان هەڵدەگرە. ئەڤ هەڵبەستانا پارا پتر غەزەلن و یێن مایێژی شینگێڕی و قەسیدە و مادەیێن مێژوویی و چوار خشتەکینە. لێ لدیوانا وێ یا کو بوهارا سالا هەزار و سێسەد و هەفتێ و هەفتێ ژ لایێ وەشانگەها ئەمیر بەهادورڤا هاتییە وەشاندنێ چەند سەد بەیت هەڵبەستێن کوردی ژی هاتنە. هێژایی گۆتنێیە کو چەند هەڵبەست ژ وان هەڵبەستێن کوردی کو لوێ دیوانێدا هاتنە نەیێ مەستوورە خانمێنە. ژ وان ئەو هەڵبەستا کو ژ زار مەستوورە خانمێ ل بەرسڤا نالیدا هاتییە گۆتنێ، بڤەبری نەیا مەستوورە خانمێیە*١.

گۆرەکی نڤیسینا میرزا شوکروللاهێ سەنەندەجی خودانێ کتێبا توحفەیێ ناسری هەژمارا هەڵبەستێن مەستوورەیێ بیست هەزار بەیت بوونە لێ موخابن تەنێ ئەڤ هندە ژێ مانە و یێن مایی وەکە بەرهەمێن دیتر هەڵبەستڤان و نڤیسکارێن کورد لبەر هۆ و هەگەرێن دیار کەتنە بەر هێرشا نەمانێ و ژ ناڤ چوونە و تەنێ ئەو هەژمارا کو ئیرۆ چاپ بوویە لبەردەستێن مەنە. مەستوورە ئەردەڵانی نەتەنێ هەڵبەستڤان بوویە، ئەو مێژوونڤیسەک ئاگاه و پەخشان نڤیسەک پەیڤناس و شەریعەتمەدارەک تێگەهیشتی بوویە. گۆڤایێ ڤێ گۆتنا مەژی ئەو بەرهەم و پەرتووکێن وێنە، ئەوێن کو لبەر دەستدرێژییا رۆژگارێ مانە و ژ ناڤ نەچوونە. کتێبێن وەکە مێژوویا ئەردەڵان، مەجمەعولئودەبا و کتێبا شەرعیاتێ ئیسلام و ئەو نامەیێن کو ئەوێ ژ بۆ خزم و کەسێن خوە نڤیسینە. مەستوورەیێ ژ بلی زمانێ فارسی زمانێن کوردی و عەرەبی ژی باش زانیە. غەزەل و شینگێرییێن وێیێ کوردی و ئەو هەڵبەستێن کو ئەوێ و خوسرۆخانێ ناکام دانە بەرهەڤ رادەیا پسپۆرییا وێ لزمانێ کوردیدا نیشان ددن.

ئەز ناخوازم لێرە لسەر چاوانییا ژیانا مەستوورەیێ ڕاوەستم. ئەز ئەوێ بابەتێ ژ مێژوونڤیسانرا دهێلم. لێ ئەزێ لڤێ گۆتارێدا ئافرەکی بدەم لایێ هونەرییە هەڵبەستێن مەستوورە خانمێ یێن فارسی.

گاڤا کو مرۆڤ لهەڵبەستێن مەستوورە خانمێ و بتایبەتی لغەزەلێن وێ دنێرە، مرۆڤ سەراتی و تایبەتمەندییەکێ لهەڵبەستێن وێدا دبینە. هەر کەسێ کو ئاگاداری نڤیسینا هەڵبەستێن کلاسیک بە، دزانە کو گۆرەکی ڕێوشوون و زاخوونێن هەڵبەستڤانییێ غەزەل دەبێ ژ پێنج مالکان کێمتر و ژدانزدە تا پانزدە

مالکان ژی زێدەتر نەبە. لێ گاڤا کو مرۆڤ هەڵبەستێن مەستووره خانمێ مێزه دکە، مرۆڤ دبینە، پشکا زۆره غەزەلێن وێ کورتن و کێم غەزەلێن وێ هەنە کو ژ دەه مالکان دەرباس ببە و، هەروسان لدیوانا وێدا گەلەک غەزەلێن ژ پێنج مالکان کێمتر ژی هەنە. ئەڤێ هندێ وه لێ کرییە، کو هەڵبەستێن وێ سڤک و خوەش و رەوان و لەبار و تێگینەر بن و خاندەڤانێ خوە ماندی نەکن. لێ تشتا کو تایبەتمەندییەک سەررا دده غەزەلێن مەستوورەیێ، هەبوونا ڕادەیەک زۆر و بەربچاڤە تەلمیحاتانه د غەزەلێن وێدا. ئەوێ ل سەد و هەشتێ کورتە غەزەل و قەسیدەیەک خوەدا نێزێکی دووسەد و پێنجی جاران ژ جوانکارییا تەلمیحێ وێج وەرگرتییە. کو ئەڤێ تایبەتمەندییێ مرۆڤ لناڤ هەڵبەستێن کێم هەڵبەستڤانان‌دا دبینە. مەستووره ل بکار برنا تەلمیحاندا زۆر هۆستا و کرارییە. مرۆڤ بدیتنا وان هەموو تەلمیحان را دزانە کو ئەوێ ئاگادارییەک بەرفره لسەر تۆره و مێژوو و بیروباوەڕ و میتۆلۆژییا گەلێن ڕۆژهەلاتا ناڤین هەبوویە، کو ئەو هەموو ناڤێن مێژوویی و ئەو هەموو بیروباوەڕێن گەلێری لناڤ هەڵبەستێن خوەدا بکار برییە. بڤان هەموو تەلمیحێن مێژووییرا مرۆڤ دزانە، کو ئەو مێژووناسەک ئاگادار و پر کار و ئایینزانەک بیر فرەه و تێگەهیشتی بوویە.

پێش وێ هندێدا کو ئەز داکەڤم کوورانییا گۆتارا خوە، پێدڤی دبینم کو واته یا پەیڤا تەلمیح هندەکێ شرۆڤە کەم. تەلمیح پەیڤەک عەرەبییە کو ژ ریشا لەمەحێ تێ و لپەیڤناسییێدا تێ بواتەیا شرۆڤە کرن، لێنهێرین، ئاڤرِ لێدان، ئەشکەره کرن، و ئشاره کرنێ. لێ لزانستا جوانکارییێدا تێ بواتەیا وێ هندێ، کو هەڵبەستڤان، یان نڤیسکار، لنڤیسینێن خوەدا ئشارەیەکێ لگۆتنەک پێشیان بکە، یان ژی پشکەک ژ هەڵبەستەک ناسکری لناڤ نڤیسینا خوەدا بینە، یان ژی ناڤەکی ناسکری و مێژوویی کو خودانێ چیرۆک و سەرهاتییەک بەناڤوبانگ بە، لنڤیسینێن خوەدا بکار ببە. هەروەکی تێ دیتنێ، تەلمیح بخوه لسەر چەند پشکان تێ پارڤە کرنێ. وەکە تەلمیحا هەڵبەستان، تەلمیحا گۆتنێن پێشیان، تەلمیحا مێژوویی، تەلمیحا حەدیس و قورئان، تەلمیحا ناڤان و کەسایەتییان، تەلمیحا ئەفسانە و چیرۆکێن گەلیری و چەندین جور و جەلەبێن دی.

مەستوورەیێ ژی ژ ڤێ جوانکارییێ وەج و بەهرەیەک زۆر بجی و بابەت

وەرگرتییە. گاڤا کو مژارا هەلبەستێن مەستوورەیێ ئەڤین و ئەڤینداری بە، ئەو ژ ناڤێن وەکە، لەیلا و مەجنوون، خوسرۆ و شیرین، فەرهاد، بیژەن، یووسف و زولەیخا، شێخێ سەنعانێ و کەسێن وەکی وان وەجێ وەردگرە. لێ گاڤا کو لسەر مێرانی و مێرخاسییا مێرچاکێن کوردان دنڤیسە، ژ ناڤێن وە کە رۆستەم، تەهەمتەن، بەهمەن، قوباد، تووس، ئەشکبووس، پوورێدەستان، زۆر و یێن وەکە وان وەجێ وەردگرە. گاڤا کو ئەو هەلبەستان لسەر مژارێ ئاینی دنڤیسە، ژ ناڤێن وەکە: ئیبراهیمێ ئازەر، مووسا، عیسا، حەزرەتێ موحەممەد، یەحیا، پیرێ کەنعان واتە یەعقووب، یەهوودا، یووسف، سەییدێ سەجاد، ئالێ هاشم و یێن وەکە وان وەجێ وەردگرە. دەما کو مەستوورە لبارا پادشاهی و فەرمانرەواییا سەرۆکێن کورددا دنڤیسە، ئەو وانا دگەل ڤان ناڤانا ددە بەر هەڤ: کەسرا، فریدۆن، ئەنۆشیرەوان، شاپوور، پەرویز، خوسرۆ، سولێمان، جەمشید، قەیسەر و خاقان و یێن وەکی وان. لێ گاڤا کو قەهرەمانا هەڵبەستێن وێ ژن بە، ئەو ژ ناڤێن وە کە: بەتوول، حەوا، ئاسیە و زبێدە، خەدیجە، زهرا و یێن وەکە وێ وەجی وەردگرە:

بگشتی مەستوورەیا ئەردەلانی لڤێ تایبەتمەندییێدا دەستێ گشتی هەلبەستڤانێن هەڤتا و هەڤدەمێ خوە لپشتڤا گرێ ددە. لێرەدا پێدڤییە چەند نموونەیان ژ وان تەلمیحانە بینم.

ئەو ل مەقتەعا دوەمین غەزەلا خوەدا وەها ژ جوانکارییا تەلمیحێ وەجێ وەردگرە و دبێژە:

دریغ ماندم نهان و مستور
چو گنج قارون خفی و مشهور
چسان ننالم چو نالەی نی
چرا نگریم چو چشم مینا

واتە مخابن کو ئەز وەکی گەنجا قاروونێ بناڤ و بانگ لێ ڤەشارتی و کەس نەدیتی مام. جا ل ڤێ رەوشێدا ئەزێ چاوا وەکە نەیێ نەنالم و وەکە شووشا شەرابێ نەگریم. مەستوورە لڤان هەردوو مالکێن هەلبەستێدا دگەل راگەهاندنا ناڤێ خوە یێ هەلبەستڤانییێ، خوە دگەل گەنجا قاروونێ ل دو لایاندا دوەکینە، دبێژە ئەز وە کە گەنجا قاروونێ هەم بناڤ و بانگم و هەمژی ڤەشارتیمە. تشتا

كو سەرڕاتیێ دده ڤێ تەلمیحێ ئەوەیە كو لێرەدا پەیڤا مەستوور كو كورتكرییا مەستوورەیە ژی، هەم ناسناڤێ وێیێ هەلبەستڤانی یێیە و هەم ژی تێ بواتەیا ڤەشارتی و لپشت پەردێدا. گاڤا ناڤێ قاروونێ تێ، دەملدەست چیرۆكا وی و دەولەمەندییا وی و گەنج و خەزێنەیێن وی كو بفەرمانا خودێ لعەردێدا چوون و نست بوون، تێنە بیرا مرۆڤ. لنیڤمالكا دوویێدا مرۆڤ دكارە بێژە كو پەیڤا نالەی نەی، دكارە تەلمیحەك بە، ژ بۆ یەكمین هەڵبەستا مەسنەوییا مەولەوییێ بەلخی، هەڵبەستڤانێ ناڤدارە ئیرانی، یا كو دبێژە:

بشنو از نی چون حكایت میكند
وز جدائی ها شكایت میكند

واتە گوهدارییا نەیێ بكە، دەما كو چیرۆكان دبێژە و ژ دەستێ دووری و خەریبییێ گلی و گازندەیان دكە.

هەروسان ئەو تەشبیها جوان كو هێسرێن چاڤێ خوە دوەكینە شەرابا كو ژ كۆزكێ بلۆرین دررژە، بخوە ژی مژارەك دییە. دیسان دبێژە:

مژده ای دل بر تنم جان میرسد
قاصدی از كوی جانان میرسد
باد عنبر بیز می آید مگر
نكهت یوسف به كنعان میرسد

دلۆ مزگینی لتە بە كو جان دكەڤە بەر لەشێ من، لەورا كو شاندەك ژ لایێ جانانێ من تێ، لبەر وێ هندێیە كو بێهنا بایێ عەنبەرین بوویە، ئەو بێهنا یووسفە كو دگیژە كەنعانێ.

دیسان ئەو دگەل وێ هندێ كو مزگینییا گەهیشتنا خۆشەویستێ خو دشبهینە روح و جانەكی كو دكەڤە بەر لەشەكی بێ روح و لەشێ وێیێ ئێكگیان دڤەژینە، ئەوێ مزگینییێ دگەل مزگینیا گەهیشتنا یووسف یان كراسێ یووسف بۆ لایێ یەعقووبێ دده بەرهەڤ و چیرۆكا یووسف و برایێن وی و پیرێ كەنعانێ واتە یەعقووب ل بیرا مرۆڤدا زندی دكە.

یان دەما كو دبێژە: